# نما

ئازادی بیر
لێکۆڵینەوە
عەقڵانیەت

گۆڤـارێکی فیکریی‌و ئەدەبیی وەرزییە لە هەولـێر دەردەچێت 58


خاوەنی ئیمتیاز: ئیسماعیل کوردە
سەرنووسەر: رێبین رەسوڵ ئیسماعیل

دەستەی نوسەران
جەمال پیرە مەسعود بابایی
ئاوات ئەحمەد سوڵتان
بەرپرسی کارگێری‌و دابەشکردن: ئومێد شێرکۆ مەجروم

پاییزی 2024
ناونیشان: کوردستان-هەولێر
Tel: 0750 4481577. 07504786489

## لەم ژمارەیەدا


*کلاورۆژنە: ژیانو گوزەرانی خەڵك لە شەڕە جنێوی نێوانتان گرنگترە!.................. ٣


### نمای فیکرو فەلسەفە


* دابەشبوونو دابەشکردنی کوردستان.......................د.ئیسماعیل مەحمودی....... ٦
* کوردو ڕایەڵی ئیشراقی "شیعر و ئیشراق".................د.ئیدریس لاهوت........... ٣٢
* فەلسەفە لە دەرونشیکارییدا.............................و: ئاوات ئەحمەد سوڵتان...... ٤٩
* هەڵچوونی کورد لەسەر ئاوازی هەڵچوونی سروشت!!......د.محەمەد تەها حوسێن....... ٧٦
* سروشتو پێکهاتەی وەرگێڕان.............................د.فەرمان حەسەن........... ٨٢
* ئایا ئێمە لە سەردەمی نیهیلیزمدا دەژین؟...............مەسعود بابایی........... ١٠٠
* بۆچی ئایینەکان شەڕی مۆسیقایان دەکرد؟.................د.ئامانج غازی........... ١٣٢
* هزری کۆمۆنیزمو سۆشیالیزم پێش مارکس...............ئەردەڵان عەبدوڵلا......... ١٤٦
* گفتوگۆ لەگەڵ بیرمەندی ئێرانی: داریوشی شایگان........و: ئیسماعیل کوردە........ ١٦٣


### نمای ئەدەبی


* کۆمەڵناسی دەق.........................................د.عەبدوڵلا رەحمان.......... ١٧٤
* شیعری خانمە شاعیری ئەستۆنی ترین سومێتس....... ئا: جەمال پیرە.............. ١٨٠
* هەمیشە لە ناوەختا دێیت..! ...............................قادر مینە.............. ١٨٥
* ئاردی نێو دڕکن ئێستاکە، هاوڕێکانم ......................بەرزان هەستیار............ ١٨٨
* شـــۆك.................................................فەڕوخ نێعمەتپوور.......... ١٩٢


### نسێی نما: دۆسیەی تایبەت بە شاعیر عەباس عەبدوڵلا یوسف


* فەندی بە پەندی گەپیار..............................عەباس عەبدوڵلا یوسف..... ١٩٦
* "ئاو" وەك ئایکۆن بۆ تازەگەری..................,,,,,,,,,,دڵشاد عەبدوڵلا............ ٢٠٣
* گوتاری مردن لە فشقیاتی (ع. ع. یووسف)..............د.غازی حەسەن............ ٢٠٨
*گەڕان بە دوای تاکدێرییەکانی "عەباس عەبدوڵلا یوسف"....عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا... ٢١٩
*نانۆ تاتۆ دەکەم.........................................تەڵعەت تاهیر............ ٢٣٧


**جگە لەکلاورۆژنە، نووسینەکانی دیکە ڕاو بۆچوونی نووسەرەکانیان دەردەبڕن**

**هەر بابەتێک لەسەر داوای گۆڤاری نما نەبێت، بلاّوناکرێتەوە**

# کلاورۆژنه

## ژیانو گوزەرانی خەڵك
## لە شەڕە جنێوی نێوانتان گرنگترە!

بڕیار وایە ٢٠-١٠-٢٠٢٤ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان بکرێتو هەرێمەکەمان لەو بۆشاییە یاساییو چاودێرییە دەرباز ببێت، هەموو جارێکیش ئەو پرۆسەیە بە چارەنوسساز باس دەکرێتو دەستمان لەسەر دڵمانە بۆ ئەوەی بەسەرکەوتوویی بەڕێوەبچێتو ئەزموونەکەمان لەرێگەیەوە هەم پارێزراو بێتو هەمیش پشتیوانی جیهانی دوورو نزیك بۆ نەتەوەکەمان بەدەست بێنێت. گەلانی دنیا بەوە راهاتوون پرۆسە دیموکراتیەکە بە دەستاو دەستکردنی دەسەڵاتو بەرنامەو پرۆگرامی نوێ پێشوازی بکەنو کامە لایەنو پارتی سیاسی بەرنامەی باشتری هەبێت دەسەڵاتی خزمەتو دەرفەتی خۆ سەلماندنی پێ بدەن. لای ئێمەش زۆرجار بەرنامەی خزمەتو دروشمی گەورە لە پڕوپاگەندەکان دەبینین، بەڵام کەمجار بەدواداچوونو لێپێچینەوە لە جێبەجێکردنی دەکرێت. ئەم پرۆسەو بەرنامەسازیەش نەبۆتە بنەمایەك بۆ دەنگدانی هاوڵاتیان بە لایەنە سیاسیەکان. چونکە ئینتیمای نەتەوەییو نیشتیمانی خەڵکی کوردستان لەسەر بنەمای حزبایەتی بەرجەستە بووەو هەر کەسێك باش، یان خراپ دەنگ بەلایەنەکەی خۆی دەدات.

ئەوەی جێی سەرنجە، هەمیشە پرۆسەو بانگەشەی هەڵبژاردن لە کوردستان بە رێڕەوێکی گرژئامێزدا دەڕواتو لایەنە سیاسیەکان لەجیاتی خستنەڕووی بەرنامەو کاری ئایندەیان، بەمێژووی کۆنو نوێی یەکتردا دێنە خوارەوەو برینی ناخی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە دەکولێننەوەو پڕ لە خوێی دەکەن. لەو سەروبەندەشدا لەجیاتی ئەوەی ئازادی رادەربڕینو ئازادییە کەسیەکان ببنە پێوەری سەرختنی پرۆسە دیموکراسیەکە، بەپێچەوانەوە ئازادییەکان بەرتەسك دەکرێنەوە، هەر جۆرە بیرو باوەڕو بۆچونێکیش لە بەرامبەر یەکتردا بە دوژمنایەتی دەزانن، چەندین جاریش لە رابردوودا پەنا براوەتە بەر توندو تیژی. ئەمەش بۆتە هۆی قوڵکردنەوەی زیاتری ناکۆکی سیاسیو کۆمەڵایەتی

لەنێو خەڵکەکەدا. لە لایەکی دیکەوە ئەو پرۆسە دیموکراتیە لای ئێمە وابەستەی ناوچەگەریێتیو شارچییێتیو تیرەو عەشیرەتگەریش بووە. کە بێگومان لەجیاتی ئەوەی ببێتە هۆی یەکگرتوویی کوردستانیان، بۆتە هۆی قوڵکردنەوەی دووبەرەکیو نەگونجان بەیەکەوە. ئەوەی لە سیو سێ ساڵی رابردووش لە هەرێمی کوردستان دەبینرێت، بەرە بەرە بەرتەسک بوونەوەی ئازادیو رای ئازادی خەڵكو قۆرخکردنی دەسەڵاتە.

لێرەوە دەمانەوێ ئاماژە بە شێوە هەڵبژاردنی ئاساییو یاسایی بدەین، کە هەمیشە دەرئەنجامی باشی لێدەکەوێتەوە، ئەکرێ لە کوردستاندا پرۆسەکە بە ئارامی بەڕێوە بچێت، چونکە هەمان ئەو حزبو لایەنانەی ئەمڕۆ لە هەڵبژاردندا بەگژیەکدا دەچن بە پێی رێوشوێنی پرۆسەکەو بنەماکانی دیموکراسیەتو دەسەڵاتداری دەبێ دوای دەنگدانو دەرکەوتنی لایەنە براوەکان، بەیەکەوە دانوستان بکەنو بەرنامەی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم دابنێن، بۆیە پێویستە بەشی ئەوەی تێدا بهێڵنەوە، تا رووی ئەوەیان هەبێت بەیەکەوە دابنیشنو نەبنە موتەکەو بارگرانی بەسەر ئەو میللەتەی خۆمان.

لە رووی مێژووییشەوە بەراستی شەرمو نەنگیە، لاپەڕە رەشەکانی نێوان یەکتر هەڵدەدەنەوە، لەجیاتی ئەوەی تیماری زامو ناسۆری خەڵك بکەنو ژیانو گوزەرانیان بکەنە بەرنامەی کارەکانتان، هەموو خولێکی هەڵبژاردنی پەرلەمان برینی ناخی ئەو خێزانو هاوڵاتیانە دەکوڵێننەوە کە بەهەر شێوەیەك بێت لەو مێژووەی شەڕی برا کوژیدا کارەساتو نەگبەتیان بەسەر هاتووە. حەز دەکەم هەموو لایەنە سیاسیەکان ئەوە بزانن هەڵدانەوەی قەتماغەی کۆنی ئەو مێژووە نەگریسە لە بەرژەوەندی خۆتانو خەڵکی کوردستانیش نییە، بەڵکو کولاندنەوەی برینو بەگژیکدا کردنەوەی خەڵکە زیان بەرکەوتووەکەیەو لە ئایندەدا کۆمەڵگاکەمان خراپ لەباریەك هەڵدەوەشێنێت.

دواجار پێویستە لاپەڕەی نوێ لە خەباتو تێکۆشانی سیاسیو دیموکراتی هەڵبدرێتەوەو هەگبەی خزمەتکردنی خەڵكو ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بەشارو دێهاتەوە پڕتر بکەنو لەچوارساڵی داهاتووتاندا بیخەنە بەردەم خەڵكو ژیانو گوزەرانیان لەو دڕدۆنگیو ڕاڕاییو بێ متمانەییە رزگار بکەن.

**گۆڤاری نما**

**پاییزی ٢٠٢٤**



# نمای فیکرو فەلسەفە

* دابەشبوونو دابەشکردنی کوردستان...................د.ئیسماعیل مەحمودی.....٦
* کوردو ڕایەڵی ئیشراقی "شیعر و ئیشراق"............د.ئیدریس لاهوت.........٣٢
* فەلسەفە لە دەرونشیکارییدا...........................و: ئاوات ئەحمەد سوڵتان.....٤٩
* هەڵچوونی کورد لەسەر ئاوازی هەڵچوونی سروشت!!.....د.محەمەد تەها حوسێن....٧٦
* سروشتو پێکهاتەی وەرگێڕان...........................د.فەرمان حەسەن........٨٢
* ئایا ئێمە لە سەردەمی نیهیلیزمدا دەژین؟.............مەسعود بابایی..........١٠٠
* بۆچی ئایینەکان شەڕی مۆسیقایان دەکرد؟.............د.ئامانج غازی.........١٣٢
* هزری کۆمۆنیزمو سۆشیالیزم پێش مارکس...............ئەردەڵان عەبدوڵڵا.......١٤٦
* گفتوگۆ لەگەڵ بیرمەندی ئێرانی: داریوشی شایگان.....و: ئیسماعیل کوردە.......١٦٣

# دابەشبوونو دابەشکردنی کوردستان
# لە لۆزان، یان لە پرۆسەیەکی مێژوویدا؟



د.ئیسماعیل مەحموودی

### پوختەی توێژینەوە:

لە ٢٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٢٣، پەیمانی لۆزان بە بەشداری بەریتانیا، فەرەنسا، تورکیاو چەندین وڵاتی دیکە لە شاری (لۆزان)ی سویسرا واژووکرا، ئەنجامی سەرەکی ئەم پەیمانە هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی سیڤەرو بە فەرمی ناسینی سنوورەکانی وڵاتی تورکیا بوو. پەیمانی لۆزان گەرچی بە مەبەستی چارەنووسی تورکیا سازکرا، بەڵام لە گوتاری

سیاسی کوردو هەروەها لە کۆمەڵگەی سیاسی کوردستاندا، وەك سەرەتای دابەشکردنی فەرمی کوردستانو کۆتایی خەونی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی پێناسە کراوەو خیانەتی بەریتانیاش لە پاڵ چەندین هۆکاری دیکەدا، وەك هۆکاری سەرەکی ئەم دابەشکردنە، زەق کراوەو لەمەش گرنگتر لەم گوتاردا، کۆمەڵگەی سیاسی کوردستان بە تەواوەتی بێتاوانو بێ ڕۆڵ پیشان دراوە.

ئەم توێژینەوەیە بە شێوازێکی مێژوویی- شیکاری باس لە هۆکاری مێژوویی دەکاتو پێوایە دابەشبوونو دابەشکردنی کوردستان، بەرهەمی پەیمانی لۆزان نەبوو، بەڵکو ئەنجامی پرۆسەیەکی مێژوویی بوو کە بە شەڕێ چالدێرانەوە دەستی پێکردو بە لۆزانەوە کۆتایی پێهاتو لەم نێوانەدا خودی کورد بەهۆی سیاسەتی پەنابردنە بەر بێگانە لە پێناو بەرژەوندی تەسکی عەشرەتیو ڕووخانی ئیمارەتەکان بە هۆکاری وەك ململانێ بەردەوامی ناوخۆییو بیرنەکردنەوەیان لە یەکریزی، لەم دابەشبوونو دابەشکردنەدا، ڕۆڵی سەرەکیان هەبوو.

**وشە سەرەکییەکان:**
**چالدێران، پەیمانی ئەرزنەرۆم، لۆزان، دابەشکردنی کوردستان، ئیمارەتەکان.**

## پێشەکی:

لە مێژ ساڵە دوو وشەی "سیڤەر"و "لۆزان" لە گوتاری سیاسی کۆمەڵگەی کوردیدا وەك دووانەی پیرۆزو شەیتانیو تەنانەت چارەنووسسازی نەتەوەی کوردو خاکی کوردستان پێناسەو تەماشا دەکرێت، لەم گوتارەدا، پەیمانی سیڤەری ساڵی "١٩٢٠" وەك بەختی گەیشتن بە سەربەخۆییو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی پێناسەو یادی دەکرێتو لە بەرامبەردا، پەیمانی لۆزانی ساڵی «١٩٢٣»، وەك پیلانی بێبەشکردنی کورد لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیو دابەشکردنی فەرمی کوردستان، باسو بە نەفرەت دەکرێت. ئەم خوێندنەوە ڕووکەشە، وایکردووە کە سەرجەمی نەهامەتی، شکست، دواکەوتوویيو دابەشبوونی کورد بخرێتە ئەستۆی لۆزانو ئیتر لۆزان، وەك خاڵی ڕەشی

چارەنووسی کوردو سەرەتای پیلانی نێونەتەوەیی دابەشکردنی کوردستان لە بیرەوەری ئینسانی کوردا جێ بگرێت، کە دیارە جێ گرتووەو مێژووی پێش لۆزانو هۆکارانی دیکەی دابەشکردنی کوردستان خەریکە فەرامۆشو بەپەراوێز دەخرێت.

ئەم خوێندنەوەیە، هەڵگری چەندین هەڵەو کێشەی سەرەکیە، یەکەم ئەوەی لەم خوێندنەوەدا، کۆمەڵگەی سیاسی کوردستان وەك ئامراز تەماشا دەکرێت کە کەمترین ڕۆڵیو کاریگەری لە چارەنووسی خۆیدا نەبووەو هەرچی هەبووە بەرهەمی هەوڵی ولاَتانی زلهێزو بە واتایەك خیانەتو پیلانی نەگریسی ئەوان بووە کە لەم پەیمانەدا کوردیان نەکردۆتە خاوەنی دەوڵەتو خراپتر ئەوەی کوردستانیان لە نێوان چوار ولاَتدا دابەشکردوە، دیارە ئەم گوتارە بە تەواوییەتی حاشا لە رۆڵو کاریگەری کۆمەڵگەی سیاسی کوردستانی لە چارەنووسی سیاسی خۆیدا دەکاتو هەموو شتێ لە پشت دەستەواژەی «خیانەتی زلهێزەکان» دەشارێتەوەو لەوەش گرنگتر ئەوەیە مێژووی کوردستانی پێش لۆزانو ڕۆڵی کۆمەڵگەی سیاسی کوردی لە گرنگینەدان بە پرسی یەکگرتوویی دەخاتە پەراوێزەوە.

دووەم ئەوەیە، بمانەوێتو نەمانەوێت، ئەم گوتارە پێش بە خوێندنەوەو پێداچوونەوەی زانستیانەو ئاکادیمیانەی پەیمانی سیڤەرو لۆزان دەگرێتو بۆ هەمیشە سیڤەرو لۆزان وەك دووانەی شەیتانیو رەحمانی لە لای ئینسانی کوردو مێژووی کوردستاندا پێناسە دەکات کە ئیتر هیچ پێویست بە خوێندنەوەو بیرکردنەوە ناکاتو هەموو شتێ دیارو ڕوونەو ئەم دوو پەیمانە سەرجەم مێژووی دابەشکردنی کوردستانەو پێمان دەڵێت، سیڤەر کوردی کردە خاوەن دەوڵەت، بەلاَم لۆزان کوردستانی بێبەش لە دەوڵەتو تەنانەت دابەشیشی کردو لێرەوە ئیتر لۆزان وەك گەلەکۆمەی ولاَتان، پیلان، خیانەتو ستەمکردن بە کورد، پێناسە دەکرێتو دەناسرێتو ئیزن بە کەمترین گومانکردن لەم گوتارە نادات.

کۆتا قسە لەم بارەدا ئەوەیە مێژووی پێش لۆزانی کورد، وەك مێژوویەکی پیرۆز پیشان ئەدات کە گوایە کورد خاوەن دەوڵەتو سەربەخۆیی تایبەت بە خۆی بووەو ئەوە لۆزان بوو کە هەموو شتێکی تێکدا، کوردی کردە چوارپارچەو بۆ هەمیشە دابەشیکردو سنووری دەستکردی بۆ کوردستان ساز کردو لێرەوە ئیتر ئەم گوتارە ئیزن نادات، بەشی

مێژووی پێش لۆزانی کورد لە درووستبوونی لۆزان باس بکرێتو لەوەش گرنگتر ئەوەیە پێش بە خوێندنەوەی مێژوویی ڕووداوەکانو کاریگەری مێژووی پێش لۆزانی لە سەرهەڵدانی کارەساتی دابەشبوونی کورد لە ڕەوتی مێژووەو بە واتاییەك پێش بە باسکردنو خوێندنەوەی مێژووی دابەشبوونی کوردستانی پێش لۆزان دەگرێت، بۆیە ئەم توێژینەوەی  دەیەوێت لەم گوتارە دەرباز بێتو قورسایی ڕووداوەکانی پێش لۆزان لە دابەشکردنی کوردستاندا ڕوونبکاتەوە.

کەواتە ئەم توێژێنەوەیە، دەیەوێت بە پێچەوانەی گوتاری زاڵی کۆمەڵگەی سیاسی کوردستان، باس لەوە بکات،ئ لە بنەڕەتدا جیا لەوەی وڵاتێکی دیاریکراو بە نێوی کوردستان بوونی نەبووەو دواتر ئەوەی خاکی کوردی بە فەرمی لە نێوان دراوسیەکان،




دابەشکرد، نەك لۆزان، بەڵکو ئەنجامی شەڕی چاڵدێرانو ڕووخانی ئیمارەتی کوردی لە گوتاری سیاسی کوردیو پەیمانی ئەرزنەرۆمی دووەم بوو، لێرەوە خیانەتی زلهیزەکان بە ڕادەی ڕۆڵی ئینسانی کورد لە سەرهەڵدانی ئەم دۆخە، کاریگەری نەبووە.

بەم وەسفە، ئەم توێژێنەوەیە پاش ئاماژەدان بە چەمکی کوردستانو ڕەوتی سیاسی کوردستانی پێش لۆزانو بە واتایەك سەردەمی ئیمارەتەکانو ئەنجامی ڕووخانیان، دەپرژێتەوە سەر پەیمانی ئەرزنەرۆمو دەیەوێت ئەوە بسەلمێنیت ئەم پەیمانە بوو کە

کوردستانی دابەشکردبوو، ئەویش ئەنجامی ڕووخانی ئیمارەتەکان بوو کە کوردی لە ناردنی نوێنەر بۆ دانوستانەکانی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی بێبەش کرد لەوانەش دانوستانەکانی لۆزان کە چارەنووسی ناوچەکەیان تێدا دیاری کرد، بێبەش کردو لۆزان تەنیا دان بە دابەشکردنی لەتێکی دیکەی کوردستان دەنێتو درێژەی سیاسەتی ئەرزنەرۆم بوو. ئەم توێژینەوەیە لەم چەند بەشەدا پێشکەش دەکرێت، یەکەم، ئاوردانەوەیەکی خێرا لە چەمکی کوردستان، مێژووی سیاسی کۆمەڵگەی کوردی پێش لۆزان، ڕۆڵی ئیمارەتە کوردییەکان لە دابەشبوونی کوردو پەیمانی ئەرزنەرۆم، کاریگەری پەیمانی ئەرزنەرۆمی دووەم لە دابەشبوونی فەرمی کوردستانو هەروەها لە پەراوێزخستنی کورد لە پەیمانی لۆزاندا.

## ١- چەمکی کوردستان

کورد کە خاكو نیشتمانەکەی بە نێوی «کوردستان»، پێناسە دەکاتو دەیناسێت، لە ڕەوتی مێژووی پاش ئیسلامدا، قەت خاوەن دەسەڵاتێکی یەکگرتوو لە سەر خاکی خۆیدا نەبووەو پێناسەکردنو ناساندنی چەمکی کوردستان وەك وڵاتێکی یەکدەست، یەکرێزو یەکپارچە کە سەرجەم ناوچە کوردنشینەکانی لە خۆ گرتبێتو سنوورەکانی بە فەرمی ناسرابێت، نە تەنیا بوونی نەبووە، بەڵکو بەرهەمی ئاواتو خەونو خولیای ڕووناکبیرانو هەروەها مێژووسازی سیاستمەدارانو ئەندیشەی ناسیۆنالیستی کورد بووە.

هەڵبەت ئەم قسانەی سەرەوە بە مانای ئەوە نییە، چەمکی کوردستان، چەمکێکی ساختەکراوی سەردەمی مودێرنو بەرهەمی ئەندیشەی مودێرنو نەتەوەخوازو ناسیۆنالیستەکانە، بەڵکو کوردستان وەك «چەمکێکی سیاسی-جوگرافی، پێش سەرهەڵدانی نەتەوەگەراییو ناسیۆنالیزمی کوردی بوونی هەبووە»، ( N. Kaya, Zeynep:2012:115)و لەوەش گرنگتر ئەوەیە ئەم چەمکە وەك چەمکێکی مێژووییو جوگرافی، لە مێژوو و ئەدەبیاتی سەردەمی پێش مودێرنی ناوچەکە، وەك نموونە لە ڕاپۆرتی کەسانی وەك نەسەوی لە کتێبی «بازنامە»، (نسوی، ابوالحسن علی بن احمد،١٦٥:١٣٥٤)، مستەوفی لە نوزهەتولقولوب (مستوفی، حمدالله ،١٣٦٢: ١٢٠)،

شەرەفخان لە شەرەفنامە (بدليسي، شرفخان،١٣:١٣٧٧-١٤)، عەلی ئەکبەری کوردستانی لە حەدیقەی ناسری (وقايع¬نطار، علي- اكبر،١٣٨٤: ٢٣و ٧٥)و هەروەها سامی شەمسەدین لە قامووسولعالەم ( Semseddin Sami, Kamus ul Alem, 5: 3840)، نێوی کوردستان وەك ناوچەکەیەکی جوگرافیایی بە ڕوونی هاتووە.

لێرەوە هەڵە نییە گەر بانگەشەی ئەوە بکرێت، بە پێچەوانەی زۆربەی چەمکە جوگرافیو سیاسیەکانی ناوچەکەو لەوانە چەمکی عێراق، قەتەر، بەحرینو تەنانەت تورکیاش کە ساختەکراوو بێ پێشینەن، چەمکی کوردستان، چەمکێکی مێژوویيو خاوەن پێشینەو دێرینە کە لە مێژووی پێش ئیسلامو ئیسلامی ناوچەکە، بە ڕوونیو بەردەوام هاتووە.

هەڵبەت سەرەڕای مێژوویی بوونی چەمکی کوردستان، پێناسەکردنی ئەم چەمکە وەك وڵاتێکی یەکگرتووەو خاوەن سنووری فەرمی، بەرهەمی حەزو ئاواتی نەتەوەخوازانی کورد لە سەردەمی سەرهەڵدانی ئەندیشەی ناسیۆنالیزمو مودێرنێتەیەو گەرچی ناکرێت لە مێژوودا بوونی کوردستان وەك وڵاتێکی خاوەن خاکی یەکپارچەو یەکگرتوو بسەلمێنرێت، بەڵام جیا لەوە، دەکرێت بەڵگە بۆ مێژوویی بوونی کوردو کوردستان بێنینەوە، دەکرێت ئاماژە بەو ڕاستیەش بکرێت، ئەو خەڵکەی کەوا لەم ناوچەیەدا ژیاون، بەردەوام خۆیان وەك کورد، پێناسە کردوەو خاكو نیشتمانیەکەشیان، سەرەڕای بەکارهێنانی دەستەواژەی ساختەکراوەی وەك ڕۆژهەڵاتی تورکیاو باکووری عێراق، وەك کوردستانو «کوردەواری» ناسیووەو بەردەوامیش هوشیاریان لە ئاست کوردبوونی خۆیان نیشانداوە، بۆ نموونە کەسانی وەك، باباسەرهەنگی دەوان (سەدەی سێ کۆچی)، شا وەیس قولی (١٤٠٧/٨١٠)، خانی (١٦٩٥- ١٦٩٦/١٠٧٥- ١٠٧٦) خانای قوبادی (١٧٧٨-١٧٠٤)و بەتايبەت شەرەفخان (١٦٠٣-١٥٤٣)، ڕاشکاوانە باسیان لە کوردبوونی خۆیان کردووەو تەنانەت، جیا لەوەی خانای قوبادی، زمانی کوردی بە شیرینتر زانیووە، خانی ئاواتە خوازی سەرهەڵدانی پاشاییەکی کوردی خاوەن دەسەڵات بۆ سەربەرزکردنی کوردو دوورکەوتنەوە لە دووبەرەکی بووەو هەروەها شەرەخانیش باسی لە کێشەو خەسارەکانی کۆمەڵگەی کوردی کردووە.

بەم وەسفە، سەرەڕای بەدیکردنی وەشیاری لە گوتاری شاعیران‌و مێژوونووسی وەك شەرەفخان‌و هەروەها مێژوویی بوونی چەمکی کوردستان وەك چەمکێکی مێژوویی نەك چەمکێکی سیاسی‌و حقووقی ( Records of the Kurds: territory., 1831- 1979, 2015)، وێناو هێمای کوردستانێکی یەکریزو یەکدەست‌و یەکپارچە، بەرهەمی هەوڵو مێژووسازی نەتەوەخوازانی کوردبووەو لێرەوە باسکردن لە کوردستان وەك وڵاتێکی خاوەن سنووری دیاریکراو لە سەردەمی پێش مودێرندا، ناتوانێت دروست بێت‌و بەم بۆنەوە لەم تویژێنەوەیەدا، مەبەست لە کوردستان، ئەو ناوچە کوردنشینانەیە کە دانیشتوانی، خۆیان بە کورد زانیوەو نیشتمانی خۆیان وەك «کوردەواری» پێناسەکردوە.

## ٢- مێژووی سیاسی کوردستانی پێش لۆزان

لەم بەشەدا، هەوڵ دەدرێت مێژووی سیاسی کوردستانی پێش لۆزان لە چەند بەشدا بخرێتە بەرباس‌و لێکۆڵینەوەو مەبەستی سەرەکی ئەم بەشە، ئەوەیە کاریگەری مێژووی سیاسی کوردو بە تایبەت سەرهەڵدانی‌و ڕووخانی ئیمارەتە کوردییەکان‌و هەروەها شەڕی چاڵدێران لە پەیمانی ئەرزنەرۆم‌و دواتریش لۆزاندا، ڕوون بکرێتەوەو بەم بۆنەوە ئەم بەشە بە سەرهەڵدانی یەکەم ئیمارەتە کوردییەکان دەست پێدەکات.

## ٢-١-سەرهەڵدانی یەکەم ئیمارەتەکان، دەرنجام‌و پێشهاتەکان

سەرهەڵدان‌و هێرشی ئیسلام بۆ سەر خاکی کورد، جیا لە بە ئیسلامکردنی بەشێکی بەرچاوی خەڵکی کوردستان‌و داگیرکردنی کوردستان، ئەو ئەنجامەشی هەبووە کە کورد لە «ونبوونی سیاسی رزگاری» بووەو (مك داول،دیوید،١٣٨٣ :٣٧)، لە ڕێگەی هەوڵدان بۆ گەیشتن بە دەسەڵات‌و پاش چەندین سەدە بێدەنگی، هاتۆتە نێو دەقی ڕووداوە سیاسیەکانەوە.

لە ئەنجامدا پاش نزیکی سێ سەدەو نیو بەرگەگرتن دەسەڵاتی عەرەب لە ژێر ناوونیشانی خەلافەتی ئیسلامی، ژمارەیەك ماڵباتی ڕەگ‌و ریشەداری کوردو لەوانە بەرزیکانی، شانگانی، مەروانی، گۆڕانی، شەددای‌و ڕووادی، لە لاوازبوونی دەزگای

خەلافەتی عەباسی کەڵکیان وەرگرتوو، توانیان لە چەندین ناوچەی کوردەواری، دەسەڵاتی خۆماڵی دامەزرێنن کە دەمێکە وەك ئیمارەت ناسراون.

ئیمارەتی حەسنوویە (٩٤٢-١٠١٥) لە شارەزوور لە لایەن ماڵەمیرانی بەرزیکانی، ئیمارەتی مەروانییەکان (٩٨٣- ١٠٨٥) لە ئامەدو جەزیرەو مووسڵ لە لایەن ماڵباتی دۆستەکی، ئیمارەتی ڕەوادیان (١٠٦٩-٩٥٤) لە ئازرەبایجان لە لایەن بنەماڵەی ڕەوادییەکانو ئیمارەتی شەددایان(٩٥١-١١٩٩) لە ئاران واتە لە وڵاتی ئازەربایجانی ئەمرۆ لە لایەن بنەماڵەی شەددایانەوە لە ریزی ئەو دەسەڵاتە خۆجەییانە بوون کە دامەزران و بۆ ماوەی نزیك بە دوو سەدە، خاوەن دەسەڵات بوون.

ئەم ئیمارەتانە پاش نزیك بە دوو سەدە دەسەڵاتداریەتی، کەوتنە بەر لافاوی هێرشی لە ناکاوی عەشرەتێکی تازەپێگەیشتووی دڕندە بە نێوی سەلجووقی، ئەم عەشرەتە تورك ڕەگەزە، بە سەرۆکایەتی توغروولی سەرۆك عەشرەت، لە نێوان ساڵەکانی (١٠٤٩-١٠٥٤)، میرانی کوردی تووشی کێشەو گرفتی سەرەکی کردو بە واتاییەك دەسەڵاتی ئیمارەتەکانی خستە مەترسیەوەو دەرئەنجام ژمارەیەك لە میرانی ئیمارەتەکان لە پێناو مانەوەیان، ناچار بە قبووڵکردنی دەسەڵاتی ئەم تورکمەنە تازە پێگەیشتتووانە بوون (ابن-اثیر، الكامل في التأريخ، ١٤٢٠: ٨/٩٠ )و بەشی دیکەیان لە شەڕی ناوخۆو عەشرەتی لە نێووچوون.

گەرچی ناکرێت ئەم ئیمارەتانە وەك ئیمارەتی خاوەن شوناسی نەتەوەیی پێناسە بکرێن، چونکە لەبنەڕەتدا لەو سەردەمەدا، شوناسی نەتەوەییو نەتەوەیی لە ئاردا نەبووەو زۆرتر لە سەر بنەمای پێوەندی بنەماڵەییو عەشرەتیو ئایینی، شوناس پێناسە کراوە ( داول، هەمان: ٧٢)، بەڵام لە هەمان کاتیشدا نابێت ئەوە لەبەر چاو نەگیرێت کە خۆدی بوونی ئەم ئیمارەتانە، خۆی لە خۆیدا، لە درێژە کێشانی دەسەڵاتی کوردیو پاراستنی فەرهەنگو زمانی کوردی، بۆ چەندین سەدە کاریگەری تایبەت بە خۆیان هەبووەو هەروەها لە ئەنجامە ئەرێنیەکانی ئەم ئیمارەتانە، ئامادەبوونی کورد ویستی بۆ دامەرزاندنی دەسەڵات بووەو لە کایەی سیاسی ناوچەکەو لە بەرامبەردا، لاوازبوونو بەپەراوێزکەوتنو ڕووخانی ئەم ئیمارەتانە، ئەنجامی قورسیان بۆ کورد هەبووە کە وەك

نموونه دەکرێت بەم چەند ئەنجامەی خوارەوە ئاماژە بکرێت. **یەکەم** ئەوەی کوردستان بۆ ماوەی سێ سەدە(١٠٥١-١٢٥٩) واتە تا سەرهەڵدانی سەفەوییەکان، کەوتە بەر هێرش‌و پەلاماری تورک ڕەگەزەکان‌و بووە ناوەندی ململانی ئەم عەشیرەتانە، **دووەم** ئەوەی بەشێك لە خاك و زێدی کورد -ناوچەی ئاران و بەشێك لە ئازەربایجانی ئەمرۆ- بۆ هەمیشە لە نیشتمانی کورد جیا کرایەوەو بە تورك کراو قورستر لە هەمووی نەریتێك لە سیاسەتی کوردی سەریهەڵدا کە وادیارە تا ئیستاش بەردەوامە، توێژەری مێژووی سیاسی هاوچەرخی کورد، "مەك داوەڵ"، وەك سیاسەتی «سەرچەشنی خۆدانە پاڵی ناوەند»، پێناسەی دەکات کە بوەتە «بابەتی ژیانی سیاسی بەردەوامی کورد» (مك داول،دیوید،١٣٨٣ :٧٠).

مەبەست لەم نەریتە ئەوەیە کە عەشیرەت‌و دەسەڵاتە کوردییەکان لە جیاتی یەکریزی‌و بەرخودان لە ئاست هێزی بێگانە، لە پێناو مانەوەی عەشیرەت‌و دەسەڵات‌و بەرژەوندی تەسکی خۆیان، هاوڕێزی لەگەڵ بێگانەیان لە پێناو سرینەوەو لێدانی عەشرەتەکانی دیکەی کورد، هەڵبژاردو ئەم سیاسەتە بووە بەشێك لە نەریتی سیاسەتی کوردی لە ناوچەکەدا.

بە گشتی درێژە کێشانی ئامادەبوونی کورد لە کایەی سیاسی‌و ویستی بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی عەشیرەتی‌و تیرەگەرێتی‌و هەندێجار بەربلاوتر، بەرهەمی دامەرزاندنی ئیمارەتەکان بوو کە پاش سێ سەدە نائارامی لە کوردستانداو هەوڵ بۆ مانەوە لە لایەن هەندێ ئیمارەتەوەو لەوانە ئەردەلانەکان، بە سەرهەڵدانی سەفەوییەکان‌و ململانی نێوان ئەوان‌و عوسمانی، گەڕی دووەمی هێزگرتنەوەی ئیمارەتەکان‌و لەوانەی چوار ئیمارەتی ئەردەلان، بابان، بۆتان‌و سۆران دەستپێدەکات کە کایەی سیاسی ئەوان‌و ڕووخانیان، چارەنووسی سیاسی کورد لە سەردەمی هاوچەرخدا دیاری دەکات.

## ٣- گەڕی دووەمی ئیمارەتەکان

پێشتر ئاماژەی پێدرا کە بە هاتنی لێشاوی عەشیرەتە تورك ڕەگەزەکان، جیا لەوەی، بەشێك لە خاکی کوردستان وەك ئاران‌و بەشێك لە ئازەربایجان بۆ هەمیشە لە کوردستان

جیابووەو بە تورك کران، کوردستانیشی بۆ چەندین سەدە واتە تا هاتنی سەفەوییەکان، کرد، بە شوێنی تەراتێنی عەشیرەتە تورك ڕەگەزەکانو هەروەها ناوەندی ململانێی هێزەکانی ناوچەکەو لەوەش گرنگتر ئەوەیە عەشیرەتە کوردەکانی وا لێکرد لە جیاتی پاراستنی یەکریزی بیر لە مانەوەی خۆیانو هەروەها دابینکردنی بەرژوەندی تەسکی تیرەگەری بکەنەوە.

لەم دۆخەدا کە کوردستان بۆ ماوەی سێ سەدە واتە لە سەردەمی هاتنی سەلجووقییەکان تا سەرهەڵدانی سەفەوییەکان، ببووە شوێنی ململانێ عەشیرەتە تورك ڕەگەزەکانی ئاسیای ناوەراست، بەمەش ئیمارەتە کوردییەکان یان لە نێوچووبوون، یان ئەوندە بێ هێزببوون توانایی ئەوەیان نەبوو کاریگەریان بەسەر چارەنووسی سیاسی خۆیاندا هەبێتو بەواتاییەك لە نێوان دەسەڵاتی دوو عەشیرەتی ئاق قووینلوو قەرەقووینلوو لە پێناو مانەوەی خۆیاندا خەریکی درێژەدان بە سیاسەتی پەنابردن بۆ بێگانە بوون، چەندین ڕووداوو هۆکاریش بوونە هۆی پەرەپێدانو بەهێزبوونەوەی سەرلەنوێی ئیمارەتەکان کە دەکرێت وەك گەڕی دووەمی ئیمارەتەکان پێناسە بکرێت.

## یەکەم: سەرهەڵدانی سەفەوییە

سەرهەڵدانی سەفەوییە (١٥٠١) کە لە سەر بنەمای ئایدیولۆژیای شیعەگەریو پشت ئەستوور بە هێزی عەسکەری تورکمەنە شیعەکان بوو، هەر لە سەرەتاوە لە پێناو بەهێزکردنو سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی خۆی لە سەر فەرمانی دامەزرێنەرەکەیان واتە شا ئیسماعیل، دەستی بە نواندنی توندوتیژیو تۆقاندن کردبوو (سالار شادی، علی ١٣٩٣: ٧١-١٠٦) میرانی کورد لە هاوینەهەواری خۆیان، لە ترسی غەزەبی شا کە پێشتر لە ئاستی سارەم بەگی کورد نوواندبووی، پەنایان بردە لای شا ئیسماعیلو پشتیوانی خۆیان بۆ شا ڕاگەیاند، بەڵام شا لە جیاتی پێشوازی کردن، فەرمانی دەسبەسەرکردنی بۆ دەرکردن ( بدلیسی، هەمان:٤١١).

میرانی کورد پاش ئەم ڕووداوە بە ناچاری ڕوویان کردە دەزگای خەلافەتو خەلافەتیش لە بەر ئەوەی لە ئەگەری شەڕی سەفەوییەو عوسمانیدا، پشتیوانی کورد

بەرەو لای خۆی ڕابکێشیتو لەوەش گرنگتر ئەوەیە بە ئاسانی خاکی ئیمارەتەکان بکاتە بەشێك لە جوگرافیای عوسمانی، پێشوازی لە میرانی کورد کرد ( بدلیسی، هەمان:٤١٥-٤١٦)و دەسەڵاتی ئەوانی بە فەرمی قبوڵ کرد.

## دووەم: گوتاری سەفەوییە

لە گوتاری سەفەوییەدا، کورد وەك سەرەڕۆ، بەرژوەندیخواز، بڕواپینەکراو، یەزیدی مەزهەب (نادیار،١٣٦٣: تاریخ عالم ئَرای صفوی،: ١٢٦-١٠٣). یاغی، شەڕئاژۆ، گەندەڵ (اسکندربیگ ترکمان، هەمان: ٦٦٥ و٧٠٨ و ١/٧٨١)و بێ ئیمان (خواند میر،١٣٨٠: ٤/٤٨٤) کە شیاوی کوشتنو سەربڕینن (خواندمیر، همان: ٤/٤٨٤)، پێناسە کراونو لە هەمان کاتیشدا، سوننە ئایین وەك خاوەن مەزهەبی بەتاڵ، تایفەی بەتاڵ (نویدی شیرزای،٣٥:١٣٦٩-٣٩،) بێبڕوا، کافر، فاسق (نوایی، عبدالحسین،١٣٥٠: ٣٧و٢١٤و٣٧و٢٢٦)و شیاوی کوشتن ( شاملو،١٣٧١ :١/٤٦٩) ناسراون، دیارە ئەم گوتارە، نە تەنیا کوردو دەزگای خەلافەتی لە یەك نزیك کردووە، بەڵکو بەستێنی بۆ شەڕی چاڵدێران بە هێزکردنی کورد لە بەرامبەر سەفەوییە ئامادەکرد.

## سێیەم: شەڕی چاڵدێران

کێشەی ئایدیولۆژیای نێوان عوسمانیو سەفەوییە، دروستکردنی نائارامی بەردەوام لە سنوورەکانی عوسمانیو چەندین هۆکاری دیکە، ئەم دوو وڵاتەی لە ساڵی(١٥١٤)و لە دەشتی چاڵدێران، ڕووبەرووی یەك کردووەو لە ئەنجامدا بە هۆی هەڵەی کوشندەی شا ئیسماعیلو باوەڕ بەوەی بە هۆی یارمەتی غەیبییەوە تووشی شکست نابێت، شکستی خواردو ئەنجامی ئەم شکستە، جیا لە دەرفەت بۆ سەرهەڵدانی ئیمارەتە کوردییەکان، زاڵبوونی عوسمانی بە سەر ناوچە کوردنیشینەکانو بە واتایەکی دروستر، پەیوەست بوونی مووسڵ و کوردستانی تورکیای ئەمرۆژیو دواتر شارەزوور بە سنوورەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانییەوە بوو. ( مجربی، حسن،١٣٩٧: ١١٥-١٤٨).

## چوارەم: دیپلۆماسی مەلا ئیدریس بەدلیسی

مەلا ئیدریس بەدلیسی (مەرگ ١٥٢٠/٩٢٦) کە بۆ ماوەیەك وەك مێژوونووس لە بارەگای بایزیدی دووەم سەرقاڵی خزمەت بوو. پاش دەسەڵات گرتنی شا ئیسماعیلو شەڕی سەفەوییەو عوسمانی، دەزگای خەلافەتی رازی کرد لە رێگەی پەسەندکردنی دەسەڵاتی میرانی کورد، کوردستان بکاتە بەشێك لە دەسەڵاتی عوسمانیو بەم بۆنەوە وەك نێنەری سوڵتان، لە ساڵی ١٥١٥ بە دیاریو پەیامی خەلیفە هاتە ئاماسیەو توانی لە ماوەیەکی کەمدا، نزیکی بیستو پێنج میری کورد لەوانە میری ورمێ، ئامیدیەو جزیرە لە دەسەڵاتی عوسمانی نزیك بکاتەوە (چارشلی، اووزن و اسماعیل حقی،١٣٧٠: ٣٠٨)و تەنات لە داگیرکردنی دیاربکر بە سوودی دەزگای خەلافەت بەشداری بکاتو لە پاڵیشدا خەلیفەی رازی کرد کە دەسەڵاتی ئەم میرانە بە فەرمی پەسەند بکات.

بەم شێوازە لەرێگەی دیپلۆماسی مەلا ئیدریسەوە، بەشێکی زۆر لەخاکی کوردستان بووە بەشێك لە سنووری ئیمپراتۆریەتی عوسمانیو لەبەرامبەریشدا، دەسەڵاتی خۆجەیی ئیمارەتە کوردییەکان لە لایەن دەزگای خەلافەتەوە نەتەنیا قبووڵکرا، بەڵکو ڕێگە بۆ گەشەسەندنو سەرهەڵدانی ئیمارەتی دیکەی وەك ئیمارەتی داسنی لە لایەن کوردانی ئیزیدیەوە ئامادە کردووە. ( یوسفی،عیمان،١٣٩١: ٨٦)

بەم وەسفەوە ئاکامو ئەنجامی سەرهەڵدانی دەسەڵاتی سەفەوییە، گوتاری سەفەوییە، شەڕی چاڵدێرانو دیپلۆماسیەتی مەلا ئیدریس بەدلیسی لە پاڵ ویستی کورد بۆ دەسەڵاتو ژیانەوەی ئیمارەتە کوردییەکانو بە واتایەك دەستپێکردنی گەڕی دووەمی نەریتی ئیمارەت نشینی بوو لە کوردستاندا، لەم سەردەمەدا واتە لە شەڕی چاڵدێرانەوە (١٥١٤) تا ڕووخانی دوایین ئیمارەتی کوردی لە ساڵی (١٨٤٧) نزیکی (٣٢) ئیمارەت بە گوزارەشتی شەرەفنامە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیو سەفەوییەدا (شەرەفنامە،٢٠٠٦) بوونیان هەبووەو لەم نێوانەدا دوو ئیمارەتی ئەردەڵانو بابان، گرنگترینو ناودارترین ئیمارەتی کوردی بوون کە کاریگەری بەرچاویان لەسەر سیاسەتی دوو ئیمپراتۆریای عوسمانیو سەفەوییە- قاجار هەبووەو هەڵبەت دواتریشو لە

سەردەمی میری سۆران‌و بدرخان، دوو ئیمارەتی دیکەی بۆتان‌و سۆران، تا ڕادەیەکی بەرچاو بەهێز بوون‌و تەنانەت، ئەستەموولیان خستە مەترسیەوە.

ڕاستە ئەم ئیمارەتانە لە پێناو مانەوەی خۆیان لە جیاتی یەکریزی، پەنایان دەبردە بەر بێگانەو لەبنەڕەتیشدا ئەو پەنابردنەیان بۆ بێگانە لە پێناو مانەوەو سرینەوەی هێزو عەشیرەت‌و ئیمارەتی دیکە بوو، ئەمەش ببووە بەشێك لە سیاسەتی ئەم ئیمارەتانە، بەڵام بە کەمبوونەوەی کێشەی نێوان دوو ئیمپراتۆریەتەکەو ئەگەری بەهێزبوون‌و یەکگرتنی ئەم ئیمارەتانە، ڕووخان‌و کۆکردنەوەیان بە بیانووی چاکسازی کەوتە پێشەنگی سیاسەتی دەزگای خەلافەتەوەو لێرەوە کە عوسمانی زۆرتر هەستی بە مەترسی دەکرد، ڕووخاندنی ئیمارەتەکانی دەست پێکردووەو بۆ ئەم مەبەستەش، ڕووخاندنی سێ ئیمارەتی بابان، سۆران‌و بۆتان وەك گرنگترین‌و بەهێزترینی ئیمارەتەکان کەوتنە نێو بەرنامەی سەرەکی دەزگای خەلافەتەوە.

## ١-٣-ڕووخانی ئیمارەتەکان

جیا لە نەریتی ئیمارەت نشینی لە سەدەی دەیەمەوە کە یەکەم ئیمارەتە کوردییەکان دامەزران، ژیانەوەو پەرەسەندنی گەڕی دووەمی ئیمارەتنشینی پاش هێرشی عەیشرەتە تورك ڕەگەزەکان، بەرهەمی شەڕی چاڵدێران‌و پێویستی دەزگای خەلافەت بە پارێزگاری سنوورەکانی نزیك لە سەفەوییەو هەروەها دابینکردنی هێزی عەسکەری‌و خواردەمەنی سوپای خەلافەت لە لایەن میرانی کوردەوە بوو. کەواتە ئەرك‌و کارکردنی ئیمارەتەکان لەلایەن دەزگای خەلافەتەوەو هەروەها بارەگای ئەسفەهان‌و دواتر تارانی قاجاری ڕووبەڕووبوونەوەی لە دوژمنانی ئیمپراتۆریەت‌و هەروەها دابینکردنی پێدوایستی سوپا بوو.

بە کەمبوونەوەی کێشەی نێوان عوسمانی‌و قاجاری جێنشینی سەفەوییە، ئیتر پێگەی ئیمارەتەکان لە سەردەمێك کە بە وتەی سوڵتان سلێمان- خاوەن هەرێمێکی تا رادەیەك سەربەخۆ لە نێوان دوو ئیمپراتۆریا بوون‌و لە زرۆبەی کاروباری سیاسی‌و ئابووریدا، ئەوان بە سەربەخۆیانە هەڵسووکەوتیان دەکرد. (Ates's, Sabri ,2021:104-137)- لە ئیستادا

واتە لە سەرەتای سەدەی نۆزدە، ئیتر نە تەنیا پێگەو کارکردنی خۆیان لە دەستدا بوو، بەڵکو بە دەرکەوتنی ڕووسیا لە سنوورەکانی عوسمانیو جووڵەی میرەکان بۆ نموونە، بدرخان لە پەرەپێدانی دەسەڵاتو هێزو ویست بۆ لادان لە دەسەڵاتی سوڵتان. (524 Atmaca, Metin, 2022:) ڕووبەڕووبوونەوەی میری سۆران لە گەڵ دەزگای خەلافەت (جلیل، هەمان: ١٢٢)و هەروەها ویستی عەبدولڵا پاشا بۆ چاکسازیو پێوەندی لەگەڵ نوێنەرانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی، (519-39 Atmaca, Metin, 2022:)، ئەستەموولی خستە مەترسیەوەو ئیتر بە ڕژدی بەرنامەی ڕووخاندنی ئەم ئیمارەتانە بە بیانووی بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەندیو لەژێر گوتاری چاکسازیەوە کەوتە نێو بەرنامەی سەرەکی دەزگای خەلافەتەوە.

شیاوی ئاماژەیە، ئیمپراتۆریای عوسمانی لە سەردەمی محەمەدی فاتیح (١٤٥١-١٤٨١) تا سوڵتان سولەیمان(١٥٢٠-١٥٥٦)، گەیشتە ئەوپەڕی دەسەڵاتی خۆیو توانی بەشێکی بەرچاو لە جیهان داگیر بکات. (پورگشتال،١٣٦٨)، بەڵام لە کۆتایی سەدەی حەڤدەو سەرەتای سەدەی هەژدە، ئیتر ئیمپراتۆریا تووشی کێشەی جیدی بووەوەو بە سەرهەڵدانی هێزی نوێ وەك ڕووسیاو هەروەها بەهێزبوونی ڕۆژئاوا، ئیتر پرسی داگیرکردن کۆتایی هاتو لە پێناو پاراستنی سنوورەکانی ئیمپراتۆریەتو هەروەها بەڕێوەبردنی وڵات، ئیتر ئەستەمبوڵ بە ناچاری ڕووی کردە چاکسازی بە شێوازی ڕۆژئاواییو لە سەردەمی سوڵتان ئەحمەدی سێیەم (١٧٠٣-١٧٣٠)، یەکەم هەڵمەتی چاکسازی کە بە سەردەمی «گوڵی لالە» ناسراوە دەستی پێکرد. ( انتخابی،١٣٩٢: ٤٧-٥١)و سەرەڕای هەڵویستی توندی بنەواژەخوازنو مەرگی دوو سوڵتان بە تاوانی بیدعە، چاکسازی لە سەردەمی مەحموودی دووەم (١٨٠٨-١٨٣٩) سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم (١٨٣٩) دریژەی کێشاو لەم نێوەندەدا، مەحموودی دووەم بە بیانووی بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەندی، کۆکردنەوەیو ڕووخاندنی دەسەڵاتە خۆجەییەکانو لەوانە ئیمارەتە کوردییەکانی گرتەبەر. ( Atmaca, Metin ,2022: 519-539.)و هەر لەم پێناوەدا لە ساڵی(١٨٣٣) فەرمانی ئامادەکردنی سپای بە مەبەستی لێدانی ئیمارەتەکان بۆ والی سیواس دەرکرد. (جلیل، ١٣٨١:١٠٩) ئەم فەرمانە لە بنەڕەتدا، بریاری هەڵوەشاندنەوەی

ئیمارەتەکانو پەیوەستکردنی دەسەلاتی کوردستان بە ناوەندەوە بووەو هەر لەم ئاراستەیەدا، لە کۆبوونەوەی فەرماندە سەربازییەکانی عوسمانی لە نووسینگەی وەزیری گەورە، بە بیانووی پاراستنی سنوورەکان، فەرمانی لێدانی کورد لە ڕێگەی «مشتی ئاسنین»ەوە دەرکرا. (Hakan Özo˘glu 61:2004.)، و لە ماوەی (١٦) ساڵداو لە ڕێگەی هێرش بۆئیمارەتی سۆرانو دەسبەسەرکردنو دوایین جار کوشتنی میری سۆران لە ساڵی (١٨٣٦)، (جلیل، همان: ١٣٧-٧٧ )، دوورخستنەوەی بەدرخان لە ساڵی (١٨٤٧)و هەروەها ناردنی ئیسماعیل پاشای میسری وەك حاکمی نوێی سلێمانیە لە ساڵی (١٨٤٩)و دواجار، گرتنو ناردنی پاشاوەکانی بابان بۆ ئەستەمبوڵ، (رستم بابانی،هەمان:١٦٩-١٧١) دەسەلاتی کوردی کۆتایی پێهاتو بە واتاییەکی دیکە کورد لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە لە ڕێگەی ڕووخاندنی ئیمارەتەکانەوە لە دەسەلاتی سیاسی ناوچەکە بێبەش کرا.

## ٣-٢-کۆتایی ئیمارەتەکان

هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، بەپێی بریاری ساڵی (١٨٣٣) سوڵتان مەحموودی دووەمو لە سەردەمی سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم، بە بیانووی چاکسازیو بەهێزکردنی دەوڵەتی ناوەندیو لەبنەڕەتدا لەترسی جیابوونەوەی ئەم ئیمارەتانە لە عوسمانی، ئیمارەتە کوردییەکانو بە تایبەت سێ ئیمارەتی سۆرانو بۆتانو بابان وەك سێ هێزی سەرەکی کوردستان لە نێوان ساڵەکانی (١٨٣٩-١٨٣٦) کۆتاییان پێ هات.

زۆربوونی ئیمارەتەکان، پرسی خیانەتی ناوخۆیی، ڕەکابەریەتیو دوژمنایەتی عەشیرەتی لە نێوان ئیمارەتەکاندا، شەڕی بەردەوامو کاولکەرانەی نێوان بابانو ئەردەڵان، دەستێوەردانی بەردەوامی ئەستەمبوڵو تاران، زەرورەتی دیاریکردنی سنووری نێوان عوسمانیو قاجار، بریاری هەر دوو وڵات لە پێناو ڕووخاندنی ئیمارەتەکان، یارمەتی ڕووسیاو ئینگلیز بە تایبەت هەوڵیان لە دیاریکردنی سنووری نێوان ئەو دوو وڵاتە (Atmaca, Metin ,2022: 519-539)، سیاسەتی پەنابردنە بەر بێگانە لە پێناو مانەوەو دابینکردنی بەرژوەندی تیرەگەریو هەروەها سڕینەوەی هێزو عەشیرەتی بەرامبەر،

نەبوونی ئیرادەی یەکگرتن لە نێوان ئیمارەتەکان لە بەر پێشەنگیدان بە بەرژەندی تەسکی عەشیرەتی، ڕوانینی تیرەگەری بۆ جوگرافیاو خاك لە جیایی ڕوانینی نەتەوەییەو دەرنجام چارەسەر نەکردنی کێشەی جێنشینی میر لە ریزی گرنگترین هۆکارەکانی ڕووخانو لەنێوچوونی ئیمارەتە کوردییەکان بوون، ئەویش لە سەردەمێکی زۆر گرنگو مێژوویی کە پێدەچێت مانەوەو بەردەوامبوونی ئەم ئیمارەتانە بۆ نیو سەدەی دیکە، ئەگەری دیاریکردنی چارەنووسی کوردی بە شێوازێکی دیکە هەبوو.

## ٤-ئەنجامو پێشهاتەکانی ڕووخان و کۆتایی ئیمارەتەکان

ئەو سێ ئیمارەتەی سنوری عوسمانیو هەروەها ئەردەڵانی سنووری قاجار، سەرەڕای ئەو هەموو کێشەو هەڵایانەی کە هەبوون، ڕووخانو لە نێوچوونیان لە نیوەی دووەمی سەدەی (١٨)و سەرەتای سەدەی (٢٠)، کۆمەڵگەی کوردیو کوردستانی تا ئەو ڕادەیە تووشی کێشەو قەیران کرد کە تا ئیستاش نیشانەکانی ئەو قەیرانە بەدی دەکرێت، دابەشکردنی فەرمی کوردستان، بێبەشکردنی ڕووناکبیرانو بیرمەندانو سیاسەتەمداران لە دەسەڵاتی کوردیو لە دەستچوونی دەرفەتی هەوڵ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیو هەروەها پەراوێزخستنی کورد لە پەیمانی لۆزان لە ریزی گرنگترین ئەنجامو پێشهاتەکانی ڕووخانی ئەو ئیمارەتانە بوون کە لێردا ئاماژەیان پێدەکرێت.

### ٤-١-دابەشکردنی فرمی کوردستان

بەپێی ئەو داتا مێژووییانەی کە لەم توێژینەوە یەداخراوەتەڕوو، دابەشکردنی فەرمی کوردستان لە چەندین قۆناغی مێژوویدا کەوتە بواری جێبەجێکردنەوەو بە واتایەکی دیکە دابەشکردنی کوردستان لە ڕەوتێکی مێژووییو چەندین قۆناغدا ڕوویدا.

لە قۆناغی یەکەمدا، ئەستەمبوڵ توانی لە ڕێگەی سەرکەوتن لە شەڕی چالدێرانەوە، بەشێکی زۆری خاکی کوردان واتە بەشی باکوورو باشووری کوردستان بە خواستو ویستو حەزی کوردو هەڵبەت بە پلانی مەلا ئیدریس بەدلیسی بخاتە سەر سنوورەکانی خۆی و دواتریش بە پێی پەیمانی زەهاو (١٦٣٩)، حوکمی ئەستەمبوڵی

بەسەر ئەم ناوچە کوردستانیانەدا سەپاند. (Nebez,Jamal,2002: 49-50)و بە واتایەك عوسمانیبوونی ئەم بەشەی کوردستانی سەرەڕای بوونی ئیمارەتەکان سەپاندو لە بەرامبەریشدا سەفەوییە توانی بەشێك لەخاکی کوردستان واتە بەشی ئەمڕۆی کوردستانی ڕۆژئاوای ئێران وەك خاکی خۆی بسەلمێنێتو پرسی گرنگ لەم نێوانەدا ئەوە بوو کە کورد لەم دابەشکردنەدا، ڕۆڵی سەرەکی هەبوو. لە قوناغی دووەمی داگیرکردنی کوردستاندا، ئەستەمبوڵ لە ڕیگەی ڕووخاندنی ئیمارەتەکانەوەو هەروەها ناردنی نوێنەری خۆی بە نێوی والی مووسڵ، شارەزوورو کوردستان، بانگەشەی ئەوە بکات کە ئەم بەشە لە کوردستان بەپێی ڕێکەوتنی شەڕی چاڵدێرانو هەروەها پەیمانی زەهاو، بەشێك لە خاکی جیانەنکراوی عوسمانییەو لە قۆناغی سێیەمدا واتە لە پەیمانی ئەرزنەرۆم بە فەرمی خاکی کورد لە نێوان خۆیو دەسەڵاتی قاجاردا دابەشبکاتو دەرنجام لە قۆناغی کۆتایشدا واتە لە دانوستانی لۆزان، توانی بەشێك لە خاکی کوردستان واتە باکووری کوردستان بەبێ ئامادەبوونی نوێنەرانی کورد، بە فەرمی وەك سنووری خۆی دیاری بکاتو وڵاتانی زلهێزی جیهانیش بە واژووکردنی لۆزان، ئەم شەرعیەتەیان بە تورکیا بەخشی.

کەواتە پاش ڕووخاندنی سێ ئیمارەتی سۆرانو بۆتانو لاوازکردنی بابان، ئەستەمبوڵ بە بەشداری ڕووسیاو ئینگلیز لە گەڵ تاراندا لە سەر خاکی کوردستان کەوتە دانووستانو ئەنجامی شەڕی چالدێرانو ئامادەنەبوونی نوێنەری کورد بەهۆی ڕووخانی ئیمارەتەکانەوە، یارمەتی ئەستەمبوڵیدا تا بتوانێت لە ساڵی (١٨٤٧) باکوورو باشووری کوردستان لە پەیماننامەیەکی فەرمیو نێودەوڵەتیو بەبێ بەشداری نوێنەرانی کورد، بە فەرمیو ئاشکرا دابەشبکاتو هەروەها نوێنەرانی دوو وڵاتی زلهێزی ڕووسیاو ئینگلیز بە فەرمی ئەم دابەشکردنەیان پەسەند کرد. ( Metin,2022 :55:4, 519-539)

## ٤-٢-بێبەشکردنی ڕۆشنبیرو بیرمەندو سیاسەتمەداران لە دەسەڵاتی کوردی

کوا والیی سەنەندوج، بەگزادەیی ڕواندز

کوا حاکمانی بابان، میری جزیرو بۆتان

كوا ئەو دەمەی كە كوردان ئازادو سەربەخۆ بوون
سوڵتانی موڵكو میللەت، ساحیبی جەیشو عیرفان
(حاجی قادر كۆیی، ١٣٩٠ : ١٥٣)

شیاوی وەبیرهێنانەوەیە یەكەم نەسڵی ڕووناكبیرانی كورد لە ئەستەموولی نێوان ساڵەكانی (١٨٦٢) بۆ (١٩٠٨) واتە سەردەمی ئامادەبوونی حاجی قادر لە ئەستەمبوڵ تا بڵاوبوونەوەی یەكەم ڕۆژنامەی كوردی سەریهەڵداو بە واتایەك نزیكی دوو دەیە پاش ڕووخاندنی ئیمارەتی بابان، حاجی قادر وەك یەكەم ڕۆشنبیری كورد دەگاتە ئەستەمبوڵو دەكەوێتەژێر كاریگەری ئەندیشەی تازەگەری ڕۆژئاوایی، خوازیاری نەتەوەسازی، دامەزراندنی دەوڵەتی كوردی، ناردنی خوێندكار بۆ ڕۆژئاوا، گرنگی دان بە ڕۆژنامەو ڕۆمانو هەروەها خوێندن بە شێوازی ڕۆژئاوایی دەبێتو لەوەش گرنگتر ئەوەیە یەكەم ڕۆژنامەی كوردی لە ساڵی (١٩٠٨) واتە نزیكی (٦٠) ساڵ پاش ڕووخانی ئیمارەتی بابان و بۆتان لە دەرەوەی خاكی كوردستان واتە لە قاهیرە لە دایك دەبێتو هەروەها یەكەم ئەنجوومەنی كوردی لە هەمان ساڵەدا لە ئەستەمووڵ دادەمەزرێت. (مەحموودی، ئیسماعیل، ١٢٨:٢٠٢٠-٤٠)



هەوڵی یەكەم نەسڵی ڕۆشنبیرانی كورد لە پێناو نەتەوەسازی، ناردنی خوێندكار بۆ دەرەوەو هەروەها تازەگەری لە كوردستان بەە، سەرەڕای هەندێ ئەنجامی ئەرێنی، بەهۆی نەبوونی دەسەڵاتێكی كوردی كە پشتیوانو كۆكەرەوەی ئەم ڕۆشنبیرانە بێتو تا لە

کوردستاندا پەرە بە تازەگەری بدەن، تا رادەیەکی زۆر ئەم هەوڵە بێ ئاکام مایەوەو دیارەیشە کە سۆزی "حاجی قادر" بۆ لە نێوچوونی ئەم ئیمارەتانە لەو سەردەمەدا، تا چ رادەیەك مانادار بووە.

بە گشتی دەکرێت باس لەوە بکرێت، بە سەرنجدان لە هەوڵو بەرهەمی یەکەم نەسڵی ڕۆشنبیرانی کورد لە دەرەوەی کوردستانو ئەگەری مانەوەی ئیمارەتەکان، ئەگەری ئەوەی هەبوو کە هەوڵو تەقەلای ئەوان لە بوونی ئیمارەتێکی وەك بابانو بە تایبەت دەسەڵاتدارێکی وەك عەبدوولڵا پاشای بابان کە لایەنگری تازەگەری بوو، ئاکامو ئەنجامی زۆر دیارو زەقی وەك دامەزراندنی دەوڵەت نەتەوەی کوردیو هەروەها ئەنجامی تازەگەری لە کوردستاندا هەبوایەو لێرەوە دەکرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت، ڕووخانی ئیمارەتەکان، زیانی گەورەی بۆ ڕشنبیرانی کورد هەبوو کە لە بۆشاییدا باس لە نەتەوەسازیو ناردنی خوێندکار بۆ دەرەوەو هەروەها دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیو تازەگەری لە کوردستاندا بکەنو دوورنەبوو لە ئەگەری بوونی ئیمارەتەکان، چارەنووسی ڕەوتی ڕۆشنبیری کوردی بە شێوازێکی تر بوایە، بە واتایەکی دیکە ڕۆشنبیرانی کورد لە پرسی نەتەوەسازیو دامەزراندنی دەوڵەت نەتەوەی کوردی بە بوونیو پشتیوانی دەسەڵاتی کوردی وەك بابانو ئەردەڵانو بۆتان، کارنامەیان سەرکەوتوو بوایە.

## ٤-٣-لە دەستچوونی دەرفەتی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیو پەراوێزخستنی کورد لە لۆزاندا

لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی (١٩١٨-١٩١٤)و ڕەوتی لاوازبوونو هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریای عوسمانیو هەروەها ساڵانی پاش شەڕی یەکەم تا سەردەمی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، دەرفەت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە ئارادابوو. (مك داول، هەمان:١١٠-٧٥) بە تایبەت لە پەیمانی سێڤەرو هەروەها دانوستاندنی ساڵی (١٩٢١) (مك داول، هەمان:١٢٥)و ناردنی نوئێل سەبارە بە لێکدانەوەی دۆخی سیاسی کوردستان، باشترین دەرفەت بۆ سەلماندنی مافەکانی خەڵکی کوردستان بوو، ئەو کاتەی "نۆئێل" پێشنیاری دەوڵەتی کوردیدا. (والایان، هەمان:٥٩) نوینەرانی سیاسی وڵاتانی

زلهێز له ڕاپورتەکانیاندا بەردەوام گلەیی لە نەبوونی یەکریزیو هەروەها سەرکردایەتی کوردی دەکەن بۆ نموونە "مەك داول" لە زبانی نوێنەرانی ئینگلیزەوە دەڵێت: «کێشەی کورد نەبوونی سەرکردایەتیەکی یەکریزە»، هەروەها "والایان" دەنووسێت:"کورد گرۆپ گرۆپ بوونو سەرۆکەکانیان شەڕئەنگیزو پڕ لەگومان بوو». (والایان، هەمان:٦١)، دەکرێت نەبووی سەرکردایەتی یەکریزی کوردو هەروەها ئامادە نەبوونی نوێنەرانی ڕاستەقینەی کورد لە دانوستاندنەکاندا وەك بۆشایی سیاسی کورد پێناسە بکرێت. لێرەوە دەکرێت لە ئەگەری بوونی میری وەك بەدرخانو عەبدوولڵا پاشای بابان، کە «فێردریچ میلنگن» لە بوونی «هەستو سۆز بۆ نەتەوەو ویستی سەربەخۆیی پاشاوە» گوزارەشت دەکات». (Millingen,Frederick,1870:209-213) ئەگەری ئەنجامی دانووستانی فەرمی سەبارەت بە چارەنووسی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوایی هەبوو، ئەگەری ناردنی هێز بۆ پشتیوانی لە ڕۆژئاوا لە دژی تورکیاو دواتر داوای بەش لە دامەزرانی کیانی کوردی دوورنەبوو، دەشکرێت باس لەوە بکرێت لە ئەگەری بوونی ئیمارەتی وەك بابانو بۆتان، هاندانی خەڵك دژی بڕیاری بێبەش کردنی کورد لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی هەبوو، ئەگەری ناردنی نوێنەری کورد بۆ لۆزانو هەروەها گۆڕانی چارەنووسی لۆزان دوور نەبوو. کەواتە دەکرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت، ڕووخانی ئیمارەتەکان، ئەو ئەنجامە نەرێنیەی هەبوو کە لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانیو هاوپەیمانی لەگەڵ رۆژئاوادا، کورد دەرفەتی کاریگەریو ڕۆڵ گێڕانی نەبووەو لەوەش خراپتر لە دانووستانەکانی سەبارەت بە چارەنووسی ئیمپراتۆرەیەتی پاش ڕووخانی، کوردی لە ناردنی نوینەر بێبەش کردو بێبەش بوونی نوێنەرانی کورد لە لۆزان، بەرهەمی پەسەند کردنی فەرمی کوردستانو بە واتاییەکی درووستتر لە ئەنجامی داگیرکردنی باکووری کوردستان لە لایەن تورکیاو ڕادەستکردنی باشووری کوردستان بە وڵاتی تازە دامەرزاوی عێراق بوو. بەم وەسفەوە دەکرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت کە ڕووخانی ئیمارەتەکان جیا لەوەی کوردی لە دەرفەتی ئامادەبوونی لە دانووستانەکانی سەبارەت بە چارەنووسی ئیمپراتۆریاو ئەگەری دامەزراندنی کیانی کوردی بێبەش کرد، هەروەها کوردیشی لە مافی ناردنی نوێنەر بۆ دانووستانو دانیشتنی گرنگی وەك لۆزان بێبەش کرد.

بۆیە دەکرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت، لۆزان دوایین ویستگەی پەسەندکردنی دابەشکردنی کوردستانو بریاردان لەبارەی چارەنووسی کورد بێت، ئەمەش بەهۆی نەبوونی نوێنەرانی کورد بوو، بێ گومان ڕووخاندنی ئیمارەتەکان ڕۆڵو کاریگەری سەرەکیان لەسەر بێبەش کردنی کورد لە ئامادەبوونو ناردنی نوێنەری بۆ دانیشتنی چارەنووسسازی وەك لۆزان هەبووە.

## ئەنجام:

دابەشبوونو دابەشکردنی کوردستان، بەرهەمی دانووستانی شاری لۆزانو هەروەها پەیمانی لۆزان نەبوو، بەڵکو ئەنجامی پرۆسەیەکی مێژوویی بوو کە بە شەڕی چاڵدێرانەوە دەستی پێکردو بە لۆزان کۆتایی پێهات. لە چاڵدێراندا، دەزگای خەلافەت توانی بە یارمەتی مەلا ئیدریسی کوردو هەروەها حەزو ویستی میرانی کورد، بەشێك لە خاکی کوردستان واتە باکوورو بەشێك لە باشووری کوردستان بخاتەسەر سنوورەکانی خۆیو دواتر لە پەیمانی زەهاودا، جیا لەوەی وەك واقیع ئەمەی سەلماند، تەناتەت شارەزووریشی وەك بەشێکی دیکەی سنوورەکانی خۆی سەپاندو بە واتاییەك لە دووەم قۆناغی مێژوویی دابەشکردنی کوردستان، بە کوردو سەفەوییەی سەپاند کە سەرەڕای بوونی ئیمارەتی کوردی، باکوورو باشووری کوردستان، بەشێك لە خاکی ئیمپراتۆریای عوسمانیەو بەم کارەش کوردستانی لە نێوان خۆیو سەفەوییەدا دابەشکرد. ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە دەسەڵاتی کوردی ئەو کاتە لە بازنەی سیاسەتی پەنابردنە بەر بارەگەی بێگانە لە پێناو مانەوەو پاراستنی بەرژەوندی تەسکی عەشیرەتی خۆیاندا دەخولانەوە.

سێیەم قۆناغی دابەشکردنی کوردستان، پاش کۆتاییو ڕووخاندنی ئیمارەتەکان دەستی پێکرد، واتە ئەو کاتەی کە ئیمپراتۆریا کێشەی زۆری هەبووەو لەوانە ئەگەری جیابوونەوەی ئیمارەتەکان لە ئارادا بوو، دەزگای خەلافەت بە بیانووی بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەندی وەك بەشێك لە چاکسازی، ڕووخاندنو هەڵوەشاندنەوەی ئیمارەتەکانی دەست پێکردو لە ساتەوەختی ڕووخاندنی بابان وەك دوایین ئیمارەتو دەسەڵاتی کوردی، بە واژووکردنی پەیمانی ئەرزنەرۆم، کوردستانی لە نێوان خۆیو دەسەڵاتی قاجاردا، بە

فەرمی دابەشکرد. گرنگی ئەرزنەرۆم واتە سێیەم قۆناغی دابەشکردنی کوردستان لە سێ خاڵدا بوو، **یەکەم** هاوکات بوو لە گەڵ ڕووخانی دوایین دەسەڵاتی کوردی واتە ئیمارەتی بابان، **دووەم** لە غیابی نوێنەرانی کورد سەبارەت بە چارەنووسی کوردستان، بریار دراو **خاڵی کۆتایی** ئەوە بوو کە ئەم پەیمانە بە ئامادەبوونی دوو زلهێزی وەك ئینگلیزو ڕووسیا واژۆ کرا، کەواتە لە ئەرزنەرۆمدا وەك سێیەم قۆناغی دابەشکردنی کوردستان، بۆ یەکمجار، کوردستان بە فرمی دابەشکراو خاکی کوردستان وەك بەشێك لە سنووری عوسمانیو دەسەڵاتی قاجار لە لایەن جیهانەوە بە فەرمی ناسراو لێرەوە ڕووخانی ئیمارەتەکانو نەبوونی کاردانەوە بەهۆی نەبوونی دەسەڵاتی کوردییەوە، ڕۆڵو کاریگەری تایبەت بە خۆی هەبوو. لۆزان دوایین ویستگەو قۆناغی دابەشکردنی کوردستان بوو کە دوو تایبەتمەندی تایبەت بە خۆی هەبوو، **یەکەم** لۆزان بەهۆی بێبەش کردنی نوێنەرانی کوردو بە بیانووی دیاریکردنی چارەنووسی سنوورەکانی تورکیا سازکرا، دیارە ئامادە نەبوونی دەسەڵاتی کوردی کە لە ئەنجامی ڕووخاندنی ئیمارەتەکان بوو، کورد لە ناردنی نوێبەرو بەشداری لە چارەنووسی خۆیدا بێبەشکراو **دووەم** ئەوەبوو لە لۆزاندا، کوردستانی ئەرزنەرۆمی عوسمانی، لە نێوان دوو وڵاتی تورکیاو عێراقی تازەدامەزراودا دابەشکراو باسکردن لە کوردستانی قاجار لە ئارادا نەبوو. لێرەوەو لە کۆتاییدا دەکرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت، ئەوە لۆزان نەبوو کە کوردستانی دابەشکرد، بەڵکوو کوردستان لە پرۆسەیەکی مێژووییدا دابەشکرا کە خودی کورد بەهۆی سیاسەتی هەڵەی پەنابردنە بەر بێگانە لە پێناو بەرژەوندی تەسکی عەشیرەتیو ڕووخانی ئیمارەتەکان بە هۆکاری وەك ململانێی بەردەوامی ناوخۆییو بیرنەکردنەوەیان لە یەکریزی، لەم دابەشبوونو دابەشکردنەدا، تاوانبار بوون.

### سەرچاوەکان:

#### کوردی:


-حاجی قادر کۆیی،(١٣٩٠) دیوانی حاجی قادر کۆیی، لێکۆڵینەوەو لیکدانەوە سەردار حەمید میرانو کەریم موستەفا شارەزا، لە سەر نووسینیکی نوێ بە پێی بۆچوونەکانی موحەمەدی مەلا کەریم،سنە، کوردستان.

-خانای قوبادی (١٩٧٥) شیرین و خوسرەو، محمدی مەلا کریم ساغی کردوەتەوەو پێشەکی بۆ نووسیوە، بەغدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.
-مەحموودی، ئیسماعیل (٢٠٠١) کورد لە ڕوانگەی شەرەفخانی مێژوونووسەوە، گۆڤاری نما.
-مەحموودی، ئیسماعیل (٢٠٢٠) حاجی قادر کوییو گوتاری تازەگەریی کوردی، سلیمانی، جەمال عیرفان:٤٠-١٢٨
-مینورسکی (بی تا) بنچینەکانی کوردو چەند وتارێکی کوردناسی.

**فارسی:**

-اسکندر بیگ ترکمان (۱۳۸۲) عالم آرای عباسی، تصحیح ایرج افشار، تهران، امیر کبیر.
-بابانی، عبدالقادر، سیرالاکراد، به اهتمام محمد رئوف توکلی،تهران.
-بدلیسی، شرفخان (۱۳۷۷)، شرفنامه، مصحح ولادیمیر ولییامینوف زرنوف، تهران، چاپ اول، نشر اساطیر.
-بزارسلان،حمید (۱۳۹۸) گفتارهای در خاستگاه ناسیونالیسم کرد، عباس ولی،بزارسلان و..ترجمه‌ی کراد روحی، تهران،چشمه.
-جلیل، جلیل (۱۳۸۱) کردهای امپراتوری عثمانی، ترجمه صلاح‌الدین آشتی، تهران، پانیذ
-جی شاو، استانفور (۱۳۷۰) تاریخ امپراتوری عثمانی و ترکیه جدید.مشهد. استان قدس رضوی.
-جعفری ولدانی، اصغر (۱۳۷۰) بررسی تاریخی اختلافات مرزی ایران و عراق، تهران، دفتر مطالعات وزارت خارجه.
-چارشلی، اووزن و اسماعیل حقی (۱۳۷۰)تاریخ عثمانی، ترجمه وهاب ولی، تهران، نشر تحقیقات فرهنگی.
-خلیلی، سیامند و یوسفی، عثمان (۱۳۹۷) واکاوی مناسبات سیاسی صارم بیگ موکری با شاه اسماعیل اول صفوی،پژوهشنامه تاریخهای محلی ایران، سال هفتم، شماره اول.
-خواند میر،غیاث‌الدین بن همام (۱۳۸۰) حبیب السیر، زیر نظر محمد دبیر سیاقی، تهران،خیام,
-روملو، حسن بیگ (۱۳۵۷) احسن التواریخ، به کوشش عبدالحسین نوائی، تهران، بابک.
-سالار شادی، علی (۱۳۹۳) نقد و بررسی نظریه‌های موجود درباره تشکیل حاکمیت صفوی،تاریخ تامه ایران بعد از اسلام، سال پنجم، شماره نهم.

-سفرنامه‌های ونیزیان در ایران (۱۳۸۱) ترجمه منوچهر امیری، تهران، خوارزمی.
-شاملو، ولی قلی بن دواود قلی (۱۳۷۱) قصص الخاقانی، به تصحیح سادات ناصری، تهران، وزارت ارشاد.
-فرامکین،دیوید (۱۳۹٦) صلحی که همه صلح ها را برباد داد،ترجمه حسن افشار،تهران، ماهی.
-فیلد هاوس، دیوید (۱۳۷۰) لایان، والاس، کردها. عرب ها و انگلیسی ها، ترجمه‌ی حسن افشار.تهران. مرکز.
-لایان، والاس (۱۳۷۰) کردها. عرب ها و انگلیسی ها، ،پیشگفتار هاوس، دیوید ترجمه‌ی حسن افشار.تهران. مرکز.
-مجربی، حسن (۱۳۹۷) بررسی عوامل و پیامدهای سیاسی، اجتماعی و فرهنگی نبرد - چالدران بر اساس گزارش‌های مورخان ترک، فصلنامه علمی- پژوهشی مطالعات تاریخی جنگ، دوره دوم، شماره سوم.
-مک داول،دیوید (۱۳۸۳) تاریخ معاصر کرد، ترجمه ابراهیم یونسی،تهران، پانیذ.
-مستوفی، مستوفی قزوینی، حمدالله (۱۳٦۲)، نزهه القلوب، به اهتمام گای لسترنج، تهران، دنیای کتابز
-نسوی،ابوالحسن علی بن احمد (۱۳٥٤) بازنامه.
-نویدی شیرزای،زین العابدین علی (۱۳٦۹) تکلمه الاخبار، به تصحیح عبدالحسین نوایی، تهران.
-نوایی، عبدالحسین (۱۳٥۰) شاه تهماسب صفوی، اسناد و مکاتبات تاریخی،تهران، بنیاد فرهنگ ایران.
وقایع نگار کردستانی، علی‌اکبر (۱۳۸٤ش)، حدیقه ناصریه و مرآت الظفر در تاریخ و جغرافیای کردستان، به کوشش محمد رئوف توکلی، تهران، چاپ دوم، انتشارات توکلی.
-ولی،عباس (۱۳۹۸) گفتارهای در خاستگاه ناسیونالیسم کرد، ترجمه مراد روحی، تهران،چشمه.
-هامر، ژوزف فون پورگشتال (۱۳٦۸) تاریخ امپراتوری عثمانی، ترجمه میرزا زکی علی آبادی، تهران، زرین.
-یوسفی،عثمان (۱۳۹۱) تاریخ و حیات اجتماعی – فرهنگی کردهای ایزدی.

**عەرەبی:**

-المسعودي، أبو الحسن علي بن الحسين (١٨٩٣) التنبيه و الإشراف، ليدن.

-القلقشندي، احمد بن علي (١٣٩٠) صبح الأعشي في صناعه الإنشاء: قاهره، دارالكتب العلميه:

-ابن الأثير، ابوالحسن علي بن محمد (١٣٨٥) الكامل في التاريخ،بيروت،دار صادر، دار بيروت.

-الكاشغري (١١٣٢) كتاب ديوان لغات الترك

**ئینگلیزی:**

-Ates's, Sabri (2021) The End of Kurdish Autonomy: The Destruction of the Kurdish Emirates in the Ottoman Empire In book: The Cambridge History of the Kurds (pp.104-137) from Part I - Historical Legacies, Edited by Hamit Bozarslan, Cengiz Gunes andVeli Yadirgi, Published online by Cambridge University Press

-Atmaca, Metin (2022) Resistance to centralisation in the Ottoman periphery: the Kurdish Baban and Bohtan emirates, Middle Eastern Studies

-Hennerbichler ,Ferdinand(2014), Kar-daKI-ka 21st ce. B.C.E. Karda Land of Valiant Mountain People Central Zagros East Terminological Analysis: Advances in Anthropology, Vol.4 No.3

-Markiewicz, Christopher (2020) The Crisis of Kingship in Late Medieval Islam: Persian Emigres and the Making of Ottoman Sovereignty.PP 120-135 (Cambridge Studies in Islamic Civilization.) New York: Cambridge University Press

-Millingen,Frederick(1870) Wild life among the Koords (London: Hurst and Blackett).

-Nebez,Jamal(2002) The kurds , History and Calture,:49-50. Mella, Kurdistan and the kurds, a divided homeland and a nation without state , ٢٠٠٥:٦٧. Dahlman, The Political Geography of Kurdistan.

-N. Kaya, Zeynep (2012) Maps into Nations: Kurdistan, Kurdish Nationalism and International Society, The London School of Economic and Political Science and Political Science.

Records of the Kurds: territory, revolt and nationalism, 1831- 1979: British documentary sources,Author:Anita L. P. Burdett (Compiler, Editor) Cambridge Archive Editions, Cambridge, United Kingdom, 2015.ﺫ

The division of Kurdistan

In Lausanne or in the process of history

Abstract

On July 24, 1923, the agreement of Lausanne was signed in the French city of Lausanne with the participation of Great Britain, France, Turkey and several other countries, The main result of this agreement was the cancellation of the Siver Treaty and the recognition of the borders of Turkey. Although the Lausanne meeting was formed in order to determine the fate of Türkiye, But in the political discourse of the Kurds and also in the political society of Kurdistan, it is defined as the starting point of the official division of Kurdistan and the end of the dream of forming the Kurdistan state And the British treachery, along with several other factors, has been shown to be innocent as the main factors behind the division of prominent Kurdistan and the political community of Kurdistan.

This research points to the historical factor with a historical-analytical method and believes that the division of Kurdistan is not the result of the Lausanne Agreement, Rather it is the result of a historical process that begins with the Chaldaran War and ends with the Treaty of Lausanne. Kurds themselves because of the policy of taking refuge in foreigners for worthless tribal interests, Also, the collapse of the emirates has contributed to the division of Kurdistan due to factors such as their endless competition and not paying attention to unity.

key words :

Chaldaran, Arzneh al-Rum agreement, Lausanne agreement, division of Kurdistan, Emirate.

# کورد و ڕایەڵی ئیشراقی
# "شیعر و ئیشراق" (١)



د. ئیدریس لاهوت

**بەرایی:**

ئەگەرچی لە ڕووی بنەماو شوێنەدەستپێکییەوە شیعر بەشێك نییە لە فەلسەفەو فەلسەفە تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام کاتێ کە لە قوتابخانەی ئیشراقو پەیڕەوبەندە ئیشراقییەکە دەکۆڵینەوە هەست دەکەین ئەم دووە هەردووك بە جۆرێك ئاوێتەی یەك بوون کە بە ئاسانی لە یەکتری جیا نابنەوە، ڕەنگە هۆکاری ئەمە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە حیکمەتی ئیشراق جۆرە حیکمەتێکە هەم زەوقیو کەشفییە، هەمیش بەحسیو بورهانیە (شارەزووری، ٢٠٢٤: ١٦٤). هەروەها تایبەتمەندی حەکیمی ئیشراقی ئەوەیە کە لە یەك کاتدا هەم شاعیرە هەم فەیلەسووف، هەم پابەندە بە بنەماو سیستەمە عەقڵانییەکانەوەو

هەمیش ڕێگەی تری هەیە بۆ ناسینی جیهانو مرۆڤ. هەم کار بە لۆژیکە ئەرستۆییەکە دەکات، هەم لە ڕێی کەشف و موشاهەدەوە لە نەفسو جیهانو عەقڵ دەکۆڵێتەوەو نهێنییەکانیان شەنوکەو دەکات، ئەمە وا دەکات کە حیکمەتی ئیشراقو قوتابخانەی ئیشراق لە قوتابخانە فەلسەفیەکانی دیکە جیا ببێتەوە (شارەزووری، ٢٠٢٤: ١٦٦)، هەر ئەم خاڵەش خۆی دەتوانێ پەردە لەسەر زۆر نهێنی دی هەڵبداتەوە.

وەختێ بەقووڵی بەناو ئەم قوتابخانەیەدا ڕۆ دەچیو لە پێکهاتەو تایبەتمەندییەکانی دەکۆڵییەوە هەست بەو بۆنو بەرامە تایبەتەی دەکەیت کە نزیکە لە ڕۆحە کوردییەکەوە، هەست دەکەیت کە پێکهاتەکانی ئەو پەیڕەوبەندە فەلسەفییە تەواو خۆماڵیو کوردانەیە، ئەمە ئەو ڕایەڵە گرنگەیە کە من چەندین جار لە جێگەی دیکە لەسەری وەستاومو بە گرنگییەوە ئاماژەم پێداوە، هەرچۆنێك بێت ئەو جیهانبینیە گرنگەی ئێمەیش کەوتۆتە ناو پەڕەکانی ئەو مێژووەمانەوەو دەبێ پەردەی لەسەر هەڵدەینەوە. قوتابخانەی ئیشراق بۆ کورد دەلاقەیەکی ڕۆشنە کە دەتوانێ سەرلەبەری کەلتووری هزریو فەلسەفی ئێمە بژێنێتەوە، هەروەها بە دوایدا دنیابینی فیکری ئێمە؛ هەم لە ڕووی ڕامیاریو هەم لە ڕووی فەرهەنگیو پەروەردەییو ئەدەبییەوە بونیاد بنێتەوە، بە دەربڕینێکی کورت مێژوومان ڕووناك بکاتەوە.

بابەتە گرنگەکە ئەمەیە وەختێ ئێمە لە مێژوودا بیرکەرەوەی مەزنو گەورەمان هەبووبێتو خاوەنداریێتی بکەین، بۆ دەبێ لێیان بەهرەمەند نەبین؟ وەختێ ئێمە هەمبانەیەکی ئاوا پرشنگدارو خەزێنەیەکی بەم تەرزە بەرفراوانو ڕابردوویێکی بەم ئەندازە بە نرخمان هەبێ، بۆ دەبێ دەستبەرداری ببینو لێگەڕێین ئەو میراتە گەورەیەمان لە چنگ دەرچێتو گەلانی دیکە -لە ژێر ناوو نیشانی جۆراوجۆردا-خاوەنداریێتی بکەن؟

زۆر جار کە باسی فەلسەفەی ڕۆشنگەریو فەیلەسووفانی ڕۆژئاوا دەکرێ، دەگوترێ زۆرێك لە دەروونناسو فەیلەسوفو ئەدیبە گەورەکانی ڕۆژئاوا وەك نیچەو فرۆیدو مارکسو هێگڵ بە پشتبەستن بە کەلتوورو گەڕانەوە بۆ کەلتووری کۆنی گریك زۆربەی پرسە نوێییەکانی خۆیان گەنگەشەو شرۆڤەو راڤە دەکەنەوە، ئەدی بۆ دەبێ ئێمە دەست لەم هەمبانەو خەزێنە گەورەو درەوشاوەیەی خۆمان هەڵگرین، بۆ دەبێ لە نێو بەرزەخی

بێ شوناسی مەعریفیدا هەر بەملاو ئەو لادا بڕۆین‌و لە هەناوی خۆماندا ئەم گەوهەرە ڕووناکە پەراوێز بخەین؟ گەڕانەوە بۆ ڕابردوو بە ترس‌و لەرزەوە هیچ بە ئێستەمان نادات، دەبێ ئەو پنتە بدۆزینەوە کە ڕابردوومان پرشنگدار دەکاتەوە، ئەمە دەستپێکە گرنگەکەیە، ئەمە خۆی لە خۆیا دەستبردنە بۆ ئەو گەنجینە گەورەیە. ئەم دەستپێکە لە هەناوی خۆیا بە تەنگی ئەم ڕاستییەوەیە کە پێویستە پانتایی بدرێتێ‌و ببێتە مۆدێلی کارکردن لە ڕۆشنبیری خۆماندا. چونکە بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەم ڕابردووە ڕووناکە، پێناچێ هیچ دەرچەیەکی هیوابەخشی هەبێ، پێناچێ هیچ تێگەیشتنێکی دروست لەسەر مێژوو، کەلتور، ئەدەب‌و نوێگەری چێ ببێت .پێویستە نوێگەری ئێمە لەو ترووسکایی‌و چرکەساتانە بگەڕێت کە تێیدا ئێمە لەناو مێژوودا هزرڤانمان هەبووە، هەر بۆیە بەچاوپۆشین لە زەردەشت، سوهرەوەردی‌و شارەزووری‌و دواتر شاعیرە سۆفییەکان -کە باوکی نوێگەری کوردیین- هەموو شتێك لە کیس دەدەین، بە پێچەوانەوە گەڕانەوە بۆ ئەم ڕایەڵە دەسپێکی نوێگەری کوردییە، گەڕانەوە بۆ ئەو مێژووە بریتییە لە دەستپێکی دامەزراندنی تیۆری ڕەخنەیی لە واقیعێکی دارزاوی دابڕاوو لێگۆڕاو کە تەنها لەڕێی خۆنوێکردنەوەوە بەگنۆستیك، عیرفان‌و ئیشراق بەرجەستە دەبێت.

### فەلسەفەو ئەدەب، ئیشراقی کوردی

دەستبردنەوە بۆ ئیشراق وەك تروسکایی‌و وەك یەکەم چەخماخەی حیکمەتی کوردی لە مێژوودا خۆی لە خۆیدا گەورەترین ئامادەکارییە بۆ شۆڕشێکی نوێی ڕۆشنبیری، ڕەنگە هەر ونکردنی ئەم کلیلە هۆکاری ناکامییەکانمان بووبێت کە بە درێژایی مێژوو کورد شۆڕش دەکات‌و ئاکامی نابێت، چونکە ڕەنگە هۆکارەکە ئەوە بێت هیچکام لەو شۆڕشانە ڕۆشنبیری نەبوون. کەواتە مێژووی ئێمە لە دەرەوەی شوناس‌و مەعریفیەکە مێژووی گیروگرفت‌و نەهامەتی‌و نەگبەتییە، مێژووی چەوسانەوەو نەحەسانەوەیە، مێژووی شۆڕشی بێ ئاکامە، مێژووی میرنشینی پەراوێزخراوە، مێژووی پەرتبوون‌و لێکترازانە، مێژووی بەسەریەکدا ڕشانەوەو پەراوێزخستن‌و سڕینەوەی یەکدییە، هەر بۆیە دەرچەی ڕزگاری ئەوەیە کە دەست بۆ حیکمەتی خۆماڵی ببەینەوە، چی لەوە باشترە کە

پەنا بۆ بیرمەندە مەزنەکانی خۆمان ببەینەوە، پەنا بۆ سوهرەوەردیو شارەزووریو عەین ئەلقوزاتو باباتاهیرو پیرانی پیرشالیار ببەینەوەو لەوێوە سەیری ڕێڕەوی مێژوو بکەینەوە، لەوێوە ڕیشەکانی ئەدەبیاتو فەلسەفەو تەنانەت سیاسەتو ئاوەزو دنیابینیو تێڕوانینە ئاینییەکانی خۆمان بدۆزینەوە، لەوێوە پەی بە نهێنییەکانی پشت ئەو هەموو گوزارانە ببەینەوە کە لە کۆنەستی تاکی کوردا ماونەتەوەو لە ئاینی کۆنی یارسانو لە پاشماوەی ئاینی میتراییو زەردەشتیدا گوزارەو هێماو سیمبولەکانیان هەڵگیراون، وەك سوهرەوەردی دەڵێت: "لە کۆندا لەم ناوچەدا گەلێك دەژیا کە خودا بەرێوەی دەبردن، حەکیم و دانا بەرچاوەکانیان زۆر پێچەوانەی مەجووسەکان بیریان دەکردەوە، من ڕیشەی باڵای ڕوانینو تێڕوانینەکانی ئەوانم وەرگرتۆتەوە کە بریتییە لە "ڕەسەنایەتی ڕووناکی"و لەگەڵ حیکمەتی ئەفلاتۆندا ئاوێتەی یەکم کردوونو لەم سۆنگەوە گەیشتووم بە ئیشراقو تا ئاستی شهوود بەرزم کردۆتەوەو ناوم لێناوە حیکمەتی ئیشراق کە هیچ کەس لەم کارەدا پێشی منی نەداوەتەوە". لێرەوەیە کە دەستبردن بۆ قوتابخانەی ئیشراق ئەگەر نەڵێم تاکە دەرچەی ڕزگارییە بۆ کورد، دەرگاو دەلاقەیەکی یەکجار ڕۆشنەو بە تەواوی ڕووناکمان دەکاتەوەو لە دەستی ئەهریمەنی تاریکی، لە "بزربوون" قوتارمان دەکات، چونکە پێکهاتەی ئەم قوتابخانە فەلسەفیو شهوودییە کوردییەو لە سەردەستی کوردێك بونیاد نراوە -سوهرەوەردی-و کوردێکی تری وەك شەمسەددینی شارەزووری بە خەمییەوە بووەو ڕواڤەی کردووە-. لەبیرمان نەچێت وەك سوهرەوەردی لەسەرەوە ئاماژەی پێدابوو ئەو وەسفە بەس بۆ کورد زۆر دەگونجێت کە دەڵێت خودا بەرێوەی دەبردن.

## شیعر و حیکمەت:

ڕاستە کە کورد لە مێژوودا شاعیری زۆرە، بەڵام وا دەرکەوتووە کەمتر دەستی بۆ فەلسەفە بردبێت، یان خودان فەلسەفەی خۆیبێت، یان دەگوترێ کورد شاعیری هەیە بەڵام فەیلەسووفی نییە، بەڵام قوتابخانەی ئیشراق بە زەقی ئەو وەهمانە دەرەوێنێتەوە. سوهرەوەردی لە فەلسەفەدا لە ئاستی ئیبن سینادا بووەو لە عیرفانیشدا لە ئاستی

حەلاج‌و بوستامی، تەنانەت هەندێك دوای ئەرستۆو فارابی ناسناوی مامۆستای سێهەمی دەدەنێ، چونکە زۆر شارەزای فەلسەفەی مەششائی بووە وردیش ڕەخنەی لێ گرتووە، هەرچی شارەزووریشە کە هاوزەمەنی "نەسیرەددینی تووسییە" لە گەورەترین فەیلەسووفەکانی سەدەی حەوتی کۆچییەو بە بڕوای "زیائی توربەتی" پەڕتووکی ڕەسائیل -کە لە سێ بەرگدا چاپ بووە- گەورەترین ئینسکلۆپیدیای فەلسەفی سەردەمی خۆیەتی. هەندێك لە لێکۆڵەران پێیان وایە لە شیفای ئیبن سینایش کامڵتیرەو بەشی دووەمیشی گرنگترین بەشە کە لە مێژووی ئیسلامییدا دەربارەی میتافیزیك نووسرابێت (هێما لاهووتییەکان، - ٥٨- ٦٠).

گەر لە ڕووی بنەماوە سەیر بکەین فەلسەفە پتر سەروکاری لەگەڵ ئیلاهیات‌و زانستە مرۆییەکان‌و فیزیاو ماتماتیك‌و..هتد هەیە، هەریەك لە کیندی‌و فاڕابی‌و ئیبن سیناو تەنانەت غەزالییش پۆلێنکاری خۆیان هەیە بۆ فەلسەفەو پێیان وایە کە فەلسەفە تەنها لە چوارچێوەی زانستەکانی ئیلاهیات‌و ماتماتیك‌و لۆژیکدایە (ئیبن سینا، شیفا، ج١، ل٤-٥). کە ئەمە تا غەزالیش هەر لەم چوارچێوەیەدا خۆی دەبینییەوە.

ئەگەرچی غەزالی حەکیمێکی سۆفی بوو هەوڵیدا دابڕان‌و کەلێنی نێوان شهوودو ئاوەز، گەننوسیەت‌و ئارگیۆمێنت پڕبکاتەوە، بەڵام تا سوهرەوەردی نەهات ئەم کەلێنە هەر پڕ نەبووەوە. ئەمەیش بەو مانایەی پەیڕەوبەندە ئیشراقییەکە کلێشەیەکی دیکەی دایە حیکمەت‌و لە بنەڕەتەوە کردی بە دوو بەشەوەو یەکیانی ناولێنا حیکمەتی پەیجووری "الحكمة البحثية"و ئەوی تریان حیکمەتی چەشەیی "الحكمة الذوقية" (سوهرەوەردی، مصنفات، ج٢: ل٣٠٠).

سوهرەوەردی کەشف‌و موشاهەدەی وەك بنەمای بەدەستهێنانی مەعریفە سەیر کرد، دوای ئەویش شارەزووری پەیڕەوی لێکردو پانتاییەکی زێتری پێدا. بەمەیش پەیڕەوبەندییەکە شکڵێکی گەنوسسیانەی بەخۆیەوە گرت‌و ئەدەب‌و عیرفان‌و مەعنەویەتی لەخۆیدا کۆکردەوە. (هاوژینی مەلا ئەمین، ١٧١-١٧٢) سوهرەوەردی سەرلەنوێ حەکیمەکانی دەستنیشان کردەوەو لە زەردەشت‌و مانی‌و ئەفلاتۆنەوە هاتەوە تا بوستامی‌و حەللاجیشی لەخۆ گرتەوە، تا ئەم کلێشە نوێیە ئەو هەڵە ڕاست بکاتەوە

که فەلسەفەی بە بارێکی دیکەدا لەگەڵ خۆی ڕاپێچ کردبوو. سوهرەوەردی وەبیری ناوەندە مەعریفیو قوتابخانەو حوجرە دینییەکانی هێنایەوە کە فەلسەفەو دانایی تەنها لە فەلسەفەی مەششائییدا کورت نابێتەوەو شهوودو کەشفو زەوقو جوانناسیو سۆفیگەریش لقی دانایین.

دەمەوێ بڵێم گەر تا هاتنی سوهرەوەردیش دانایی بە دۆخێك گەشتبوو کە لە ڕووە سیستماتیکیەکەیەوە هیچ پەیوەندی لەگەڵ ئەدەب نەمابوو -واتە شیعر دۆخێکی تری ڕامان بوو نەك بەشێکی دیکەی شهوودو دانایی- ئەوها بە تێکەڵکردنەوەی شهوودو ئارگیۆمێنت لە ناو یەك قوتابخانەدا ئەو تەمە ڕەویەوەو عاریفان چوونەوە سەر هەمان ڕایەڵە گرنگەکەی بەشەکەی دیکەی دانایی کە سوهرەوەدی لە کلێشە نوێیەکەی خۆیدا جێی کردبوونەوە. بەم پێیە حیکمەتی ئیشراق هەم حیکمەتی ئاوەزەو ژیرییە، هەم حیکمەتی شیعرو عیشق.

## سوهرەوەردیو شیعر



سوهرەوەردی تەنها حەکیم نەبوو، بەڵکو شاعیرێکی تەواو مەزنیش بوو، شیعرەکانی سوهرەوەردی بۆنو بەرامەیەکی عیرفانیو شهوودی دەدەن، گەرمو ئیشراقیین کە بە زمانەکانی عەرەبیو فارسیو کوردی چڕیونی.

پەیوەندی سوهرەوەردی بە شیعرو مۆسیقاو سەماوە شتێکە ناشاردرێتەوە. سوهرەوەردی سەرەڕای ئەوەی کە حەکیمێکی وردو شارەزا بووە بەردەوام لە شیعر دانەبڕاوەو عاشقی ئەدەبیاتیش بووە. ئەو پێی وابوو کە زمانی شیعر تاکە زمانە کە لە حیکمەتی ئیشراقو هێماکانی شهوودەوە نزیکبێ، لەوێدا کە ئارگیۆمێنتو بورهان نەیاندەتوانی شتێ بکەن کەشفو

شهوود جێیان دەگرتەوە. چونکە لە ڕاستییدا بڕێك جار تەنها زمانی شیعرو سەماو مۆسیقا دەیانتوانی گوزارشت لەو دونیابینیە ئیشراقیە بکەن.

"سوهرەوەردیو شارەزووری" لە یەك کاتدا هەم چەقی بەریەککەوتنی فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتی هیندیو لۆژیكو فەلسەفەی گریکین، هەمیش چەقی بەریەککەوتنی عیرفانی ئیسلامیو فەلسەفەی مەششائی ئەرستۆیین، هەم سەر بە دنیابینیە کۆنە کوردییەکەنو هەم نوێگەرو داهێنەری پەیڕەوبەندێکی نوێن کە بە تێکەڵەی شهوودو کەشفو ئیشراق لۆژیکی ئەرستۆیی دەستکاری دەکەنو لە مەنگەنەی دەدەن.

ئەگەرچی عەقڵی کوردی عەقڵێکی پێکهاتەییە، لێ پتر بەلای گەننوسیەتدا دەڕوات بۆیە هەرگیز لە عیرفانو سۆفیگەریو ئەدەبیاتی عیرفانی دانەبڕاوە، هەروەها بێ هۆیش نییە کە ڕێبەرایەتی کردنی سێ قوتابخانەی گەورەی سۆفیگەری وەك سوهرەوەردییەو قادریو نەقشبەندی دەکات، ئەمەیش گەواهی دەری ئەو ڕاستییەن. وەکو تریش مانەوەی ئاینی کۆنی یارسانیش لە ناوچەکە بە درێژایی هەزاران ساڵ وێنەیەکی دیکەی هەمان ڕاستیمان پیشان دەدات.

### سوهرەوەردیو شیعری کوردی: ( هەورامانیاتی سوهرەوەردی )

بۆ بەندە ڕوونە کە سوهرەوەردی شاعیرو عارفێکی گەورەیەو شیعرەکانی بە عەرەبی بەردەستن، بەڵام هێشتا لام ڕوون نییە کە ئایا بە کوردی شیعری هەن یاخود نا. دکتۆر کامل موستەفا ئەلشەبیبی لە کتێبەکەیدا کۆی شیعرە عەرەبیەکانی ئەم زاتەی لە دوتوێی دیوانێکدا کۆکردۆتەوەو ناوی لێناوە دیوانی "سوهرەوەردیی مەقتوول"، هەر لە پێشەکی ئەو دیوانەیشدا باس لە شیعری فارسی سوهرەوەردی دەکاتو دەڵێت:

خاوەنی نوزهەت ئەلئەرواح -کە مەبەستی شارەزوورییە- ئاماژەی بەوە داوە کە سوهرەوەردی بە فارسی شیعری هەیە، بەڵام لێرە قسەی لێ ناکەین، دواتر چوارینەیەکی دێنێت بەم شێوەی خوارەوە:

**هان! تاسر رشته خرد گم نكنى / خود را ز براى نيك و بد گم نكنى**
**رهرو تونىو راه تونىو منزل تو / هوشيار كه راه خود بخود گم نكنى** (الشبيبى، ٤٧)

هەرچی شیعرە کوردییەکانیەتی ئەوا زانیاری کەمی لەسەر هەیە، بەڵام هەندێ لە لێکۆڵەران باس لەوە دەکەن کە مامۆستای سەعدی شیرازی بووەو خاوەنی کۆمەڵێك شیعرە بە کوردی کە بەم دواییانە فاروقی سەفیزادە لە ڕێگەی کۆمەڵە دەستنووسێکی ئەستەمبووڵەوە بە ناونیشانی م.راغبو بە ژمارە (١٤٨٠) ساغی کردۆتەوە، سەفیزادە بابەتێکی نووسیوە لەسەر شیعرە کوردییەکانی سوهرەوەردیو لە سایتی ڕاسیخون دایناوەو دەڵێت سوهرەوەردی بە شێوەزاری گۆرانی کۆمەڵێ شیعری هەیە. هەر سەفیزادە ئەم جۆرە شیعرانە بە هەورامانیات ناوزەد دەکات، واتە لە بەرامبەر پەهلەوییاتی ئێرانی دایدەنێت.

بەپێی ئەو سەرنجەی سەفیزادە گۆیا سوهرەوەردی شیعری بە کوردیو بە شێوەزاری هەورامی نووسیوەو بۆ ئەمەش هەندێ چوارینەی سوهرەوەردی دێنێو دەڵێ لە دەسنووسەکۆنەکانو لە تورکیە پارێزراون (سەفیزادە، چارینە های شیخ شهاب الدین سهروردی، بێ، ژ)، خوێنەر کە بەر ئەو شیعرانە دەکەوێ، هەست دەکات بەر شیعری شاعیرێکی دەڤەری هەورامان دەکەوێ، چونکە ڕێك بە هەمان شێوەی سەیدیو بێسارانیو شاعیرانی دیکەی ناوچەی هەورامان نوسراونو باسی ناوچەی هەورامانو جوانانی هەورامانیش لە دەقەکاندا بەرچاو دەکەوێت. بەپێی ئەم چەند چوارینەی سوهرەوەردی، زەردەشت وەك هەڵبژێردراوی خودا هەژمار دەکاتو ستایشی ئەو پێغەمبەرە کوردە دەکات.

لە پەراوێزدا هەندێ لەو شیعرانەی سوهرەوەردی دادەنێم کە سەفیزادە هێناونی، ئەگەرچی سەفیزادە دەڵێت لە ڕێی دەستنووسەوە بەم زانیارییە گەیشتووم، بەڵام بەندە سەرەڕای ئەوە، ئەو ئەگەرە ڕەت ناکەمەوە، بەڵام ئەمە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی وردتر هەیە کە لێرەدا دەرفەتی ئەوەمان لەبەردەستدا نییە.

## کوردو عەقڵی ئیشراقی

وەك ئاماژەمان پێدا عەقڵی کوردی عەقڵێکی ڕووت نییە، عەقڵێکی گەنوسیانەیە، چونکە زۆر کەیفی بە سیستماتیکبوون، یان ئارگیۆمێنتی قاڵبدار نایەتو لەگەڵی وێك نایەتەوە، عەقڵی پەتی جیایە لە عەقڵی ڕووت. عەقڵی ڕووت عەقڵێکی تیۆرییەو پتر

سەر بە دنیابینیە ئەرستۆییەکەیە، بەڵام عەقڵی پەتی عەقڵێکە تەنها لە پەیڕەوبەندە ئیشراقییە گەننوسییەکەدا مانای هەیە، عەقڵی کوردی عەقڵێکە گەننوسیە، بە دوای هێمادا دەگەڕێ، سووسەی کەشفیەتی، عەقڵێکی شهوودی میتافیزیکیە، بەڵام سوهرەوەردیو شارەزووری بە تێکەڵکردنی ئەم عەقڵە شهوودییە بە عەقڵە ئیستدلالییە لۆژیکییە ئەرستۆییەکە توانیان دانایی ئیشراقی بونیاد بنێن، ئەمە خۆی گەورەترین دەستکەوتی ئێمەیە لە مێژووی مەعریفەدا، ئەمە ڕێك چەقی پەیوەندی ئێمەو جیهانە، ئەمە پردی پێکبەستنەوەی فەلسەفەی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتیشە. چونکە تا پێش قوتابخانەی ئیشراق زۆربەی کەسایەتیەکانی کورد یان جەنگاوەر بوون، یان قازی، یان فەقهـ، یان دوای عیرفاندا ڕۆچوون، تا پێش قوتابخانەی ئیشراق بە کەمی کەسایەتیەکی کورد دەبینی کە بە شێوەی سیستماتیکی کاری فەلسەفی کردبێت. گرنگی قوتابخانەی ئیشراق لەم ڕووەوە جێی بایەخە.

کورد بەهۆی تایبەتمەندی جوگرافیاکەیەوە-کە دەکەوێتە نێوان ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاواوە- هەروەها بەهۆی ئەوەی کە چەقی بەریەککەوتنی شارستانێتیەکانە، ئەوا هەمیشە پردی پەیوەندی بووە لە نێوان ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوادا.

ڕاستە حیکمەتی ئیشراق ڕەهەندێکی مەششائی تێدایە، بەڵام ڕایەڵێکی بۆ ئاینی کۆنی ناوچەکە دەگەڕێتەوە وەك ئاینی کۆنی یارسانو میترایی‌و هێرمسی‌و زەردەشتی. دوای سوهرەوەردی ئەم جۆرە حیکمەتە تەشەنە دەستێنێ‌و ڕۆژهەڵاتی ناوین پڕ دەکات، ئیتر ئەمە دەبێتە مۆدێلێکی نوێی بیرکردنەوەی ڕێکخراو لە دەرەوەی پەیڕەوبەندە ئەرستۆییە مەششائیی‌و سینەویەکەیش. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە کورد دوای دابڕانێکی زۆر لە مێژوودا، بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئیسلامییدا بە فۆڕمێکی ئیشراقی دەردەکەوێتەوە، ئەمجارەیان کورد لەڕێگەی حیکمەتی ئیشراقەوە هەموو پێکهاتە ونبووەکانی خۆی لە چوارچێوەی پەیڕەوبەندێکی پتەودا شرۆڤە دەکاتەوە. ئەگەر بە قووڵی سەیری بەشی دووەمی حیکمەتی ئیشراق بە شەرحەکەی شارەزووری بکەین، هەست دەکەی زۆر لەگەڵ ڕۆحی شوناسی مەعریفیماندا وێك دێتەوە، شارەزووری ڕەهەندە ڕەسەنە کوردییەکەی ڕووناکیناسی لە بەشی دووەمی شەرحی حیکمەتی

ئیشراقدا بە مۆدێلێك دەخاتە بەردەست كە لەگەڵ ترادسیۆنی ئیسلامی ئەو سەردەمەدا گونجاوەو وێك دێتەوە.

### فەلسەفەی ئیشراق و ناوچەكە:

پێشتر لە قوتابخانەو حوجرە ئاینیەكاندا فەلسەفەی باو تەنها فەلسەفەی مەششائی بوو، بەڵام كە "سوهرەوەردیو شارەزووری" هاتن، ئیتر ئەو مۆدێلە گۆڕاو لە قوتابخانەكاندا لە پەنای فەلسەفەی مەششائیدا پەیڕەوبەندە ئیشراقییەكە بە چڕوپڕی دەخوێنرا، لە نەجەفو لە قومو شیرازو ئەسفەهان بەهۆی ئەو كاریگەرییەی كە شارەزووری لەسەر ئیبن كەموونەی یەهوودیو قوتبەددینی شیرازیو مەلا شەمساو میردامادو مەلا سەدرای دانابوو، بە وردی لە قوتابخانەی ئیشراق دەخوێنران (شارەزووری، هێمالاهووتییەكان، ٩٤-٩٥) سەید حوسەین نەسر دەڵێت: لە حوجرەو ناوەندەكانی عێراق چونكە ناچاربوون مەلا سەدرا بخوێنن ئەوا ناچاربوون حیكمەتی ئیشراقیش بە وردی بخوێنن. وێڕای ئەوە حیكمەتی ئیشراق لە هیندستانو پاكستانیش كاریگەری هەبوو، لەوێ نامەكانی سوهرەوەردی ڕاڤەو شرۆڤە دەكران (هاوژینی مەلا ئەمین، ٢٧١).

چونكە سوهرەوەردی كۆتاییەكانی تەمەنی لە حەڵەب بەسەر بردو لە قوتابخانەی حەلاوییە دەرسی دەگوتەوە، هەروەها شارەزوورییش لە كۆتاییەكانی تەمەنی لە دیمەشق بووەو لە قوتابخانەی قەیمورییە دەرسی گوتۆتەوە؛ ئەوا ئەم دنیابینیە لە وڵاتی شامیش بەربڵاو بووەو پێی ئاشنا بوون.(هالە مەحجوب خضر، ٢١٦) كەواتە ئەم دونیابینیە ئیشراقییە ئەگەرچی لە كوردستانەوە هەڵدەتۆقێ، بەڵام بە تەواوی ناوچەكەدا بڵاو دەبێتەوەو تەشەنە دەكات. ئا ئەمە خۆی كەم نییە بۆ ئەوەی كە ئەم دونیابینییە ئیشراقییە -كە هەم حیكمەتەو هەم ئەدەبو گەننوسیەو سۆفیگەرییە -كاریگەریەكانی تەنها لەسەر فەیلەسووفانو بیرمەندان دەرنەكەوتبێ، بگرە لەسەر شاعیرانو غەزەلنووسانی كلاسیكی ناوچەكەیش دەركەوتبێو ڕەنگی ئیشراقی وەرگرتبێ، لە حافزو سەعدیو مەولاناوە بیگرە تادێتەوە بۆ جەزیریو ئەحمەدی خانیو سەیدیو مەولەوی تاوگۆزیو نالیو مەحویو وەفاییو...هتد، هەموویان كاریگەری ئەم قوتابخانەیان

لەسەرەو دەتوانی هێماو نموونە ئیشراقییەکان لە دوبەیتی غەزەلو هۆنراوەکانیاندا بدۆزیەوەو ببینیەوە. هەوڵ دەدەین لە دوتوویێی توێژینەوەی دیکەدا لەسەر ئەم خاڵە بوەستین. ئێمە لە کۆتایی ئەم بابەتەدا ئاماژە بە چەند هێماو نموونەیەکی ئیشراقی لە ئەدەبیاتی کلاسیکدا دەکەین، تا دەرچەیەك بێت بەڕووی تێگەیشتنی زیاتر لەو دنیابینیە.

### هێمای یەکەم: ئیشراق

ئیشراق واتە درەوشانەوەو دەرکەوتنی ڕووناکی، یان هەڵهاتنی خۆری یەزدانی لەسەر دڵو دەروون. چەمکی ئیشراق لە چاوگی ئەشرەقەوە وەرگیراوە بە واتای درەوشانەوەو داگیرسان دێت. واتە داگیرسانی دڵو هەڵهاتنی خۆری ئاوەزو سەررێژبوونی تەشكو دەرکەوتنی شەبەنگو ڕووناکی لە مرۆڤدا. ئەم ڕووناکیە دەکەوێتە ئاسۆی جیهانی دەرەهەستەوەو لەوێوە دێتەوە ناو زەینو لە ئەنجامی ئەمەدا مەعریفە چێ دەبێتو دەگاتە کەماڵی خۆی. هەندێك کەس چەمکی ئیشراقیان بە دەرکەوتنی شەبەنگی یەزدانی مانا کردووە کە لە ناو دڵدا دەدرەوشێتەوە، یان ناسینی خودا لە ڕێی کەشفەوە، کە لە ئەنجامی هەڵچوونی ئەو ڕووناکیەوە چێ دەبێتو دەکەوێتە دەرەهەستەوە. لێرەدا ئەفلاتۆنو قوتابخانەی ئیشراق بە یەك دەگەنەوە، هەروەها لە ڕووی بنەماوە ئیشراقییەکان سەر بە قوتابخانەی -ئایدیالیزم-ن. تیۆریای سەررێژبوون لەگەڵ دیدە ئیشراقییەکە یەك دەگرێتەوە، تیۆریای ڕووناکیش کە "شارەزووری" بە گرنگیەوە لەسەری دەوەستێ درێژەپێدانو پانتایی-پێدانی دیدە فیساگۆرسیەکەیە (کۆربان، ٢٨٩) کە پێشتر لە زەردەشتەوە بە گریکەکانو بە تایبەت بە فیساگۆرس دەگاتو دواتر دێتەوە لای شارەزووری.

بەهۆی ئەوەی کە شیعر جۆرێکە لە ئیلهامو درەوشانەوە ئەوا لە گرنگی ئەو پەیوەندییە تێدەگەین کە ئیشراقو ئەدەب پێکەوە دەبەستێتەوە، بەتایبەت شاعیر هەوڵ دەدات لە ڕێی ئیلهامەوە دەستی بگاتە هێماو نهێنییەکانی جیهان، حیکمەتی

ئیشراقیش هەمیشە لەم ڕێگەیەوە کاری لەسەر دەستڕاگەشتن بە هێما لاهووتیو بوونگەراییەکان کردووە.

## هێمای دووەم: ڕووناکی

قوتابخانەی ئیشراق کار لەسەر ئەوە دەکات کە نهێنی ڕووناکی ئاشکرا بکاتو پێی وایە کە ڕووناکی دوو جۆرە، شارەزووری جۆرێکیان ناو دەنێت ڕووناکی بەڵخەکی (عارض)و جۆرێکی تریان ناو دەنێت ڕووناکی پەتی (مجرد). هەروەها سوهرەوەردیو شارەزووری باسی کلێشەی ڕووناکیش دەکەنو بە سەر سێ دۆخدا دابەشی دەکەن، یان جوانترە بڵێین سێ ئاستی ڕووناکی کە بریتیین لە ڕووناکی "سەردەستی، سەردەستو ژێردەست". کە شارەزووری لە ڕاڤەی حیکمەتی ئیشراقدا بە دوورودرێژی لەسەر ئەم بابەتە دەوەستێت.

## هێمای سێیەم: دەرکەوتن

بەبڕوای ئیشراقییەکان جیهان زهووری هەقە "خودا"، هەر بۆیە شتێکیش نییە جیا لەو، چونکە زهوور شتێکی زێدە نییە لە دەرەوەی ڕووناکی، بەڵکو تایبەتمەندی خودی ڕووناکییە، کەواتە نووری نوورەکان دەرکەوتووەو زهووری کردووە، ئەم دەرکەوتنەش لە جیهاندا دەیبینینو ناوی لێ دەنێین جیهان. بەم پێیە جیهان هەر هەمووی زهووری نوورێکە کە ئەو نوورە هەمان نووری نوورەکانە، ئەمەیش ئەو مانایەمان دەداتێ کە شتێکمان نییە بە ناوی جیهان لە دەرەوەی خودا، هەرچۆن شتێکمان نییە بەناوی دەرکەوتن لە دەرەوەی ڕووناکی، واتە دەرکەوتن شتێکی زێدەبار نییە لەسەر ڕووناکی.

ئیشراقییەکان پێیان وایە هەریەك لە خوداو ئاوەزو تەشك، ڕووناکیینو ڕووناکیەکانیشیان پەتین، زنجیرەی ئەم ڕووناکیە بە شێوەی ڕیزبەندی لەسەرەوە دێتەوە بۆ خوار. ئەوان پێیان وایە دەرکەوتن بەشێکە لە پرۆسەی ڕووناکیو لێی جیا نابێتەوە، جوانی جیهان بە گشتی بەهۆی ئەو دەرکەوتنەوەیە کە شاعیرانو هۆزانڤانان شیعری پێدا هەڵدەڵێنو ستایشی جوانیو ناوازەییەکانی دەکەن، هەورەها عاریفان لە ڕێی

موشاهەدەوە ئاشکرای دەکەنو چێژ لە ڕازو نهێنییەکانی دەبینن. کەواتە بەبێ پڕۆسەی دەرکەوتنو لە دەرەوەی ئەم پڕۆسەیە نە عیشق دروست دەبێتو نە درەوشانەوە چێ دەبێتو نە کەشفی زەوقی ڕوو دەداتو نە هی عەقڵی.

ئەم دەستەواژانەو هەندێك دەستەواژەی دیکەی عیرفانیو ئیشراقی هەن کە هەژموونو کاریگەری تەواویان لەسەر ئەدەبیاتی کۆنو نوێی کوردی هەیە، لە جەزیریو خانییەوە بیگرە تا دێتەوە بۆ خاناو بێسارانیو سەیدیو نالیو مەحویو..هتد، لە بابەتێکی تردا هەوڵ دەدەین تیشکی پتر بخەینە لەسەر ئەم ڕەهەندە.

**پەراوێزەکانی نوسەر:**

١- نووسینی د. ئیدریس عومەر (لاهووتی)، دکتۆرای فەلسەفە، زانکۆی تاران

٢- بۆ نموونە لێرەدا سەرنجێك لەسەر شیعرێکی سوهرەوەردی دەدەین کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر شاعیرانو هونەرمەندان داناوە، شیعرەکە بە عەرەبی نووسراوەو عەبدولقادری مەراغی کردوویە بە فارسی، هونەرمەندانی جیهانیش کردوویانە بە گۆرانیو بە ئاوازو ئەم شیعرە ناوازەی شێخی ئیشراقیان گوتووەتەوە. شیعرەکەم کردووە بە کوردیو لە خوارەوە بە هەر سێ زمانی عەرەبیو کوردیو فارسی دای دەنێمەوە.

**ئەوەی جێی سەرنجە:**

*سوهرەوەردی فەیلەسووفو عارفێکی گەورەی کوردە، کەچی کورد وەك پێویست -حیسابکە هەر- نایناسێت. نەك هەر وەك فەیلەسووف نایناسێ وەك شاعیریش هەر بێ خەبەرە لێی. لە کاتێکدا شیعری جوانی هەیەو بە فارسیو عەرەبیو کوردی شیعری نووسیوە.

*کورد وەك گەورە پیاوانی خۆی ناناسێ بەرامبەریشیان بێ وەفایە، سەرەڕای مەزنی ئەم زاتە مەزنە کەچی زۆر بە تەنگیەوە نین، سەیر ئەوەیە کە ئەدەبیاتو عیرفانو فەلسەفەی ئەم پیاوە هەموو ڕۆشنبیری کۆنو نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوچەکەو ئێرانی ئێستایشی تەنیوە.

*سوهرەوەردی شیعرەکەی بۆ خودا نوسیوەو لە دۆخی ئەوپەڕی عاشقانەی خۆیدا ئەم شیعرەی نووسیوە، بەڵام ناوەندو دەستەی ڕۆشنبیریو سینەماو سەداوسیمای ئێرانی زۆر زیرەکانە پەیوەندی شیعرەکەیان بە سریاڵی ئیمام عەلییەوە گرێداوە، وای لێهاتووە گەر بۆ ئەو شیعرە بگەڕێی دەیان کلیپو ڤیدۆو وێنەی ئەو سریاڵە دێتە پێش چاوت. واتە بۆتە بەشێك لە شیعر بۆ ئیمام عەلیو سریالی ئیمام عەلی.

**شیعرەکەی شێخی ئیشراق:**

شیعرەکەی شێخی ئیشراقیش بە چەندین شێوە نووسراوەتەوە، بۆ وێنە ناوەندە ئێرانییەکان بەم شێوەی دەخوێننەوە:

كل صبحٍ و كلِ إشراق أيا
تبكي عيني بِدمع مُشتاق أيا
قد لسعت حيةُ الهوي
كبدي فلا طبيبٌ لها ولا راقي
إلّا الحبيب، الذي شغفت بة
فعندة رقيتي و ترياقي

بەلاّم لە هەندێ جێی تر بەم شێوە نووسراوە:
بِكُلِّ صُبحِ وَكُلِّ إشراق
أَبكي عَلَيكُم بِدَمع مُشتاقِ
قَد لَسَعت حيّة الهَوي كَبدي
فَلا طَبيب لَها وَلا راقي
إلّا الحَبيب الَّذي شغفت بِهِ
فَإنَّة رقيَتي وَترياقي.

دكتۆر كامیل موستەفا ئەل شەبیبی لە شەرحو وردبینی دیوانەكەی سوهرەردی دەڵێ شیعرەكە بە شێوەی جیا جیا نوسراوە بەس بە پشتبەستن بە نزهە الارواحی شارەزووریو هەندێ دەستنووسی تر ئێمە ڕاستەكەمان داناوەتەوە كە بەم شێوەیە:
في كل صبح و كل اشراقِ
أبكي عليكم بدمع مشتاقِ
قد لسعت حية الهوي كبدي
فلا طبيب لها ولا راقِ
إلا الحبيب الذي شُغفتُ بة
فإنة رُقيتي و ترياقي.

شیعرەكە بە كوردی -كە خۆم بە شێوەی مەسنەوی وەرم گێڕاوە-:
هەر دەم بەیان و هەموو ئیشراقێ
چاوم تەڕ دەبێ و دەبم موشتاقێ
گەستوویە جەرگم، ماری ئارەزوو
مەرهەم و حەكیم بێچارەن بە دوو
ئەو یارەی كە وا خۆمم عاشقی
چارەم لای وییە و دەرمانە مەشقی.

دەكرا زۆر جوانتر وەری بگێڕمو لەم وەرگێڕانە زۆر ڕازی نیم لەبەر ئەوەی چێژی شیعرەكە بە عەرەبی بێ سنوورە، لە ڕاستییدا مرۆڤ مەستو حەیرانو شەیدا دەكات، بە تایبەت كەسێ ئەو پیاوە بناسێو بزانێ چ نەهامەتییەكی دیوە لە ڕێگەی هەقیقەتو ئیشراقدا. بۆیە تێرم نەخواردووە لە شیعرەكەی شێخو لە وەرگێڕانەكەی خۆم هێشتایش ناڕازیم.
شیعرەكە بە فارسی كە عەبدولقادری مەراغی وەریگێڕاوە، ڕاستی باسی ئەو بەیتی یەكەمی نەكردووەو گەڕام بۆم نەدۆزرایەوە.

زد مارِ هوا بر جطرِ غمناكم
سودي نكند فسونطرِ ضالاكم
آن يار كه عاشقِ جمالش شده ام
هم نزد وي است رقيه و ترياكم.

- وێڕای ئەوە ئەم کۆمەڵە شیعرەی تری سوهرەوەردی بە فارسی ناوبانگیان هەیە کە لە شێوەی چوارینەن:
بخشاي بر آنكه بخت يارش نَبُوَد
جز خوردن اندوه تو كارش نبود
در عشق ضه حالتيش باشد كه در آن
هم بي تو و هم با تو قرارش نبود

هەروەها:
اي از غم ديدن رُخ ات حيران، من
و اندر طلب وصل تو سرطردان، من
بودن بة تو مشكلست؛ نا بودن، آة
سرطردان من و بي سر و سامان من

كتمان محبت و عشق رسوايي به بار مي آورد
طر عشق نبودي و غم عشق نبودي
ضندين سخن نغز كه طفتي؟ كه شنودي؟
ور باد نبودي كه سر زلف ربودي
رخساره معشوق به عاشق، كه نمودي؟

هەروەها سەعدی یەکێکە لە قوتابییەکانی سوهرەوەردی کە بەم شێوە وەسفی سوهرەوەردی دەکات:
مرا شيخ داناي مُرشد، شهاب
دو اندرز فرمود بر روي آب
يكي آنكة در جمع بدبين مباش
دطر آنكة در نفس، خودبين مباش.
- هەندێ لە چوارینەکانی سوهرەوەدری بە کوردی کە سەفیزادە بە هەورامانیات ناوزەدی کردوون:

**چوارینەوی یەکەم:**
راسی خاسییەن، راسی خاسییەن
rasi xasiyan rasiyxasiyan
راسی هەم مایەی وەشی و خاسییەن
rasi ham mayay wasi-u-xasiyan
نەك وەشی بەڵکو پاکی و پاسییەن
nakwasi balku paki-u-pasiyan

دوشمنی چەنی دیو و داسییەن
dusmini cani diew-u-dasiyan

❊❊❊

**چوارینەی دووەم:**

هومم دەرمانەن، هومم دەرمانەن
humim darmanan humim darmanan
هوم پەی گرد دەردی دارو و دەرمانەن
hum paygirddarde daru-u-darmanan
هوم مایەی جوانی بەر ئەورامانەن
hum mayay juwani bar awramanan
هوم مایەی وەشی دەروون زامانەن
hum mayya wasi darun zamanan

❊❊❊

**چوارینەی سێیەم:**

داران گیان دارن، جەرگ و دڵ بەرگەن
گاهی پڕ بەرگەن، گاهی بێ بەرگەن
کەرگە جە هێڵەن، هێڵە جە کەرگەن
ڕەواس جە ڕەواس و وەرگی جە وەرگەن.

Daran giyandarin jarg-u-dill bargan
Gahe pirr bargan gahe bebargan
Kargaja hellan, hella ja kargan
Rewas ja rewas wage ja wargan

❊❊❊

**چوارینەی چوارەم:**

وەرویوە وارۆ وەروە وەرینە
وەریسە برپۆ چوار سەرینە
کەرگی سیاوەو هێڵەش چەرمینە
گوشلی مەمیڕیو دووە بەرینە

Warwe wawaro warwa warena
Waresa birryo cuwar sarena
Karge siyawa-u-hellas carmena
Quslle mamerryo do wa barena

❊❊❊❊

**چوارینەی پێنجەم:**

ئەو ئاهرخانە، ئەو ئاهرخانە

بارگەی شام وستەی ئەو ئاهرخانە
زەردەشتش کیاست پەری نەرمانە
بەرگوزیدەش کەرد نەرووی زەمانە

Aw ahirxana awahirxana
Bargay sam wastan a w ahir xana
Zardastis kiyast pare farmana
Barhguzidas kard na ruy zamana

## سەرچاوەکان


١ –مجموعة مصنفات شيخ اشراق، ناشر: مؤسسة الابحاث والدراسات الثقافية (ط: ٢، مكان الطبع: طهران، سنة: ١٤١٧).

٢ –هێما لاهووتییەکان، شەمسەدین موحەممەدی شارەزووری، ساغکردنەوەو لێکۆڵینەوەو پێشەکی، ئیدریس عومەر، بڵاوکراوەی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان ٢٠٢٤، چاپی یەکەم، چاپخانەی پاندا.

٣ –دەروازەیەك بۆ گنوسیزمی ئیسلامی، نامەی باڵندەو ئاوازی باڵی جوبرەئیل، هاوژینی مەلا ئەمین، چاپی یەکەم ٢٠٢، چاپخانەی تاران .

٤ –مجلة المتون، دراسة و تحقيق كتاب الرموز والامثال اللاهوتية، تحقيق: حالة محجوب خضر، كلية الآداب، جامعة كفر الشيخ، (المجلد: ١١، العدد: ٣، السنة ٢٠٢٠) .

٥ –ديوان السهروردي، صنعة واصلحة وشرحة: د. كامل مصطفي الشبيبي، مطبعة الرفاة، بغداد، (٢٠٠٥).

٦ –الشفاء، إبن سينا، مراجعة و تصدير: إبراهيم بيومي مدكور، الناشر: ذوي القري، طبعة: ٢، مطبعة سليمان زادة، ١٤٣٢ ق.

٧ –شمس الدين شهرزوري، شرح حكمة الاشراق، تصحيح و تحقيق و مقدمة: حسين ضياء تربتي، مؤسسة مطالعات و تحقيقات فرهنگی: پژوهشگاه. تهران: ١٣٧٢.

٨ –تاريخ فلسفة اسلامي از آغاز تا درگزشت ابن رشد، هانری کوربن، ترجمه اسدالله مبشری، مؤسسه انتشارات امير كبير، تهران: ١٣٧١.

٩ –سەفیزادە، چارینە های شهاب الدين سوهروردی، سایتی راسیخون، تاریخ: ١٣٩١ ق.

# فەلسەفە لە دەروونشیکارییدا
# فرۆیدو یۆنگ وەك نموونە



نوسینی: مەعاز قەنبەر
وەرگێڕانی: ئاوات ئەحمەد سوڵتان

## وتەیەك

زمانی مەعاز قەنبەر قورسو ئاڵۆزە، بەڵام زۆر پڕ زانیارییە. لەکاتی ئامادەکردنی ئەم وتارەیدا بۆ زمانی کوردی شێوازێکی تایبەتی وەرگێڕانم پێڕەوکردووە، پێی دەوترێت "وەرگێڕانی ڕاڤەکار" واتە هەوڵمداوە ناڕوونیو ئاڵۆزییەکان بەوە چارەسەر بکەم کە لەپاڵ وەرگێڕانی دەقەکەدا، هەوڵ بدەم تێکستێکی ڕوونو قابیلی تێگەیشتن بۆ خوێنەر فەراهەم بکەم. جگە لەوەش ژمارەیەك لە چەمکەکانم وەك پەراوێز لە دواوەی بابەتکە لێکداوەتەوە..........سوڵتان.

# پێشەکی

## دەرونشیکاریی وەك پێڕەوێکی فەلسەفی



یۆنگ (١٨٧٥ - ١٩٦١)  فرۆید (١٨٥٦ - ١٩٣٩)

وا باوە فەلسەفە پرسیارکردن بێت لە بوونو پەیدابوونی جیهان، بەدرێژایی سەدەکانیش مرۆڤ تەوەرێکی سەرەکی پرسیاری فەلسەفی بووە، چونکە مرۆڤ لە یەك کاتدا هەم پرسیارکەرو هەم وەڵامدەرەوەشە. ئەم دیالەکتیکە لە نێوان پرسیارکەرو وەڵامدەرەوەدا، درێژکراوەیەکی بابەتییانەی دیالەکتیکە مێژووییەکەی نێوان مرۆڤ و جیهانی بابەتییە. ئەم دیالەکتیکە لەوکاتەوە دەستی پێکردووە کە مرۆڤ لەناو جیهانەوە بۆ ناسینی خۆی کەوتۆتە ڕێ، هەر لەوێشەوە یەکەمین هەنگاوی گەورەی بەرەو زانینی خود لەناو جیهانداو بەهۆی جیهانەوە، هەڵهێنایەوە، دوای ئەوە پرسیارەکەی پێچەوانە کردەوەو لە خودەوە دەستیکرد بە ناسینی جیهان. لێرەدا شۆڕشی دووهەم دەستیپێکرد، شۆڕشێکی سۆکراتییانە لە پێویستی ئەوەوە دەستپێدەکات کە مرۆڤ خۆی بناسێتو بناغەکەشی ناسینی جیهانە لەتوێی خودەوە.

شۆڕشی یەکەمیان زانستە سروشتیەکانی خوڵقاند، ئەوەی دووهەمیشیان زانستە مرۆییەکان کە تەوەرەکەی مرۆڤە لەناو جیهاندا، لەبەر ئەوە ئەو زانستانەو لەناویاندا سایکۆلۆجی، ناتوانن دەسبەرداری تەوەرە فەلسەفییەکەیان بن کە پرسیار دەربارەی خود لەناو جیهاندا، بەرزدەکاتەوە. هەر لەم دەسپێکەشەوە، سایکۆلۆجی ئەوساو ئێستاش لەناو چوارچێوەی گشتیی فەلسەفەدایەو بەدوای بوونی مرۆڤ لەناو جیهاندا دەگەڕێت، ئەوەتا یۆنگی دەرونزان جەخت دەکات کە پێوەستێکی ئۆرگانیی لەنێوان هەردوو تەرزی زانینی دەرونیو فەلسەفیدا هەیە: "پێموابێت بەقەدەر فەلسەفەکان دەرونزانیش هەیە، چونکە کۆمەڵێك پێوەستی نەپساوە لەنێوان دەرونزانیو فەلسەفەدا هەیە، بەو حسێبەی هەردووکیان سیستمێکی بۆچوون پێکدەهێنن کە لێکۆڵینەوە لە بابەتێك دەکات قابیلی ئەوە نیە بەتەواوەتی تاقیبکرێتەوە، بەوەش قابیلی ئەوە نیە بەپێی پێڕەوێکی ئەزمونییانەی پوخت، لێی تێبگەین. هەربۆیەشە هەردوو بوارەکە وانەی وایان تێدایە هاندەرن بۆ بیرکردنەوەیەك کە ئەنجامەکەی پێکهێنانی ژمارەیەکی یەکجار زۆری ڕاو بۆچونەکانەو پێویستیمان بە ڕەنجی زۆرە تا هەموویان لەخۆ بگرین، بۆیە ناتوانن دەسبەرداری یەکتریی بن، چونکە هەریەکەیان بەڵگەنەویستە سەرەتاییەکان بۆ ئەویتر فەراهەم دەکات، کە بەزۆریی پەنهانن.[١] لەم دەسپێکەوە، ڕیشە فەلسەفیەکانی دەرونزانی گرنگی تایبەتیان هەیە، هۆیەکەشی بەتەواوەتی مێژوویی نیە، چونکە هەندێك لە بایەخدانەکانی هەر بە سروشتی خۆیان فەلسەفییانەن، بە مانا مێتافیزیکیەکەشو ئاماژەییەکەشی.[٢] بۆیە دەرونشیکاریی، هەر لەسەرەتاوە وەك شەپۆلێکی وەسفییو ڕاڤەکاری مرۆڤ سەریهەڵداو مۆرکێکی فەلسەفیشی وەرگرتو بەپێی قوتابخانە هەمەجۆرەکانیو لقوپۆپهاویشتنە هزریەکانی، کەم تا زۆر لە مێتافیزیك نزیك دەبوونەوە، یان دووردەکەوتنەوە. یەکێك لە سەرچاوەکانی چالاکی دەرونشیکاریی لەوەدایە جۆرێك تیۆری گشتگیری داڕشتووە، ئەگەر زاراوە ئەرەستۆییەکە بەکاربهێنین دەڵێین کلیلە تیۆرێکەو توانیوێتی گەلێك دەرگا بکاتەوە، بەتەنها بە لێکۆڵینەوەی خەونو ڕەمەكو نەخۆشی دەرونیو لادانەکانەوە نەوەستاوە، بەڵکو لە دەرگاکانی شارستانێتیو ئاینو هونەرو کۆمەڵناسیو ئەفسانەکانو تەنانەت مێتافیزیکیشەوە چۆتە ژوورەوە.[٣]

دەرونشیکاریی پێداچوونەوەی بۆ زۆرێك لەو باوەڕە باوانە کرد کە مرۆڤ هەر لە سەردەمی فەیلەسوفانی یۆنانەوە متمانەی پێیان هەبووە، ئەمەشی ئەو کاتە کرد کە بەشێوەیەکی وەسفییانە نەك تەنها لە ڕووی ڕاڤەکردنی پۆزەتیڤانەوە، بەڵکو لەڕووی ماناشەوە، لێکۆڵینەوەی لە ڕەفتاری مرۆڤەکان کرد. بە بڕوای "دکتۆر مستەفا زێوەر" یەکێك لە ئەنجامەکانی ئەو قەڵەمبازەی دەرونشیکاریی، ئەوەبوو کە مرۆڤی هاوچەرخ بە تەنها دەستی بۆ ئەوە نەبرد کە جاران وەك بەڵگەنەویست وابوو، بەڵکو لەوە تێپەڕی بەرەو کاری هزری لە ئەقڵانیەتیدا، بەپێی تێگەیشتنی دێکارتییانە کە ئەقڵی وەك تاکە ئامراز دادەنا بۆ کەشفکردنی واقیع. لەوکاتەوەی تۆژەر یان زانا، درکی بە ئارەزووە شاراوەکانی کردووە، ئیتر دەروونیشی کردووە بە بابەتی زانینو لێکۆڵینەوەو وەك قەوارەیەکی سەربەخۆ سەیری نەکردووە. چونکە ئەوەی لە دەرونەوە دێت هیچ نیە جگە لە زادەی ئەو فانتاسییەی بەدرێژایی ژیانیو بێ ئەوەی بەخۆی بزانێت، وەك مادەیەکی چەپێنراو لەگەڵیدایە؛ بەرهەمهێنانیشی هیچ نیە جگە لە گەڕانەوەی چەپێنراوەکە.[٤] بۆیە ناتوانین نکۆڵی لەو وەرچەرخانە هزرییە بکەین کە لەگەڵ دەرکەوتنی دەرونشیکارییدا هاتووەو مۆری خۆی لە سەدەی بیستەم داوە، ئەوەش وەرچەرخانێکی ئەپستیمۆلۆجی نوێیە، کە ڕاشکاوانە بانگەشە بۆ ڕزگاربوون لە کۆتوپێوەندە چەپێنراوەکان دەکات تا لە پشتی چەقبەستنو تەسلیمبوونەوە بەدوای هەقیقەتە پەنهانەکەیدا بگەڕێت. ئێمەش هەوڵ دەدەین لە توێی بۆچوونەکانی دامەزرێنەری قوتابخانەی دەرونشیکاریو یەکێك لە قوتابیە لێجیابووەکانیەوە، لێکۆڵینەوەی لێبکەین.

یەکەم: میتۆدی فەلسەفی لە دەرونشیکارییدا (نموونەی فرۆید)

ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین کە دۆزینەوە بنەڕەتییەکانی فرۆید جۆرێك بوون لە دەرهەستڕوونی هونەریی بە شێوازی تێڕامانی فەلسەفیانە (بە تایبەتی لە کۆتا نووسینەکانیدا) لەگەڵ پابەندبوونیدا بە ڕێسا وردو تۆکمەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی. ڕەنگە ئەم سێ سەرچاوەیەی دۆزینەوەکانی، ئەو ناکۆکیەمان بۆ ڕاڤە بکەن کە لەنێوان ئەو ڕەخنە ئاڕاستەی کراونەدا هەیە. ڕەخنەگرانی لە ئەهلی زانست، دەڵێن لە لێکۆڵینەوەکانیدا مەیلێکی ڕۆحانی هەیە، کەچی خەڵکێکی دیکە ڕەخنەیان لێگرتووەو

دەڵێن ئاڕاستەی لێکۆڵینەوە دەرونییەکانی، ماتریالانەیە؛ بەجۆرێك دەڵێن لای فرۆید دەروون بووە بە شتێکی میکانیکی.

بۆچوونەکانی فرۆید تازەن، ئەوەش لەوەوە نایەت کە دیدێکی سێکسیانەی بۆ نیرۆس هەیە؛ پێش ئەویش فەیلەسوانێك بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەمەیان وتووە. شۆڕشە هزرییەکەی فرۆید بریتییە لە پەردەلادان لەسەر ئەو دیاردە دەرونیانەی پێشتر وادەزانرا هیچ مانایەکیان نیە، ئەو فێڵانەشی دۆزیەوە کە ئەو حاڵەتانە لە پشتیانەوە خۆیان دەشاردەوە. بۆیە شتێکی ڕێکەوت نیە کە فرۆید هەندێك کردەوەی سادەی وەك هەڵەی قەڵەم، یان تەتەڵەی زمان، کە بەردەوام بە شتێکی بێمانا لەقەڵەمدراون، دەکات بە دەروازەی لێکۆڵینەوەی نیرۆسەکان.

ئەم بیرۆکەیەی دۆزییەوە، لەوێشەوە گرنگی تەوای دا بە کەشفکردنی پەیوەندیی هێمایی نێوان ئاماژەو ئاماژەبۆکراو، لێرەدا ئەرکە سەرەکیەکەی میتۆدی دەرونشیکاریی فرۆیدییانە دەردەکەوێت. ئەو بە قووڵی لێکۆڵینەوە لە ئاماژەکان دەکات، ئەوانەی ڕەنگە مرۆڤ هەر هەست بە بوونیشیان نەکات. تایبەتمەندێتی قوتابخانەی دەرونشیکاریی فرۆیدییانە، لەوەدایە کە هەوڵدەدات بۆ ناسینەوەی هێماکانی ئەو زمانە هێمابییەی لەنێوان ئاماژەو ئاماژەبۆکراودا هەیە؛ چونکە لەوێدا کردە دەرونییەکان بە خۆیانو دەرکەوتەکانیانەوە، بۆ زمانێکی مانادار دەگۆڕێن، ئیتر خەونو گوزارشتی نیرۆسی؛ دەتوانن بە شێوازێکی قایلکەر گوزارشت لەخۆیان بکەن. دواتریش "لاکان" لە خوێندنەوەکەیدا بۆ فرۆید، ڕێك جەختی لەسەر ئەمە کردەوەو وتی هەموو بەرهەمەکانی نائاگایی، وەك خەونو نیشانەی نیرۆسی، ئاماژەو ڕەهەندی هێمایی خۆیان هەیە.(٥)

فرۆید بە کەشفکردنی ئاماژەو مانای ڕەفتار، قەڵەمبازێکی ئەپستمۆلۆجیانەی بە سایکۆلۆجیای کلاسیك دا، کە لەسەر زەمینەیەکی مێتافیزیکیانە دامەزرابوو، دەچووەوە سەر جیاکارییە دێکارتیەکەی کە لە نێوان جەستەیی‌و دەروونیدا هەیە. فرۆید دیسانەوە جەستەیی‌و دەروونیی پێکەوە بەستەوە، نیشانە جەستەییەکانو پەنهانە دەروونییەکانی بەیەك گەیاند. بۆ نموونە، هیستریا چیتر کۆمەڵێك سروتو حاڵەتی ڕەفتاری سیحریی بێمانا نیە، بەڵکو حاڵەتێکی تێکچوونی ئۆرگانیەو دەگەڕێتەوە بۆ

زەمینەیەکی دەروونی قووڵو لەڕێگای ململانێی ناوەکی لەنێوان پێکهێنەرەکانی (منی باڵا)و (ئەو)ەوە گوزارشت لە خۆی دەکات. بەمەش فرۆید زمانێکی نوێی دۆزییەوە: زمانی نائاگایی، کە لە هیستریادا زمانی جەستەو لە خەوندا زمانی وێنەو لە واسواسیدا هزرەکانە.

فرۆید یەکەمین کەسە هێماکانی ئەم زمانەی لێکداوەتەوە، بەوەش پەیوەندی هێمایی نێوان ئاماژەو ئاماژەبۆکراوی ڕوون کردەوەو گرێمانەکانی خۆی گشتاند. ئەگەر ئەمە نەبووایە دەرونشیکاریی بەتەنها تەکنیکێك دەبوو بۆ چارەسەری دەروونی.[٦] لێرەوە فرۆید بۆچوونە فەلسەفیەکانی خۆی خستەڕوو، باسی لە تێگەیشتنێکی سێسەرەی پەرەسەندنی حاڵەتی دەروونیو هزریی مرۆڤی کرد، ئەمەش سێجەمسەرییە پۆزەتیڤەکەی "کانت"مان بۆ مێژوو بیردەهێنێتەوە، کە تێیدا پەرەسەندنی مرۆڤایەتی لە قۆناغی ئانیمیزم (جیهان وەك بوونەوەریکی زیندوو)ەوە دەستپێدەکات کە بەرامبەری نارسیزم دەوەستێتەوە، لەم قۆناغەدا خود دەدرێتە پاڵ جیهان، ئینجا قۆناغی دینی دێتو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دەچەسپێنو لیبیدۆ ئاڕاستەی خێزان دەکرێت، قۆناغی سێهەمیش زانستییەو لێرەداو لەگەڵ دەرکەوتنی میکانیزمەکانی چەپاندنی کۆمەڵایەتی لەناو شارستانێتیدا، دەسبەرداری چێژو داواکاریەکانی لیبیدۆ دەبن.[٧]

ئەم سێ قۆناغە لەسەر بونیادێك دامەزراون کە بەهۆیەوە فرۆید تیۆری نائاگایی داناو مانایەکی فراوانی پێدا. لای فرۆید نائاگایی لە چوارچێوەی بۆچوونە دێرینەکەدا نەمایەوە، کە وەك هاوتایەك بۆ ئاگایی کاری دەکرد، بەڵکو ئێستا لە چوارچێوەی کۆمەڵێك یاسای ماناداردا کاردەکات، وەك گوێزانەوەو چڕکردنەوەو مەجازو میتافۆر، کە بە بەردەوامی لەگەڕ دان.[٨]

لەگەڵ دۆزینەوەی ناوەرۆکی خەوندا، دەرونشیکاری مانایەکی نوێی وەرگرتو میتۆدێکی وەسفیی بۆ هاتە ئاراوە، ئیتر لای فرۆید خەون بوو بە ڕووداوێکی دەروونی کە پێویست دەکات بە باشی دیاریی بکرێتو ئەوەش ڕوون بکرێتەوە کە چ پێوەستێکی بە تاکی خەوبینەرەوە هەیە، چونکە لە خەوندا ڕووداوی ماددیی دەگۆڕێت بۆ ڕووداوی دەرونی کە پێوەستێکی دیالەکتیکیانەی بە تاکەوە هەیەو لێی جیا نیە. بەمەش

دەرونشیکاریی فرۆیدیی بۆچوونێکی نوێی بۆ ڕووداوە دەرونیەکان خستەڕوو، ئەوانەی لێکدایەوەو لە ماناکانی تێگەیشت، ئەمەش بە میتۆدی لێکدانەوەو ڕاڤەکردنی فرۆیدی ناسراو لێوەی باس لە خەون‌و نیرۆس دەکرێت.



ئۆگست کۆنت (١٧٩٨- ١٨٥٧)

بۆیە نابێت دەروونشیکاری وەك تەکنیکێکی چارەسەر ببینین، بەڵکو پێویستە سەرنجمان لەسەر تەواوی بونیادە تیۆرییەکەی پشتی ئەو تەکنیکە بێت. دەرونشیکاریی فرۆیدی لە ڕێگای چەمکە تیۆرییەکانیەوە، ئەو بناغانەمان پێدەدات کە هەر زانستێك لەسەریان دادەمزرێت، ماهییەتی ئەبستراکت‌و وێنەیی بابەتەکە، وەك مەرجێك بۆ پیادەکردنی کردەییان بەسەر بابەتە دەروونییەکاندا دەستنیشان دەکات.

لای ئالتۆسێر، پرسە ئەبستراکتەکانی دەرونشیکاریی دەبن بە چەمکە زانستییە ڕەسەنەکانی بابەتەکان، لەوێشدا دیسانەوە مەیلە ئەقلّیە فرۆیدییەکە دەردەکەوێتەوە، ئەوەی کە دەڵێت بۆچوونی ئەقڵی پێش کردەوە کەوتووە (دانەپاڵ - نیرۆس).[٩] بۆیە، دەتوانین جەخت بکەینە سەر مەیلی ئەقلانیەت لە شیکارەکەی فرۆیددا کە مۆرکی خۆی لە زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی داوە، بەوانەشەوە کە دەربارەی هونەرن.

فرۆید جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە پشتی کارە هونەرییەکانەوە جۆرە فانتاسیەکی گشتگیر هەیە، واتە لە پشتی جیاوازییەکانەوە لێکچونێکی بونیادی هەیەو لە بنەمای ماقوولّیەتی ئەو کارانەدا دەردەکەوێت. چونکە بنەمایەکی گشتگیری حەتمی ئەقلانی

هەیە، کە ڕەفتارەکانی مرۆڤ بەڕێوەدەبەن، هەموو نموونە داهێنەرەکانی مێژوو لەژێر سایەی ئەواندان.

فرۆید بەراورد لەنێوان شا ئۆدیپوس‌و هاملێتی شەکسپێرو برایانی کارامازۆفی دۆستۆیڤسکیدا دەکات‌و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەوە ڕێکەوت نیە ئەم سێ ڕۆمانە لە سێ سەردەمی جیاوازدا سەرقاڵی یەك بابەت بن: تاوانی کوشتنی باوك، پاڵنەری هەرسێ تاوانەکەش لای هەرسێ نوسەرەکە لەسەر کێبڕکێی سێکسی لەسەر ژن، بێت.(١٠) لێرەدا ئۆدیپوسە گرێ ناوکی ڕەسەنی هەموو کەلتورو هونەرو ئاکارێکە. فرۆید لەو دەسپێکە ئەقڵانییە گشتگیرانەوە، دیدێکی تایبەتی بۆ شیکردنەوەی دەروونی مرۆڤ دۆزییەوە. لە شێوازەکەی فرۆیددا، هەموو شتێك ئاماژەی خۆی تێدایەو دەچێتەوە سەر یاسا گشتییەکانی نائاگایی، بۆیە هیچ ڕەفتارێك، یان هزرێك، یان بۆچوونێك بێمانا نیە. فرۆید بەم کارەی حەتمییەتی فیزیایی ماتریاڵانەی نیوتن‌و ئاینشتاینی گوێزایەوە بۆ کایەی سایکۆلۆجی. ڕوونیکردەوە کە ڕەفتار ملکەچی یاسای نائاگاییە، بۆیە ئەگەر توانیمان لە ئاماژەکانی نائاگایی تێبگەین، دەتوانین پێشبینی ڕەفتارەکانیش بکەین. فرۆید دەیویست ئەو ناکۆکییانە چارەسەر بکات کە فەلسەفەکانی ئاگایی تێیانکەوتوون.

کەواتە، فرۆید لە ئەندێشەکردنی حەتمییەتی دەروونیدا، لە چوارچێوەی باوی سەردەمەکەی خۆی دەرنەچووە، کە لەژێر کاریگەریی قۆناغەکانی کۆتایی هۆکارگەرایی‌و حەتمییەتدا بووە، فرۆید یەکێکە لە دوایین نوێنەرانی پێڕەوی میکانیکی‌و درێژی کردەوە بۆ ناو میکانیزمەکانی ڕەفتاری مرۆڤ، بی ئەوەی کاریگەریی ڕوونی فەلسەفەی ئەقڵانی لەسەری کەم ببێتەوە. لەگەڵ هاتنی سەدەی بیستەمدا، سایکۆلۆجیا خۆی وەك زانستێکی سەربەخۆ سەلماند کە لەسەر سەرنج‌و تاقیکردنەوەی میتۆدی دامەزراوە، بەڵام زۆری پێنەچوو چووە ژێر ڕکێفی گریمانەکانی فەلسەفەی ئەقڵییەوە، کە تا ڕادەیەکی زۆر وەك جۆرێکی نوێی بیرکردنەوە وابوو.

دەتوانین وەها بڕوانینە قوتابخانە نوێیەکانی دەروونزانی، کە لە ماوەی سێ دەهەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا هاتنە ئاراوە، شۆڕشن دژی ئەو گریمانانەی لە فەلسەفەی ئەزموونیەوە وەرگیرابوون. زانستەکانی تریش کاریگەرییان لەسەر دەروونزانی

(سایکۆلۆجیا) هەبوو، بۆیە زۆربەی ئەو زانایانەی دەرونزانی کە گرنگییان بە تێگەیشتنی پاڵنەرەکانی ڕەفتار دەدا، هەموویان لانیکەم لەوەدا هاوبەشن کە باوەڕیان بە حەتمییەتی زانستی هەیە، لەو ڕووەوە کە هەموو جۆرەکانی ڕەفتار دەگەڕێنەوە بۆ کۆمەڵێك هۆی دیاریکراو. لە ڕووی پرەنسیپەوە، ئەگەر توانیمان ئەو یاسا سەبەبییانە بدۆزینەوە کە کۆنترۆڵی ڕەفتارەکانی مرۆڤ و ئاژەڵ دەکەن، دەتوانین بە باشی لە ڕەفتارەکانیش تێبگەین.

فرۆیدیش ڕێك ئەم میتۆدەی هەڵگرتەوە، جەختیکرد لەسەر ئەوەی ڕەفتاری مرۆڤ ئەنجامی کارکردنی هێزە هەستییە ئەسڵیەکان نین، بەڵکو بەرهەمی کۆمەڵێك میکانیزمی نائاگاو هێزی نائەقلانیو ڕەمەکییانەن. ئەو هێزانەش لە ڕێگای یاساکانی سەبەبییەتو لێکدانەوەی ئەقڵی زانستییەوە نەبێت، قابیلی تێگەیشگن نین. فرۆید ئەمەی بە کلیلی تێگەیشتن لە ڕەفاری مرۆڤ دانا، وتی:

ئەو ڕۆژەی خەڵك ناچار دەکرێن ملیان بۆ دەسەڵاتی ئەقڵ ملکەچ بکەن، دەبینن کە بەهێزترین پێوەست کە پێکیانەوە دەبەستێتەوە، ئەوەیە کە پێشبینی دەکەین بەهۆیەوە سازانی زیاتر لەنێوانیاندا بەدیبهێنێت.(١١)

فرۆید کەوتە ژێر کاریگەریی لێکدانەوەی میکانیکییانەی ڕەفتارەوە، ئەوەش درێژبوونەوەی کارتێکرانی بوو لەلایەن قوتابخانەی فیسیۆلۆجی برووکەوە، کە بە یەکێك لە لوتکەکانی قوتابخانە میکانیکییەکەی هێلمۆلتز دادەنرێت؛ وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر فەلسەفە سۆزییەکەی شلینگ، لەگەڵ ڕەچاوکردن ئەوەی فرۆید بایەخێکی زۆری دەدا بە هزرە تیۆرییەکانی داروین دەربارەی پەرەسەندن، هەر ئەوەش بوو هانیدا لە سەرەتای ژیانی زانستیدا، بواری پزیشکی بخوێنێت. پەرۆشی زۆری فرۆید بۆ داروینیزمو بنەماکانی هێلمۆلتز، مەیلە نەژادییەکەی فرۆیدیان بۆ مشتومڕی فەلسەفیو فڕین بە ئاسمانی گرفتە مرۆییە گەورەکاندا، کۆنترۆڵ کرد؛ دەنگدانەوەی چەمکەکانی ئەو قوتابخانە میکانیکیە، لەناو چەمکە بنەڕەتیەکانی دەرونشیکارییدا دەدۆزینەوە، وەك چەمکی وزەی ئابووریی کە وادەکات وەك بڕو بارستە مامەڵە لەگەڵ وزە دەروونییەکاندا بکرێت. لەمبارەیەوە دەنوسێت کە کاری وەزیفەیی دەروونی بەدوو شێوە ڕێگا دەزانرێت،

یەکەمیان دینامیکیە، لێرەدا لێکۆڵینەوە لە مەیلە نائاگاکان دەکرێت، دووهەمیان ئابورییەو سەرقاڵی هێزە بەگژیەکداچووەکانە بۆ دۆزینەوەی ئەو مانایەی وزە دەروونییەکە مەبەستێتی، سێهەمیشیان باسی چاوگەکانی کارە وەسیفەییەکەی دەروون دەکات.

لای فرۆید، دەرونناسییەکی بەهای نیە کە دیاردە نەخۆشییەکان وەلابنێت یاخود بیانباتەوە بۆ سەر هۆی سەیرو سەمەرەو بەدەر لە کایەی حەتمییەتی زانستی. ڕەفتاری دەرونی بەردەوام دەگەڕێتەوە بۆ دیالەکتیکێکی سەبەبییانە کە لە ژێر کۆنترۆڵی بنەمای چێژو ژاندایە، هەموو پاڵنەرەکان ڕوو لە چێژنو خۆیان لە ژان دەبوێرن، ئەو گرژییەی پڕێتی لە ژان / ناچێژ، تەنها بە تێرکردنی ئەو پێویستیە دادەمرکێتەوە کە ئامانجی پاڵنەرەکەیە.

بەمجۆرە، فرۆید تیۆرێکی تۆکمە دەربارەی پێوەستی نێوان هۆکارو پاڵنەرەکان دەخاتەڕوو کە ململانێیەکی دیالەکتیکی لەنێوانیاندا هەیە. ئەم ململانێیە وای لە "ولیەم ڕایش"ی قوتابی ئەو کرد، تیۆرەکە ببەستێتەوە بە مارکسیزمەوە بەوپێیەی لە هەردووکیاندا ململانێیەکی شاراوە هەیە. فرۆید لایەنە ناوەکییەکەی دەرخست، بەڵام مارکس لایەنە دەرەکییە کۆمەڵایەتیەکەی دەرخستووە.(١٢) لەم دەروازەیەشەوە فرۆیدیزم لەگەڵ شەپۆلی لێکدانەوەی ماتریالیزمدا دەسازێت. لای فرۆید حەزکردن لە خودو حەزکردن لە بابەت دژ نین، چونکە حەزکردن لە بابەت لە لیبیدۆی نارسیسییەوە دێتو دەشێت لە هەر کاتێکدا بێت بەرەو حەزکردن لە خود وەربچەرخێت، چونکە هەردووکیان دوو مەیلن بۆ حەزلێکردنو هاوشوناسی یەکتریشنو دەگەڕێنەوە بۆ یەك چاوگ، ئەویش دەزگای دەروونی سێکسیی سەرەتاییو نارسیسزمی سەرەتاییە.

هەمان شتیش لە پەیوەندیی نیوان ئاگاییو نائاگاییدا ڕوودەدات، کە هەم هاوشوناسو هەم ناکۆکیشن لە ڕەفتاریاندا، وەك ئەوەی لە وەسواسی قەهریدا ڕوودەدات. لەنێوان منو ئەویشدا هەر وایە کە دوو ناکۆکی هاوشوناسن، "من" هیچ نیە جگە لە بەشێك کە لە ئەو جیابۆتەوەو کەوتۆتە ژێر کاریگەری جیهانی دەرەکیەوە کە دژو نەیاری ئەوە.(١٣) لە ڕووی ئایدیۆلۆجیەوە، هەردوو چەمکی مارکسیو فرۆیدی،

وەك كاردانەوەی توند بەرامبەر پەیوەندییە سەرمایەدارییەکان هاتوون، هەردووکیشیان چەمکی نامۆبوونیان لەناو ئەو پەیوەندییانەدا خستۆتەڕوو. ئەمەش وای لە ڕایش کرد بڵێت دەرونشیکاریی تۆوێکە لێوەی سایکۆلۆجیایەکی ماتریالیستی دیالەکتیکی شین دەبێت.(١٤)

بەڵام فرۆید ڕای وا نەبوو. ئەم لێکچوونە وامان لێناکات تا ئاستی ئاوێتەکردنی هەردوو بۆچوونەکە بڕۆین. فرۆید گەرچی لە لێکدانەوەی ڕەفتاری مرۆییو ئاماژەکانیدا، دەسپێکێکی ماتریالیستانەی هەبوو، بەڵام هەر لەناو چوارچێوەی ئایدیالیستانەی ئەو دیدە مایەوە. هەربۆیە زۆر بە توندی ڕەخنەی لە دیدی ماتریالیستانە بۆ بونیادی دەرونیی مرۆڤ، گرت. چونکە ناکۆکیو ناتەبایی لە لێکدانەوەی مارکسی فرویدیدا، سەبارەت بە پێکهاتەی دەروونیی تاكو پەیوەندییشی بە سیستمی کۆمەڵایەتییەوە، هەیە. فرۆید دەڵێت لای منداڵ منی باڵا لەسەر شێوەی دایكو باوك دروست نابێت، بەڵکو لەسەر شێوەی منە باڵاکانیاندا دەبێت، چونکە ئەویش پڕدەبێت لەهەمان ناوەرۆکی ئەوانو هەمان دابونەریتو بەهای بۆماوە لە باپیرانەوە جێبەجێ دەکات، لەمەشەوە دەتوانین ئەو ڕۆڵە بناسینەوە کە منی باڵا لە تێگەیشتنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی مرۆڤدا هەیەتی.

فرۆید دەڵێت زۆر ڕێی تێدەچێت کە هۆی کەموکورتی لێکدانەوەکانی ئەو مێژووەی بە ماتریالیست ناودەبرێت، بە بیانووی ئەوەی ئایدیۆلۆجیاکانی مرۆڤ بەرهەمێکی سەرخانی بارودۆخە ئابورییە ئێستاییەکانن، بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ئەم فاکتەرەی پشتگوێ خستووە. ئەمەش بەلای فرۆیدەوە هەموو هەقیقەتەکە نیە، چونکە مرۆڤایەتی بەتەنها لە ئێستادا ناژی، بەڵکو ڕابردووی نەتەوەکانو گەلەکانو دابونەریتەکانیشیان لەناو ئایدیۆلۆجیاکانی منی باڵادا بەردەوام دەبن. ئێستا زۆر بە هێواشی کاردەکاتە سەر ئەم دابونەریتانە. لەبەرئەوەی دابونەریتەکان لەڕێگای منی باڵاوە دەچەسپێن، گۆڕانکارییەکانیش هەر لای ئەوەوە ڕوودەدەن، هەربۆیەشە بەردەوام دەبێت لەوەی ڕۆڵێکی گرنگ لە ژیانی مرۆڤایەتیدا بگێڕێتو سەربەخۆش بێت لە بارودۆخو مەرجە ئابورییەکان.(١٥)

بۆیە، جەخت دەکات کە مارکسیزم هێزی خۆی لە دیدەکەی بەرامبەر مێژوو و پێشبینیە ئایندەییەکانەوە بەدەستنەهێناوە، بەڵکو لە ڕوونکردنەوەی زرنگانەی کاریگەریی ڕەوشی ئابوریی لەسەر چالاکی هزریی‌و هونەری‌و ئاکاریی مرۆڤەکانەوە هاتووە. بەڵام، لای فرۆید مەحاڵە بە تەنها فاکتەرە ئابورییەکان ڕەوتی مرۆڤەکان لەناو کۆمەڵگادا دیاریی بکەن، ئەوە هەقیقەتێکی حاشاهەڵنەگرە کە کەسەکان‌و گەل‌و ڕەچەڵەکە جیاوازەکان ڕەفتاری هاوشێوەیان نیە، تەنانەت ئەگەر لە یەك ڕەوشی ئابورییشدا بژین، بۆیە نابێت ڕۆڵی فاکتەرە سایکۆلۆجییەکان فەرامۆش بکرێت، بەتایبەتی کە مەسەلەکە پەیوەندیی بە کاردانەوەی مرۆڤەکانەوە هەبێت. ئەم فاکتەرانە بەتەنها ڕۆڵیان لە بنیاتنانی ڕەوشە ئابورییەکاندا نیە، بەڵکو هەموو کردەوە مرۆڤانەکان دیاریی دەکات، چونکە وەڵامدانەوەیان بۆ ئەو هەلومەرجانە، تەنها لە ڕێگای پاڵنەرە ڕەمەکیەکانیانەوە دەبێت، وەك ڕەمەکی مانەوەو شەڕەنگێزی‌و چێژو خۆدزینەوە لە ژان.(١٦)

لەمەوە دەبینین دوورکەوتنەوەیەکی بونیادیی گەورە لەنێوان هەردوو شەپۆلەکەدا هەیە، بەجۆرێك کە ناتوانین لەگەڵ "ڕایش"دا بین؛ چونکە لێکچوونی ئایدۆلۆجیانەی ڕووکەشی نێوان هەردوو شەپۆلەکە، بوونی لێك دوورکەوتنەوەی فەلسەفی‌و ئەپستمۆلۆجیان ڕەتناکاتەوە. هەربۆیە فرۆیدیزم بناغە مادییەکانی پرۆسەکە ڕەتدەکاتەوە، کە مارکسییەکان دەڵێن فاکتەرە ئابورییەکانە، لەبری ئەوە دەیگێڕێتەوە بۆ بنەمایەکی دەروونی کە لای مارکسییەکان پەرچکردنەوەیەکی لاوەکی بونیادی پەیوەندییە ئابورییەکانە، تاکە شت کە لەڕووی میتۆدییەوە هەردوو کیان کۆدەکاتەوە، باوەڕبوونی قووڵیانە بە حەتمییەت.

کاتێك لەسەر خوێندنەوەی هزری فۆرید بەردەوام دەبین، دەبینین پێڕەوە حەتمییەکەی ئەو لەنێوان دوو شەپۆلدا دێت‌و دەچێت، یەکێکیان ئەزموونییە کە لە کۆمەڵێك بۆچوونی دوای ئەزمونکردن دروست دەبن، ئەوەی تریان ئەقڵانیە کە پێشوەخت دیدەکانی خۆی دادەڕێژێت. گەرچی ئەوە ڕوونە کە ئەو زیاتر شەپۆلە ئەزموونییەکەی پەسەندە، بەڵام دەبینین باسی کۆمەڵێك شتی شاراوەی نەژادییش دەکات کە لەناو مرۆڤدا وەك

چەشنێکی بوونەوەر، هەن. ئەو جەخت دەکات لەسەر ئەوەی دەرونی مرۆڤ لە جەوهەردا یەکە. لای ئەو، پرۆسەی پەرەسەندنی سێکسیو ماوەی سڕبوونی سێکسی، بۆ نموونە، دەگەڕێتەوە بۆ بۆماوەیەکی گشتی پێشووتری چەشنەکە بێ هیچ کاریگەرییەك کە پەیوەندیی بە پەروەردە و فێربوونەوە هەبێت، دەڵێت:



پێموابێت ژیانی سێکسی منداڵان لە دەوروبەری ساڵی سێهەم یان چوارەمی تەمەندا بەجۆرێك دەردەکەوێت کە قابیلی ئەوەیە ببینین، دوای ئەوەش ماوەیەکی سڕبوونی تەواوەتی، یان بەشەکی دێتو ڕێساو هێزە دەرونییەکان بنیاتدەنرێن، ئەوانەی دەبن بە قۆرت لەبەردەم ڕەمەکی سێکسیدا، وەك بەربەستی بەنداو ڕێگە لە ڕژانی دەگرن، ئەمە بە شێوەیەکی تایبەتی لای منداڵانی شارستان ڕوودەداتو بەرهەمی پەروەردەیە، گومانیشی تێدا نیە کە پەروەردە پشکێکی زۆری لەمەدا بەردەکەوێت، بەڵام ئەم گەشەکردنە لەڕووی ئۆرگانییەوە سنوردارەو چاوگەکەشی بۆماوەییە. لەوانەشە ناو بە ناوو بێ پشتیوانی پەروەردە کە لە کایەی تایبەتی خۆی دوورناکەوێتەوە؛ شوێن هێڵێك بکەوێت کە بەشێوەیەکی بۆماوەیی بۆی دیارییکراوەو بەشێوەیەکی بەرچاوترو قووڵتر نمایشی بکات.[١٧]

هەموو شتێك پێشوەختو بە شێوەیەکی نەژادییو ڕەمەکی دیاریکراوە، ئەمە تەواوی چەشنی مرۆڤ دەگرێتەوە. هەموو مرۆڤەکان هەمان بونیادی لیبیدۆییان هەیە، ملکەچن بۆ هەمان کۆمەڵە یاسای سایکۆکۆجی، وەك بنەمای چێژو چەپاندنو وەرچەرخاندنو گۆڕینەوەی هێماییو دانەپاڵو هاوشوناسیو هەژان. دەتوانین لەمەوە ڕەفتاری مرۆڤە هاوچەرخەکانمان لێکبدەینەوە، وەك چۆن دەتوانین ڕەفتاری مرۆڤەکانی پێش مێژووش بەهەمان شێوە لێکبدەینەوە.[١٨]

لێرەوە فرۆید لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا، ڕێکەوت ڕەتدەکاتەوەو دەڵێت:

دەرونشیکار باوەڕێکی قووڵی بە بنەمای حەتمییەت لە ژیانی دەروونیدا هەیە، کە هەرگیز ناشێت بێسەرەوەبەرە، یان ڕێکەوت بێت. شیکەرەوە گریمانەی بوونی هۆیەکی دیاریکراو بۆ هەموو دیاردە دەروونییەکان دەکات، لەکاتێکدا کە غەیری ئەو ناتوانێت ئەندێشەی بوونی ئەو هۆیە بکات.

بۆیە فرۆید پێڕەوە تێڕامانییەکانی فەلسەفە ڕەتدەکاتەوە، ئەو زانینەی لای ئەو بە فەلسەفی دەناسرێت، گرفتەکانی میتافیزیك نیە کە ئەو بەتەواوەتی ڕەتیاندەکاتەوە، بەڵکو فەلسەفەیەکی ئەزموونییە لەسەر بناغەکانی دەرەنجامگیریی زانستی دامەزراوە. بۆیە بەلامانەوە سەیر نیە کە دەبینین هەڵمەتێك دژی فەلسەفەی تێڕامانی بەرپا دەکات، کە لە کۆتا شیکردنەوەدا خۆشی نەیتوانیوە لێی دەرباز ببێت، ئەوەتا دەڵێت:



فەلسەفە دژی زانست نیە، بەڵکو خۆی وەها ڕەفتار دەکات کە زانست بێت، هەندێجار میتۆدو پێڕەوەو شێوازە زانستییەکان دەخوازێتەوە، بەڵام لەکۆتاییدا لێی دوور دەکەوێتەوەو جیادەبێتەوە، چونکە پەیوەندیی بە وەهمەوە هەیەو لافی ئەوەش لێدەدات کە وێنەیەکی نوێو کاملی بێ کەموکورتی دەربارەی گەردوون پێشکەش دەکات. ئەمەش لافێکە هەموو نەوەیەکی نوێ لە زانیندا، کاری ئەوەیە لە نادروستییەکەی دڵنیا ببێت، بۆیە فەلسەفە لە گومڕا دەبێت چونکە زێدەڕۆیی لە بەهای مەعریفی کردە لۆجیکییەکانی دەکاتو دان بە بوونی سەرچاوەی دیکە بۆ زانین دەنێت، وەك زەین بۆ نموونە.(١٩)

بەڵام، ئایا فرۆید خۆی لە بۆچوونە فەلسەفیەکانی فەلسەفەی تێڕامان قوتار بووە؟ لە ڕاستیدا هەرگیز لەو چوارچێوەیە دەرنەچووە کە ڕەخنەی لێگرتووە. کاتێك فرۆید

دەخوێنینەوە، دەبینین لە بۆچوونەکانیدا دەربارەی دەروونی مرۆڤ، لە دوو بنەما دەرنەچووە: بنەمای واقیع (من)و بنەمای چێژ (خەیاڵی سێکسی) کە لەوێدا پاڵنەرەکانی "من" زیاتر لەگەڵ واقیعدا دەسازێن لەچاو ئەو پاڵنەرە سێکسیانەدا کە تێرکردنی خۆیان لە جەستەی منداڵەکەدا دەبیننەوە. لە ماوەی سڕبووندا، ئەم شێوازەی تێرکردن سەرکوتدەکرێت، ئەم ماوەیە دوای گرێی ئۆدیپوس دەستپێدەکات، ئەوکاتەی پێوەستێکی پتەو لەنێوان پاڵنەرەکانی منو کارایی ئاگاییو بنەمای واقیع لەلایەکو پاڵنەرە سێکسییەکانو فانتاسیو بنەمای چێژ لەلایەکی دیکەوە، دروست دەبێت. ئەگەر پێداگریی بکەین لەسەر مانای حەرفییانەی ئەم بۆچوونە فرۆیدییە، دەبینین لەناو ئەو بۆچوونە باوەدا گیری خواردووە کە ئەندێشەکراوو واقیعی لێك جیادەکاتەوەو ئەندێشە دەکات بە کاراییەکی بەدیلی لاوەکیو قەرەبووکەرەوەی واقیعێکی خراپ. لێرەدا فرۆید لە شەپۆلی فەیلەسوفە کلاسیکییەکان دەرباز نەبووە، ئەوانەی ئەندێشە لە پلەیەکی ناوەندا لە نێوان دەرونو جەستەدا دەبینن. ئەوەتا لای دێکارت ئەندێشە جووتبوونی دەروونە لەسەر جەستە، ئەگەری یەکگرتنی دەروون لەگەڵ جەستەدا وەك بەڵگە دەهێنێتەوە؛ لای سپینۆزاش ئەندێشە ناوەندێکە لەنێوان تێگەیشتنو هەواو هەوەسەکاندا؛ لای کانت ئەندێشە ناوەندێکە لەنێوان تێگەیشتنو درکی هەستییدا.[٢٠]

فرۆید جیاکاریی دەکات لەنێوان واقیعو ڕەمەکەکاندا، لەناو ڕەمەکەکانیشدا جیاکاریی دەکات لەنیوان ڕەمەکی مەرگ (ساناتوس)و ڕەمەکی سێکس (ئیرۆس)دا، لە حاڵەتە نیرۆسییەکانی وەك دوالیزمی مازۆکیو سادیو ئاگاییو نائاگاییی؛ دەبینین نزیکدەبێتەوە لە بۆچوونە دوالیستییەکەی دێکارت، لەگەڵ یەك جیاوازییدا، ئەویش ئەوەیە دوالیزمەکەی دێکارت مێتافیزیکییە، فرۆید ئەمەی گۆڕیوە بۆ دوالیزمێکی دیالەکتیکی کارلێك کردوو. هەروەها دەتوانین کاریگەریی کانت لەسەر بۆچوونەکانی فرۆید ببینین سەبارەت بەو زانینەی هەوڵ دەدات بەهۆیەوە نموونەیەکی نوێ بخاتەڕوو کە کەمێك لە بۆچوونەکانی کانت جیاوازە، لەوەدا کە لای زانینی مرۆیی پشت بە هەستو ئەزموون دەبەستێت کە زانیاری پەرتو بڵاو دەربارەی جیهان دەگوێزنەوەو ئەقڵیش ناتوانێت ڕێکیان بخات، بەوە نەبێت کە هانا بباتە بەر دوو بنەمای بنەڕەتی کە کاتو

شوینن‌و وێنەیەکی سەرەتایی لەناو ئەقڵدا درووست دەکەن. بەڵام فرۆید هەوڵ دەدات بۆچوونەکانی کات بۆ چەمکی پرۆسە دەروونییە نائاگاکان بگۆڕێت، کە هیچ چوارچێوەیەکی کات لەخۆی ناگرێت، دەڵێت:

دەتوانین گفتوگۆ تیۆرییەکەی کانت کە دەڵێت کات‌و شوێن دوو فۆرمی پێویستن بۆ هزر، هەڵبپەسێرین، چونکە ئێمە دەزانین کە پرۆسە دەروونییە نائاگاکان، کۆمەڵێك پرۆسەن لە کات دەردەچن‌و هیچ پەیوەندییەکیان پێوەی نیە، چونکە بە شێوەیەکی کاتبەندکراو ڕێکنەخراوە، تێپەڕینی کات هیچیان لێ ناگۆڕێت‌و هیچ گۆڕانکارییەك رووناداتـ.[21] هەروەها فرۆید چڕیی ئەزموونی مرۆیی دەخاتەڕوو، پێشتر هێگڵ هەبوو (مەوجود)و ماقووڵی پێوەست دەکرد، بەڵام فرۆید وا لە مرۆڤ دەکات لەنێوان بەها ئاکاری‌و ئەقڵی‌و جوانییەکان لەلایەك‌و مەیلە نارِوونە نائاگاکان لە لایەکی دیکەوە هاتوچۆ بکات، ئەم چڕییە لەتوێی پەیوەندیی مرۆڤ بە منی تایبەتی خۆیەوە وێنا دەبێت. بەپێچەوانەی ئەوەی لە هەڵوێستە تێپەڕە تەنکەکاندا دەبینرێت، فرۆید پێیوایە مرۆڤ خودی خۆی ناناسێت، ئەمەش ڕەهەندی دیکەی شیکاریی بۆ بانگەشەکەی سۆکرات تا مرۆڤ خۆی بناسێت، زیاد دەکات.[22] بەڵام فرۆید تیۆرە دەرونییەکەی فەیلەسوفە ئەزمونییەکانی ئینگلیزی بەهەند وەرنەگرت، ئەو ئەگەرچی پێداگریی لەسەر پیڕەوی ئەزموونی دەکرد، کەچی بۆچوونی ئەزموونییەکان ڕەتدەکاتەوە، کە پێیانوایە دەروون بریتییە لە کۆمەڵێك هەست‌و سۆز کە بەپێی یاساکانی دەروون لە یەکتر نزیك دەبنەوەو دوردەکەونەوە، وەك کۆمەڵێك گەردیلە وەهان کە بەهۆی چەند یاسایەکی دەرەکییەوە پێکەوە کۆدەبنەوەو پەرش دەبنەوە. فرۆید ئەم بۆچوونەی ڕەتکردەوەو یەقینی تەواوی هەبوو بەوەی دیاردە دەرونییەکان بەردەوام لەناو خۆیاندا کارلێك دەکەن، چونکە دینامیزمی نێوانیان کاتی‌و مێژووییە.[23] بۆچوونەکانی فرۆید لەگەڵ فەیلەسوفانی ژیان‌و ئیرادەدا، لە نموونەی شۆپینهاوەر، یەکتر دەبڕن. شۆپینهاوەر پێش دەرونشیکاریی کەوتووەو گرنگانەی ئیرادەی نائاگای کردووە کە بە شێوەیەك لە شێوەکان بەرامبەری ئەو ڕەمەکە دەرونییانە دەوەستێتەوە کە فرۆید باسی کردوون. فرۆید خۆی باسی ڕۆڵی گرنگی شۆپینهاوەری لە تیۆری ڕەمەکەکاندا کردووەو وتوویەتی ئەم فەیلەسوفە گرنگی

هەڵچوونە سێکسیەکانی بیری مرۆڤ هێنایەوە، کە جاران زۆر گوێی پێنەدەدرا.(٢٤) دەشڵێت شۆبنهاوەر دەمێکە بۆ خەڵکی ڕوونکردۆتەوە کە مەیلە سێکسیەکانیان تا چ ڕادەیەك هەوڵ‌و چالاکیەکانیان دیاریی دەکەن.(٢٥)

بەمەش دەتوانین فرۆید وەك بەردەوامبوونی ڕەوتێکی فەلسەفی لەقەڵەم بدەین کە جەخت لەسەر دینامیزمی ئاگایانەی ژیان دەکات‌و هەوڵ دەدات بە شێوازێکی ئەزموونیی نمایشی بکات، کە زۆر هاوشێوەی ئەو تێڕامانە زەینییانەیە کە بەردەوام لە ڕێگای بەسەرکردنەوەی فەلسەفەی هاوچەرخەوە کەوتۆتە ژێر کاریگەرییانەوە: ئەوەتا دەیبینین لەگەڵ فینۆمینۆلۆژیادا کۆکە لەوەدا کە دەروونی حاڵەتێکی ڕاوەستاوی چەقبەستوو نیە، هەروەها جەوهەرێکیش نیە لە کۆمەڵێك دیاردەدا دەربکەوێت، هەروەها لەمانەشدا لەگەڵیدا کۆکە:


شۆپینهاوەر (١٧٨٨ - ١٨٦٠)

سەلماندنی تیۆری دەروونی‌و ئەگەری تێگەیشتنی لە ڕێگای ئەو مانایانەی لەناویدا دروست دەبن، سەلماندنی پێوەستبوونی دەروونی بە کۆمەڵگاو جیهانەوە. لەم خاڵانەدا پێڕەوە فینۆمینۆلۆجیەکەی هۆسرێل کە ئاڕاستەیەکی تێڕامانییانەی هەیەو پێڕەوی فرۆید کە ئاڕاستەیەکی چارەسەریی ئەزموونی هەیە، پێکدەگەن؛ هەریەکەیان لای خۆیەوە ڕەفتاری بە ماناوە گرێداوە، لای هۆسرێل لە مەبەستگەراییداو لای فرۆیدیش بە شێوەیەکی هێمایی، بەجۆرێك کە بتوانێت لە ڕەفتارە مرۆییەکان تێبگات، نەك بە تەنها ڕاڤەیان بکات.(٢٦)

بەمجۆرە فرۆید دەبێتە بیرمەندێکی گشتگیرو حەتمی‌و ماتریالیست، بەڵام بەشێوازەکەی مارکس نا، ئایدیالیستیشە نەك بە شێوازی دوالیزمە دیکارتییەکە یاخود

پێشگریمانە کانتییەکان، ئەو ئەزموونییە، بەڵام بە شێوازی ئەزموونگەرا ئینگلیزەکان نا، بەڵکو هەموو ئەم شەپۆلانەی لە دیدێکی زانستی پێکەوە سازێنراودا کۆکردۆتەوە، کە وامان لێدەکات بە پلەی یەکەم فرۆید بە فەیلەسوف نا، بەڵکو بە زانایەك لەقەڵەم بدەین کە هەندێك لە دیدە فەلسەفیەکانی سەردەمەکەی خۆی پەسەند کردووەو لە چوارچێوەی حەتمییەتدا کاری کردووە، ئەوەش زۆرترین شۆرەتی بۆ دەرونشیکاریی فەراهەم کردووە، هاوکاتیش بەهۆی ئەوە بوو وای لێهات قوتابخانەکە بەسەر شەپۆلی جیاجیادا دابەش ببێت. لێرەدا کە باسی بۆچوونە فەلسەفیەکانی ئەم قوتابخانەیە دەکەین، ناتوانین ڕۆڵی "کارل یۆنگ" فەرامۆش بکەین.

## دووهەم: یۆنگی ناڕازی

یۆنگ تەواوی پێڕەوە گشتگیرەکەی فرۆیدی دەربارەی دەرونی مرۆیی ڕەتکردەوە، ئەوەتا دەڵێت: پێویستە وەها لە مرۆڤ تێنەگەین کە یەکەیەکەو دووبارە دەبێتەوە، بەڵکو پێویستە وەك کەسێکی ناوازە بۆی بڕوانین کە لە کۆتا شیکردنەوەدا ناتوانین بیناسینو بیشوبهێنین بە هیچ شتێکی دیکە جگە لەخۆی، بۆیە ئەگەر ویستم لە بوونەوەرێکی مرۆیی تێبگەم، ئەوە دەبێت هەموو زانینە زانستییەکان دەربارەی تێکڕایەکی ئاماریی بۆ مرۆڤ، وەلا بنێمو هەموو تیۆرەکان توورپبدەم، تا بتوانم هەڵوێستێکی نوێو بێلایەن وەربگرم، تەنها بە ئەقڵێکی کراوەشەوە دەتوانم ئەم ئەرکە ڕاپەڕێنم.(٢٧)

بۆیە، لای یۆنگ ئەگەر حوکمێکی زانستی وەها بەسەر مرۆڤدا بدەین کە مۆرکێکی گشتگیرو تەرزییانەی هەبێت، ئەوە لە سنووری ناسینەوەی گشتیو ڕیزکردنیان بەپێی پیتەکانی ئەلفوبێ دەرنەچووین. بەڵام ئەگەر بمانەوێت وەك سروشتێکی هەقیقی لێی تێبگەین، دەبینین مرۆڤ تاكو ناوازەیە، تەنها ئەمەش شایستەی ئەوەیە گرنگی پێبدەینو لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکەین، ئەویش دوای ئەوەی لە هەموو ئەو پێوەرانەی دادەماڵین کە بەلای پیاوی زانستەوە گرنگە. لەبەرئەوە دەبینین میتۆدەکەی یۆنگ میتۆدی تیگەشتنو هاوشوناسی کردنە، پێش وەسفو لێکدانەوەی ئەقڵی، کە فرۆید پێڕەویی لێکردووە. لای یۆنگ زەمینەکانی ئەقڵی مرۆڤ ناتوانێت لە ڕۆحی

سەردەمەکەی خۆی تێبگات، بۆیە ئەو ئاراستەیەکی فەلسەفیانەی دژ بە مەیلی زانستیی وەردەگرێتو دەڵێت:

**وەك چۆن جاران باوەڕ وابوو کە هەرچی هەیە، بوونی خۆی لە یەزدانی داهێنەرەوە وەردەگرێت، ئەوەش وەك باوەڕێکی حاشاهەڵنەگر وەردەگیرا، بەهەمان شێوە دۆزینەوەکەی سەدەی نۆزدەش کە دەڵێت هەرچی هەیە بوونی خۆی لە هۆی سروشتیەوە وەردەگرێت، ئەویش بووە بە باوەڕێکی حاشاهەڵنەگر.** (٢٨)

بەمجۆرە، یۆنگ دیدێکی میتۆدییانەی پێچەوانەی حەتمییەتی هەیە کە کاریگەریی لەسەر فرۆید هەبوو. خۆی لەژێر کاریگەریی کەشوهەوای زانستیو هزریی باوی سەردەمەکەیدا، پێشنیاری چەمکی گومان دەکاتو چەمکی ناحەتمییەت دەهێنێتە ناو کایەی دەروونییەوە. یۆنگ پێیوایە واقیع جەخت لەسەر بوونی ڕێکەوت لە هەموو جێگایەکدا، دەکات؛ ڕێکەوت بەشێوەیەکی یەکلایی کراوە خۆیمان بەسەردا دەسەپێنێت، ژیان ناوبەناو ملکەچە بۆ یاساو ناوبەناویش لە یاسا دەردەچێت؛ تاوێك ئەقڵانییەو تاویکی دیکە نائەقلانی، ئەقڵو ئیرادە تەنها لە چوارچێوەیەکی تەسکدا کارانو بەهایان هەیە، هەتا ڕەوتی پشتبەستوو بە ئەقڵ فراوانتر ببێتەوە، زیاتر دڵنیا دەبین کە ئێمە ئەگەرەکانی ژیانی نائەقڵانی وەلا دەنێین، کە ئەمانیش بەهەمان بڕ مافی ژیانیان هەیە.(٢٩) لەکاتێکدا کە فرۆید زۆر لایەنگیری تێڕامانی فەلسەفی نیە، دەبینین یۆنگ بە تێڕامانەکانی خۆی بەتەواوەتی دەچێتە ناو فەلسەفەوەو جەخت دەکات لەسەر پێویستیو گرنگی تێگەیشتنی ژیانی سایکۆلۆجیانەی مرۆڤ، دەڵێت:

**پێویستە تیۆرێکی دەروونی کە پەرۆشی ئەوەی هەبێت زیاتر بێت لە ئامرازێکی تەکنیکیی، لەسەر بنەمای دژەکان دابمەزرێت، بەبێ ئەمە، هیچ هاوسەنگییەك، سیستمێك لەئارادا نابێت، بەردەوام پێویست دەکات دژە هێزێك هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت هاوسەنگی بهێنێە دی.** (٣٠)

یۆنگ کە ئەم دیدە فەلسەفییەی هەڵگرتۆتەوە، بۆچوونە دێرینەکانی ئەرەستۆمان دەربارەی ئامانجداریی دەهێنێتەوە یاد. یۆنگ بۆچوونە حەتمییەکەی فرۆید بۆ کەسێتی ڕەتدەکاتەوەو جەخت دەکات کە شێوازی بینین ئامانجیانە، ئاماژەیە بۆ دەوڵەمەندیی

بۆچوونەکان دەربارەی دەروون، چونکە تاکە یەك هێما بۆ بۆچوونەکانی ناو خەونەکانمان لەگۆڕێ نیە، بەڵکو ئاماژەکان بە گۆڕانی کەسەکان دەگۆڕێنو هەر ئاماژەیەك مانایەکی تایبەتی خۆی هەیە. یۆنگ بیرۆکەکەی خۆی ڕوون دەکاتەوە:

ڕاڤەکردنی ڕووداوێکی دەروونی، پێویستی بەوەیە لە هەردوو گۆشەنیگای هۆییو ئامانجییەوە سەیر بکرێت، من باسی ئامانجدارێتی دەکەم بۆ ئەوەی خۆم لە هەر ئالۆزییەك بپارێزم کە لە چەمکی ئامانجدارێتی فەلسەفیدا هەیە، چونکە مەبەستی من لە ئامانجدارێتی مەیلی دەروونە بەرەو ئامانجێکی ئایندەیی. چونکە هەموو ڕووداوێکی دەروونی ئاماژەی لەجۆرەی لەخۆیدا هەڵگرتووە، ئەو تووڕەییەی لە جنێوێکەوە دەکەوێتەوە، داوای تۆڵەکردنەوە دەکاتەوە، یان کەسێك لە پرسەدایە، بەزەیی ئەوانیتر دەجووڵێنێت.[٣١]

یۆنگ سەرلەنوێ مێتافیزیك دەهێنێتەوە ناو دەروونزانیەوەو بۆچوونە سۆفیگەرییەکان دەخاتەوە بەرچاو، تا بە شێوەیەك لە شێوەکان پێمان بڵێت دەروونزانی ناتوانێت ببێت بە زانستێکی وەزعی (پۆزەتیڤ)، بەڵکو تەرزێکی مەعریفیی گشتگیرەو سنووری زانینە ئەقڵانییەکان دەبەزێنێت، ئەوانەی هەمووان لەسەر یاساییبوونیان کۆکن، هەربۆیە ڕاشکاوانە دەڵێت: هزری زانستی هاوچەرخ کوڕی هۆدارێتییە، گەڕان بەدوای هۆی کارتێکەرەکاندا لەوێدا زۆر باوە، بۆیە هزرە فرۆیدییە حەتمییەکان پوختە دیارنو خەڵك زۆر کێشدەکەن، بەتایبەتی کە پێویست دەکات لێکدانەوەیەکی زانستیانە بۆ سایکۆلۆجیای خەون بکەین. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت گومانی بخەینەسەر، چونکە هەر بە زەرورەت ئەوە کارێکی ناتەواوە، چونکە دەرون ملکەچ نابێت بۆ پاڵنەرە هۆدارەکان، بەجۆرێك هەموو ئامانجدارێتیەکی لێ دوور بخرێتەوە.[٣٢]

لەچوارچێوەی ئەم دیدە فەلسەفییە سۆفیانەیەدا، یۆنگ پێشنیاری چەمکێکی تەماوی دەکات: نائاگایی دەستەجەمی، کە وەك عەمبارێك وایەو شتە دوورەکانی تێدا هەڵگیراوە، ئەوانەی پەیوەندیان بە سەردەمی ئێستا، یان دەستەی کۆمەڵایەتیو ئەژادییەوە نیە؛ بەڵکو عەمباری کاردانەوە نموونەییەکانی مرۆڤە، کە لەسەردەمە سەرەتاییەکانەوە دەستیپێکردووەو دەگاتە پەیوەندیی نێوان دوو ڕەگەزەکە، باوكو دایكو

نەوەكان، ڕقو خۆشەویستی، لەدایكبوونو مەرگ...هتد.[٣٣] یۆنگ لەوێوە باسی نائاگایی دەكاتو دەڵێت ناشێت ببێت بە ئاگایی.

وەك بڵێی باس لە هەڵقولاَنێكی مێتافیزیكی دەكات، كە لە هەڵقولاَنە ئۆرگانییەكەی بێرگسۆن دەچێت. یۆنگ سڵ ناكاتەوە لەوەی تەرزی سەرەتایی ناوبنێت بۆچوونی دەرونیو بەوەش لەگەڵ بێرگسۆندا كۆكە كە باسی ئەبەدییاتە نەخولقێنراوەكان دەكاو دەڵێت ئێمە دەتوانین كرۆكی مانای نائاگایی دەستەجەمی دیاریی بكەین، بەلاَم ناتوانین وەسفی بكەین، ئەم تەرزە سەرەتاییە وەك سیستمێكی میحوەریی شاراوە بوونی هەیە كە وەكشستێكی پێشین خۆی حەشاردابێتو لەناو دەروندا ڕەگی داكوتابێت. یۆنگ ڕاشكاوانە باسی مۆركە مێتافیزیكیەكەی چەمكەكەی دەكاتو دەڵێت: ئەم بونیادە دەروونییەو پێكهاتەكانی تەرزە سەرەتاییەكان، ئەگەر پەیدا بووبن، یان نا، پرسەكە تایبەتە بە مێتافیزیكو ئێمە لە دەرونناسیدا وەلاَمێكمان بۆ نادۆزرێتەوە، لەبەر ئەوەی تەرزی سەرەتایی بە مێتافیزیكی دادەنرێت، چونكە ئاستی ئاگایی دەبەزێنێت.

یۆنگ لەم دیدەوە دابەشكارییە مێتافیزیكیەكانی بۆ دەروون دەكات، دیالەكتیكێكی چوار جەمسەر دادەمەزرێنێت، لە ناو ئاگاییدا چوار وەزیفەی بنەڕەتی هەن كە لەڕووی بونیادییەوە یەكتریی تەواو دەكەنو لە ڕووی وەزیفەییشەوە ناكۆكن: بیركردنەوە، كاری ئەقڵی لۆجیكیەو ڕاستو ناڕاست لێك جیادەكاتەوە. لەبەرامبەریدا هەست هەیەو گونجاو (خۆش)و نەگونجاو (ناخۆش) لێكجیادەكاتەوە. سێهەمینیان هەستكردنی تایبەت بە زانینمان دەربارەی شتە بەشەكیەكانی ناو جیهان، واتە درككردن بە وردەكارییەكانیان، لەبەرامبەریدا زەین هەیە، ئەمیان سەرقاڵی دركردنە بە هەمەكەكان، واتە دیمەنە گشتگیرەكان. بەهۆی ئەم چوار لایەنەوە لەناو دەرووندا هەم ناكۆكیو هەم تەواوكارییش هەیە.[٣٤] ئەم بۆچوونە سۆفییانەیە، وای لە میتۆدی یۆنگی كردووە فۆرمێكی پێچەوانەكراو یان هەڵگەڕاوەی میتۆدەكەی فرۆید بێت. فرۆید لە هەوڵی بانگكردنەوەی چەپێنراوەوە دەستپێدەكات تا بەهۆیەوە لە جیهان تێبگەین، بەلاَم یۆنگ داوا دەكات بگەڕێینەوە بۆ دواوەو بەناو قوولاَیی نائاگاییدا ڕۆبچین تا لە خود تێبگەینو لەویشەوە لە جیهان تێدەگەین. یۆنگ دەڵێت پێویستە مرۆڤ خۆی بناسێتو جەخت دەكات كە زۆر

سەیرە مرۆڤ خۆی وەك برێكی فەرامۆشكراو سەیردەكات، لەكاتێكدا كە ئەو داهێنەرو بزوێنەری شارستانێتیە، مرۆڤ بەلای خۆیەوە مەتەڵە؛ ئەمەش كاتێك ڕووندەبێتەوە كە سەیردەكەین هیچ ئامرازێكی پێویستی بەدەستەوە نیە بۆ بەراوردكردن تا خۆی بناسێت. ئەو دەتوانێت لەڕووی فسیۆلۆجیو توێكارییەوە خۆی لە گیانەوەرەكانی دیكە جیابكاتەوە، بەڵام لەو ڕووەوە كە بوونەوەرێكی ئاگایە، هیچ پێوەرێكی پێویستی بەدەستەوە نیە بۆ نرخاندنی خۆی، چونكە مرۆڤ دیاردەیەكی دەگمەنە لەسەر ئەم هەسارەیەو ناتوانێت بەراوردی بكات بە هیچ شێكی دیكە.[٣٥] بەڵام چۆن ڕێگای كەشفكردنی ناخی خۆمان بگرینە بەر، لەكوێوە بۆی بچین؟ لای یۆنگ، وەڵامەكە بریتی نیە لە پێڕەویكردن لە میتۆدی ئەقڵانییەت، بەڵكو گەڕانەوەی بۆ بۆچوونە سوفیو ڕۆحانییەتەكان، بۆیە هەڵوێستێكی دژە ئەقڵانی وەردەگرێتو دەڵێت.

**لە ئێستادا، تا دێت زیاتر باوەڕەكانمان سیفەتێكی ئەقڵانی وەردەگرن، بەجۆرێك چیتر فەلسەفەكەمان وەكو سەردەمە كۆنەكان نابێتە ڕێچكەیەك بۆ ژیان، بەڵكو گۆڕاوە بۆ پرسێكی هزریو ئەكادیمی، لەڕاستیدا بەتەنها ئەقڵ بەس نیە بۆ زانینی شتە شاراوەكان.**[٣٦]

ئەوەی شاراوەیە، شتێكی شەیتانیو شەڕەنگێز نیە، وەك فرۆید دەربارەی ڕەمەكەكان دەڵێت، بەڵكو شتێكە لە سروشتەوە هاتووەو بەتەواوەتی بێلایەنەو هیچ مەترسیداریش نیە، مەگەر هەڵوێستی ئاگایانەمان بەرامبەر بە ڕادەیەكی نائومێدكەرانە هەڵە بێت. لەم چوارچێوە مێتافیزیكیەوە، یۆنگ ڕەخنە لە بۆچوونەكانی فرۆید دەگرێت دەربارەی سێكسو تیۆری نیرۆسەكان لە پەیوەندیدا بە سێكسەوە، دەڵێت ئەوە دیدێكی تاكلایەنەیەو دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی بیركردنەوەی فرۆید لەناو سەردەمێكی ماتریالێدا، ئەو بە هیوابوو لەگەزو لیجارەكانی جیهان لەناو لابوری تاقیكردنەوەدا هەڵبهێنێتو چارەسەریان بكات.

یۆنگ وەك هاوتایەك بۆ دیدەكانی فرۆید، پێشنیاری تێگەیشتنە سۆفییانەكەی خۆی بۆ دەروون دەكات، ئەو هەمان ڕێچكەی خیمیای جاران دەگرێتەوە بەر كە چۆن دوایی دەگاتە لای زانستی كیمیا، دەڵێت ئەگەر هەروا بە سادەیی هزری خیمیایی وەها لە

قەڵەم بدەین کە هیچ نیە جگە لە دڵۆپاندنو گەرمکردن، هەڵەیەکی کوشندە دەکەین. خیمیا وێڕای شێوازەکانی کارکردنی، ڕوویەکی ڕۆحییانەشی هەیە، لایەنێکی دەروونیشی هەیە کە ئێمە هێشتا زۆر دوورین لەوەی ئەوەی پێویست دەکات لێوەی پوختە بکەین. فەلسەفەی خیمیا مزگێنیدەرێکی دڕدۆنگی نوێترین جۆری سایکۆلۆجیایە، ئەو وای کرد وەزیفە باڵاکەی وەرچەرخاندنی کەسێتی بدرێتە پاڵ کانزاکان، کە ئەمە خۆی نهێنی ئەم فەلسەفەو کلیلەکەشێتی کە چەندین سەدەیە بزر بووە. لە خیمیادا ئاوێتەکردنو تێکەڵکردنی فاکتەرە نەجیبەکانو بە پێکهێنەرە ئایەخو درشتەکان، تێکەڵکردنی وەزیفە دەرکەوتووە درەوشاوەکان بەوانەی کە هێشتا ڕەنگیان نەگرتووە، بەکورتی هیچ نین جگە لە موتوربەبوونی ئاگاییو ناگایی لە بوونەوەردا.[٣٧] لەو دەسپێکە هزرییانەوە، دەبینین دوای ئەوەی فرۆید سایکۆلۆجیای لە کۆشکی مێتافیزیك هێنایە دەرەوە، یۆنگ سەرلەنوێ دەیباتەوە ناوی. بەمجۆرە وێڕای بەرزیو نزمیو جیاوازیی لە نزیکی دیدو بۆچوونەکانی زانایانی دەرونشیکاریی لەگەڵ فەلسەفەدا، بەڵام هەموویان بەردەوامن لەسەر خستنەڕووی دیدو بۆچوونی وەهادا کە لە فەلسەفە خاڵی نین، هەریەکەیان هەوڵ دەدات لە ڕووی مێژووییەوە بەدوای خوددا بگەڕێتو لەناو جیهاندا جێگەی بکاتەوە. ئەمەش پەیوەندییەکی دیالەکتیکیەو پرسێکی چارەنووسسازەو بەدوای چارەسەردا دەگەڕێت.

### پەراوێزەکانی وەرگێڕی کوردی:

***بوون لەناو جیهاندا:** دەستەواژەیەکە ڕیشەی دەچێتە ناو فەلسەفەی بوونگەرایی، هایدگەر ئەم دەستەواژەیەی بەکارهێناوە مەبەست لێی ئەوەیە بوونی مرۆڤ زیاتر چالاکییە نەك حاڵەت، یان هەلومەرجو ژینگە. دەستەواژەکە زیاتر بە ئاڕاستەی مانایەو تێیدا تەرکیز دەکرێت لەسەر ئەوەی بوون بۆ هەر تاکێکی مرۆیی ناوازەیەو دەتوانرێت وەك هاومانای شوناس، یان خود سەیری بکرێت.

***مێتافیزیکی فرۆید:** ئایا دەتوانین لەپەیوەندیدا بە دەرونشیکارییەوەو بە تایبەتی بە فرۆیدەوە قسە لە مێتافیزیك بکەین؟ بەڵێ، دەتوانین لەتیۆرەکانی فرۆید دەربارەی ئەقڵو ڕەفتاری مرۆڤ و سروشتی واقیع ورد ببینەوە. ئەوە ڕاستە کە فرۆید بە مانا فەلسەفییەکەی سیستمێکی مێتافیزیکی

بنیاتنەناوە، بەڵام هزرو بیرکردنەوەی لەو کایەیە دابڕاو نیە، ئەو گریمانەی ژمارەیەك چەمکی کردووە، کە دەتوانین لەکایەی میتافیزیکدا وەگەڕیان بخەیەن، وەك:

***نائاگایی:** لای فرۆید زۆرێك لە ڕەفتارەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی نائاگا ئەنجامدەدرێنو پاڵنەری پەنهان لەپشتیانەوە هەن؛ واتە چەند چینێکی قووڵو شاراوەی پاڵنەرەکانو ئارەزووەکان هەن کە کاریگەرییان لەسەر ڕەفتارو کردەکانمان هەیە.

حەتمییەتی دەرونی: کۆی هزرو هەستوسۆزو ڕەفتارەکانی مرۆڤ بەرهەمی ئەزموونەکانی پێشووترو پرۆسە نائاگاکانن. ئەمانەش ئیرادەی مرۆڤ سنوردار دەکەن.

ململانێو دوالیزم: فرۆید دەروون دابەش دەکات بۆ ئەو (ئارەزووە ڕەمەکییەکان)، من (خودی ئەقڵانی)، منی باڵا (ویژدانی ئاکاریی)، لەنێوانیشیاندا ململانێیەکی ناوەکی هەیەو لەنێوان دوو جەمسەری ئارەزووەکانو خواستەکانی کۆمەڵگادا لەتوپەت دەبێت.

***نیرۆس:** بەهەر پشێوییەکی ئەقڵی دەوترێت کە نیگەرانییەکی زۆر یان نیشانە سۆزییە بەژانەکانی دیکەی لەگەڵدابێت، وەك ترسی بەردەوام، هزری نائەقڵانیو وەسواسی (حولحولێتی)، کاردانەوەی جەستەیی، خەمکۆیو زۆری تریش. لێرەدا پشێوییەکان ناگەنە ئاستی پچڕاندنی پەیوەندیی بە واقیعەوە، یان لەدەستدانی تەواوی ئەقڵانیبوون، بەڵکو زێدەڕۆییەك دەبێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ ململانێ ناوخۆییەکانو ئەو نیگەرانییەدا کە لێیان دەکەوێتەوە.

***دانە پاڵ:** پرۆسەی گوێزانەوەی ڕووداوێکی دەروونی لە ناخەوە بۆ شتێکی دیکە لە دەرەوە، ئیتر دەشێت دەرەوە کە جەستە بێت (لێرەدا گویزانەوەکە لە چەقەوەیە بۆ کەنار)، بۆ نموونە: کەسەکە بە ئەندامێکی جەستەی خۆی سەرسام دەبێت، یان لێی بێزاردەبێت. یاخود لەدەرەوەی جەستە بێت (گوێزانەوە لە کەسەوە بۆ بابەت) وەك ئاڕاستەکردنی خۆشەویست/ڕق بۆ کەسێك یان شتێك، بۆ نموونە.

***حەتمییەتی فرۆیدیی:** لای فرۆید حاڵەتە ئەقڵیو دەرونییەکانی مرۆڤ، بەرهەمی ڕووداوی پێشووترن، واتە هەمیشە کۆمەڵێك ڕووداو هەن کە بەو زەرورەتە دەگەنە ئەو ئەو حاڵەتانە، جا چ ئەرێنی بن یاخود نەرێنی. ئەو جەخت دەکات کە بەشی هەرە زۆری ڕەفتارەکانمان لەژێر کاریگەریی دوو پاڵنەری سەرەکییدان: ڕەمەکی ژیان (ئیرۆس) کە تایبەتە بە پێداویستییەکانی مانەوەو پاراستنی جەشن، لەگەڵ ڕەمەکی مەرگ (ساناتوس) ئەمیان مرۆڤ بەرەو کۆتاییەکانوو لەناوچوون دەبات.

**ماوەی سڕبوون:** لە تەمەنی پێنج یان شەشساڵیداو تا بەردەرگای نەرزەیی (باڵقبوون) چالاکییە سێکسییەکان لە مندالّدا ڕادەوەستنو هەستەکانی دیکەی چالاك دەبن، لەم ماوەیەدا ئۆدیپوسە گرێ

دەپووکێتەوەو میکانیزمەکانی چەپاندن دەستپێدەکەن، کە دەبێتە هۆی لەبیرکردنی یادەوەرییەکانی ساڵانی سەرەتای تەمەن.

**نائاگایی لای یۆنگ:** دەتوانین بڵێین تێڕوانینی یۆنگ بۆ نائاگایی (ئەقڵی نائاگا) ڕووبەرێکی فراوانتری لە دیدی فرۆید هەیە: لای فرۆید نائاگایی بریتییە لە کۆی ئارەزووە چەپێنراوەکانو یادەوەرییە لەبیرکراوەکان، بە شتێوەیەکی گشتی مۆرکێکی نەرێنییان هەیە. بەڵام یۆنگ دەیباتەوە بۆ چەمکێکی فراوانتر و ناوی دەنێت نائاگایی دەستەجەمیو کۆی بۆماوە هێماییە هاوبەشەکانی سەردەمە سەرەتاییەکانی مرۆڤایەتی لەخۆ دەگرێت.

**پەراوێزەکان:**

١-كارل يونغ، علم النفس التحليلي، ترجمة نهاد خياطة، مكتبة الأسرة، مصر، ٢٠٠٣، ص ٢٩١.
٢-مجموعة من المؤلفين، مدخل إلي علم النفس، ترجمة عيسي سمعان، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٩٧، ص ١٤ – ١٥.
٣-سيجموند فرويد، أفكار لأزمنة الحرب والموت، ترجمة جورج طرابيشي، دار الطليعة، بيروت، ط1، ١٩٧٧، ص ٥.
٤-د. مصطفي زيور، عبقرية فرويد، مجلة الفكر العربي المعاصر، العدد ١١، ١٩٨١.
٥-رالف رزق الله، فرويد والرغبة، دار الحداثة، بيروت، ط ١، ١٩٨٦، ص ٢٠.
٦-المصدر السابق، ص ٤٤.

**نائاگایی لای یۆنگ:** دەتوانین بڵێین تێڕوانینی یۆنگ بۆ نائاگایی (ئەقڵی نائاگا) ڕووبەرێکی فراوانتری لە دیدی فرۆید هەیە: لای فرۆید نائاگایی بریتییە لە کۆی ئارەزووە چەپێنراوەکانو یادەوەرییە لەبیرکراوەکان، بە شتێوەیەکی گشتی مۆرکێکی نەرێنییان هەیە. بەڵام یۆنگ دەیباتەوە بۆ چەمکێکی فراوانتر و ناوی دەنێت نائاگایی دەستەجەمیو کۆی بۆماوە هێماییە هاوبەشەکانی سەردەمە سەرەتاییەکانی مرۆڤایەتی لەخۆ دەگرێت.

**پەراوێزەکان:**

١-كارل يونغ، علم النفس التحليلي، ترجمة نهاد خياطة، مكتبة الأسرة، مصر، ٢٠٠٣، ص ٢٩١.
٢-مجموعة من المؤلفين، مدخل إلي علم النفس، ترجمة عيسي سمعان، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٩٧، ص ١٤ – ١٥.
٣-سيجموند فرويد، أفكار لأزمنة الحرب والموت، ترجمة جورج طرابيشي، دار الطليعة، بيروت، ط1، ١٩٧٧، ص ٥.
٤-د. مصطفي زيور، عبقرية فرويد، مجلة الفكر العربي المعاصر، العدد ١١، ١٩٨١.
٥-رالف رزق الله، فرويد والرغبة، دار الحداثة، بيروت، ط ١، ١٩٨٦، ص ٢٠.
٦-المصدر السابق، ص ٤٤.

٧-روجيه باستيد، السيسيولوجيا والتحليل النفسي، ترجمة وجيه البعيني، دار الحداثة، بيروت، ط ١، ١٩٨٨، ص ٤٣.
٨-حوار بين جان كليفرول وعدنان حب الله، مجلة الفكر العربي المعاصر، العدد ١١، ١٩٨١، ص ٥٢.
٩-التحليل النفسي الفرويدي، مجلة الفكر العربي المعاصر، عدد سابق، ص ١١٤.
١٠-ساره كوفمان، طفولة الفن – تفسير علم الجمال الفرويدي، ترجمة وجيه أسعد، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٨٨٩، ص ١٤٨.
١١-سيجموند فرويد، محاضرات جديدة في التحليل النفسي، ترجمة جورج طرابيشي، دار الطليعة، بيروت، ط 2، ١٩٩٨، ص ٢٠٥.
١٢-سيجموند فرويد، خمس دروس في التحليل النفسي، تقديم وتعريب رضا بن رجب وعبد الرزاق الحليوي، دار المعرفة للنشر، تونس، بلا تاريخ، ص ٨- ٩- ١٢.
١٣-ويليهم رايخ، المادية الجدلية والتحليل النفسي، ترجمة بوعلي ياسين، دار الحداثة، بلا تاريخ، ص ٤٤ – ٤٥.
١٤-المصدر السابق، ص ١٧.
١٥-فرويد، محاضرات جديدة في التحليل النفسي، مصدر سابق، ص ٨٢.
١٦-المصدر السابق، ص ٢١٤.
١٧-سيجموند فرويد، ثلاث مقالات في نظرية الجنسية، ترجمة مصطفي زيور وسامي محمود علي، دار المعارف، مصر، بلا تاريخ، ص ٦٣- ٦٤.
١٨-روجيه باستيد، السيسيولوجيا والتحليل النفسي، مصدر سابق، ص ٤٥.
١٩-سيجموند فرويد، محاضرات جديدة في التحليل النفسي، مصدر سابق، ص ١٩.
٢٠-ساره كوفمان، طفولة الفن - تفسير علم الجمال الفرويدي، مصدر سابق، ص ٢١٧ – ٢١٨.
٢١-سيجموند فرويد، ما فوق مبدأ اللذة، ترجمة د. اسحق رمزي، دار المعارف، مصر، ط ٢، ١٩٦٦، ص ٥٦.
٢٢-سيجموند فرويد، خمس دروس في التحليل النفسي، مصدر سابق، ص ٢٠.
٢٣-دراسات ٢٠-٢١.
٢٤-سيجموند فرويد، إبليس في التحليل النفسي، ترجمة جورج طرابيشي، دار الطليعة، بيروت، ط ٣، ١٩٩٩، ص ١٠٢ – ١٠٣.
٢٥-سيجموند فرويد، ثلاث مقالات في نظرية الجنسية، مصدر سابق، ص ٣٢.
٢٦-نهاد التكرلي، مقدمات منهجية في التحليل النفسي الوجودي، مجلة الفكر العربي المعاصر، عدد سابق، ص ١٣٨.
٢٧-ك. ج. يونغ، التنقيب في أغوار النفس، ترجمة نهاد خياطة، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٩٦، ص ١٤ – ١٦.
٢٨-ك.ج. يونغ، النفس الخافية، ترجمة سامي علام، دار الغربال، ط ١، ١٩٩٣، ص ٦٧.
٢٩-يونغ، النفس الخافية، مصدر سابق، ص ٨٣.
٣٠-مجموعة من المحللين النفسيين، مدارس التحليل النفسي، ترجمة وجيه أسعد، منشورات وزارة الثقافة، ١٩٩٢، ص ٨١.

٣١-المصدر السابق، ص ٨٩.
٣٢-يولاند جاكوبي، علم النفس اليونغي، ترجمة ندرة اليازجي، الأهالي للنشر، ط ١، ١٩٩٣، ص ٢١.
٣٣-المصدر السابق، ص ٦٣.
٣٤-المصدر السابق، ص ٢٤.
٣٥-يونغ، التنقيب في أغوار النفس، مصدر سابق، ص ٤٥.
٣٦-المصدر السابق، ص ٩٤.
٣٧-ك. ج. يونغ، جدلية الأنا واللاوعي، ترجمة نبيل محسن، دار الحوار، ط ١، ١٩٩٧، ص ١٦٢.

**سەرچاوە:**

ماڵپەڕی (الاوان)، لینکی:
https://alawan.bnt.nat.tn/2013/12/08/%D8%A7%D9%84%D9%81%D9%84%D8%B3%D9%81%D8%A9-%D9%81%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D8%AA%D8%AD%D9%84%D9%8A%D9%84-%D8%A7%D9%84%D9%86%D9%81%D8%B3%D9%8A/
ڕۆژی سەردان ٢٠١٧/٦/٢٠

# هەڵچوونی کورد لەسەر ئاوازی هەڵچوونی سروشت!!



د.محەمەد تەها حوسێن

هەمووومان لەنێو ئەم گەردوونەین‌و لەم سەرزەویەش دەژین، کەواتە یاساکانی هەردووکیان فەرمانڕەوای ئەم گێتیەی ئێمەن. گێتی لەسەر ڕیتمی یاسا گەردوونیەکانە بە گشتی‌و بەستراوەی سرووشتی ناوەخۆی پێکهاتەکانیشیەتی بە تایبەتیی، واتە نە دەتوانین سیستمێکی ئەلتەرنەیتیڤ بۆ یاسا گەردوونیەکان بدۆزینەوەو نە دەشتوانین بە عەقڵی خۆمان یاسا سرووشتیەکان بۆ ئەبەد وەلاوەنێین‌و بە یاساکانی خۆمان شوێنیان بگرینەوە.

مرۆڤ بواری ئەوەی هەیە ململانیٚ لەگەڵ سرووشت بکا، بەو ئاراستەیەی بیکات بە شوێنێکی لەبارتر بۆ ژیان، بەڵام تاسەر بواری ئەوەی نادرێتیٚ بە هەواو هەوەسی خۆی هەستیٚو دانیشیٚو بجولیٚ. سوڕی ژیانی هەر زیندوویەك لە چوارچێوەی سوڕێکی زیندەگی بایۆکیمیکیو بایۆفیزیکی ئەم سەرزەمینەو واوەتریش ئەم گەردوونەیە، بەڵام سووڕی ژیانی مرۆڤ فاکتۆرێکی خودیی کە (هۆش) لەپاڵ یاسا سرووشتیو گەردوونیەکان هەڵیدەسوڕێنێت، پاڵنەریەتی.

زۆر جارو لە زۆر بواری نوسینو قسەکردنی تردا (کەس)ی کوردیمان بە بوونەوەرێکی وەڵامدەرەوەی پاسیڤی سرووشتی زانیووەو وامان وێنا کردووە کە کەمترین کاریگەریی لەسەر دەوروبەرە سرووشتیەکەی خۆی داناوە، وەك هەر زیندوویەکی تر سوڕی ژیانی خۆی بردۆتە سەرو ئەم سووڕەش لەوەتەی وەك (کۆ) هەین وەك خۆی دووبارە بۆتەوە.

مرۆڤ تاکە بوونەوەرە ئامادەباشیەکی بۆماوەیی (جینیتیکی) بۆ درووست بووە، تاوەکو (هۆش)ی بکەوێتەبەرو ئاگای لەم هەموو وەرچەرخانو گۆڕانکاریانەی سرووشتو گەردوون بێتو دواتر پەیان پێببات‌و تێیان بگا، ئەمە ئەگەر توانی لەگەل هەلومەرجە ژینگەییو دەرەکیەکان کارلێك بکا.

سنووری هۆش بەقەد سنوورە ناکۆتاکانی گەردوون فراوانە، بەڵام هۆشی هۆشمەند هەر ئەوەندە بڕ دەکا کە خۆی بۆی لواوە، یا خۆی هەولّی فەراهەمکردنی داوە، مەگەر نا خەیالّی مرۆڤ لە گەردوونیش فراوانترو ناکۆتاترە، کەچی ئەوەی هەیەو هۆشمان پێیشکاوە هەر ئەوەندەیە کە بەهۆیەوە گەیشتووینەتە ئەمڕۆ.

گەردوون بەردەوام لە هەڵچوونو داچوونە، ئەم زەویەی ئێمەش لەنێویدا گەردێکە لە بێهەژمار گەردیلە پێکهێنەرەکانیو هەر بۆیەش هەرگیز لە جولەو گۆڕانکاری ناوەستیٚ. هەڵچوونی گەردوونو سرووشت داینامیکیەتێکە هەردەم (وزە) لە پشتیەتیو هەر وزەش لە فۆڕمی جیاجیا بەرهەمدێنێتەوە. ئاراستەی (وزە) لە گەردووندا فیزیکیانەیەو بە پێی یاسا گەردوونیەکانەو لەلایەکی تریشەوە بەردەوام یاسای دیکە دەخاتەسەر ئەم دەستوورە عاجباتیو سەرسوڕهێنە. زەویش کە بە سرووشت ناوی دەبەین بەندی کۆمەڵێك یاسای خۆیەتی لە گۆڕانکاریە کیمیکیو فیزیکیو کەشو هەواو گەرمیو ساردیو

بیۆلۆجیشەوە، بیۆلۆجیا دەرکەوتی ئەم یاسایانەیەو هەر بۆیەش ناتوانێ لێیان تێپەڕێنێ تا ئەو ئاستەی هاوسەنگیە سروشتیەکە بە شێوەیەکی گشتی لاسەنگ بکا.

مرۆڤ هەروەك سرووشت مەحکومی هەڵچوونو داچوونەکانە، بەڵام بەهۆی (هۆش) کە دواتر لە (عەقڵ)دا ڕێکدەخرێ، بواری ئەوەی هەیە وەك بکەرێك لەم سەرزەمینە دەرکەوێتو کاریگەری داهێنانەکانی خۆی بخاتەسەر، کە دواتر لە شارستانیەتو ژیانی ڕێکخراودا بەرجەستە دەبێ. مادام هۆش یاوەری مرۆڤە هەر ساتەوەختێکی جولەی ئەم بوونە کە(مرۆڤ)ە داهێنانێکی تازەیە بۆ خۆی، لە ژیانی خۆی، هەر بۆیەش ئەم بوونە دەبێ بگاتە ئەو ئاستە لە گەشەی هۆش، پەی بە هەموو یەکەو بڕگەکانی زەمەن ببات، تاوەکو هۆشیارانە (شوێن) ئاوەدان بکاتەوەو بیکات بەماڵێك بۆ ژیانو ئەم سووڕی ژیانەی کە سروشتیانە هەیەتی بیکات بە سوڕێکی عەقلانیانەو چیدی وەڵامدەرەوەیەکی پەرچەکردارییانەی سرووشتو دیاردەو ڕوداوو دەرکەوتەکانی نەبێ.

ئەم سەرزەمینە بە سرووشتەکەیەوە بە هاوسەنگی فیزیکیەوە بەستراوەتەوەو ناوە ناوە بە هۆی ترازانێك لە ڕەوتی جوڵەی خۆیدا دوچاری کۆسپو جۆرێك لە عاسێبوون دەبێتەوە، بەڵام ئەوەندەی پێناچێ لەنگیەکان لە ڕوداو کە ئێمە ناویان لێدەنێین (کارەسات)، یان (بەڵا)، یان (شۆك) هاوسەنگ دەبنەوەو سرووشت بەم هەڵچوونە تووڕەییانەی دەچێتەوە سەر ڕێچکەی یاساکانی خۆی. هەندێ جاریش مرۆڤ ڕۆڵی دیارو بەرچاوی هەیە لە زێدەڕەویو تا ئەو ئاستە دەڕوا زیان بە یاساکانی سرووشت بگەیەنێتو بیانترازێنێ، هەروەك پیسکردنی بەرگەهەوای زەوی بە گازە ژاراوی و پاشماوە پیسەکانی کارگەو ماشێنو.....تاد، هەروەها ڕێکنەخستنی سامانەکانی ئاوو کانەکانی ژێر زەویو سەرزەویو ئینجا تیشکە ئەتۆمیەکانو شەڕە کیمیاییەکانو لە سەرووی هەموو ئەمانەش ڕێکنەخستنی نەوەو وەچەنانەوە کە تادێ کێشە بۆ خۆی دەنێتەوەو شوێنی ژیانی لێ تەنگ دەبێتەوە.

ئەگەر زەوی لە چوارچێوەی یاسا گەردوونیەکاندا هاوسەنگییەکی فیزیکی هەیەو لە سەرزەویشدا کۆمەڵێك یاسا هەن جوڵەو داینامیکیەتو هەڵسوڕانەکانی ڕێك دەخەن، ئەوە مرۆڤیش لە چوارچێوەی ئەم یاسایانەو دواتر هەندێ یاسای دیکەی بیۆکیمیکیدا

ژیان دەباتە سەرو سووڕی ژیانی خۆی دەخولێتەوە. ئەگەر لافاوو زەمینلەرزەو ڕمانو داچونو ڕۆچوونی زەویو بەرزو نزمی پلەکانی گەرماو هەڵچوونو داچوونی کەشو هەوا پەیوەستی سیستمی ئەو وزەیەیە کە زەوی بەڕێوە دەبا، ئەوە مرۆڤیش چ وەك جەستەو چ وەك دەروون، یان دەکەوێتە نێو دۆخی هەڵچوونئامێزەوە، یان خۆی (خۆی) دەخاتە ئەم دۆخانەوە، وزەیەکیش لە نێو هەر یەکە لە ئێمەدا هەیە بەردەوام زیادو کەم دەکاتو قەوارەی کەسەکان یەکە بە یەکە هەڵدەسوڕێنێ.

هۆشیاری بەم وزەیە ئەم نهێنی، یان ئەم کۆدەیە دەبێ کەسی هۆشمەند بیدۆزێتەوە، تاوەکو هەمیشە جڵەوی جوڵەو ئاراستەکانی وزە لە دەست خۆیدا بێ. وزە سەرمایەیەکی تاکە کەسە لە سەرچاوە ژینگەییو جەستەییو دەروونیو دواتر عەقڵیەکەیەوە دەستمان دەکەوێ، هەر لەبەر ئەوەش نابێ هۆشمان بەم سەرچاوانە نەشکێو سەرەداوەکانی ئاراستەکردنیمان لێ تێکچێ.

وزەی ژیان هەر بە تەنها لە سەرچاوە جەستەییەکەوە نایەتە بەرهەم، هەر بەتەنها لە سەرچاوە دەروونیەکەشەوە ئاراستە ناگرێ، بەتەنهاش لە ژینگەوە هەڵیناهێنجین، بەڵکو بەرهەمی هەموو ئەمانەیەو سەرەنجام لە دۆخێکی دیکەدا کە وەردەگەڕێتە سەر وزەی عەقڵ خۆی فۆرمولە دەکاتەوە. هێز یا باشتر وایە بڵێین وزەی عەقڵ بەرهەمهاتووی هەموو ئەمانەیەو هەر بۆیەش کاتێ کە کێشەیەك لە پەیوەندیەکانی تاك لەگەڵ خۆیو دەرەوەی خۆیو دنیا، ڕوو دەدا، ئەوە لاسەنگیەك لە کارلێکی ئەم سێ سەرچاوەیە پەیدا بووەو کەسەکان پەیان پێنەبردووە.

لە پاڵ سووڕی ژیانی جەستەیی هەر تاکێکدا سووڕێکی دەروونیی هەیەو لە تەك ئەم هەردوو سووڕەش سووڕی فیزیکیمان هەیە کە پەیوەستە بە بەرخوردمان بە وروژێنەرەکانی ژینگەو شوێنەوە، ئینجا هەموو ئەمانە سوڕی عەقڵ لە تاکدا نەخشە دەکێشنو ئەگەر بەپێی ئەو نەخشەیە بجولێینەوە، نە زیان بە خۆمانو نە زیان بە ژینگە دەگەیەنین، نە خۆمان تووڕە دەکەینو نە ژینگەش. ئەگەر ملمان دایە بەر هەڵچوونە دەروونیە توندەکانمان، قەوارەی دەروونیمان بەر لە جەستەییمان دەشڵەژێ، کە ملیشمان دایە بەر هەڵچونە سرووشتیەکان، ئەوا بەر لە هەردوو لا، عەقڵمان دەشڵەژێ، هەر لەبەر

ئەوە گەشەی مەعریفی مرۆڤ دەبێ بگاتە ئەو ئاستەی قەوارەی عەقلانیمان بە شێوەیەك بونیات بنرێ خۆمان وەك (خود)ێکی هۆشیار سەرکردایەتی خۆمانو فەزای گوزەرانی خۆمان بکەین.

ئەگەر سەرنجی گۆڕانکاریەکانی کەشو هەوا بدەین کە لەم دوو دەیەی ڕابردوودا بە تووڕەیی هاتونەتە پێش، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بەشێکی هەڵچوونە سرووشتیو مەناخیەکان پەیوەستن بە یاسا ئاساییە سرووشتیەکانەوە، بەشێکیشیان پەیوەستن بە گۆڕانکاریە لە ناکاوەکانی سروشتەوە، کە لە خۆیدا هەوڵی گێڕانەوەی هاوسەنگی دەدا بۆ سووڕی ژیانی خۆی، هەندێکیان پەیوەستن بە هەڵسووڕانی خۆی لە گەردووندا و بەشێکیشیان پەیوەستن بە هەڵسووڕانی لە نێوەخۆیدا، هەندێکیشیان ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ کاریگەریی ئەم سەد ساڵەی دوایی مەیلە وێرانسازیەکانی مرۆڤ و ئەو دامەزراوانەی ئەوی لەسەرە، یا ئەو بەڕێوەیان دەبا.

لە هەر دۆخێکدا بێ زەوی پەکی خۆی لەسەر مرۆڤ ناخاتو ناوە ناوە خۆی ڕادەچڵەکێنێ، خۆی دەهەژێنێ، جا مرۆڤ و مرۆڤایەتی چی بەسەر دێ یا نایە ئەوە کێشەی ئەو نیە، گرنگ ئەوەیە زەوی لە چوارچێوەی یاساکانی مرۆڤدا هەڵناسوڕێ، بەقەد ئەوەی پەیوەستە بە نەریتێکی گەردوونی دینامیکی هیچ کاتێك لە جوڵە ناکەوێت.

با سەرنج بخەینەسەر خۆشمان وەك مرۆڤ، کە هەمیشە وزە لە سەرچاوەکانی هەڵچوونو سۆزو دواتر لە سەرچاوە جەستەییەکان وەردەگرین، هەرگیز هاوسەنگیمان لە سووڕی ژیانی خۆماندا دەست ناکەوێ ئەگەر هەڵچونەکان جڵەومان بکەن، هەروەك لەوەتەی هەینو تا ئێستاش هەر جڵەویان کردووین، بەوەش هاوسەنگ نابین هەر لە جەستەدا بوونی خۆمان بەرجەستە بکەین، بەڵکو بوونی ڕاستەقینەو سووڕی ژیانی هاوسەنگ لە ژیانی عەقڵە کە هەمیشە وزەی خۆی لە یەکگرتنی هەڵچوونو دەروونو دنیا دەدۆزێتەوە.

هەڵچووەکان هەمیشە هەڵچوونەکان دەیانبەنو لە کۆڵیان دەکەنەوە، ئەی ئەوە نیە کە نازانین شار ڕێکخەینو لە هونەری زانستی شارسازیو مەدەنیەتدا شکست دێنین،

چۆن چۆنی ئاو دەمانبات‌و دەبینە قوربانی تووڕەیی‌و هەڵچوونەکانی سرووشت؟، شار وەك بوونەوەرێکی زیندوو وایە هەرچی ئۆرگانی نێوی هەیە لە پەیوەندی هاوسەنگدان لەگەڵ یەکترو بەجۆرێك دەبێ گیانی بخرێتەبەر هەر زێنەت بێ لێی‌و تیایدا بژی. ئێمە بە پێوەرە کولتووریە مەدەنیەکان شارنشین نین‌و شارەکانیشمان بە ئەندازەگیریی شار هەڵنەنراون، ئەوەی هەیە کەڵەکەبوونێکی مرۆییەو لە دوورو نزیك ناچنە ژێر باری بەها مەدەنیەکانەوە.

ئەی ئەوە نیە کە لە چوارچێوەی یاسا جەدەلیەکانی کۆمەڵگەو نەتەوە دەردەچین، چ بەسەر وجودی سیاسی‌و کۆمەڵگەیی‌و فەردیمان دا دێت‌و دەبینە گاڵتەجاڕی ئێران‌و تورکیاو دەرو دراوسێ‌و دنیا؟. ئەی ئەوە نیە کە تووڕە دەبین کۆنترۆڵمان لە دەست عەقڵ دەردەچێت‌و بە یاسا ئاژەڵیەکان وەردەگەڕێینە یەکترو ڕۆژانە کارەساتی گەورە دەنێینەوەو کوڕە باوك دەکوژێ‌و باوکە کوڕ، کچە ڕادەکات‌و دواتر بە دەستی برا یا باوك یا خەڵکانی تر دەکوژرێ، لەسەر فول لایت‌و چاو لەیەکتر برین‌و شان لە شاندان‌و شتی بێمانای تر خوێن دەکەوێتە نێوان‌و تادێ زیاتر دەڕژێ؟. ئەی ئەوە نیە زەحمەتیەك ناخەینە بەر عەقڵ‌و هۆشمان‌و تەنها پێویستیەکانی جەستەمان پێ شتەو هیچ لە خەمی خواستەکانی عەقڵ نین کە لە بونیاتنانی ژیان بەعەقڵی خۆمان وەك بیرکەرەوە ئومێدیان بۆ دەخوازین.

ئێمە بوونەوەری هەڵچووین‌و زۆر لە مێژە هاوسەنگی لە سووڕی ژیانمان ترازاوە، ئەگەر هۆشمان بە هەڵچوونەکانی خۆمان هەبوایە، وەك وزەی بەرهەمهێن دەمانخستنە خزمەت بونیاتنانی هاوسەنگی‌و ژیانێکی هوشیارانەوە، کە ئەوەمان پێناکرێ تا وەهۆش خۆمان نەیەینەوە، هەر لە خزمەتی دەرەوەی خۆماندا دەبین‌و قەتاوقەت خزمەتی خۆمان ناکەین.

# سروشت و پێکهاتەی وەرگێڕان



د.فەرمان حەسەن*

## دەستپێك

زۆربەی چەمکە بەرفراوانەکان لە ڕوانگەیەکی بەرفراوانەوە ڕاڤەو لێکدانەوەیان بۆ کراوە، وەرگێڕان (Translation)یش لەو بەرفراوانیە بەدەر نییەو وەك چەمکێکی گشتگیرو بەرفراوان لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە پێناسە کراوە. بۆ وێنە زمانزانەکان لە ڕێگەی هێماو ئاماژە زمانەوانیەکانیەوە پێناسەیان کردووە، بەڵام زانایانی پڕۆگرامسازی لە ڕێگەی تۆڕە دەمارییەکانو فێربوونی ئامێرییەوە پێناسەیان کردووە، لە کاتێکدا دەروونزانەکان لە پێناسەکردنیدا تیشکیان خستۆتەسەر عەقڵی وەرگێرو ڕوودانی پرۆسە

عەقڵیەکان. لێ هیچ پێناسەیەکیان لە پێناسەکانی تر گونجاوتر نییە، چونکە پێناسەکردنی لە هەر بوارێکی زانستیو ئەدەبیدا لە چوارچێوەی بوارەکەدا بووە. هەروەها سەرجەم پێناسەکان سێ بەشی گرنگیان لەخۆگرتووە، ئەوانیش بریتین لە زمانی سەرچاوە، زمانی ئامانجو گواستنەوەی مانا. بەو پێیە وەرگێڕان بریتیە لە گواستنەوەی مانا لەدەقێکەوە کە بە زمانی سەرچاوە نووسراوە بۆ زمانی ئامانج. مەبەست لە زمانی سەرچاوە (Source language) ئەو زمانەیە کە لێیەوە وەگێڕدراوە، بەڵام زمانی ئامانج (Target language)، ئەو زمانەیە کە لە زمانی سەرچاوەوە وەرگێڕانی بۆ دەکرێت، گواستنەوەی مانا (Meaning transfer)ش پەیامی زمانی یەکەمە (زمانی سەرچاوە) کە پێویستی بە گەیاندن بە زمانی دووەم (زمانی ئامانج) هەیە (Kruželák,2021). بەو مانایە وەرگێڕان، ئاماژەیە بۆ گۆڕینی مانای هەموو جۆرە دەقێك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر. دەقی ڕەسەن بە زمانی سەرچاوە ناو دەبرێت، بەڵام بە دەقی وەرگێڕدراو دەوترێت زمانی ئامانج.

وەرگێڕان، بە مانا گشتییەکەی گۆڕینی دەقە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر. پرۆسەکە بە تەنها پەیوەست نییە بە جێگرتنەوەی وشەو وەرگێڕانی وشە بە وشە بۆ ئەوەی پەیامەکە بە هەمان شێوە بگات، بەڵکو وەرگێڕانێکی واتاییە بەبێ ئەوەی دەقە ڕەسەنەکە واتای ڕاستەقینە لەدەست بدات. واتە پرۆسەکە پێویستی بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕەگەزە کەلتووریو کۆمەڵایەتیانە هەیە کە چۆنیەتی تێگەیشتن لە پەیامو ئامانجی پەیامەکە لە زمانی ڕەسەندا پێکدەهینن (Egwuogu, 2024). چونکە ئەگەری هەیە دەستەواژەیەك لە زمانە ڕەسەنەکەدا مانایەك ببەخشێت ئەگەر بەباشی وەرنەگێردرێت مانایەکی تر بدات. بۆ وێنە کاتێك لە زمانی کوردیدا بە کەسێك دەوترێت (چاوی کەوتووە)، مانای ئەوەیە کەسەکە (خەواڵوو بووە)، وەرگێڕانی وشە بە وشەی زاراوەکە بۆ زامانێکیتر مانایەکی زۆر دوور لە مانا ڕاستەقینەکەی دەبەخشێت. بۆیە وەرگێڕان پێویستی هاوسەنگیەکی وردی نێوان مانەوە لەگەڵ مانای دەقی ڕەسەن (یەکەم)و وەرگێڕانی دەقەکە بۆ زمانی ئامانج (دووەم) هەیە (Ghosal,2023). هەروەها پێناسەی وەرگێڕان کراوە بەوەی بریتیە لە گۆڕینی دەقێکی ڕەسەن لە زمانێکەوە کە

دەقی سەرچاوەیە، بۆ دەقیکی نووسراو بە زمانێکی تر کە  دەقی ئامانجە (مندی،٢٠٠٩).
کردارەکە لە بنەڕەتدا گۆڕینی وشە بەرامبەر بە وشە نییە، بەڵکو گواستنەوەی یاساکانی زمانەکەشە کە زانیارییەکان دەگەیەنێت. واتا گواستنەوەی زانیاریو بیرکردنەوەو کەلتوورو شێوازی نووسینی نووسەر. بۆیە وەرگێڕان بە گرنگترین ئامرازی گواستنەوەی شارستانیەتو کەلتوورو دابو نەریتو بیرکردنەوە دادەنرێت (Steiner,2013).

وەرگێڕان جگە لە گواستنەوەی زانیارییە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکیتر رۆڵی تریش دەگێڕیت. زۆرجار بەبێ ویستی وەرگێڕ هەندێ وشەو زاراوە لە زمانی یەکەمەوە دەخزێنە ناو زمانی دووەم، بەڵام هەندێجار بە ویستی خۆی وەك خواستن وەریان دەگرێت (Kasparek,1983). هەندێجار خواستنەوەو وەرگرتنی وشە لە زمانی یەکەم بۆتە هۆی زیادبوونی وشە لە زمانی دووەمو دەوڵەمەندبوونی زمانەکە، بەڵام هەندێ جاریتر بە خواستنی وشە لە زمانی یەکەمو تێکەڵکردنیان بە زمانی دووەم لە کاتی وەرگێڕاندا، زمانی دووەم شێوێندراوە. لە وەرگێڕاندا جگە لە چەمكو زاراوە زانستیەکان کە لە هەموو جیهاندا بە یەك واتا بەکاردێن ناشێت هیچ وشەیەك لە زمانی یەکەمەوە وەك خۆی وەربگیرێت، بە تایبەت ئەگەر وشەکە واتای خۆی لە زمانی دووەمەوە هەبێت. لێ هەندێ وشەو دەستەواژە بەبێ ویستی هەمووان لە زمانی یەکەم دەخزێنە ناو زمانی دووەم لە ئەنجامی بەکارهێنانی بەردەوامیان بە تێپەڕبوونی کات بە شێوەیەکی ئاسایی لە زمانی دووەم ( نووسینو ئاخاوتن) بەکاردەهێنرێن.  بۆ وێنە ئەو وشەو زاراوانەی کە لە زمانی ئینگلیزی، یان زمانە لاتینیەکان بە مەبەست، یان بێ مەبەست خزاونەتە ناو زمانی کوردی.

ئایا وەرگێڕانی باشو ناوازە چۆن بەرهەم دێت؟. چی بکرێت بۆ ئەوەی بەرهەمێکی بیانی بە باشترین شێوە وەربگێردرێت؟، ئەوە ئەو پرسیارەیە کە مشتومڕی بەردەوامی لە نێوان وەرگێڕەکانو دڵسۆزانی بواری وەرگێران دروست کردووە. زۆرینەی کەس پێیان وایە وەگێڕانی باش ئەوەیە کە دەقی وەگێڕدراو لەدەقی ڕەسەن جیا نەکرێتەوە. واتە کاتێك بەرهەمێك لە زمانێکی بێگانەوە بۆ سەر زمانی دووەم وەبگێردرێت، خوێنەر وا هەست بکات بە زمانی خۆی نووسراوە. هەروەها هەندێ لە وەرگێڕەکان پێیان وایە پێویستە

دەق بە شێوەیەکی سروشتیو ئاسایی وەربگێردرێتو ناوەڕۆکەکەی لەگەڵ زمانی دووەم بگونجێندرێت، بەڵام هەندێکیان پێیان وایە پێویستە لە کاتی وەرگێڕاندا بە دڵسۆزییەوە مامەڵە لەگەڵ دەقدا بکرێتو بە ناوی گونجاندنەوە دەقە ڕەسەنەکە نەشێویندرێت، لێ هەندێکی تریان کە ئاراستەی سێیەمیان پێکهێناوە زەمینەی ناوەڕاستیان هەڵبژاردووە.

زاناو وەرگێڕی فەڕەنسی ئێتیان دولێ (Étienne Dolet) لە پەرتووکەکەیدا بەناونیشانی چۆنیەتی وەرگێڕانی باش لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر ( La Manière de Bien Traduire d'une Langue en Aultre)، دوو بنەمای سەرەکی بۆ وەرگێڕانی باش دیاریکردووە، **یەکەمیان** زانینی هەردوو زمانی سەرچاوەو ئامانجە بەباشی، بە تایبەت پێویستە وەرگێڕ توانای تێگەیشتنێکی تەواوی لە زمانی سەرچاوە هەبێت. **دووەمیان** تێگەیشتنە لە ناوەڕۆکی دەق، واتە پێویستە وەرگێر بە باشی لەناوەڕۆکی دەق تێبگاتو زانیاری تەواوی سەبارەت بە بابەتی وەرگێڕاو هەبێت (Dolet,2022). لێ پرۆسەی وەرگێڕان لەو سەردەمەدا بە بەکارهێنانی زیرەکی دەستکردو کۆمەڵێك تەکنیکی جۆراجۆر لەوە ئاڵۆزترە بە تەنها بەو دوو بنەمایە ببەسترێتەوە، بە تایبەت لە ئێستای کایەی ڕۆشنبیری کوردیدا.

## وەرگێڕانی ئەکادیمی

وەرگێڕانی ئەکادیمی (Academic translation)، پەیوەستە بە وەرگێڕانی دەقو نووسراوە ئەکادیمییەکان، لەوانە بڕوانامەکان، وتارە ئەکادیمیەکان، توێژینەوە زانستیەکانو نووسراوە ئەکادیمییەکانی تر. ئەوەی ئەم جۆرە وەرگێڕانە لە جۆرەکانی تر جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە وەرگێڕ تەنها پێویستی بە زانینی هەردوو زمانی سەرچاوەو ئامانجو جیاوازییە کەلتووریو کۆمەڵایەتیەکانی نێوانیان نییە، بەڵکو پێویستی بە شارەزاییەکی تەواو لە بواری نووسینو یاساو ڕێساو بنەماکانی نووسینی ئەکادیمی هەیە. نەك تەنها پێویستی بە شارەزایی لە نووسین بەڵکو لەبابەتیش هەیە، جگە لە تواناو لێهاتوویەکی بەهێز لە زمانی ئامانجدا (Maalouf,2023). وەرگێڕانی ئەکادیمی بە شێوەیەکی باو لەو وڵاتانەدا بەکاردەهێنرێت کە زیاتر لە زمانێکی فەرمیان هەیە، یان

له کاتی بەکارهێنانی زمانی بێگانە لە لایەن زانکۆ، یان ناوەندێکی ئەکادیمییەوە کە جیاوازە لە زمانی فەرمی وڵاتەکە (الحدیدی،٢٠٢٣).

وەرگێڕانی ئەکادیمی زۆرجار پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، بە تایبەت لە کاتی وەرگێڕانی ئەو دەقە ئەکادیمیانەی کە لە ئاستیکی بەرزدا نووسراون. بۆ وێنە وەرگێڕانی تێزو ماستەرنامەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر. لێ هەندێ جار پڕۆسەیەکی سادەیە، بۆ وێنە وەگێڕانی ئەو نووسراوانەی کە لەلایەن فێرخوازانەوە لە ماوەی خوێندنی ئەکادیمیدا نووسراون. نووسراوە ئەکادیمییەکان لە زۆربەی کاتدا بە مەبەستی ئەکادیمی بۆ کەرتی ئەکادیمی وەردەگێردرێن، بەڵام وەرگێڕانیان پێوستی بە ئاستێکی بەرزی وردبینی بە ڕێژەی ١٠٠٪ هەیە، بە جۆرێك وردبینیەکە بەسەر تەواوی چوارچێوەو پێکهاتەی بابەتەکە ڕەنگی داوەتەوە.

وەرگێری ئەکادیمی بۆ ئەوەی دەقێك بە وردبینیەوە وەربگێڕێت چوار هەنگاو دەگرێتەبەر، بریتین لە وەرگێرانی دەقی ئەکادیمی لە زمانی سەرچاوەوە بۆ زمانی ئامانج. پێداچوونەوە بە هەردوو زمانەکە بە مەبەستی دڵنیابوون لە گەیاندنی مانای ڕەسەنی زمانی سەرچاوە بۆ زمانی ئامانج. دەستکاریکردنی پێکهاتەکە بە مەبەستی گونجاندنی لەگەڵ دەقی ئامانج. هەروەها کۆتا پێداچوونەوە بە مەبەستی دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی مەرجەکان (Rapid Translate Team, 2024).

زۆرجار وەرگێڕانی ئەکادیمی تێکەڵ بە وەرگێڕانی تەکنیکی دەکرێت، لەگەڵ ئەوەی کە جیاوازییەکی گەورەش لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام بە ئاسانی تێکەڵ دەبن. هۆکاری ئەم بە ئاسانی تێکەڵبوونەش پەیوەندی بەوەوە هەیە کە هەردووکیان لە هەندێ قۆناغدا دەچنەوە سەر یەك. بۆیە ئەگەر وەرگێر شارەزایی لە هەردوو جۆرەکەی وەرگێڕان نەبێت، لەکاتی وەرگێڕاندا یەکێکیان تیکەڵی ئەویتر دەکات. وەگێڕانی ئەکادیمی پەیوەستە بە وەرگێڕانی بەڵگەنامە ئەکادیمییەکانەوە، وەك تویژینەوە زانستیەکان، وتارە ئەکادیمیەکان، کتێبی ئەکادیمی، گۆڤاری زانستی، نامەکانی ماستەرو دکتۆرا کە لە لایەن تویژەرانی خوێندنی باڵاوە ئامادە دەکرێن. هەروەها تایبەت نییە بە بوارێکی ئەکادیمی دیاریکراو، بەڵکو پەیوەستە بەسەرجەم بوارە زانستیو ئەدەبیەکان. بۆ وێنە

وتار، یان توێژینەوەی ئەکادیمی لە هەر بوارێکدا، پزیشکی، ئەندازیاری، ئەدەبی، زمانەوانی، مێژوویی ئەنجام درابێت، پێویستی بە وەرگێڕانی ئەکادیمییە. لێ وەرگێڕانی تەکنیکی تایبەتە بە وەرگێڕانی ئەو بەڵگەنامانەی کە پەیوەستن بە بەکارهێنانی زانیارییە زانستیو تەکنەلۆژییەکان لە بواری کرداریدا. بۆ وێنە وەرگێڕانی ماددە تەکنیکیەکان، کتێبی ڕێنمایی، ڕاپۆرتی تەکنیکیو بەڵگەنامەکانی تر کە پەیوەندیان بە بواری پڕاکتیکەوە هەیە (الحدیدی،٢٠٢٣).

لە وەرگێڕانی تەکنیکیدا وەرگێڕ جەخت لەسەر گواستنەوەی وردی زانیارییە تەکنیکیەکان دەکات، لە بەرامبەردا وەرگێڕی ئەکادیمی جەخت لەسەر گواستنەوەی دروستی واتای ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکان دەکات، بە تایبەت لە کاتی وەرگێڕانی توێژینەوەو ئەدەبیاتی ئەکادیمی بە گشتی (Circle Translations, 2024). لە ڕووی زمانەوانییەوە هەردووکیان پێویستیان بە وەرگێڕانی دروست هەیە، بەڵام زمان لە وەرگێڕانی ئەکادیمیدا، زمانێکی زانستیو تیۆریو ئاکادیمییە کە تیایدا وەرگێر پەیڕەوەی لە بنەماکانی نووسینو داواکارییە زمانەوانیەکانی نووسینی ئەکادیمی دەکات. لە کاتیکدا زمانی وەگێڕان لە وەرگێڕانی تەکنیکیدا، زمانێکی پڕاکتیکی کورتبڕەو تیادا وەرگێڕ خۆی لە وشەکاریو خولانەوە بەدووردەگرێت. لەگەڵ ئەوەشدا لێکچوونێکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە، چونکە دەشێت هەردووکیان لە هەمان بواردا بەکاربهێنرێن.

هەروەها هەندی جار وەرگێڕانی ئەکادیمی تێکەڵ بە وەرگێڕانی ئەدەبی دەکرێت. وەرگێڕانی ئەکادیمی ئاماژەیە بۆ وەرگێڕانی دەقێکی ئەکادیمی کە لە زمانی سەرچاوەوە بۆ زمانی ئامانج لە لایەن وەرگێڕێکی ئەکادیمییەوە وەگێردراوە. لێ وەرگێڕانی ئەدەبی، ئاماژەیە بۆ وەرگێڕانی دەقێکی ئەدەبی وەك شیعر، چیرۆك، ڕۆمان، شانۆنامەو ژانرە ئەدەبیەکانی تر، کە لە لایەن وەرگێڕو پسپۆڕێکی بواری ئەدەب لە زمانی سەرچاوەوە بۆ زمانی ئامانج وەرگێردراوەو تیایدا وەرگێر جەختی لەسەر گۆڕینی کۆدی زمانەوانی بۆ کۆدێکی تر، یان گەیاندنی مانای خوازراو کردووە. ئەرکی سەرەکی وەرگێڕانی ئەکادیمی گەیاندنی ناوەڕۆکی زانستی دەقێکی ئەکادیمییە وەك خۆی بە خوێنەر لە ڕێگەی وەرگێڕان لە زمانی یەکەمەوە بۆ زمانی دووەم، بەڵام وەرگێڕانی ئەدەبی جگە لە

گەیاندنی زانیاری بە خوێنەر، ئەرکی گەیاندنی جوانکاریشی هەیە. واتە ئەو وێنە هونەرییەی کە لەبەرهەمە ئەدەبییەکەدا هەیە، دەشێت وێنەکە، وێنەی کارەکتەرێك، یان سروشتێکی جوانو دڵڕفێن بێت کە کاریگەری لەسەر خوێنەر هەیە. بۆیە لە وەرگێڕانی ئەدەبیدا وەرگێڕ بە پلەی یەکەم سەرنجی لەسەر تایبەتمەندی دەقە ئەدەبییەکەیە، بە پێچەوانەی وەرگێڕانی ئەکادیمی کە تیایدا وەرگێڕ سەرنجی لەسەر ناوەڕۆکی دەقی زانستیو گواستنەوەو گەیاندنیەتی وەك خۆی (Manea & Manea,2013).

لە نێوان وەرگێڕانی ئەکادیمیو وەرگێڕانی ئەدەبیدا کۆمەڵێك جیاوازی دیکەی گەورەو زەق هەن. وەرگێڕانی ئەکادیمی لە وەرگێڕانی وشەیی دوور دەکەوێتەوە، بە بەراورد بە وەرگێڕانی ئەدەبی پێویستی بە پیشەییبوونی زیاترو تێگەیشتنی زیاتر لە دەقی ڕەسەنو پاراستنی ڕیزبەندی بڕگەکانی دەقو هێشتنەوەی بابەت لە پێکهاتەی بنەڕەتی خۆی هەیە. هەروەها وەرگێڕانی ئەکادیمی جگە لەوەی پێویستی بە کاتو هەوڵی زیاترە، لە ڕووی پلەی سەختیشەوە لە وەرگێڕانی ئەدەبی جیاوازە. چونکە وەرگێڕ پێویستی بە پاشخانێکی گەورەی زاراوەو زانیاری لەسەر هەردوو زمانەکە هەیە (برامكي،٢٠١٣؛ عناني،٢٠٠٣).

گرنگی وەرگێڕانی ئەکادیمی بە پەلەی یەکەم لەوەدایە کە پردی پەیوەندی نێوان ئەکادیمییەکانی وڵاتو کەلتوورە جیاوازەکانە. ئەو پەیوەندییەی کە لە سایەی وەرگێڕانی ئەکادیمی دروست دەبێت، دەرگایەکی فراوان بە ڕووی چەندین ئەگەرو هەلی زێڕین دەکاتەوە. لە ڕێگەی وەرگێڕانی ئەکادیمییەوە توێژەران دەتوانن پەرە بە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانیان بۆ چالاکیو هاوکاری ئەکادیمی بدەن، بەو پێیەی توێژەرانی هەر وڵاتێك پاشخانی زمانەوانیو ڕۆشنبیری جیاوازیان لە توێژەرانی وڵاتانی تر هەیە، چارەسەری ئەم جیاوازیەش تەنها لە ڕێگەی وەرگێرانەوە دەکرێت. لە ڕێگەی وەرگێڕانی ئەکادیمییەوە توێژەرانی ئەکادیمی لە سەرتاسەری جیهان بیرو بۆچوونەکانیان ئاڵوگۆڕ دەکەنو سوود لە بەرهەمەکانی یەکتر وەردەگرن. وەرگێڕانی ئەکادیمی ئاسانکاری بۆ توێژەران دەکات تا دەستیان بە سەرچاوەگەلی زانستی نوێ بگات کە بە زمانی جیاواز نووسراون، بەمەش جۆرێك لە گشتگیری ئەکادیمی دەڕەخسێت کە تیایدا زانیارییە

بەنرخەکان تەنها لە یەك گرووپی زمانەوانیدا سنووردار نابن. لە بواری پەروەردەو فێرکردنیشدا لە ڕێگەی وەرگێڕانی ئەکادیمییەوە وانەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر وەردەگێردێن، بە تایبەت لە وڵاتانی فرە زمان، یان لە ژینگەیەکی ئەکادیمی کە تایبەتمەندە بە هەمەجۆری کەلتووریو زمانەوانی. هەروەها لە ڕێگەی وەرگێڕانی بەرهەمە ئەکادیمییەکانی ڕابردوو بۆ سەر زمانە هاوچەرخەکان، وەرگێڕانی ئەکادیمی ڕۆڵێکی گرنگی لە پاراستنی میراتی کەلتووریو مێژوویی هەیە. وەرگێڕانی تویژینەوەی زانستیش لە ئێستادا دەبێتە میراتێکی زانستی بۆ نەوەکانی داهاتوو، وەك چۆن مرۆڤ لە ئێستادا پشتی بە میراتی زانستی پێشینان بەستووە.

## وەرگێڕان لە کایەی ڕۆشنبیری کوردیدا

بە شێوەیەکی گشتی وەرگێڕان ڕۆڵێکی کاریگەری لە کایەی ڕۆشنبیری کوردیدا بینووە، بەو پێیەی بەرهەمە وەرگێردراوەکان لەئاستێکی سەرووتر، یان واوەتری نووسینی کوردی دانو لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە خوێنەری کورد بە زۆریك لە دەقە ناوازەکانی گەلانی تر ئاشنا بووەو سوودی لە ئەزموونی گەلانی تر وەرگرتووە. لێ ئایا وەرگێڕان لە دنیای ڕۆشنبیری کوردیدا لە چ ئاستێکدایە؟، ئەمە ئەو پرسیارە سواوەیە کە لە ڕابردوودا گفتوگۆی زۆری لە بارەوە کراوە، بەڵام تا ئەو ساتەوەختە بێجگە لە چەند هەوڵێکی کەم، وەرگێڕانی کوردی بە شێوەیەکی گشتی لە دۆخێکی خراپ دایەو لەڕووی جۆرییەوە لە ئاستێکی زۆر نزم دایە. تەنانەت بە گەڕانەوە بۆ مێژووی چل ساڵەی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکان جگە لە زۆریو بۆریو کرچو کاڵی لە وەرگێراندا پێشکەوتنێکی ئەوتۆ نابینرێت.

کێشەی وەرگێڕانی کوردی لە نەبوونی وەرگێڕی باش دایە. کاتێك وەرگێر هەردوو زمانی سەرچاوەو ئامانج بە باشی نازانێتو شارەزایی تەواوی بە جیاوازییە زمانەوانیو کەلتووریەکانی نێوان هەردوو زمانەکە نییە. یان شارەزایی لەو بوارەدا نییە کە تیایدا وەردەگێڕێت. یانیش شارەزایی لە زمانی سەرچاوەو بواری وەگێڕان هەیە، بەڵام زمانی کوردی بە باشی نازانێتو بە زمانێکی تێکەڵ بە زاراوەی ناوچەی خۆیەوە بەرهەمەکە

وەردەگێڕێت. مەرجی یەکەم بۆ وەرگێڕانی باش، وەرگێڕانی دەقە لە زمانی یەکەمدا، کە چی تا هەنووکە وەرگێڕان بۆ هەندێ دەق لە زمانی دووەمو سێیەمو تەنانەت چوارەمەوە دەکرێت. بۆ وێنە کتێبی (زەردەشت ئاوا دوا)ی نیچە لەگەڵ ئەوەی بە زمانێکی پاراوو کوردییەکی بێخەوش وەرگێڕدراوە، بەڵام لە زمانی ئەڵمانییەوە کراوە بە ئینگلیزی، لە ئینگلیزیشەوە کراوە بە فارسی، ئینجا وەرگێڕداوەتە سەر زمانی کوردی. بێگومان ئەگەر دەقە کوردییەکە دووبارە وەربگێڕدرێتەوە سەر زمانی ئەڵمانی جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ دەقە ڕەسەنەکەدا دەبێت. زۆربەی ئەو بەرهەمانەی کە لە زمانی یەکەمەوە وەردەگێڕدرێن بەرهەمی ئەدەبین، لەوانە چیرۆکو ڕۆمان، لە ناویاندا وەرگێڕانی باش هەیە، بەڵام لە هیچ ڕوویەکەوە بەراورد ناکرێن بەو چیرۆکو ڕۆمانانەی کە لەلایەن کۆچکردووان (شوکر مستەفا، ساڵح محەمەد ئەمین، جەلال تەقی، عەزیز گەردی) لە ساڵانی هەشتایەکانی سەدەی ڕابردوو لە زمانی یەکەمەوە، زمانەکانی عەرەبی، تورکی، ئینگلیزیو ڕووسیەوە کراون بە کوردی.

لایەنێکی تری خراپی وەرگێڕانی کوردی پەیوەندی بە نەزانینی زمانی دووەم، واتە زمانی دایکەوە هەیە. کاتێك وەرگێر زمانی یەکەمی زانیووە، بەڵام بەهۆی نەزانینی زمانی کوردییەوە دەقێکی بە زمانو شێوازێك وەرگێڕاوە کە زۆر نامۆیە بە زمانو شێوازی نووسینی کوردی. بۆ وێنە وەگێڕ لە کاتی وەگێڕانی دەقێکی دەروونزانیدا، بە هۆی تێنەگەیشتن لە واتای چەندین بڕگەی ناو ناوەڕۆکی دەقەکەوە لە بری وەرگێڕانی واتایی، پەنای بردۆتەبەر وەرگێڕانی وشەیی کە لە واتای ڕەسەنی بڕگەکان دوورکەتۆتەوە. ئەو دۆخە بۆتە هۆی ئەوەی خوێنەر لە ڕێگەی ئەم جۆرە وەرگێڕانەوە بەر کۆمەڵێك کتێبی خراپ بکەوێتو زۆرێك لە هزرو مژارە نوێیەکانی بە کێماسیەوە پێ بگات. لایەنێکی تری خراپی وەرگێڕان لەوەدایە کە تاقە کەسێك بە هۆی فرۆشی کتێبەکانیەوە پەلی بۆ وەرگێڕان لە هەموو بوارێکدا هاوێشتووە، لە وەرگێڕانی دەقە ئەدەبیەکانەوە تا وەگێڕانی دەقی دەروونزانیو کۆمەڵزانیو ئەو دەقانەی دەچنە خانەی بواری گەشەپێدانی مرۆییەوە. ئەمەش تەنها زۆریو بۆری بەرهەمهێناوە، نەك کاری ناوازە کە ئەرکی سەرەکی وەرگێڕانە.

دۆخی خراپی وەرگێڕان لە دوو لاوە کاریگەری بەرچاوی لەسەر کایەی ڕۆشنبیری کوردی لە ئێستاو ئایندەدا هەیە. لەلایەك وەرگێڕانی خراپ بە هۆی تینەگەیشتنی وەگێڕ لە دەق‌و لێکدانەوەی هەڵە بۆ تایبەتمەندییە زمانەوانی‌و کەلتوورییەکان، مانای ڕاستەقینەو جەوهەری دەقە ڕەسەنەکە دەشێوێنێت. ئەم شێواندنە جگە لەوەی دەبێتە هۆی نزمی کوالێتی وەرگێڕان‌و گواستنەوەی هەڵە، ئەگەری هەیە لە داهاتوویەکی دووریشدا کاریگەری خراپی لەسەر ئاڵۆگۆڕی فیکری‌و کەلتووری نێوان دوو زماندا هەبێت. لە لایەکی تر وەرگێڕانی خراپ کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ناوبانگی نووسەرو پێشوازیکردن لە بەرهەمەکانی لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوەدا دەبێت. وەرگێڕان پردێکە بۆ پەیوەندییە زمانەوانی‌و کەلتوورییەکان. وەرگێڕانی باش ڕۆڵی پردێکی باش لە پەیوەندییەکە دەگێڕێت، بە پێچەوانەوە وەرگێڕانی خراپ بەربەست بۆ پەیوەندییەکە دروست دەکات. لەم نێوەدا وەرگێڕانی کوردی تا ئێستا نەیتوانیووە ڕۆڵی پردێکی باش بۆ گەیاندنی ئەدەب‌و فەرهەنگی کوردی بە گەلان‌و گواستنەوەی ئەدەب‌و فەرهەنگی گەلان بە کورد ببینێت.

## ئاستەنگیەکانی بەردەم وەرگێڕان

وەرگێڕان پرۆسەیەکی ئەستەمە، تیایدا وەرگێڕ بە هۆکاری جۆراجۆر ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگی دەبیتەوە، بەشێکی هۆکارەکان پەیوەندیان بە ناوەڕۆکەوە هەیە، بەشێکی تریان پەیوەندی بە زمانەوە هەیە، چ زمانی سەچاوە یان ئامانج، بەڵام بەشێکی تریان پەیوەندیان بە خودی وەرگێر خۆیەوە هەیە. ئاستەنگیەکانی بەردەم وەرگێڕان جۆراوجۆرن، هەندێ جار پەیوەستن بە هاوکێشەی مانا لە نێوان دوو زمانەکە، یان گەیاندنی پەیامی زمانی سەرچاوە بە زمانی ئامانج. هەندێ جاری تر پەیوەستن بە قاڵبی زمان‌و واتاسازی‌و پراگماتیکی دەربڕینە زمانەوانییەکان. لێ هەندێ جاری تر پەیوەستن بە جیاوازییە زمانەوانی‌و کەلتووری‌و ئایینیەکانەوە. بۆ وێنە ئەو جیاوازییە زمانەوانی‌و کەلتووریانەی کە لەنێوان زمانی کوردی‌و زمانەکانی تردا هەیە ( Nabokov, 2021; Rustamova,2023).

ناوەڕۆك ئەو مادده بنەڕەتیەیە كە هەموو لایەنەكانی وەگێڕانی لە دەقی ڕەسەنەوە بۆ دەقی وەرگێڕدراو لەخۆگرتووە. تێگەیشتن لە ناوەڕۆكی دەقێك، مانای ئەوە نییە بتوانرێت دەقەكە بۆ زمانی دووەم وەربگێردرێت، زۆر جار تێگەیشتنی هەڵە، یان ناتەواوییەك لە هەندێ دەستەواژە، یان وشە بە تەواوی ماناو ئامانجی دەقەكە دەگۆڕێت. یان كاتێك شوێنكاتی ڕوداوەكان لە ناوەڕۆكدا ڕوون نەبێت، دەقی وەرگێڕانەكە بێ زەمینەو ناهاوسەنگ دەبێت، بۆ وێنە ناوەڕۆك چیرۆكی ڕووداوێكی بە كاتی ڕابردوو لەخۆگرتووە، بەڵام دواتر چیرۆكەكە بە كاتی ئێستا كۆتایی دێت، لێرەدا ناهاوسەنگیەكان بۆ تێگەیشتن لە مانای پێویست بۆ وەرگێڕانەكە ڕوودەدات. هەندێ جار ئاستەنگی ناوەڕۆك پەیوەندی بە هەبوونی جۆرێك لە ناتەواویو كەموكوڕی لە دەقی ڕەسەنەوە هەیە، هەندێ جاری تر پەیوەندی بە لاوازیو بێتوانایی وەرگێر لە تێگەیشتن لە ناوەڕۆكی دەقەكەوە هەیە. لێ هەندێ جار ناوەڕۆكی دەقی ڕەسەن بە زمانی یەكەم بە ئەندازەیەك گرانو ئالۆزە كە بە هیچ جۆرێك ناتوانرێت وەك خۆی بۆ زمانی تر بگوازرێتەوە.

وەرگێڕان گۆڕینی دەقە لە زمانێكەوە بۆ زمانێكی تر كە هەر یەكەیان پێكهاتەیەكی جیاوازو پیتو شێوازی نووسینو كۆمەڵێك تایبەتمەندی خۆی هەیە. واتە پێكهاتەی هەر زمانێك لە پێكهاتەی زمانێكی تر جیاوازە، بۆ وێنە پێكهاتەی ڕستە لە زمانی كوردیدا جیاوازی زۆری لەگەڵ پیكهاتەی ڕستە لە زمانەكانی ئینگلیزیو فەڕەنسیدا هەیە، یان دانانی ئاوەڵناوەكان لە زمانی فەڕەنسیدا بە تەواوی جیاوازە لە دانانیان لە زمانی ئینگلیزیدا. ئەم جیاوازییە لە نێوان سەرجەم زمانەكاندا تەنانەت لە نێوان دوو زمانی لەیەك نزیكیشدا هەیە. تاكە شتێك كە زمانەكان بەیەكەوە دەبەستێتەوە، واتاو ئاماژە زمانەوانیەكانن. هەر زمانێك یاساو ڕێسای تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە گواستنەوەی ڕستەو برگەی دەقیك لە زمانێكەوە بۆ زمانێكی تر پێویستی بە شارەزایی تەواو لە یاساو ڕێساكانی هەردوو زمانەكە هەیە. كێشە زمانەوانیەكان لە وەرگێراندا ئەو كاتە سەر هەڵدەدەن كە وەرگێڕ نەتوانێت بە پێی یاساو ڕێسا زمانەوانیەكانی دەقەكان مامەڵە لەگەڵ هەردوو دەقەكەدا بكات. یا ڕەنگە كێشەكە پەیوەندی بە جیاوازییە تەكنیكەكانی زمانەوە هەبێت، چونكە هەندێ زمان

تەکنیکەکانی زمانی تر لەخۆناگرن، بۆ وێنە لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێك تەکنیکی زمانەوانی وەك وەرگرتن، خواستن، لێکچواندنو لکاندن هەیە کە ڕەنگە لە زمانی تردا نەبێت.

هەورەها زۆرێك لەو کێشانەی کە وەرگێڕ لە کاتی وەرگێڕانی دەقێکی زانستی، یان ئەدەبی ڕووبەڕووی دەبێتەوە پەیوەندیان بە جیاوازییە زمانەوانیو کەلتوورییەکانی نێوان زمانی سەرچاوەو زمانی ئامانجەوە هەیە، بە تایبەت ئەگەر دوو زمانەکە لەیەك دووربن. ئەو کێشانە لە کاتێکدا سەرهەڵدەدەن کە وەرگێڕ بەهۆی جیاوازی زمانەوانیو کەلتووریو هەندێ جار ئایینیەوە ناتوانێت واتا بۆ هەندێ وشەو زاراوە بدۆزێتەوە کە لە زمانی سەرچاوەدا هەن (Imami & Muin,2021). کێشەی هەندێ زمان لەوەدایە کە بە ڕادەیەك بە چەمكو زاراوەی کەلتووری بارگاوی کراوە وەرگێڕانیان بۆسەر زمانی تر ئێجگار سەختە (Chahrour,2024). بۆ وێنە لە کەلتووری ئەوروپیدا لە زمانی ئینگلیزی چەمکی کوڕە هاوڕێو کچە هاوڕێ (Boyfriend, Girlfriend)، یان لە زمانی فەرەنسی (Petit ami, petite amie) چەمکگەلی باونو هیچ ئاستەنگیەکیش بۆ بەکارهێنانیان لە بواری ئەکادیمیو ئەدەبیدا نییە، ڕەنگە کێشەیەك لە وەرگێڕانیان بۆ سەر زمانی کوردی لە (کوڕە هاوڕێ، کچە هاوڕێ)دا نەبێت، بەڵام لە وەرگێڕانیان بۆ سەر زمانی عەرەبی کێشە دروست دەبێت. چونکە لە لایەك چەمکەکان لە کەلتووری عەرەبیدا ئێجگار نامۆن، لەلایەکی تر زمانی عەرەبی، زمانێکی کشاو نییەو ناتوانرێت بە چەند وشەیەك مانای وشەیەك لێکبدرێتەوە. بۆیە وەرگێڕانی هەردوو چەمکەکە بە (حبیب) وەك ئەوەی لە فەرهەنگەکانو هەندێ سەرچاوەدا هاتووە، مانای ڕەسەنی چەمکەکان بە زمانەکانی ئینگلیزیو فەرەنسی ناگەیەنێت. یان وەرگێڕانی ناوی هەندێ خواردنو خواردنەوە لە ژینگەی ئەوروپیدا، بۆ وێنە وەرگێڕانی وشەی (Porridge)ی ئینگلیزی کە ناوی شۆربای جۆیە لەئاو یان شیر کوڵێندراوە بۆ (شۆربا) وەرگێڕانێکی تەواو نییە بۆ وشەکە، لە ئەگەری کردنیشی بە (شۆربای جۆ) دەبێتە وەسفی ناوەکە نەك وەرگێڕانی، بۆیە بەڕای شارەزایانی بواری وەرگێڕان لە باشترین دۆخدا پێویستە وشەکە وەك خۆی (پۆریج) بە ڕێنووسی زمانی دووەم بنووسرێتو لە تەکیەوە وشە ئینگلیزییەکە

بخرێتە ناو دوو کەوانەوە. بۆ وەرگێڕانی ناوی (دۆڵمە)ش بە هەمان شێوە کە خواردنێکە لە کەلتووری کوردیدا باوە، بەڵام بەکەلتووری ئەورووپی نامۆیە. هەروەها ناوی هەندێ جلوبەگ کە لە کەلتووری ئینگلیزیدا هەن، بەڵام لە کەلتووری کوردیدا نامۆن، بۆ وێنە وەرگێڕانی (Dinner-jacket) کە ناوی چاکەتێکی ڕەشەو ئێواران لە بۆنەکاندا لەبەردەکرێت بە (چاکەتی ئێوارە) واتای دروستی وشەکە بەدەستەوە نادات، بەهەمان شێوە لە وەرگێڕانی وشەی (فەرەنجی) کوردیش بۆ ئینگلیزی هەر وایە.

ئاستەنگیەکانی وەرگێڕان هەندێ جار پەیوەندیان بە لاوازیو نەشارەزایی وەرگێڕ لە پرۆسەی وەرگێڕاندا هەیە، بەڵام هەندێ جاریتر پەیوەندیان بە میکانیزمی جێبەجێکردنی پڕۆسەکەو بەکارهێنانی شێوازی هەڵە لە وەرگێراندا هەیە. بۆ وێنە پەنابردنەبەر وەرگێڕانی وشەیی بۆ چەند بڕگەیەك لە ئەنجامی تێنگەیشتن لە مانای بڕگەکان، لە کاتێکدا پڕۆسەکە پێوستی بە وەرگێڕانی واتای بڕگەکانە نەك وشەکان، چونکە زۆرێك لە وشەکان بە پێی شوێنی خۆیان لە ڕستەدا مانایان هەیە. یان بەکارهێنانی هەندێ زاراوەی ناوچەیی لاواز کە لە فەرهەنگە پەسەندکراوەکاندا وەرنەگیراون، یانیش پشبەستن بە بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنەکانی وەرگێڕان. زمانیش بۆ خۆی پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، هەر زمانێك بە تیپەڕبوونی کات گۆڕانو پەرەسەندنی زۆری بەخۆوە بینووە، کێشەی وەرگێڕ لە وەرگێرانی دەقدا ئەو کاتە سەرهەڵدەدات کە ئاشنایەتیەکی تەواوی سەبارەت بە پیکهاتەی هەردوو زمانی سەرچاوەو ئامانجو قۆناغەکانی پەرەسەندنی دوو زمانەکە نییە.

## کۆتایی

وەرگێڕان بە گرنگترین چالاکی زمانەوانیو ئاڵوگۆڕی کەلتووریو مەعریفی نێوان گەلان دادەنرێت. لەگەڵ ئەوەی وەك پێوستیەکی ژیانی کۆمەڵایەتیو پرۆسەیەکی دینامیکی ڕەگو ڕیشەی قووڵی لە مێژوودا هەیە، بەڵام بە هۆی ئەو پێشەکەوتنو گۆڕانکاریانەی کە بە درێژایی مێژوو ڕوویانداوە، جۆرو شێوازی وەرگێڕانو ڕۆڵو گرنگی بەکارهێنانی لە بوارگەلی جۆراوجۆردا بەشێوەیەکی بەرچاو زیادبووەو گۆڕانکاری

زۆریشی بەسەردا هاتووە. وەرگێڕان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ڕۆڵی ئامرازێکی کاریگەر بۆ دڵنیابوون لە ڕوودانی سەرجەم شتەکان دەبینێت، ڕۆڵێکی گەورە لە دەوڵەمەندبوونو پەرەسەندنی زماندا دەگێرێتو لە ڕێگەیەوە زمانەکان نویێ دەبنەوە. وەك ئامرازێکی پەیوەندی مرۆییش لە ئێستادا، هیچ ئامرازێك هێندەی وەرگێڕان ڕۆڵو بەشداری لە ناسینو ئاشنابوونی گەلان بە یەکتر نییە. لێ بە لەبەرچاوگرتنی ئەو واقیعەی کە هەیە، وەگێڕانی کوردی بە هۆکارێکەوە بێت نەیتوانیووە ئەو ڕۆڵە ببینێت.

وەرگێڕانی باش بە هەوڵو کۆششی وەرگێری باش دێتە ئاراوە، وەرگێرێك کە هەردوو زمانی سەرچاوەو ئامانج بەباشی بزانێتو شارەزایی تەواوی بە جیاوازییە کەلتووریو زمانەوانیەکانی نێوانیانو قۆناغەکانی پەرەسەندنی دوو زمانەکە هەبێت. وەرگێڕێك بەپێی پسپۆریو بوار تایبەتمەند بێت بە جۆرێك لە وەرگێڕانەوە، واتا شارەزایی تەواوی لەو بوارەدا هەبێت کە تیایدا وەردەگێڕێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بە باشی لە ئامانجو ناوەڕۆکی دەقەکە بگات. لە کایەی وەرگێڕانی کوردیدا لەگەڵ ئەوەی وەرگێری باش هەیەو دەقی باشیش وەرگێڕدراوە، بەڵام دەقە باشەکان بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، بواری وەرگێڕانیش لە بازنەی ئەدەبو فەلسەفەو مێژوودا دەرنەچووە. جگە لەوەی هەندێ لە وەرگێرەکان لەیەك کاتدا هەوڵیان داوە لە چەندین بواری جیاواز وەربگێرن. دەشێت وەرگێڕ شارەزایی لە دوو، یان سێ بواری جیاوازدا هەبێت، بەڵام ناشێت بتوانێت لە هەموو بوارەکاندا بەباشی وەربگێرێت. وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی بە باشی مانای ئەوە نییە وەرگێر بتوانێت دەقە فەلسەفیو دەروونیەکانیش بە باشی وەربگێریت. ئەو فرە بوارییە لە وەرگێراندا جگە لە زۆریو بۆریو قەرەباڵغکردنی کتێبخانەی کوردی بە دەقی وەگێڕدراوی ناتەواو شتێکی دیکەی لێ نەکەوتۆتەوە.

وەرگێڕان بەو پێیەی لە بوارگەلی فیکریو ئەدەبیو زانستی جۆراوجۆردا بە چەندین ڕێگاو شێوازی جیاواز ئەنجام دەدرێت، فۆڕمو شێوازی جیاوازی وەرگرتووە. وەرگێڕان لە بواری سیاسەتدا جیاوازی زۆری لەگەڵ وەرگێران لە بواری فیکرو فەلسەفەو ئەدەبدا هەیە. ئەم جیاوازییە نەك تەنها شێوازو ڕێگاکانی وەرگێڕان، بەڵکو زمانیشی گرتوتەوە. زمانی سیاسەت لە زۆر لایەنەوە لە زمانی بوارەکانی دیکەی وەك فەلسەفەو ئەدەب

جیاوازە. کۆمەڵێك چەمكو زاراوەی سیاسی لە زمانی سیاسەتدا هەن، بەڵام بە زمانی فەلسەفەو کۆمەڵزانیو دەروونزانی نامۆن. بۆ وێنە وشەی (قەیران) زۆرتر زاراوەیەکی سیاسیو ئابوورییە، دەشێت لە ئەدەبیاتی سیاسیو ئابووریدا وشەی (الازمە)ی عەرەبی بە قەیران وەربگێڕدێتو بنووسرێت قەیرانی سیاسی، یان ئابووری، بەڵام بە هۆی نامۆیی وشەکە لە ئەدەبیاتی دەروونزانیدا ناشێت بنووسرێت قەیرانی دەروونی. نەشارەزایی وەرگێڕ لە بوارو بابەتی وەرگێڕاندا کۆمەڵێك دەقی پڕ لە هەڵەی وەرگێڕانی چەمكو زاراوەی هێناوەتە کایەوە.

زمان، ڕۆڵێکی کاریگەر لە پرۆسەی وەرگێڕان دەگێرێت. وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی پێویستی بە بەکارهێنانی زمانی ئەدەبی هەیە، بەڵام لە وەرگێڕانی دەقی زانستیدا پشت بە بەکارهینانی زمانی زانستی دەبەسترێت. زمانی زانستو تەکنەلۆژیا، زمانێکە ئیلهام لە تێگەیشتنی ڕووتو پەتی لە شتەکانەوە وەردەگرێت کە لەگەڵ لۆژیکی ڕاستیە زانستیەکاندا گونجاوە، ئەم زمانە لە ڕووی فۆرمو ناوەڕۆکەوە زۆر جیاوازە لە زمانی ئەدەبی کە ئیلهام لە خەیاڵو هەستو سۆزەوە وەردەگرێت. بە سەرنجدان لە ناوەڕۆکی زۆرێك لە دەقە وەرگێڕاوەکان بە زمانی کوردیو شێوازی بەکارهێنانی زمان لە وەرگێڕانیاندا، هەڵەی بەکارهێنانی زمان بە ئاشکرا دیارە، وەك پشتبەستن بە بەکارهێنانی زمانی زانستی لە وەرگێڕانی دەقی ئەدەبیدا، بە پێچەوانەشەوە. ئەو کێشەیە زۆرتر لە وەرگێڕانی ئەو دەقانەدا ڕوویداوە کە تێکەڵەیەکن لە دەقی زانستیو ئەدەبی، یان ئەو دەقانەی دەچنە بواری گەشەپێدانی مرۆییەوە.

هەر زمانێك لە کۆمەڵێك شێوەزارو زاراوەی ناوچەیی پێکهاتووە، بە جۆرێك هەر خەڵکی ناوچەیەك زاراوەیەکی جیاواز لە ئاوخاوتنو قسەکردندا بەکاردەهێنێت، بەڵام لە زمانی نووسیندا هاوبەشن، زمانی کوردیش لەو فرە زاراوەییە بەدەر نییە. دەشێت وەگێڕ لە کاتی وەرگێرنانی دەقدا بە مەبەستی دەوڵەمەندکردن، یان جوانکردنی زمان وشەو زاراوەی ناوچەیی بەکاربهینێت، بەڵام لە کاتێکدا وشەو زاراوەکان لە فەرهەنگە باوەڕ پێکراوەکاندا هاتبن، یان بە هەرجۆرێك بێت لە ڕەسەنایەتی وشەکان دڵنیابێت. چونکە هەندێ وشەو زاراوە لە زمانی ترەوە خزاونەتە ناو زمانی کوردییەوەو لە کوردیدا بە

جۆرێکی تر گۆ دەکرێن، یان هەندێ وشەو زاراوەی ناوچەیی ماناکەیان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناچەیەکی تر دەگۆڕێت. لەم لایەنەدا وەرگێڕانی کوردی پڕە لە هەڵەی بەکارهێنانی وشەو زاراوەی ناوچەیی. لە لایەکی تر هەندێ کەس لە وەرگێڕاندا شێوەزاری ناوچەکەی خۆیان بەکارهێناوە، بۆ وێنە شێوەزاری موکری. لە ڕاستیدا کاریگەری زاراوەی ناوچەیی لە سەر زمانی نووسینو وەرگێڕان لە ناو ئەدەبیاتی سەرجەم میللەتاندا شتێکی سروشتیە، بەڵام هەڵەی گەورەی وەرگێڕان بە زاراوەی ناوچەیی لە کایەی وەرگێڕانی هیچ میللەتێکی تردا نابینرێت. دۆخی وەرگێڕانی کوردی لە ژێر کاریگەری زاراوەگەریو پابەند نەبوون بە بنەماکانی وەرگێڕان بە ئاقارێکی ئاڵۆزو خراپدا چووە، بەڵام لەناویدا ئەگەر کەمیش بێت هەوڵی باش بۆ وەرگێڕانی دەقی ناوازە بە تایبەت لە بواری ئەدەبی چیرۆكو رۆمان بەدی دەکرێت.

**سەرچاوەکان:**

-برامكي، أوريدة. (٢٠١٣). الحرفية في الترجمة الأدبية لدي أنطوان برمان: دراسة نقدية تحليلية للنزعات التشويهية في ترجمة رواية فوضي الحواس لأحلام مستغانمي إلي الفرنسية. رسالة ماجستير. جامعة قسنطينة ١، كلية الآداب واللغات - قسم الترجمة.

-الحديدي، حرية. (٢٠٢٣، ٢٦ ديسمبر). الترجمة الأكاديمية؛ أهميتها واستخداماتها المتعددة. فاست ترانس. من https://fast4trans.com

-عناني، محمد. (٢٠٠٣). الترجمة الأدبية بين النظرية والتطبيق. ط٢. لونجان، الشركة المصرية العالمية للنشر.

-مندي، جرمي. (٢٠٠٩). مدخل إلي دراسات الترجمة: نظريات وتطبيقات. ط١. ترجمة، هشام علي جواد و عدنان خالد عبد الله. أبو ظبي، هيئة أبوظبي للثقافة والتراث.

-Adams, R. (2020, September 03). Translation vs transcreation: everything you need to know. Ethnolink. Retrieved from https://www.ethnolink.com.

- Chahrour, O. (2024, March 12 ). Cultural problems in translation. Join Translation Journal. Retrieved from https://translationjournal.net.

-Circle Translations. (2024, April 03). What Is The Difference Between - Technical And Scientific Translation?. Circle Translations. Retrieved from https://circletranslations.com

-Dolet, E. (2022). La maniere de bien traduire d'une langue en aultre. DigiCat.

-Egwuogu, C. (2024, January 05). What Is Translation? A Simple Guide to Translation. Centus. Retrieved from https://centus.com/blog/what-is-translation

-Ghosal, P. (2023, September 19). What Is Translation? A Guide to Transferring Meaning Between Languages. Phrase. Retrieved from https://phrase.com/blog/posts/translation/

-Hutchins, W. (2000). The first decades of machine translation. Early years in machine translation, 1, 1-15.

-Imami, T. R., & Muin, F. (2021). Linguistic and Cultural Problems in Translation. In 2nd International Conference on Education, Language, Literature, and Arts (ICELLA 2021) (pp. 178-186). Atlantis Press.

-Kasparek, C. (1983). The translator's endless toil. https://www.jstor.org/stable/25777966

-Kruželák, D. (2021, November 11). What is Translation. Lexica. Retrieved from https://www.lexika-translations.com/blog/what-is-translation-meaning/

-Maalouf, R. (2023, December 17). Problems and Difficulties of Academic Translation. Protranslate. Retrieved from https://www.protranslate.net/

-Manea, C., & Manea, A. S. (2013). Translation, translators and academic writing. Gheorghe SĂVOIU Academic Research For Young Teachers (AЯFYT) 5, 23.

-Nabokov, V. (2021). Problems of translation: Onegin in English. In The translation studies reader (pp. 143-155). Routledge.

-Rapid Translate Team. (2024, March 21). Academic Translation: Learning To Make Accurate Translations. Rapid Translate. Retrieved from https://www.rapidtranslate.org

-Rustamova, S. (2023). TRANSLATION PROBLEMS AND SOLUTIONS. Журнал иностранных языков и лингвистики, 5.(5)

-Snell-Hornby, M. (2009). What's in a turn? On fits, starts and writhings in recent translation studies. Translation studies, 2(1), 41-51.

-Steiner, G. (2013). After Babel: Aspects of language and translation. Open Road Media.ؤ

# ئایا ئێمە لە سەردەمی نیهیلیزمدا دەژین؟



مەسعوود بابایی

**بەرایی**

ئایا لەمەڕ بارودۆخی جڤاکی-سیاسیی کورد ئەم پرسیارە ڕەوایە کە ئێمە بە "نیهیلیزم" گەیشتووین؟ ئەگەر "بنبەست" هەستی "هەڵپەسێردران" لە ناخماندا دروست بکاتو ببێتە مایەی هەستکردن بە "هیچ" دەتوانین بڵێین ئێمە کەوتووینەتە دۆخێکی نیهیلیستیەوە؟ قۆناخەکانی گەیشتن بە دۆخێکی نیهیلیستی دەبێ چی بن تا کورد هەست بە "هیچبوون" بکات؟ ئایا پرسیارە بێوڵامەکانمان یان ڕێگە هەڵەکانی

سیاسەت یان "بنبەستی فەرهەنگ" ئێمەی گیرۆدەی وەها دۆخێك كردووە؟ ئایا نیهیلیزم "سیفری بێبڕانەوە"یە؟

بارودۆخێك كە مرۆڤێكی خۆرئاوایی تووشی "هیچگەرایی" دەكات، بەدڵنیاییەوە گەلێ جیاوازە لە بارودۆخێك كە دەكرێ مرۆڤی كورد تووشی ببێت. بەراوردی ئەم دوو دۆخە ژیرانە نییەو ڕەنگە گەلێ ساویلكانەش بێت. دەكرێ هەندێ بارودۆخو هەلومەرج هەبن كە لەگەڵ ئەوەی هاوشێوە نین بەرەنجامێكی هاوشێوەیان لێبكەوێتەوە.

دەفری كاتو شوێنو سەردەم ڕێگەمان پێنادات كە پێوەری مەزەندە و پێشبینی نیهیلیزمی ئەوروپایی -بەو چەشنەی نیچە لێی دەدوێت- بكەین بە پێوەری نیهیلیزمێك كە خەریكە لە كۆمەڵگەكەماندا دەنگی دەبیستین. "نیهیلیزمی ئەورووپایی" بە داڕمانی یەزدانناسیو میتافیزیك یەكەمین هەنگاوی ناوە. سێكۆلاریزمو لائیسیتێ پەنجەرەی جیهانێكی نوێ بەرووی مرۆڤدا دەكەنەوە. "جیهانناسیی" سەردەمی پاش سەدەكانی نێوەڕاستو ڕوانگەی "زانستگەرایانە" گۆڕانكارییەكی قووڵی لە بیروهۆشی مرۆڤی ئەورووپاییدا هێنایە ئاراوە. ئەم گۆڕانكارییانە بەرەنجامی دۆزینەوە زانستییەكان بوون كە شێوەی جیاوازی ڕوانین لە "بوون"و "گەردوون"یان هێنایە كایەوەو "ئاكامناسیی (Teleology)"یەزدانناسیی مەسیحی لە سایەی سێكۆلاریزم (ئەمدنیاییگەری) لە سیاسەتدا چی دیكە لە خولگەی "شاری خودا"دا نەدەسووڕایەوە، بەڵكو وردە وردە سیاسەت وەك زانستو "هونەری لواو" لە چوارچێوەی جوگرافیاو نەتەوەدا "گەلی جیهانیی مەسیحی" هەڵوەشاندنەوە. گۆڕانی "جیهانناسیی" مەسیحیو ڕوانگەی زانستییانە بۆ گەردوونو جیهان، "یەزدانناسی مەسیحی" باوی سەردەمیشی لە پەلوپۆ خست. وردە وردە داروینیزمو تیۆریی "فراژووتن" گورزی گورچكبڕی لە "جیهانناسی مەسیحی" وەشاند. ڕێنێسانس، دۆخێكی تێپەڕینی ڕەخساندبوو كە گەڕاندنەوەی مرۆڤی ئەورووپایی بۆ سەدەكانی نێوەڕاست نەلواو دەكرد. مرۆڤێكی ئەمدنیایی كە دەبوو ئاسۆكانی بەختەوەری لەم جیهانەدا بەدیبكاتو خۆی داڕێژەری ئاواتەكانی بێت. هەر بۆیە "یۆتۆپیای ئەمدنیایی" لەجێی "بەهەشتی بەڵێندراو" ئاسۆیەكی نوێی بەرووی مرۆڤدا كردەوەو وردە وردە "ئاكامی جیهان"

بەشێوەیەکی دیکە پێناسە کرا. دەبوو "ئاکامناسیەکی نوێ" سەرهەڵبداتو ئەمجارەیان لە "زانستگەرایی"دا خۆی بنوێنێت. سەردەمی شۆڕشە زانستییەکانیش هیوای "خۆشبژیوی"و "تەمەندرێژیی" بووژاندەوە. "پزیشکی" وەك زانستی "هیوای ژیان" خەیاڵی نەمریی بە زەینی کۆمەڵانی خەڵکدا ڕادەبووراندو شاگەشکەیی‌و خولیاگراوییەکی بەگوڕوتینی دەگەشاندەوە. دواجار "دەروونشیکاری"، لێکدانەوەی خەونەکانیشی -کە پێشتر وەك نیشانەناسیی جیهانێکی ئەودیو ئەم جیهانە لێك دەدرایەوە- لەبەریەك هەڵوەشاندەوە و بەم چەشنە "دنیاو دنیاگەرایی" مرۆڤێکی هەڵپەسێردراوی پڕ لەپرسیارو پڕ لە گومانی ئافراند کە "ترس‌و نیگەرانی‌و پەرۆشی" چاڵێکی ڕەشیان پێ نیشان دا کە هەمان لانکەی ڕاژەنینی نیهیلیزم بوو!

## نیهیلیزم چییە؟

نیهیلیزم لە وشەی لاتینی nihil بە واتای "پووچ" "یان هیچ" وەرگیراوە، هێما بە هیچێتی دەکات؛ بە واتای نکۆڵی‌و بەرتەکدانەوەی هەموو جۆرە ماناو بایەخ‌و بەهایەك بۆ جیهانە. بۆ یەکەمجار "گورگیاس" کە لە سەدەی پێنجەمی پێش زایین دەژیا، لەم بارەوە دواوە. زاراوەی نیهیلیزم لە لایەن فریدریش هاینریش یاکوبی (1734-1819) لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەوە داڕێژراو لە ئەدەبیاتی فەلسەفی جیهاندا بەکار هێنرا. بەڵام فریدریش نیچە، ئەم هزرەی پەروەراندو لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا کەڵکی لەم زاراوەیە وەرگرت.

نیهیلیزم دەربڕی فۆرمێکی تایبەت لە پۆزەتیڤیزم‌و ماتریالیزمە. شۆڕشێك بە دژی شیرازەی هەنووکەیی جڤاکی‌و دژایەتی لەگەڵ هەموو سەرچاوەکانی دەسەڵات‌و هێزی وەبارهاتوو لە حکومەت، کڵێسە یان ماڵبات‌و خێزان. بناخەی ئەم باوەڕە لە ڕاستییە زانستییەکاندا پەیجۆر دەکرێت. لەو ڕووەوە کە نیهیلیستەکان، بڕوایان بە چییەتی دووانی جەستەو ڕۆح بۆ مرۆڤ نەبوو، لە لایەن کڵێسەوە ڕاوەدوو نران. لە لایەکی دیکەوە لەبەر ئەوەی لەگەڵ دەسەڵاتی پادشاکانیشدا ناکۆك بوون لەتەك سێکۆلارەکانیشدا تووشی ململانێ بوون.

نیهیلیزم بێجگە لە بیرکردنەوەیەکی فەلسەفی کە هەر جۆرە "ئاکام"ێك بۆ جیهان ڕەت دەکاتەوە، لە باری ڕەوشتییشەوە نیچە گوتەنی: "بێبەهاکردنی هەموو بەهاکان"ەو سەرچاوەی میتافیزیکیو دینیی ڕەوشتیش بەرتەك دەداتەوە. ڕەنگدانەوەی نیهیلیزم لە ئەدەبیاتی جیهانییشدا دەتوانین پەیجۆر بکەین: وەك "کافکا"و "کامۆ". هیچگەرایی بوونەکی (Existential Nihilism)، تیۆرییەکی فەلسەفییە کە دەڵێ "ژیان هیچ واتاو بایەخێکی خۆیەکی نییە". دارِمانی دیزاینی یەزداننناسانەی جیهانو هەرەسهێنانی "جیهانی ئەودیوەکان" بۆشایی یان "هیچێتی" دروست دەکات.

ئەم پرسیارە کە ئایا نیهیلیزم قۆناخێکی نێوان دوو جەنگ، یان قۆناخی پاش جەنگی دووەمی جیهانی بوو کە "ئاشۆڤیتس"و "هۆلۆکۆست"و "داخائۆ"، مرۆڤی ئەورووپاییان لە باری دەروونیو هزرییەوە هەڵپەساردو ترسی هەمیشەیی لە نازیزمو فاشیزمو تۆتالیتاریزمی لە یادگەی ئەورووپیدا چەسپاند، کە قۆناخێکی بەسەرچوو، تێپەڕیوە، وەڵامێکی نیوەناچڵێ، یان بێوەڵامی هەیە!

نیچە، لە سەدەی نۆزدەیەمدا، نیهیلیزم بە "نەخۆشیی دووسەدەی داهاتوو" لەقەڵەم دەدات؛ نەخۆشییەك کە ڕەنگە جاروبار لە سەدەی بیستەمدا هەم وەك دەردو هەم وەك دەرمان بەکەڵك هاتبێت. "چێژگەرایی" (هایدۆنیزم)، دەرمانی "ئەپیکۆر" بۆ "دەردی "گورگیاس !" ئایدیۆلۆژیاکان کە سەردەمانێك وەك "نەخشەی جیهانی نوێ" لە پاش دارِمانی جیهانی کۆن، توانیان بەسەر "نیهیلیزم"دا زاڵ بن، لە نێوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەدا بنەماکانو یۆتۆپیای خۆیان دارِشتو لە سەدەی بیستەمدا بەشێکی زۆریان تاقی کرانەوەو "چاڵێکی ڕەش"یان لێ بەجێما کە چاوی واقوڕماوی مرۆڤی سەدەی بیستەمو سەدەی بیستو یەك بە حەپەسانو ترسەوە تا ئێستاش لێی دەڕوانێت!

## نیهیلیزمی کامۆیی:

"ئۆدیپی پاشا"- داهێنراوی سۆفۆکلیس- پاش ئەوەی کە زانی دایکی خۆی مارە کردووە، چاوەکانی خۆی کوێر دەکات، پاش ئەو تاوانەو پێشێلکردنی بەهاکان، ئیدی جیهان بە هۆی ئەو پەڵەی شەرمەوە نابێ ببینرێت!

"کالیگۆلا مرۆڤێکە کە تاسەی ژیان ئەو بۆ لەنێوبردنی ئەوانی دیکە هەڵدەخڕێنێت. ئەو کەسێکە کە هەندە شەیدای خۆیەتی، کە هۆگری بە کەسانی دیکەی لە دەست داوە. ئەو نکۆڵی لە هەموو بەهاکان دەکات".

لە "ئەفسانەی سیزیف"یشدا چەمکی بێهوودەیی "کار"ی مرۆڤی مودێڕن لە پێوەندیگەلی بێبەزەییانەی "سەرمایە"و "پارە" بە کەڵکوەرگرتن لە ئەفسانەیەکی یۆنانی خراوەتە بەرباس. سیزیف لەبەر یاخیبوون لە خودای خوداکان واتە "زیۆس" ناچار کراوە بەوەی کە بەردێکی قورس بباتە سەر لووتکەی چیایەك. بەڵام هەرکە دەگاتە لووتکەی چیا، بەردەکە بە فەرمانی "زیۆس" تلۆر دەبێتەوەو دیسان "سیزیف" ناچارە بیباتەوە سەر لووتکەی چیاکە. لە ڕاستیدا ئەم کارەی سیزیف "بەرجەستەبوونەوەی پووچی"یە. بەرجەستەبوونەوەی "کار"ی مرۆڤی گیرۆدە لەنێو پێوەندییە هۆڤانەکانی سەرمایەداری‌و تووشبوون لە داوی "بۆرۆکراسییە". لێرەدا دەبێ سەرنج لە دژایەتی بیروبۆچوونی کامۆ لەگەڵ ئیگزیستانسیالیستەکان بدەین کە دەڵێن مرۆڤ "بکەر"ە. هەڵبەت دیوێکی دیکەی ئەم تاریکییە، وەك کامۆ دەڵێ: "جوانیی ژیانە کە لە پاڵ



گۆڕانکارییە گەمژانەکانی ژیانی ئەمڕۆیی‌و بوونبەیەتی (صیرورە) بێماناوەیە، لەو دیوی پووچییەوە دەڵێنێت". "کامۆ" سەرەڕای ئەم پووچییەی کە مرۆڤی ئەمڕۆیی تێی کەتووە، تاکە ڕێگەچارە بە یاخیبوون لەم پووچییە ڕادەگەیەنێت. واتە دەربازبوون لە "بنبەست". لێرەوە جارێکی دیکە هاواری "نیچە" لە زاری کامۆوە دەبیستین کە "ویستی هێز" بە میکانیزمی زاڵبوون بەسەر "نیهیلیزم" دەزانێت، مرۆڤی یاخی دیوێکی دیکەی ئەم ویستی هێزەیە -بەشێوەیەکی کامۆیی- کە دەبێ سەرەڕای بێئاکامی ژیان، کام لەم ژیانە وەربگرێت‌و هەوڵ بدات مرۆڤانەتری بکاتەوە!

کامۆ، هزرەکانی خۆی بە دوو بێهیوایی دەست پێدەکات: "جڤاکی"و "ئایینی"و بە وەرگرتنی ئەزموونە ئیگزیستانسیالیستییەکان بە تونێلێك دەگات کە دیارییەکەی "پووچی"یەو بەبوێرییەکی ناوێزەوە دەچێتە نێو تونێلەکە. چونکە دەزانێت بۆ "ناسین"، وەپارێزی (موحافزکاری) ملۆزمە. ئیدی بۆ ڕزگاربوون لەم "پووچی"یە "مرۆڤی یاخی" دەئافرێنێت: دووانەی پووچیو جوانی!

## -نیشانەناسی نیهیلیزم

لە نیهیلیزمدا، سەرەتا بەخۆداشکانەوەو پاشان بێزاری لە شیرازەو سیستمی هەنووکەییی جڤاکیو فەرهەنگیو سیاسی دێتە ئاراوەو دواتر بێتوانایی لە لێکدانەوەی بەهاکان لە زەینو بیروهۆشدا تەشەنە دەکاتو سەرەنجام لە هەمبەر هەموو ئەو شتانەی کە هەن کینەو دڕدۆنگی لە ناخدا کەڵەکە دەبێت. لە نیهیلیزم، یان هیچگەراییدا نەمانی ئامانجی جڤاکی، بێپێوەریو نەمانی پارسەنگو نەبوونو لەدەستدانی پێنوێن (ئێندێکس)و تەرازوویەك بۆ هەڵسەنگاندنی کاروبارەکان دێتە گۆڕێ. دەبێ لە جڤاکە سەرەتاییەکاندا پەیجۆری چاوگەی نیهیلیزم بکەین کە بریتین لە وازهێنان لە دنیا، خۆفەرامۆشکردن، گوێنەدانو کەمتەرخەمیو بێباوەڕی بە ئامانجداربوونی جیهان کە بێتوانایی زەینیو هزریی مرۆڤی لێدەکەوێتەوە. گومانگەرایی پەڕگیرانە لە هەمبەر هەموو شتێكو ڕق لە ژیانی جڤاکی، سیاسی، ئابووریو فەرهەنگیو پەروەردەییو بێهوودەبیان، هەندێ چاوگی گوورانەکی (تکوینی)و هەوێنە سەرەتاییەکانی نیهیلیزمن.

***

سەرهەڵدانی ئایدیۆلۆژی، نەخشەڕێگەی جیهانێکی نوێ بوو. بانگەشەی ئایدیۆلۆژیاکان کە مزگێنیدەری جیهانبینیەکی زانستیو پەروەردەیینو ئامانجو ئاکامێکی نوێ بۆ مرۆڤی مودێرنو هاوچەرخ دەهێنن، کە بۆ ماوەیەك توانی سەرهەڵدانی نیهیلیزم دوابخات. ئەم هیوا تازانە بریتی بوون لە ناسیونالیزم، لیبرالیزم، نازیزمو فاشیزم کە نەتەوەکانیان بە مێژوویەکەوە دەبەستەوە کە پڕ لە ململانێی خوێناویو گەڕانەوە بوو بۆ مێژووی پڕشانازی، یۆتۆپیای ئەم دنیاییان دەسازاندو

کۆمەڵانی خەڵکیان دەکردە سەربازی ئەم یۆتۆپیایە. دوابەدوای ئەوە مارکسیزم لە سەنگەرێکی دیکەوە هیوایەکی دیکە بوو کە بە دژی سەرمایەداری قوت بوویەوەو کۆمۆنیزمو کۆمەڵگەی جیهانیی لە هاووڵاتی جیهانیدا هێنایە کایەوە: ئەم ڕێبازە وردە وردە کەموکوورییەکانی دەرکەوتن کە بریتی بوون لە: ماشینیزمو ساینتیزم کە زانستگەرایی بە تەوەری سەرەکی دەزانیو تەنانەت لەنێو خۆیشیدا جۆرێك لە ناسیونالیزمی پاساو دەدا (بۆ نموونە سلاڤیزم) کە بە جەختکردنە لەسەر ماتریالیزمو پێناسەیەکی چەقبەستوو لە "کار"و "بەرهەمهێنان" ئەویش تووشی جۆرێك لە یۆتۆپیانۆڕی بوو!

لە تەنیشت دارمانی یۆتۆپیای فاشیزمو نازیزم، "کۆلاگ"و "تاوانەکانی سیبریا" یۆتۆپیای کۆمۆنیزمی داڕووخاند. فەیلەسووفانی چەپی مارکسیست بەناچار "ڕیڤیژنیزم"یان بۆ دەربازبوون لە "بنبەست"ی سۆسیالیزمی زانستی هەڵبژاردو دواجار بۆ خوێندنەوەیەکی نوێی پاش جەنگی دووەمی جیهانی، ئەندامانی "قوتابخانەی فرانکفۆرت" لەم حەزیای مودێرنیتەیە ڕامانو ڕەخنەگرانە ئاسۆکانی داهاتوویان ڕاڤە کرد. ئەو دۆخە نیهیلیستیەی پاش دوو جەنگی جیهانی پێویستی بە شیکردنەوەو ڕاڤەیەکی نوێ بوو. لەو بڕوایەدام هەوڵەکانی مارکیۆزە لە "ئێرۆسو ژیار"و "مرۆڤی تاکڕەهەند" ڕێگەیەکی قوتاربوون لەو "نیهیلیزم"ە بوون کە مرۆڤی ئەورووپایی تووشی ببوو.

## پۆستمودێرنیزم و نیهیلیزم

پۆست مودێرنیتە لە ڕەخنەی مودێرنیتەوە دەست پێدەکات. لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا باسوخواس لە "بنبەستی مودێرنیتە" بووە مایەی ڕەوتێك کە بە "پۆستمودێرنیتە" ناسراوە. هەرچەند "مانیفێستی پۆستمودێرن" لەبەرانبەر پرۆژەی مودێرنیتەدا ئەو هێزەی دەرکەوتنی نەبووەو تا ئێستاش نەیتوانیووە لەبەرانبەر مودێرنیتەدا بەرەنجامە بەرهەستەکیەکانی بەرچاو بن، بەڵام لێکەوتەکانی مودێرنیتەو بارودۆخی جیهانی مودێرن بەباشی لە لایەن پۆستمودێرنەکانەوە نیشان دراونو بەر

نەشتەری ڕەخنە نراون. بیرمەندانێکی هەڵکەوتەی فەرەنسی وەك فۆکۆو لیوتارو بۆردیارو هەروەها ڕیچارد ڕۆرتی ئەمریکاییو ڤاتیمۆی ئیتالیایی ناسێنەری پۆستمودێرنیتەن. هەڵبەت ئەم بیرمەندانە لەژێر کاریگەریی "هایدگەر"دا بوونو بەم شێوەیەش ناڕاستەوخۆ کاریگەریی نیچەیان بەسەرەوە دیار بوو، گەلاڵەی هزریی نیچە لەبارەی "نیهیلیزم"ەوە یارمەتیەکی زۆری گەشەی پۆستمودێرنیزمی داو ئەوان لەبارەی چەمکانێکی وەك خودا، مێژوو، میتافیزیكو مرۆڤ گەلێ بنەواشەی نوێیان خستە ڕوو؛ بەتایبەت ڕەخنە لە چەمکی "هەقیقەت".

زاراوەی پۆستمودێرنیزم یەکەمجار لە لایەن ئارنۆڵد توین بی لە ١٩٣٩ بەکار هات. ئەم زاراوەیە دواتر لە ١٩٦٠ لە نیۆیۆرك لە لایەن هونەرمەندانو ڕەخنەگرانەوە بەکار هات. پاشان تیۆریداڕێژە ئەورووپاییەکان لە ١٩٧٠ ئەم وشەیەیان بەکارهێنا؛ هەرچەند جۆن ئارگیبینز، بەکارهێنانی ئەم زاراوەیەی لە ساڵی ١٩٣٤ وەپاڵ فێدریکۆ ئونیس (ڕەخنەگری سپانیایی) داوە کە وەك زاراوەیەکی دژەئیمپریالیستی لە شیعرە سپانیولیستییەکاندا بەکاری هێناوە (گیبینز 1381، 25). جۆن مەك گوان، لە وتارێکدا لە ساڵی ١٩٩١ چەمکانێکی وەك پاش پێکهاتەگەرایی، نیومارکسیزمو نیوپراگماتیزمو پۆستمودێرنیزم بە بەرهەمی هزروبۆچوونی کانت، هیگڵو مارکسو هەڵبەت نیچە دەزانێت. (Best ،1997 .1). ئەگەر بڵێین نیهیلیزم یەکێك لە لێکەوتەکانی مودێرنیتەیە، دەشتوانین بڵێین "نیهیلیزم" سەرەتایەك بوو بۆ سەرهەڵدانی پۆستمۆدێرنیزم، یان پاش مودێرنیتە. بەو مانایەی کە "بنبەستی مودێرنیتە" بووە مایەی نیشاندانی ڕێگەیەکی دیکە بە بیرمەندان تا خۆیان لەو نیهیلیزمە وێرانکەرە قوتار بکەن کە دەکرا هەموو شتێك لە سیاچاڵی خۆیدا قووت بدات. لەبەر ئەوەی دەرفەتی درێژدادڕیمان نییە، لەو کاریگەرییانە دەدوێین کە تێیدا "نیهیلیزم" بووەتە مایەی ڕاڤەو داڕشتنی بنەواشەکانی پۆستمودێرنیزم کە لەم خاڵانەدا کورتی دەکەینەوە:

**بنەواشە (پرەنسیپ)ی یەکەم:** هەرچیەك لە مودێرنیتەدا هورمی (اعتبار) هەبووە لە چاخی پۆستمودێرندا بێهورمو هەڵوەشاوەیە.

**بنەواشەی دووەم:** نکۆڵی، یان بەرتەکدانەوەی کەتوار.

**بنەواشەی سێیەم:** مرۆڤ توانای ناسینەوەو جیاوازیدانانی لە نێوان ئیمانو کەتواری لەدەست داوەو مرۆڤ لەجێی کەتوار، لەگەڵ خۆڕانوێنێکدا بەرەورووە.

**بنەواشەی چوارەم:** ناسەقامگیریی واتایی (لە جیهانی داماڵدراو لە ژیریو هەقیقەت، جیهانێك کە تێیدا هیچ زانستو زانینێك بەهورم نییەو هیچ کەتوارێك لە ئارادا نییەو زمان تاکە ڕایەڵێکی زراڤ و ناسکی ژیانە، گەلیێ سروشتییە کە مانا، مانایشی نەبێت).

**بنەواشەی پێنجەم:** تەنیا لە گومانگەراییدایە کە تێیدا هیچ تیۆرییەکی ڕەهاگەراییو ئەزموونێك نرخو هورمی نامێنێت.

سەرباری ئەوەش بنەمایەکی دیکەیش کە پۆستمودێرنیزم لەسەری هەڵنراوە، بریتییە لە بانگەشەکردن بۆ فرەچەشنی، فرەنەژادیو فرەزمانی کە دەتوانێت سیمای هەنووکەیی جیهان بگۆڕێت. لە وەها بارودۆخێکدا کە ئیمان بە هەقیقەت یان هەقیقەتەکان لەرزۆك بووەو بێبنەماییو بێماناییو مەرگ، بەهاو بایەخەکانی جیهانی ئێمەیان تەنیوە، نیهیلیزم زیاتر لە سەدەکانی پێشوو -نیچە گوتەنی- لە دەرگا دەدات:

"نیهیلیزم لە دەرگا دەدات: ئەم سامناکترینەی تێکڕای میوانەکان لە کوێوە دێت؟ شوێندەسپێك هەڵەیە؛ ئەگەر "هەژاریی جڤاکی"، یان "تڕۆبوونی فیزیۆلۆژیك"، یان خراپتر لەوە، گەندەڵی بە هۆی هیچگەرایی بزانین. چاخی ئێمە ڕازاوەترینو دڵسۆزانەترین چاخو سەردەمە. هەژاری، هیی دەروونە، یان لەش، یان ژیری؛ بەڵێ، "ژیری" خۆی ناتوانێت نیهیلیزم (واتە بەرتەکدانەوەی ڕیشەی بەها، واتاو خوازراوێتی) بڕەخسێنێت..." (یاداشتی ساڵی 1885-1886).

## ئیگزیستانسیالیزمو زاڵبوون بەسەر نیهیلیزمدا

نەمانی ئاکامێك بۆ جیهان، بێهیواییو بێباکی لە ناخی مرۆڤدا دروست دەکاتو لایەنی مەترسیداری نیهیلیزم لێرەوە دەست پێدەکات. بنبەستی مارکسیزم لە بەجێهێنانی بەڵێنەکانی لە چوارچێوەی مرۆڤێکی لەقاڵبدراوو کۆمەڵگەیەکی ڕەنێوهێنتەوەر (production-oriented) کە هەموو هەستو خوستو شەرەفی مرۆیی لە ڕیشەیەکی جەبریی ئابووریدا دەکردە قوربانی، دەبێتە مایەی دەنگهەڵبڕینی

ئیگزیستانسیالیزم. لە جیهانێکدا کە مرۆڤێکی هەڵپەسێردراوی بێهیوا لە میتافیزیكو ئایدیۆلۆژییەکان گیرۆدەی نیهیلیزم بووە، مرۆڤ سەرەڕای بوونی بێ چییەتی (ماهیت)ی خۆی دێتە مەیدانەوەو دەبێ خۆی چییەتی خۆی لە باشاری جڤاکدا، بە چەرمەسەریو تێکڕای پەرۆشیو کەڵکەڵەکانی دروست بکات. ئاشکراو دیارە کە هۆی باوەڕی ئەم ڕێبازە بە پێشەنگایەتی بوون لەبەرانبەر چییەتیدا، وەبارهاتووی هەرەسو بۆڕدرانی مرۆڤە لەوەیدا کە ئایدیۆلۆژییەکی پێشوەختە هەبێتو ئیگزیستانیسالیزم لە وەها ژینگەیەکدا پەیجۆری بەخشینی مرۆڤگەراییەکە بە مرۆڤ.

## دەتوانین لەبارەی مرۆڤگەرایی ئیگزیستانیسالیستیەوە دوو خاڵ دەستنیشان بکەین:

### ١- ئازادیو بەرپرسایەتی

لە فەلسەفەی ئیگزیستانسیالدا ئەرکی مرۆڤ گەلێ دژوارە. چونکە بە سڕینەوەی چییەتیەکی پێشتر دیاریکراو بۆی، خۆی بەرپرسی دروستکردنی خۆیەتی؛ واتە ئەمە دەبێت بە ئاکامێك بۆ مرۆڤ لەجیی ئاکامێك بۆ جیهانو لێرەوە مرۆڤ دەتوانێت بەسەر نیهیلیزمدا زاڵ ببێت. ئەو دەبێتە بەرپرسیاری داهاتوو، مێژوو، کۆمەڵگەو بەختەوەریی خۆی. ئەمە پرۆسەیەکی دژواری شوناسبەخشینە. چونکە ئیدی لەمەولا مرۆڤی ناتۆرالیستی، ئازاد لە هەموو جەبرێكو داڕێژەری جەبری خۆی لە ئارادا نییە.

### ٢-دڵەڕاوکێ، یان نیگەرانی:

دڵەڕاوکێ یەکێك لە بنەماییترین ماناکانی فەلسەفەی ئیگزیستانسیالە. نیگەرانی وەبارهاتوو لە ئەمڕۆو بەیانی، ئەڤین، خوێندنو سامان نییە. بەڵکو بەرەنجامی بەرپرسایەتییە لە هەڵبژاردنی ڕێگەی ڕاست لە دروستکردنی خۆدا. نیگەرانی لە هەڵبژاردنی باشترین بژاردەدا. دڵەڕاوکێ بەرەنجامی هەستکردن بە بەرپرسایەتییە. ئیگزیستانسیالیزم بەم ڕێگەیە هەوڵ دەدات دڵەڕاوکێو نیگەرانی ئاکامناسانەی یەزداننناسانەو یۆتۆپیایی -کە بە نیهلیزم دەگات- بەگوێرەی ڕێسای پێشەنگایەتی بوون

لەبەرانبەر چییەتیدا بۆڕ بداتو مرۆڤگەرایی لە خۆیدا ببێت بە ئاکام؛ بەگوێرەی ئەم ڕێبازە بەم چەشنە بەسەر نیهیلیزم، یان لایەنە تێکدەرانەکانی نیهیلیزمدا زاڵ دەبین.

## دۆخی کورد

هەروەك لە بەرایی وتارەکەدا گوترا، ناتوانین ئەو سروشتەی نیهیلیزمی ئەورووپایی لە کۆمەڵگەی کوردیو لەم سەردەمەی ئێستادا پەیجۆرو دانەدوو بکەین. واتە گوتەیەکی بێمانایە لە هەنووکەی کۆمەڵگەی خۆماندا پەیجۆری نیهیلیزمی فەلسەفی بکەین.

لە ئەدەبی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا، وەك دەگوترێت دەرکەوتی نیهیلیزم لای "خەییام"و "ئەبوعەلای موعەڕی" وەبەرچاو دەکەوێت. دۆخێکی گومانگەرایانەی فەلسەفی لەبارەی نەخشەی ئافراندنی گەردوون، زۆرەملیّو سەرپشکی مرۆڤ، (لوحة المحفوظ)، پاداشتو سزاو دواجار خۆسپاردن بە مەی -لای خەییام- وەك سڕکەری پرسیارو شێتییەکی دیۆجانوسانە لە هەمبەر باوەڕی گشتیی جڤاك لەم ئەدەبەدا دەبینرێتو بەشێك لە نیشانەناسیی نیهیلیزمی تێدا بەدیدەکرێت.

پێویستە لێرەدا لەنێوان "نیهیلیزم"و "دەربڕینی نیهیلیستی"دا جیاوازی دابنێین. "نیهیلیزم" ڕوانگەیەکی فەلسەفییە کە وەك ڕێبازێك یان دیاردەیەك بەدیدەکرێتو چەندین تایبەتمەندی هەن کە باس کران. لێرەدا من لە داوەری لەم بارەوە کە ئایا "نیهیلیزم" بە هەموو تایبەتمەندییەکانیەوە لەم سەردەمەی کۆمەڵگەی ئێمەدا لە ئارادایە، خۆم دەبوێرم. بەڵام جەخت لەسەر "دەربڕینی نیهیلیستی" دەکەمەوە کە دەتوانین وەك بەشێك لە "نیشانەناسیی" نیهیلیزم لێی بدوێینو ڕەنگە لە کۆتاییدا بتوانین بەگوێرەی ئەم نیشانەناسییە لەبارەی هەبوونو نەبوونی سەرلەبەری نیهیلیزم لە "دۆخی کورد"دا ڕاوبۆچوونێك بخەینەڕوو.

تەنانەت لەنێو سیستمی باوەڕدارانەی دینییشدا بارودۆخێك دێتە پێشەوە کە مرۆڤ هەست بە "فەرامۆشیی خودا" دەکات. ئەم فەرامۆشییە کە کەسانێك هەست بەوە دەکەن خودا ئەوانی لەبیر چووەتەوە، چرکەساتێکی نیهیلیستییە. لەو ساتانەی کە دەڵێین "خودا لەکوێی؟" بۆشاییەکی گەورە لە ڕۆحماندا دروست دەبێت. چرکەساتێك کە تێیدا

"دیزاینی خواوەندانەی جیهان" تێك دەڕمێت. ئەم ساتانە، ساتی پچڕانی ڕایەڵی نێوان "بەندە"و "خودا"یە. لە ڕوانگەی ئیمانداریێکەوە جیهانو مرۆڤ بە ڕایەڵێکەوە پێك بەستراون کە "گومان"و "کوفر" دەبنە مایەی پچڕاندنی. بەڵام ئەگەر لە چرکەساتێکدا تێکڕای باوەڕ بەهۆی دڵنیابوونەوە لە "بوونبەیەتی میکانیستی جیهان" هەڵبووەشێتەوە، هەستی "هەڵپەسێردران" ناخی مرۆڤ دادەپۆشێتو ڕوونکردنەوەی "ئاکامی مرۆڤ و جیهان" نەلواو دەبێت؛ ئەمە ئەو شتەیە کە چەندین جار بە "بنبەست" ناومان هێنا. بڕوا بە "بوونبەیەتیی میکانیستیی جیهان" دەکرێ هاوکات ببێتە هۆی "نیهیلیزمی خوداناباوەڕانە". ڕەنگە بۆ تاکێکی بیرمەند کە بە بیرکردنەوەی فەلسەفی ڕاهاتووەو دەتوانێت وێستگەکانی داهاتووی بیرکردنەوەی خۆی پێشبینی بکات، وەها دۆخێك کاریگەرییەکی تۆقێنەری نەبێت. بەڵام ئەم دۆخە بۆ کۆمەڵانی خەڵك کە ڕادێن دەست بە ڕایەڵێکی بوونەکییەوە وەك "ئاکام"ی هەموو شتێك بگرنو پێشوەختە بە وەڵامە ئامادەکراوەکان، هەموو پرسیارەکانیان بخەنە لاوە، دۆخێکی تۆقێنەرە. "هەڵپەسێردران" چ فیزیکیو چ دەروونی، سامناکترین هەلومەرجێکە کە دەکرێ کۆمەڵگەیەك تووشی ببێت.

دەتوانین لە باری چۆنیەتییەوە دوو جۆر نیهیلیزم دەستنیشان بکەین: هەمەکیو هەندەکی. هەروەها بەگوێرەی بۆچوونی بۆلنێت دیکێن (لەدایکبووی ١٩٦٤)، فەیلەسوفو کۆمەڵناسی دانیمارکی، چوار جۆر نیهیلیزم هەن: نیهیلیزمی ئایینی، نیهیلیزمی ڕادیکاڵ، نیهیلیزمی کارتێکراوو نیهیلیزمی تەسەل. هەڵبەت ئەم چوار جۆر نیهیلیزمە لێکدابڕاو نینو دەکرێ هاوکاتو هاوپێناو بن، بە جۆرێك کە خودی کابرای نیهیلیست هەست بە هاوپێناوییان نەکات. کە وابوو دەکرێ دەرکەوتی نیهیلیزم بەو شێوە تەسەلو هەمەکییە بەشێوەیەکی یەکسان کۆمەڵگەکان داگیر نەکات، بەڵام لەم سەدەیەی ئێمەدا هیچ قوژبنێك لە دنیادا نەماوە کە بەشێوەیەك لە شێوەکان نیهیلیزم بە دەرکەوتی جیاوازەوە تێیدا بەدینەکرێت. کە وابوو بەگوێرەی چۆنیەتی دەتوانین لانیکەم جۆری هەندەکی نهیلیزم لە دۆخی کورددا دەستنیشان بکەین. سەرەتا لە ئەدەبەوە دەست پێدەکەین.

پرسیارو گلەیی لە "چارەنووس"و "بەختی "ڕەش"و دۆشداماویی میتافیزیکیو هیچپێتیی کاروباری دنیاو چەرخی چەواشەو گەردوونی چەپگەردو...تاد، لە ئەدەب، بەتایبەتی شیعری کوردیدا لە پێوەندی لەگەڵ دۆخی "کوردبوون" بە زەوەندی دەبینرێت. ئێمە بۆ دەبێ چارەنووسمان وابێت، گیرۆدەی دەستی تورکو عەرەبو فارسو بێ خوادنو بێ سەروەر؛ لای ئەحمەدی خانیو لە پێشەکی "مەم و زین"دا کە شەرحی دڵی خۆی دەکات بە "فەسانە" ڕەنگدانەوەی بێهوودەییو هیچپێتیی بارودۆخێکی زەمینین کە "بێدەوڵەتی" خولڤاندوویەتیو "ئاوارەبوون"و "هەڵوەدایی کۆمەڵگە" ڕەخسێنەری نیهیلیزمێکی هەندەکی جڤاتییە. بە گەڕانەوە بۆ گوتەکەی نیچە کە نالەباریی "سیاسەتو ئابووری" دەکرێت هۆکارێکی سەرهەڵدانی نیهیلیزم بێت، دەتوانین نەبوونی سیاسەتو سیاسەتوان بە هۆکاری سەرهەڵدانی نیهیلیزمێکی زەمینی (ناسووتی) بزانین کە ئەم لایەنە بە زەقی لای "خانی" دەبینرێت.

نیهیلیزمی ئایینی-باوەڕدارانە، لایەنێکی دیکەی نیهیلیزمی هەندەکییە؛ ئەم لایەنە بەزەقی لای "خانای قوبادی" لە حەوت خشتەکییەکانیدا دەبینرێت کە بە ناونیشانی "حەوت تەرجیعبەند" لە دیوانەکەیدا هاتوون:

قەدیم موتڵەق، قەدیم موتڵەق
یا قائم بە زات قەدیم موتڵەق....

**ئەم دیڕە لە کۆتایی خشتەکەکاندا پاتەوپات دەبێتەوە:**
وەرنە بە زاتت، جە لای زات تۆ
مەکەروون ڕۆی حەشر من شکات تۆ!
(سکاڵا لە خودا لای زاتی خودایی خودا!)

حاکمەنی تۆ، هەم وێت کەر قازی
کەس بە سونع وێش چوون نییەن ڕازی؟

ئەوڕۆ کە هەستی منت کەرد ڕەقەم
"واللە و باللە" بە زاتت قەسەم
ئەر مەبی بەدەست من ئیختیاریٚ
جەو دەمدا دەرلاد مەکەردم کاریٚ
دنیای بیٚ وەفای تۆ نەدیام بە چەم
نەکەوتام بەی تەور نە گێجاو خەم
کەسیٚ جە ئیبلیس ساعیتەر نەبی
چوون جەزبەی تەوفیق تۆ یاوەر نەبی
بە عەبەس بەرشەی جەفا بەردەنش
تەوقیٚ جە لەعنەت شی نە گەردەنش
خانا جە دەرگای زات بێزەواڵ
جە ڕووی گوستاخی، مەپەرسۆ هەواڵ
سا جە بەندەگان کیٚ تەقسیرشەن
کیٚ ساحێب قەزا، کیٚ تەقدیرشەن؟
گا شەیتان، گا نەفس شووم شەڕانگێز
مەکەری پێشان تۆ بە دەستئاوێز
مەنیەی نە گەردەن چەندین گۆناشان
بە ئاهر دۆزەخ مەدەی سزاشان
هەرچی ڕەزاتەن مەکەری تەقدیر
گشت کەردەی وێتەن، کێن ساحێب تەقسیر؟
قەسەم بە زاتت، یاگەی ئومێدەن
ئەر مەکەیم وە سەنگ، ڕاستش هەر ئێدەن:
نە زەڕڕێو گۆنای نەفس ئەممارەن
نە فیتنەی شەیتان شووم بەدکارەن
هەرچی مەکریۆ، بە ئیرادەی تۆن



کوسیٚ چکارەن، ساحیٚب وجوود کۆن؟
هەرچەند ئەی حەرفە جە ئەدەب دوورەن
خاریج ڕای شەرع ئەهل شعوورەن
قەسەم وە زاتت، گشت کەردەی ویٚتەن!
گۆنای کەس نییەن، بنیادەم شیٚتەن

لەبەر ئەوەی دەرفەتی لێکدانەوەی دیڕ بە دێڕی شیعرەکەمان نییە نێوەرۆکی پەیامەکەی خانا لێرەدا دەخەمەڕوو:

(خودایە تۆ خۆت فەرمانڕەوای، خۆت دادوەری خۆتی، ئەریٚ کێیە کە لە ئافرێنراوی خۆی ڕازی نەبێت؟ ئەمڕۆ کە گیانت وەبەر من نا هەر بە خۆت سوێند دەخۆم، ئەگەر لە دەستم بهاتبایە لەمەولا کارێکم دەکرد دنیای بێوەفای تۆ بە چاو نەبینم نەك بەم شێوەیە بکەومە نێوە گێژاوی خەم.

کەس لە ئیبلیس (شەیتان) خوداپەرستتر نەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی تۆ ڕات لێی نەبوو، هەر لە خۆڕا ستەمی چەشتووەو تەوقی لەعنەتی کراوەتە مل. خانا بە چاوقایمیو گوساخییەوە پرسیار دەکات جا لە بەندەکانی تۆ دا لێکدانەوەی کیٚ دروستە، ئاخۆ کیٚ خاوەنی چارەنووسو چی لە چارەی کیٚ نووسراوە؟ تۆ هەندیٚ جار تەشك (نفس)و هەندیٚ جار شەیتانیان لیٚ دەکەی بە ملۆزمو گوناهەکە دەخەیە ئەستۆی خۆیانو بە ئاگری دۆزەخ سزایان دەدەی. سوێند بە زاتی خۆت کە تەنیا هەر ئەوە جێی ئومێدە، ئەگەریش بمکەی بە بەرد ڕاستییەکە ئەمەیە: نە تۆزقاڵێك خەتای "نەفسی ئەممارە"یەو نە خەتای شەیتان! هەرچییەك دەکریٚ بە ویستی تۆیەو کیٚ بە کیٚو کیٚ دەتوانیٚ قسە لە قسەتدا بکات؟ هەرچەند ئەم قسەیە دوورە لە ئەدەبو لە دەرەوەی شەرعو دایانانە، سوێند بە زاتی خۆت هەر هەمووی کردەوەی خۆتە، گوناهی کەسی تێدا نییە، ئادەمیزاد خۆی شێتە "بڕوا بەم شتانە دەکات!"). نیهیلیزمێکی هەندەکی، یان ڕێژەیی کە لەم شیعرەی "خانا"دا هەیە، کە بە سەرنجدان لەگەڵ چەمکەکانی "دانای ڕەها"، یان

"هەمەشتزان"، بەتوانای ڕەهاو باڵانوار، "ڕاساوبەخۆ" (قائم بالذات) دەبینرێت، بە خوداناباوەڕی (الحاد)و نکۆڵی لە ئاکامی جیهان و ئافرێنەر نەگەیشتووە؛ بەڵام "بێهوودەیی"و "گۆترەیی"و هیچێتیی" هەندێ لایەنی یەزداننناسیی ئایینی بەرتەکدەداتەوە کە گوایە مرۆڤ سەرپشکە (مخیر)ە بەڵام خانا بە ناچار (مسیر)ی دەزانێت! خانا لە تووناوتوونی گومان، ئیمان، ترس، پرسیارو دڵەڕاوکێدا، بوێریی ئەوەش نیشان دەدات کە سەرچاوەی "چاکە"و "خراپە" بگەڕێنێتەوە بۆ لای خوداو بەکردەوە "نەفسی ئەمماره"و "ئیبلیس" بە چاوبەست دەزانێت. کە وابوو لەگەڵ ئەوەی "هیچێتی" ئەم چەمکانە دەخاتەڕوو، بەڵام ڕاستەوخۆ داوا لە خودا دەکات لێی ببوورێت چونکە ڕاشکاوانە خودا بە بەرپرسیاری گوناهی خۆی دەزانێت! لایەنێکی دیکەی ئیمانی خانا، سەرەڕای ترسو دڵەڕاوکێ لە سزای یەزدانی ئەوەیە کە دەڵێ خودا من لەو دنیا سکاڵا لە زاتی خواییت دەکەم. سکاڵا لە خودا لای زاتی خودا وەك ئەوەیە کە خودا بە ویژدانی خوداییانەی خۆی بسپێریت‌و ئەمە خاڵێکی پرشنگدارانەی جۆرێك لە نیهیلیزمی ئیگزیستانسیالە کە لە چوارچێوەی وێژمانی ئایینیدا بەشێکی زیادەی وێژمان (گوتار، دیسکۆرس) بەرتەك دەداتەوە تا چاوبەستێك کە هەمان "هیچ"ە ئاشکرا بکات کە خودا خۆی بۆ شاردنەوەی "سەرچاوەی خراپە" لە مرۆڤی دەکات‌و ئادەمیزاد بە شێت دەزانێت ئەگەر بڕوا بەم چاوبەستە یەزدانییە بکات. بەم شێوەیە لەگەڵ ئەوەی وا دیارە "خانا" مرۆڤ بە "ناچار" دەزانێت، بەڵام وەك "سیزیف" بەردەکە کۆڵکێش ناکات، بەڵکو وەك ئەوەیە بە خودا بڵێت من بە چاوبەستەکەت دەزانم، بە قسەت ناکەم، بەڵام دەزانم کە تۆ ئاکامی ڕەهای جیهان‌و سەرچاوەی چاکەو خراپەیت‌و دەبێ بمگەڕێنیتەوە بۆ بەهەشت! بە بڕوای من، ئەم تایبەتمەندییە نیهیلیستییە لە شیعرەکەی "خانا"دا، "نیهیلیزمی بنیاتنەر"ە کە ئیگزیستانسیالیزمی سارتەری وەری دەگرێتەوە بۆ ئەوەی پێش بە تایبەتمەندییە وێرانکەرەکەی نیهیلیزمی ڕەها بگرێت. خاڵێکی دیکەی جێی سەرنج ئەوەیە کە "خانا" لە "فەرامۆشیی خودا" نادوێت، لە "چاوبەستی خودا" دەدوێت. "فەرامۆشیی خودا" بەرەنجامی گوناهباریی مرۆڤە کە خودای تووڕە کردووەو گلەیی "خودا لەکوێیی؟" تکاو لالانەوەیەکی ئیماندارانەی هەستکردن بە گوناهە؛ ئەم دۆخە،

دۆخێکی بێهیوابوونه، بەڵام "ڕەها" نییه. پەیبردن بە "چاوبەستی خودا" هیچێتی دەردەخات، هەندێ چەمکی زیادە کە خودا لە پشتییەوە خۆی وەك سەرچاوەی خراپە دەشارێتەوە! زیادەبوونی "شەیتان"و "نەفسی ئەمماره". لەگەڵ ئەوەشدا شەیتان وەك بوونەوەرێکی بەنەفرەتکراوی بێتاوان لە شانۆکە دەردەکات تا نەخشەکێشی ڕاستەقینەی جیهان خۆی بنوێنێت؛ مرۆڤ وەك پەیبەری هیچێتیو ئەفسانەو دەرخەری پووچەڵانێکی مێژوویی لە دووتوێی دیندا. من ئەمە بە دەرخەری "نیهیلیزمی ئیگزیستانیسال"ی خانا لێك دەدەمەوە.

"نیهیلیزمی ڕەها" یان هەمەکیو سەرلەبەر، نیچە گوتەنی: "ئێستا لەنێوان دووهیچدا"یە. "هەڵپەسێردران" بەرهەمی گومانە، بەڵام هەستکردن بە "بنبەست" ئێستایە لەنێوان "دوو هیچدا"؛ ئێستا یان "من" یان "ئێمە"ین. هەستی "هەڵپەسێردران" ترسو نیگەرانی بە دوای خۆیدا دەهێنێت. ترسو نیگەرانییەك کە بەرەنجامی سەرگەردانیو سەرلێشێواوییە لەمەڕ چلۆنایەتی بەخشینی "چییەتی" بە "بوون"مان کە"چییەتی"و "بوون" هەبوونی ئێمە لە جیهاندا مانادار دەکات. هەر بۆیە، ترسو نیگەرانی دوابەدوای هەستکردن بە بەرپرسایەتی لەهەمبەر مرۆڤ و جیهان دێتە کایەوە. هەستی "بنبەست" بەپێچەوانەی هەستی "هەڵپەسێردران" هەستی "بێهوودەیی"و "پووچی" بە دوای خۆیدا دەهێنێت. "ئێستا" واتە "مرۆڤ"، کاتێك بە هۆشیارییەوە دەکەوێتە نێوان "دوو هیچ"، بەو بەرەنجامە دەگات کە هیچ نەخشەیەکی پێشوەختە لە چیرۆکی ئافراندنی مرۆڤدا لە گۆڕێدا نییەو "بوونبەیەتی" کوێرانەی گەردوون بەگوێرەی "ڕێکەوت" بوونەوەرو گیانەوەر دەخولقێنێو بە جەبری "کات" "سەرهەڵدان"و "پووکانەوە"ی بەدوادا دێت. وەڵامی خەییامیانە بۆ پرسیاری: "فەرمووتە لە پاش مەرگ بەرەو کوێ دەمبەن؟" (خەیامی هەژارانه) ئەمەیە کە "سەرخۆش کە دەڕۆم کێوە بچم دڵخۆشم!"(خەییامی هەژارانه) بەرەنجامی هەستکردن بە "بێهوودەیی"و "پووچی"یە کە تەنیا بە خۆسپاردن بە "مەی" چارەسەر دەکرێت کە ئەویش بریتییە لە "فەرامۆشی"و "مەستی". ئەم نیهیلیزم تاکەکییەی (فردی) خەیام نیهیلیزمێکی کارتێکراو (منفعل)ە کە نە بوێریی "خوداناباوەڕی"یی هەیەو نە بوێریی

هەبوونگەراییەکی کارتێکەر یان کارا تا چییەتییەکی ئێستایی بە بوونێکی دێرین ببەخشێت! دۆشدامان لە دەستنیشانکردنی ئاکامناسانە (تێلۆلۆژیك)ی ئادەمیزاد، بە میکانیزمێکی ئاوەزمەندانە کە هەڵبەت بەدەر لە توانستی ئاوەزمەندانەی مرۆڤە، بە "بنبەست" دەگات. ڕەنگە یەکێك لە هۆیەکانی هۆنینەوەو هەڵبەستنی "ئەفسانە"و "ئەفسانە" هەڵهاتن لەم "بنبەست"ە بێتو مرۆڤی کۆن هەوڵی داوە بە جیهانناسیەکی ئەفسانەیی لەم "بنبەست"ە خۆی قوتار بکات؛ بەتایبەتی لە بنبەستێك کە ئەگەر کۆمەڵانی خەڵك تووشی بن، جڤاك هەڵدەوەشێتەوە.



ئای کێ بێ؟ بانگو هاوارو پەیام
بگەیەنێتە گوێی گۆڕەکەی خەیام
بڵێ هەی سەرشێت، کوشتەی گڕ تەڕ
گەر تێتا ماوە یەك تۆز نرخو فەڕ؟
تۆ ... لەسەر باکەی شووشەکەی شکان
لەگەڵ خودادا کردت بە زۆران
هەڵسە؛ بەرەو ئەم ناوە هەڵتووتێ
نەك شووشە شکا وا ڕەز دەسووتێ
بەرەو مەڵبەندی کوردستان ڕەوتێ
نەك کووپە شکا وا ڕەز ئەسووتێ.................... "حەمەسالح دیلان"

هاوارێکی لەمێژینەی "خەییام، لای "دیلان" بە بانگو هاوارو پەیامێکی دیکە، بۆ "سەرشێت"ێك دەنێردرێت کە لەنێوان دوو هیچدا کوشتەی "گڕی تەڕ"ە! دوو هیچ لەنێوان دوو "بەدەرکات"ی "بوون"دا. "نوایی- ئەزەلی"و "تاهەتایی" دوو "هیچ"ن کە چیرۆکی باوی ئافراندنی ئایینی، خەییام قایل ناکات، بەڵام "ڕۆحی هەڵپەسێردراو"ی خەییام ناتوانێ لەنێوان "گومان"و "ئیمان"دا خۆی یەکلایی بکاتەوەو ئەم نیهیلیزمە تاکەکیو کارتێکراوە وەك خۆی دەمێنێتەوە. "با"یەك کە بە شکاندنی شووشەی مەی، مەستیو سەرخۆشی، یان بێهۆشی لە سەری خەییام دەپەڕێنێت، دەیباتەوە نێو ململانێیەکی یەکلایی نەکراوە. "خەییام" لەگەڵ خودادا زۆران دەگرێت. بەڵام زۆرانی

"خەییام" لە زۆرانی "خانا" ناچێت. خەییام "بەهۆشهاتنەوە"و "ڕەوینەوەی مەستی" کە تاکە شادمانی ئەمدنیایی ئەوە، لە شووشەیەکدا دەبینێت کە "با"یەکی خودایی دەیشکێنێت، وەك بەردێك کە "زیۆس" هەموو جارێك ناچار بە گلۆرکردنەوەی دەکاتو "سیزیف" ناچار بە بردنەوەی بۆ سەر چیاکە دەکات! "شکانی شووشە" "گلۆرکردنەوەی بەرد" چەشنی سیمبۆلێك کە مرۆڤی مەحکومکراو بە زەبری زۆرەملێی یەزدانی، "هیچێتیی" چارەنووسی ئادەمیزاد نیشان دەدات. هەڵبەت جیاوازییەك لە ئارادایە: خەییام دەیکات بە زۆران، زۆرانێك کە چەشنی زۆرانەکەی خانا نییە! خەیام لە مەستیی خۆیدا بۆ "فەرامۆشیی خودا" دەگەڕێت، بەو مانایەی کە "مەستی" دەبێتە مایەی ئەوەی کە کەڵکەڵەی خوداو بوونی لەبیر دەچێتەوەو خوداش ئەمی لەبیر دەچێتەوە! "خانا" بەپێچەوانەوە لە "چاوبەستی خودا" دەدوێت، واتە پەردەیەك هەڵدەماڵدرێت کە تەنیا "ڕووهەڵماڵدراو"ێك دەتوانێت هەڵیبماڵێت! خەییام ئەوەندە بوێر نییە "چاوبەست"ی خودا بە بیر خودا بهێنێتەوە. هەر بۆیە نیهیلیزمی خەییام کارتێکراوەو نیهیلیزمی خانا کارتێکەرو کارایەو ئەم دەنگهەڵبڕینو لەقاودانە، نیشانەی یاخیبوونە. هەڵبەت دەبێ بڵێین نە "خەیام"و نە "خانا" ناکەونە خانەی "نیهیلیزمی خوداناباوەڕانە"وە.

"دیلان" زۆرانبازییەکە دەبینێت؛ لەسەر "شووشەیەکی شەراب" کە ئامرازی فەرامۆشی مرۆڤە، بۆ ئەوەی لە "فەرامۆشیی بوون"دا -کە لە دیدی ئیماندارەوە هەمان خودایە- لەبیر بچێتەوە. ئەگەر "گڕی تەڕ" تۆزێك نرخو فەڕی بۆ "خەییام" هێشتبێتەوە، "دیلان" دەڵێ "تۆ" لەسەر ئەو بایەی کە شووشەکەی شکاند، زۆرانت لەگەڵ یەزدان گرت؛ "وەرە بەرەو ئەم ناوە هەڵتووتێ"، "ئەم ناوە" زەوی (ناسووت)، "ڕەز" سەرچاوەی "گڕی تەڕ" (ئامرازی مەستی)، دەسووتێت. بەگوێرەی فەلسەفەی هەبوونگەرا، بۆ زاڵبوون بە سەر هیچگەراییدا دەبێ ئەمجارەیان چییەتییەك دروست بکەین. چییەتیی ئێمە، ئەرکی ئێمەیە. بەرپرسیارێتی ئێمەیەو بەم شێوەیە دڵەڕاوکێو نیگەرانی وەك سروشتی ئێمە نیشانەی مرۆڤگەرایی ئێمەیەو مرۆڤگەراییو مرۆڤدۆستی ئاکامی ئێمەیە.

"دیلان"، پەژارەو پەرۆشیو نیگەرانی زەمینی لە وشەی "ڕەز"دا کە هەمان "نیشتمان"ە، نیشان دەداتەوە. لەو نیهیلیزمە تاکەکییەی خەییام دادەبڕێتو هێما بە "کووپەی شکاو"و "ڕەزی سووتاو" -وێڕای باس لە "لەدەستچوون"و "دۆشدامان"و "بێهیوایی"- دەکات؛ تەنزێکی تاڵیشە بۆ "زۆرانبازیی بێسوود"ی خەییام لەگەڵ خودادا کە سەبارەت بە پرسیارێکی لاهووتی، "گڕی تەڕ"ی زەمینی دەنۆشێت، لەکاتێکدا "ڕەز"، دایکی "گڕی تەڕ"، لە بڵێسەی ئاگردا دەسووتێت!

## زەمانی بزربوو

شەممە دەستی یەکشەممەیەو
لە قەدو باڵای دووشەممە ئاڵاوە
سێشەممە پێڵووی خەواڵووی چوارشەممەیەو
ئەشکی ئاوارەی پێنجشەممە
لە لێواریا قەتیس ماوە!
هەینیش چ بڵێم! ئاوێنەیە
دەرخەرەوەی دەستە سامناکەکەی نێوان گەرووی زەردەپەڕی ئێوارەکانی شەممەیە!
***

شەممە باڵای یەکشەممەیەو لە باخەڵی دووشەممەدا لێی نووستوە
سێشەممە نەخۆشی کەوتووی بەر نەشتەری چوار شەممەیەو لە پێنجشەممەدا مردووە!
هەینیش چ بڵێم! زەمەنێکە لەمێژە بزر بووە
تابووتێکە "میلی کاتژمێر بەسەریا چەماوەتەوە"
"چ بڵێم!" - دۆشدامانو بنبەست!

ڕەنگە بتوانین نموونەی تەسەلو ڕەهای نیهیلیزم لەم شیعرەدا پەیجۆر بکەین؛ هیچێتی "کات"و ئارایی مرۆڤ لە کاتدا کە شانبەشانی ژیان، مەرگیش لەگەڵیدا گەشە دەکات! کات تابووتێکە کە میلی کاتژمێرەکەی "سالڤادۆر دالی" بەسەریدا چەماوەتەوە"!



کاتژمێرێك کە ئێمە گوایە تێیدا ژیان دەژمێرینو ئەو لە ئێمەدا کاتی مەرگ دەپێوێت! پووچی "کات"-پووچی "شوێن"و هیچێتی "بوون"و بێمانایی "بوونبەیەتی (صیرورە). لە "دیلان"ەوە تا "فاتیح عیزەدین" دەبێ چ ڕووداوانێکی دراماتیك و تراژیك کە پڕن لە "ترس"و "هیوا"و "مەرگ" ڕوویان دابێت. لە "سووتانی ڕەزێك" (نیشتمان)ەوە تا دەگات بە هەرەسی کورد بە دەستی کورد، کوشتارو زیندان. هەر کام لە توخمەکانی نیهیلیزم بەپێی پلەبەندی لە زۆربەی شاعیرانی کورددا دەتوانین بەجیا دەستنیشان بکەین؛ "بێهیوایی"، "گومانی ڕەش"، "هەڵپەسێردران"و "بنبەست". هەڵبەت ئاشکرایە ناتوانین بە بینینی یەك لەو نیشانانە لە ژانرێکی ئەدەبیدا، یەکسەر بیخەینە نێو ئەدەبی نیهیلیستییەوە. دەتوانین بێهیوایی "سوارە ئیلخانیزادە" لە "دەڵێم بڕۆم لە شارەکەت" (١٩٧٠)و شیعری "خێڵی درۆ" (١٩٦٨) بە نیشاندەری "بنبەستی سیاسی" بزانین کە "تووڕەییو هیوابڕاوی" هاوکات لێیان هەڵدەهێنجرێت. ئەگەر "تووڕەییو هیوابڕاوی" یان جۆرێك لە "بنبەست" تەنیا بە نیشاندەری نیهیلیزم لێك بدەینەوە، ئەوە بەشێکی زۆری "ئەدەبی کوردی" تەژی لە وەها نموونەگەلێکەو ئاشکرایە ئەمە دەمانخاتە هەڵەوە. ڕەهەندی بوونەکیی نیهیلیزمو ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە ئاکامێك بۆ جیهانو بوونو ژیان لە "نیشانەناسیی نیهیلیزمو نیهیلیزمی ئەدەبی"دا یارمەتیمان دەدات. لەگەڵ ئەوەشدا نابێت بە چەند نیشانەیەکی سنووردار هزر، یان ئەدەبێکی دیاریکراو بە "نیهیلیستی"

لەقەڵەم بدەین. تێخزانی نیهیلیزم لەنێو "ئیگزیستانسیالیزم" هەندێکجار نیشانەناسیی نیهیلیستیو نیشانەناسیی ئیگزیستانسیالیستی وەها تێکەڵ دەکات کە وەك دووانەیەك دێنە بەرچاو. وەك "نیهیلیزمی ئیگزیستانسیال" کە ڕووبەرەکەی لە "نیهیلیزمی ڕەها" بەرفراوانترەو دەتوانین لە بەشێکی زۆر لە شیعرو پەخشانو چیرۆكو ئەدەبی گێڕانەوەدا سەرەداوی بدۆزینەوە." کەتوارتارێنی"، واتە تاراندنی هەر جۆرە کەتوارێكو دوورکەوتنەوە لە ئەرکی جڤاکیو نەمانی ئاسۆیەکی هیوا بۆ کۆمەڵگە یەکێك لە نیشانە سەرەکیەکانی هیچگەراییە. لە جیهانی هاوچەرخدا نیشانەکانی نیهیلیزم لە ڕەفتارگەرایی سیاسیدا دەردەکەوێت کە ناهاوسەنگی بەرەنگاریی هێزەکان بە "خۆوێرانکردن" دەگات بۆ نموونە: خۆتەقاندنەوە. دیارە لە وتاری "نۆستالۆژیای داگیرکراوان"دا هێمایەکم بەم "خۆوێرانکردن"ە کردووە. ڕەنگە بتوانین بێژین لەدەستدانی ڕابردوو، هیواکانیو نەمانی هیچ ئاسۆیەك بۆ داهاتوو ئەم "خۆوێرانکردن"ە بەرهەم بهێنێت. لە "نیهیلیزمی کۆمەڵایەتی"دا



مەبەست ئەوە نییە کە هەموو تایبەتمەندییەکانی "نیهیلیزمی فەلسەفی" هەنو کۆمەڵگە وەك "فەیلەسووف" پەی بە بێهوودەییی پێوەندییەکانی "هۆ"(علە) و "بەرهۆ" (معلول) دەباتو بنبەستی پرسیاری ئاکامی جیهان تووشی "هیچێتی"و "پووچێتی" دەکات. بەپێچەوانەوە نیهیلیزمی کۆمەڵایەتی پێوەندیی بە دەرۆستنەهاتنی کەتوارو گیرۆدەبوون بە کەتوارێکەوە هەیە کە جڤاك ناتوانێت خۆی لێی قوتار بکات. بەم مانایە کە ناتوانێت لە دەست سیستمی سیاسیو ئابووری هەڵبێت، یان بیگۆڕێت. "دۆشدامان" هەستی "هیچێتی" لای مرۆڤ دروست دەکات، نەك هەستی پەیبردن بە "هیچێتی بوون" بەڵکو هەستی

پەیبردن بە "هیچێتی خۆ" کە دواجار "بەخۆداشکانەوە" لە ناخدا چێ دەکاتو "بێکردەوەیی" لە گۆڕینی چارەنووس، تایبەتمەندیی نیهیلیزمی جڤاکیو تاکەکین.

کەی نیهیلیزمی سەرلەبەرو جڤاکی دێتە پێشەوە؛ نیچە گوتەنی، ئەو کاتەی کە ڕۆحی سەردەم دادەڕمێت، مرۆڤانی بوودەڵە کڕنۆشی بۆ دەبەن؛ "پەتباز" نوێنەری ئەم ڕۆحی سەردەمەیە. "پەت پەتێن" کاری کابرای پەتبازە! سیاسەتێك کە ئەم پەتبازە بەڕێوەی دەبات لەسەر بنەمای "بێبەهاکردنی گشت بەهاکان" هەڵنراوە. پەتباز، نە لەسەر زەوییەو نە لە ئاسمان. پەتباز، نە زەوی ئاوەدانو نە ئاسمان ڕووناك دەکاتەوە؛ پەتباز، لەسەر پەتێك پەت پەتێن دەکات کە چاوانی واقوڕماوی حەشامات بە خۆیەوە خەریك دەکات! خەڵك ڕادەهێنرێت کە هەمیشە ئەم پرسیارە بکات، ئاخۆ پەتباز کەی دەکەوێتە خوارەوە؟ بەڵام لەڕاستیدا پەتو پەتباز هەر لە بنەڕەتەوە ڕێك کەوتوون وا لە خەڵك بکەن کە چارەنووسی خۆیان بەو کەوتنەخوارەوەیە ببەستنەوە. "داکەوتن"ێك کە دوایین مرۆڤ دەخاتەوە نێو حەشاماتو لە پاش ئەو داکەوتنە خەڵك لەبەر ئەوەی لەنێو ئەو "داکەوتن"ەدا دەژین، ناچارن "پەت"و "پەتباز"ێکی دیکە بخولقێنن، چونکە ناتوانن لە ڕۆحی مردووی هاوچەرخ خۆیان ڕزگار بکەن. ئەم "چاو"ە کە ڕاهاتووە هەمیشە بۆ ڕزگارکردنی خۆی چاوەڕوانی داکەوتنی پەتباز بێت، گیرۆدەی چارەنووسباوەڕییەو وردە وردە "هیچێتی" ئەم چاوەڕوانیەی بۆ دەردەکەوێتو دواجار بەو "داکەوتن"ە ڕازی دەبێت. تەنانەت "پەتباز" ناتوانێت جارێکی دیکە بە پەت پەتێنی خۆی سەرقاڵیان بکات. خەڵك سەری خۆی دادەخاتو وەکو "کرم لە جیهانی ژێرزەمینیو تاریكو شێداری خۆیدا" تەنیا بیر لە گلخۆرکێی خۆی دەکاتەوە! بە گوتەی نیچە، تەنیا لەو دەمەدایە "زەردەشت" بە پەیامی سەرهەڵدانی "کەڵەمرۆڤ" کۆتایی بە بازنەی پاتەوپاتی "پەتباز" دەهێنێت. وەك بڵێی "کەڵەمرۆڤ" دێت تا کۆتایی بە دوایین مرۆڤ بهێنێت، چونکە ئیدی شایانی ڕزگارکردن نییە. ئەو لە سیاچاڵی نیهیلیزمدا کە هەمان "داکەوتن"ە داڕزیوە. تەنیا "کەڵەمرۆڤ" دەتوانێت جیهانی داڕزیوی هاوچەرخ، واتە جیهانی "پەتباز" وەربگۆڕێت کە تێیدا کەڵەمرۆڤان بخولقێنو بەبێ ئەم مرۆڤە نوێیانە جیهانی نوێ ناخولقێت.

ڕەنگە دارستان، لە "وەهای گوت زەردەشت"دا هەمان نیهیلیزم بێت. "دارستان ناوچەیەکە کە تێیدا هەموو جیاوازییەکان دەسڕدرێنەوە یان دەڕەوێنەوە. خۆراک بە هیچکەس مەدە، یان ئەگەر دەیدەی بە هەمووانی بدە؛ زەردەشت بە یەکەمین کابرای دوورەپەرێز شتێکی نەداو هیچیشی لە دووەمین کەس وەرنەدەگرتو بێ ئەوەی شتێکیش بخوات ئەو بەجێدەهێڵێت. شۆڕشەکان یان دروستکردنی زنجیرەپلەکان "لە پێگەی مرۆڤان"، لە شارەکاندا ڕوودەدات؛ پەیامنامەکانیش لە شارەکان جێبەجێ دەکرێن، هەرچەند ئیلهامەکانو دیناوەکان (مکاشفات) لە لووتکەی چیاکانەوە ڕوودەدەن. کە وابوو ئەی لە دارستانەکاندا چی ڕوودەدات؟ هیچ! بەڵام جیاوازییەك لەنێوان ئەم دوو دوورەپەرێزەدا هەیە. یەکەمیان بڕوای بە خودا هەبووەو ڕووی لە مرۆڤایەتی وەردەگێڕا، بەڵام دووەمیان نە ئیماندارو نە خودانەناس؛ ئەو تەنیا خۆراك دابەش دەکات. ڕەنگە دوورەپەرێزی یەکەم سیمبۆلی گەندەڵی مەسیحایەتی بێتو دووەمیان هەڵگری مانایەکی دنیایی یان سیاسی بێت؛ داڕزیویی بەرهەمهاتووی یەکسانیخوازی، یان دیمۆکراسی" بێت. شۆڕشگێڕان لە چیاوە سەرچاوەی "ئیلهامو دیناوەکان" بوون؛ پەیامەکانی ئازادی لە لووتکەی چیاکانەوە بە پێدەشتەکانو پاشان بە شارەکان دەگەیشت. کاتێك کە خاوەنی ئیلهامو دیناوەکان دێنەوە شار، وارسکە سەرکوتکراوەکان بەسەریاندا زاڵ دەبن. دەبن بە "تێرنەخۆرە"، بۆ شاردنەوەی تێرنەخۆریی خۆیان، ناچارن ببن بە "پەتباز". پەتباز، لەنێوان ئاسمانو زەویدا پەتبازی دەکات، ئەم پەتبازییە بۆ ئەوەیە پەیامێکی ساختە بە مرۆڤان بدرێت. چاوانی چاوەڕوان (خەڵك) دەیانهەوێت بزانن کە "پەتباز" - شۆڕشگێڕی دوێنێو سیاسیی ئێستا- کە گوایە خۆی خستووەتە مەترسی کەوتنەخوارەوە، خەڵکی تەماشاوان تووشی خۆتەڵقینکردن دەکات؛ گوایە کابرای پەتباز خەریکە پەیامە نوێیەکان لە ئاسمانەوە دەهێنێتە سەر زەوی. پەتباز، نوێنەری لەچاوەڕوانی هێشتنەوەیە؛ تا ئەو دەمەی کە چاوانی چاوەڕوان ڕوویان لەوە ئەو دەتوانێت زەوی هەڵلووشێت، تاڵانی زەویو داگیرکردنی ژیانی دنیایی لەو کاتەی کە خەڵکی ساویلکە بەتەمای داگرتنی بەهەشتن لە لایەن پەتبازە. پەتباز، نوێنەری "هەڵپەسێران"ە؛ هەڵپەسێرانی شارو فەرهەنگی شار! پەتباز، بیروهۆشی خەڵك لەنێوان

ئاسمانو زەویدا دووکەرت دەکات! دۆخی چاوەڕوانی، دۆخی هەڵپەسێرانە. کاتێك وردە وردە خەڵکی بێهیواو ماندوو، بە هۆش خۆیان دێنەوە، دەبینن شارەکانیان بوونەتە "دارستان". دارستان ئەو شوێنەیە کە "هەموو جیاوازییەکان دەسڕدرێنەوەو دەڕەوێنەوە"؛ دارستان شوێنی بێبەهابوونی هەموو بەهاکانە. بەهێزەکان ڕاو دەکەنو لاوازەکان خۆیان دەشارنەوە. "بەکرمبوون"، واتە "ژیانی شێداری ژێرزەمینیو گڵخۆرکێ"؛ ئەم ژیانە شێدارە قایلبوونێکی ترسنۆکانەیە کە بە ئیمانێکی ساختەوە "تاکی کۆمەڵایەتی" داگیر دەکات. ئەم مرۆڤە لاوازە پڕە لە ڕق، بەڵام ترسنۆك، پڕە لە چاوچنۆکیو پڕە لە چەپاندنی ئارەزوو، لە هەمان کاتدا بێ ئەوەی ڕووناکی ئیمان لە ڕوخساریدا ببینرێت، گوایە پڕە لە ئیمان! دووڕوو، چڵێس، پڕکینە هاوکات ترسنۆكو لێبووكو لە کۆتاییدا دەبێت بە مار! ئەوەندە زەمینی دەبێتەوە کە توانای بیرکردنەوە لە ئاسمانی (جیهانی بەها نوێیەکان) نامێنێت. زیرەکە لە خۆحەشاردانو پێوەداندا! لە جیهانی ژێرزەمینی خۆیدا خەریکی مشکخواردنو کەروێشکخواردنە! لاوازترینەکان، هەمیشە لاوازترینەکان دەخۆن!

ئەو جڤاكو جڤاتانەی کە "کەڵکەڵەی هزری"یان نییە هیچکات تووشی "نیهیلیزمی فەلسەفی" یان نیهیلیزمی ڕەها" نابن. تەنانەت باسکردن لەوەی کە کۆمەڵگەیەك سەرلەبەر بکەوێتە دۆخێکی نیهیلیستی "بە مانا فەلسەفیەکەی" هەروەك گوتمان بێمانایە. ئەو دۆخەی کە دەتوانین بە "نیهیلیزمی کۆمەڵایەتی" ناودێری بکەین، هەڵهاتن لە کەتواری سیاسی - کۆمەڵایەتیە؛ کە بێباکیو دۆشدامانو هەڵپەسێرانە. هیچ کۆمەڵگەیەك شك نابەین کە بەتەواوەتی لە جیهانی هزری میتافیزیکیو ئایینیو یەزدنناسانەوە سەرچاوەی بێئومێدیو داماویو سەرگەردانیو هەڵپەسێردرانو بنبەستەکەی فەلسەفییانە بێت! ئەگەر وەها بانگەشەیەك بکەین، سەرلەبەری ئەم وتارە دەبێتە هاتەرانو پاتەران! بارودۆخی جەنگ، شەڕی نێوخۆیی، ستەمکاریی سیاسیو نالەباریی ئابووریو جڤاکیو فەرهەنگی بۆشاییەکی واتایی دروست دەکەن کە تێکڕای ژیانی کۆمەڵایەتی بێمانا دەکەن. کە وابوو ئەگەر نیهیلیزم تەنیا بە نەمانی "ئاکامناسییەکی بوونەکی" لێك بدەینەوە، لەو دۆخەدا نیهیلیزمان بە حاڵەتێکی

تاکێکی بیرمەند لێك داوەتەوە کە لەنەکاو پەی بە پووچی "بوون" دەباتو ئیدی لە وەها دۆخێکدا باسکردن لە "نیهیلیزمی کۆمەڵایەتی" نابەجێیە. هەڵبەت نیهیلیزمی کۆمەڵایەتی "نیهیلیزمی هەمەکی" نییەو هەندەکیە؛ واتە بەشێوەیەکی هەمەکی سیستمی باوەڕەکان ناگرێتەوە، بەڵام هەموو سیستمی کەتوار دەگرێتەوە.

سەیرو سەمەرەی کەتواری باشووری کوردستان لەوەدایە کە بێ ئەوەی لەنێو مودێرنیتەدا جێیەکت هەبێت، لە گەمارۆی کۆمپانیاکاندایت؛ بێ ئەوەی هیچ شتێك لەبارەی ئەلکترۆنیكو دیجیتاڵ بزانیت بە ئەلکترۆنیكو دیجیتاڵ دەورە دراویت؛ بێ ئەوەی هیچ شتێك لەبارەی فەرهەنگی ڕیکلام بزانیت بە ڕیکلام داپۆشراویتو بێ ئەوەی هیچ شتێکی خۆتت بۆ نیشاندان لە میدیادا هەبێت، پڕی لە ڕاگەیاندنی سەمەرەی نامۆ کە لەجێی بەستنەوەی کورد بە "کەتواری فەرهەنگی-سیاسی" خۆی، کورد بە بەدەر لەخۆی دەبەستێتەوە. نامۆیی بە ژینگەو نامۆیی بە هونەری خۆماڵی، دوورکەوتنەوە لە بەرهەمهێنانی خۆماڵی، دەسکاریکردنی چەشەی خۆراکیو شێوانی سیستمی خۆراك، نامۆیی بە هونەری تەلارسازی لە شاردا، تەنانەت دارودرەختی نامۆ بە جوگرافیای سروشتیی کوردستان لە شارەکاندا، مەترسییەکانی سیستمی خۆراك کە ترسێکی هەمیشەیی تووشبوون بە نەخۆشییە جەستەییەکانی لە ناخی هاووڵاتیدا چاندووە کە ئەوەش ناسەقامگیری دەروونی دروست کردووە. ترسی هەمیشەیی لە هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی سیاسی لە لایەكو نەمانی داهاتوویەکی ڕوون لە پەنای لەدەستدانی ڕابردوو! تەنانەت گۆڕانی فۆرمی دینداریی کۆمەڵگەی کوردیو هێنانی فۆرمێك لە ئاییندارى کە ژیانو پەروەردەی ئایینی سەدان ساڵەی حوجرە ڕەتدەکاتەوە! هەموو ئەمانە، دڵەڕاوکێ، ترس، هاوکات بێباکیو چارەنووسگەراییان تەشەنە داوەو لێکەوتەی سەرەکی ئەم دیاردانە بە "بێکردەوەیی"و "دۆشدامان" دەگات. بێمتمانەیی بە ئۆرگانیزاسیۆنی دەسەڵاتو نەمانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیو لەکارکەوتنی دادگا، ڕۆژنامەگەریو بەگشتی ڕەوتی بڵاوبوونەوەی زانیاری لە لایەكو گەمەی نیوەی ڕاستو نیوەی درۆی تۆڕی مەجازیی ئینتەرنێتو هەڵکشانی ورووژانی ئیرۆتیكو سێکس لە جیهانی مەجازیو سەرکوتی وارسکەو حەزە جەستەییو ڕۆحییەکان لە جیهانی ڕاستەقینەدا، لە

لایەکی دیکەوە تەشەنەیان بە جۆرێك لە "گرگنی کۆمەڵایەتی" داوە. بەو مانایەی "بێزەون" ئەو شتەیە کە نابێ باس بکرێت، بەڵام ئەو شتەیە کە هەمووان بەنهێنی خۆیانی پێوە خەریك دەکەن. دووکەرتبوونی ویژدانی کەسی لەنێوان جیهانی مەجازیو ڕاستەقینەدا وەها تەشەنەی کردووە کە مشتەری جنێو بە مشتەری دەدات! لەکاتێکدا هەموویان لای یەك "کڕیار" کاڵای خۆیان دەکڕن!

دۆخی نایەکانگیریی جوگرافیایی لە کوردستاندا کە هەم هۆی نێوخۆییو هەم هۆی دەرەکی هەیەو تێکەڵنەبوونی ئەم جوگرافیایە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر برەوی ناوچەگەری داناوە کە سیاسییەکانیش جاروبار لە ململانێ سیاسییەکاندا بەکاریان هێناوە. ئەنفال کاریگەرییەکی کۆمەڵایەتی-دەروونناسانەی کارەساتباری لەسەر ڕۆحی مرۆڤی کورد لەم پارچەیەی کوردستان دانا. پاش ڕاپەڕینیش شەڕی نێوخۆیی بەشێك لە خەڵکی لەگەڵ بەشێکی دیکەی خەڵك بەرەنگار کردەوە. تەنانەت پاش کۆتایی ئەم شەڕە نێوخۆییە، بنەماڵەکان نەیانتوانی لەو خوێنە بەفیڕۆدراوە خۆش بنو بە هۆی پێکهاتەی خێڵەکی حەشیمەتی هەرێم، دوژمنکاریو تۆڵەسەندنەوە، قەڵەمڕەوە نێوخۆییەکانی جوگرافیای زەق کردەوە کە بەندە بە "دێگەڵەی زەینی" ناودێرم کردووە. لایەنگریی دەمارگیرانەی ئەندامانی حزبە سیاسییەکان، گەلێك جار دەگوازرێتەوە بۆ نێو کایەی کۆمەڵایەتیو تەنانەت زیانیش بە خزمایەتییەکان دەگەیەنێت. ناسەقامگیریی سیاسی بووەتە مایەی ئەوەی کە هەموو جارێك لە زاری بەرپرسێکی سیاسی زاراوەی "ئاشتیی کۆمەڵایەتی" ببیستین؛ واتە هەموو جارێك  تێکدانی ئاشتی کۆمەڵایەتی دەبێتە ناتۆرەیەك بۆ ئەو کەسانەی کە ڕەخنە لە زیادەڕۆییەکان لەبارەی مافێکی زیادە بۆ لایەنێك یان پێکهاتە یان کەمینەیەك دەگرن. ئەم حاڵەتە بەرەبەرە کابرای ڕەخنەگر ناچار بە "خۆسانسۆرکردن" دەکات، چونکە بەر پەلاماری میدیایەکی ئاراستەکراو دەکەوێت. لە وەها دۆخێکدا توێژێکی جڤاکی هەست بە بێدەرەتانی دەکاتو قسەی هەڵپەسێردراو دەبێتە هۆی "بەخۆداشکانەوە"و هەستکردن بە پەراوێزخران یەکێك لە هۆکارەکانی کەڵەکەبوونی "قینی شاراوە"یە. بەگژداچوونی چینو توێژە کۆمەڵایەتییەکان یەکێکی دیکەیە لەو هۆکارانەی کۆدەنگی سیاسی پەك خستووە. هەر هێزو

ڕێکخراوێکی سیاسی که دادەمەزرێت، دەبێت بە بەشێك لە کێشە نەك چارەسەر. هەر بۆیە بێهیوابوون لە چاکسازیی سیاسی، ئاسۆکانی داهاتووی ژیانی کۆمەڵگەی تاریك کردووە. بێجگە لە نەهامەتی ئابووریو سیاسی، ڕەنگە یەکێك لە هۆکارە گەورەکانی بەخۆداشکانەوەو ورەبەردانی کورد، کە دەتوانین بە سیاسەتی چاوشۆڕکردن ناودێری بکەین، ئەو کەوتنە بەر پێلەقەی وڵاتانی دەوروبەر بەتایبەتی تورکیاو ئێرانە کە سنووربەزاندنەکەیان هاوکاتە لەگەڵ ساخکردنەوەی کاڵاکانیان لەم هەرێمەدا؛ واتە چەکی کوتەكو نان! ئەم حاڵەتە لە ناخەوە هەستی "بەکرمبوون" لە ناخی مرۆڤدا دروست دەکات کە ژیانی ژێرزەمینیو شێداری ژێر خاك هەڵدەبژێرێتو ناتوانێت تەنانەت لەسەر زەویی نیشتمانی خۆی، هەست بە "ئازادی" بکات لەکاتێکدا لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی خۆماڵیدا گوایە ئازادە!

بەدەر لە ڕەهەندی بوونناسانەو فەلسەفی نیهیلیزم لە باوەڕدا، دەتوانین تێکڕای نیشانەکانی نیهیلیزم لە ناخو ڕەفتاری مرۆڤی کورد لەم پارچەیەی کوردستاندا ببینین. "پووچی"، "دۆشدامان"، "هەڵهاتن لە کەتوار" کە خۆی لە هەڵهاتن لە بەرپرسایەتیدا دەبینێتەوە، بێکردەوەییو ناکارایيو کارتێکراویو "هەڵپەسێردران لەنێوان ئێستاو داهاتوو" (لەنێوان دوو هیچدا)، ڕقو کینەی کەڵەکەکراو، دینداریيەکی نابەرپرسیار بەرانبەر بە دنیاو دەوروبەر، چارەنووسگەرایی -بەبێ پەیڕەویکردن لە هیچ ڕێبازێکی پێوەندیدار بەم بابەتەوە- هاوکات لە هەمووی سەیرتر، چێژخوازیو ماددیگەرایيەکی چڵێس لە تەنیشت دینداریيەکی ڕواڵەتی بەبێ قووڵایی عیرفانی، هەندێکجار وامان لێدەکات کە لە ناودێرکردنی سەردەمەکە بە سەردەمێکی پووچگەرایانە خۆمان ببوێرین؛ هۆیەکەش لێکچوونی هاوکاتو ناکۆکی زەقی دیاردەیەکە کە ئێمە دەمانهەوێت بە نیهیلیزم ناودێری بکەین. سەرەڕای ئەم ناکۆکییەی نێوان کەتوارو پێناسە، هەروەك گوتمان، نیشانەناسی نیهیلیزم هانمان دەدات کە بێژین جۆرێك لە هیچگەرایی لە کۆمەڵگەدا بەدیدەکرێت. هەڵبەت ئەوەی کە نابینرێت لایەنی بنیاتنەرانەی نیهیلیزمە کە ئەویش بریتییە لە یاخیبوون لە زۆرەملێی سەردەم. واتە "ئەوەی کە دەئافرێنێت دەبێ پێشتر فێری وێرانکردن ببێت!".

## کەمتەرخەمی سیاسی

کردەی سیاسی، کردەیەکە بۆ گۆڕینی دەوروبەرو ژینگەو دۆخی هەبوونی مرۆڤ لەپێناو دەستنیشانکردنی چارەنووسی خودی مرۆڤدا. کردەی سیاسی بە پەیڕەوی لە جیهانناسیو ئایدیۆلۆژیاو ڕێبازێکی سیاسی، لەپێناو "جیهاننasازی"دایە. کردەی سیاسی دەتوانێت دەرخەری کارەکتەری سیاسی بێت. دەرخەری ئاواتو ئارەزووەکانو سیستمێك کە لەو چوارچێوەیەدا ژیانی سیاسی فەرهەنگێك دەردەخات. "سیاسەت" وەك نوێنەری "فەرهەنگ"، لە نواندنی کردەی سیاسیدا دەبێ ئەو جۆگرافیا سیاسییە دەستنیشان بکاتو بیپارێزێت کە فەزای ژیانی فەرهەنگی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوە کە لە چوارچێوەی دەوڵەتدا بە "نەتەوە" دەناسرێت. لە وێنەیەکی بچووك کراوەی دەسەڵاتیشدا نوێنەرایەتی سیاسی دەتوانێت ئەم ئەرکە لە ئەستۆی خۆی بگرێت. بە بڕوای من کاری سیاسی لە خۆیدا دەتوانێت ئامانجێك دروست بکات؛ مانایەك بخولقێنێت کە تەنانەت ئەگەر باوەڕێکی میتافیزیکی، یان ئایینیشمان نەبێت، باوەڕێکمان بۆ بخولقێنێت کە ئەم باوەڕە لە دەستنیشانکردنی ئایدیای سیاسیدا دەئافرێنرێت. ئەو جیهانەی کە دەبێ دروستی بکەینو ئەو مانایەی کە دەبێ بە هەبوونی مرۆییانەی خۆمانی ببەخشین، لە خۆیدا کردەیەکی سیاسییە. نیهیلیزمی کۆمەڵایەتی بەرەنجامی هەرەسهێنانی سیاسەتە. چونکە بە تێکچوونی سیاسەت هەموو شتێك تێك دەچێت. سەقامگیریی فەرهەنگو زمانو پێوەندییە ئابوورییەکانو خاوەندارێتیی جوگرافیا لەنێودەچێت. بێسەقامی مرۆڤ لە شوێندا، ترسو دڵەڕاوکێو هەستکردن بە نەبوونی ئاسایشی هزریو دەروونی دەنێتەوە کە ئاسۆکانی داهاتوو دەسڕێتەوە. ئەگەر سیستمێکی باوەڕی میتافیزیکیو ئایینی لە پێوار (غیاب)ی سیاسەتدا نەبێت، ئەمە بە نیهیلیزمی هەمەکی دەگاتو ئەگەریش هەبێت نیهیلیزمێکی هەندەکی کۆمەڵایەتی چێ دەکات کە لایەنە تێکدەرەکەی کەمتر لە لایەنە تێکدەرەکانی نیهیلیزمی هەمەکی نییە. زەمینی وێران (ناسووت) بە ئاسمانی ئاوەدان (لاهووت) بەڕێوە ناچێت. بەشێکی زۆری

نیهیلیزم له وڵاتانی ئیسلامیدا له سەدەکانی ڕابردوو "هەندەکی" بووە؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەرییە وێرانکەرەکەی لە چوارچێوەی "سۆفیگەری"، "دەروێشایەتی"، "نازانمێتی ڕەچەیی" (لادریە)و..هتد، ڕەنگی داوەتەوە. هەر ئەم ڕەوشە بەشێوەیەکی دیکە لەم هەرێمەدا بەدیدەکرێت، هەرچەند بەشێوەیەکی ئاڵۆزترو شێواوتر!

ستەمکاریی سیاسی، هۆکاری سەرەکی نەمانی بەشداریی سیاسی کۆمەڵگەیە. دەستەبژێرێکی سیاسی لە چوارچێوەی خێڵەکیو ئۆلیگارشی یان بە شێوەی جیاوازتر، کردەی سیاسی قۆرخ دەکەن. قۆرخی کردەی سیاسی، بەشداریی سیاسی بە لانیکەمی خۆی دەگەیەنێتو لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵە قارچکێکی سیاسی زوو زوو سەرهەڵدەدەن، بەڵام زیاتر لە لێبووکی سوڵتان دەچن تا هێزی سیاسی. "پەتباز" تاکە کارەکتەرێکی سیاسییە کە گەمەی خۆی دەکات، بەڵام وەك جاران چاوی چاوەڕوانی خەڵك تەماشای ناکات، هەمووان سەریان داخستووەو بە ژیانی کرمئاسای خۆیانەوە خەریکن. لە بێدەنگی خۆیاندا خەریکی گلخۆرکێن. تەنانەت وەك جاران سەیری ئاسمان (لاهووت) ناکەنو وەك "خانا"یش پرسیاری بوێرانە لەو خودایە ناکەن کە ئاخۆ بۆچی بووەتە پارێزەری "پەتباز"! فەرمانەکانی دین جێبەجێ دەکەنو لەسەر جێبەجێنەکردنی فەرمان یەکدی بە کوفر تۆمەتبار دەکەنو شەڕی کۆمەڵگە بە دژی کۆمەڵگە بە بێ بارووتو خوێن هەڵگیرساوە!

لاوازبوونی کۆمەڵگەی مەدەنیو پاشەکشێی ڕەوتی ڕووناکبیری، بووە مایەی پاشەکشێی ڕەوتی ڕەخنەی سیاسییش. ڕەخنە لە گۆڕەپانی گشتیدا ئەگەرچی سەرئێشەی بۆ سیاسییەکان دروست دەکرد، بەڵام هیوای گۆڕانکاریی لە دڵی کۆمەڵانی خەڵکدا بەزیندوویی دەهێشتەوە. ئەرکی ڕووناکبیر ئەوە بوو پێمان بڵێت "پاشامان ڕووتە"!(ڕاستی لە منداڵانەوە ببیستە: ویژدانی پاكو بوێر!) ئەم لەقاودانە هەرچەند دەسەڵاتی سیاسی بێزار دەکرد بەڵام بوێریی سیاسی کۆمەڵگەی نیشان دەداو بە کردەیەکی سیاسی لەقەڵەم دەدرا. لە پڕۆژەی ڕەهەند بەملاوە، بۆ ساڵانێك گفتوگۆو مشتومڕ لە مەیدانی ڕەخنەی گشتیدا برەوی سەند. مەشقێکی هزریی بەسوود بوو -

وێڕای هەڵەکان- کە خۆراکی هزریی بۆ خوێنەرانو توێژی خامەبەدەستان دابین دەکرد. زاڵبوونی "من منۆکێ" (ئیگۆییزم) وردە وردە بووە مایەی لەبەریەك هەڵوەشانی دەستەی ڕەهەند کە ئەندامانی تا ئێستاش یەکدی تۆمەتبار دەکەن. ئەمە زیانێکی زۆری لە کاری هەرەوەزیی ڕووناکبیریدا کە دواتر لەجێی گفتوگۆی لایەنگران، "شەڕی لایەنگران" مەیدانی گشتی ڕەخنەی ژەهراوی کرد. دواتر بازاری کڕینو فرۆشتنی ڕووناکبیرانو ئەم چڵو ئەوچڵکردن لە میدیاو ڕاگەیاندنی حزبە سیاسییەکان، لایەنێکی دیکەی پاشەکشێی ڕەخنە لە مەیدانی گشتیی کۆمەڵگە بوون. نالەباریی باری دارایی ڕۆژنامەو گۆڤاری کاغەزین، بڵاوکراوەکانی تێکەوەپێچاو تەنیا ڕۆژنامەو گۆڤاری زمانحاڵی حزبی سیاسی لە گۆڕەپانەکەدا هێشتەوە کە لەبەر نەمانی ڕەخنە لە مەیدانی گشتیدا، ئەوانیش خوێنەریان گەیشتە کەمترین ئاستی خۆی. هۆیەکەش تاکدەنگیەك بوو کە بە شێوازی تەلقینکردن لەگەڵ کۆمەڵگە دەدوا. نۆرە گەیشتە فەزای مەجازیی دیارو نادیار کە بوون بە ئامرازی شەڕێکی دەروونی لە کۆمەڵگەدا. وەك "شوانە درۆزنە" بێمتمانەیی بە هەواڵو ڕاپۆرت، تەشەنەی بە دۆخی بێئاگایی دەدا. هەواڵنێرانو پەیامنێرانی تۆڕی مەجازیی وەك "فەیسبووك" هەزاران دەزگای پڕوپاگەندەی کەسی بوون کە لەجێی ڕۆشنگەری، شێواوییان نایەوە. مانشێتی بێمانای "هەواڵی بەپەلە" دەرخەری "پەلەی ژیان"ێك بوو کە چی دیکە هەڵنەدەسووڕا! بێمانایی تەشەنەی سەندو هیچ شتێك بە ڕژدی نەمایەوە. لەشکری ڕووناکبیرانو دەستەبژێرانی کڕدراوو فرۆشراو لە میدیای فەرمی دەسەڵاتدا دەردەکەوتن؛ بوون بە شرۆڤەکارو ڕۆشنگەری ئامارە دەسکردەکانو پاڵەوانی ساختەی گێڕانەوەی فەرمی میدیا کە بە نەمانی فەزای گشتیی ڕەخنە، بەناوی دیمۆکراسییەوە نوێنەری تاکدەنگی بوون !

"نەمانی ڕژدی"، ڕۆحی تەوسو پلارو جنێوو پێڕابواردنو تەنزی نابەرپرسانەی لە تۆڕی مەجازیدا بڵاوکردەوە. چەشنی سەردەمە کۆنەکان، کەسانێك کە نەیاندەویست لەو زەلکاوەدا پیس بن، بوونەوە بە "سۆفی"و "خەڵوەکێش"و پەراوێزنشین کران. لەشکرێك لە هەواڵنێرو شرۆڤەکارو یوتۆبێرو فاڵچیو جادووگەر لە لاپەڕە نادیارەکانەوە، ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگەیان داگیر کرد. ئەگەر نیهیلیزم بە "بۆشایی"و "بێمانایی"

وەربگێڕین، ئەمە ئەو فەزایەیە کە لە ئێستادا کۆمەڵگەی ئەم بەشەی کوردستان تێی کەوتووە. بەرپرسی سەرەکی ئەم دۆخە، نالەباریی دۆخی سیاسیو کردەی سیاسیە کە لایەنەکانی دیکەی ژیانی تووشی "بنبەست" کردووە. دۆخێکی نیهلیستی نەك ڕەوتێکی نیهیلیستی؛ پووچێتیو هیچێتییەك کە تێیدا دەژین، بەڵام لێی تێی نەگەیشتووینو پێناسەمان نەکردووە! لەم ڕوانگەوە دەتوانین بێژین نیشانەکان هەموویان هەن، بەڵام ڕەوتێك نییە کە یاخیبوون بەرهەم بهێنێت. "دۆخی سیزیفی"، چەقیو لە پاتەوپاتکردنەوەدا.

تلۆربوونەوەو هەڵزنینی بەردەوامو بێئاکام! ئەم دۆخە کەسێکی دەوێت بچێتەنێو تونێلە تاریکەکەو چرایەك هەڵبگیرسێنێت؛ لە دەرەوەی تونێلەکە تەنیا پاتەوپاتو بێهوودەیی لە ئارادایە! هەرچەند ئەوپەڕی تونێلەکە نابینرێت، بەڵام "زاڵبوون" بەسەر ئەم دۆخە نادیارەدا، تەنیا بە چوونە نێو تونێل، یان ئەو سیاچاڵە دێتەدی.

# بۆچی ئایینەکان شەڕی مۆسیقایان دەکرد؟



د. کەریم ئەلصەیاد

وەرگێڕانی: د.ئامانج غازی

-١-

پەیوەندی نێوان موزیكو ئاین لە دوو لایەنەوە بەیەکەوە بەستراوەتەوە لایەنی موزیکی ئایینیو لایەنی ئایینی موزیك. چەمکی "موزیکی ئایینی" گوزارشت لەو موزیکە دەکات کە ئاین قبوڵی دەکاتو ڕەنگە پێیەوە "پابەندیش" بێت بۆ دەربڕینی هەستی ئایینیو پێگەکانیو هەروەها بۆ بارودۆخی سۆفیگەریش بەکاری بهێنێت، وەك خۆشەویستیو ستایشو هیواو ترسو پەرۆشیو لەناوچوون. سەبارەت بە "ئایینی

"موزيك"يش، ئەمەيان حاڵەتێكی دەگمەنەو گوزارشت لە گۆڕینی بواری موزيك لە يەكێك لە ئايينەكاندا دەكات بۆ لايەنێكی گەوهەری باوەڕو ڕێوڕەسمەكان، كە بەبێ ئەو ئايينە ناتوانرێت تەواو بێتو پەيوەندييەكی ئاڵۆزتر لەوەی هەيە.

(ئايين موزيك) شتێك نييە لە يەك ئاييندا ڕێككەوتنی لەسەركرابێت. ڕاستە زۆربەی ئەو ئايينانەی ئەمڕۆ هەن هەندێك جار موزيك وەك زمانێك بۆ دەربڕينی ئەوەی زمان ناتوانێت دەريببڕێت بەكار دەهێنن، بەڵام فرە مەزهەبەكانی ئايينێك لە ڕادەی وەرگرتنی موزيكو جۆری ئەو موزيكەی كە قبوڵكراوەو چۆنيەتی خستنەكارييەكەی ڕاو سەرنجی جياوازيان هەيە، بۆ نموونە زۆربەی موسڵمانان موزيكی ئامێريی بۆ دەربڕينی مانای ئايينی بەكارناهێننو خۆيان بە خوێندنەوەيەكی ئاواز ئامێزی قورئان سنووردار دەكەن هەندێكی تريشيان بە تەواوی قەدەغەی دەكەن، لەكاتێكدا سۆفيەكانی ئيسلامو عيرفانييەكان بەكاريدەهێنن، هەندێكيشيان كارەكانييان لەسەر ئەو بنەمايە نووسيوە، وەك (ئيخوان ئەلسەفا)، كە دواتر بە وردی باسيدەكەين.

پێشنياری ئێستا پەيوەندی بە پرسی قەدەغەكردنی موزيكەوە نييە؛ بۆ نموونە (ئيبنولحەزم) بە مەرجەوە ڕێگەی بە موزيك داوە، بەڵام نەيگوتووە بۆ دەربڕينی ماناكانی خودی ئايين بەكاربهێنرێت، واتە قسەی لەسەر خستنەكاری موزيكی ئايين بۆ خودی ئايينەكە نەكردووە، بەجۆرە ئەم شرۆڤەيەی ئەو دەكەوێتە دەرەوەی مەودای ئێمە.

-٢-

## بلوورەكانی ئەهريمەن

### ئيسلامو مەسيحييەت

پەيوەندی نێوان موزيكو ئايين لە لايەك بە دوورو درێژييەوە بەر ڕێگايەكی پێچاوپێچو عاسێدا پەرەی سەندووە، لە لايەكی ديكەشەوە ڕێگايەكی جياوازو دياری گرتووە، ئايين بە گشتیو وەك نموونەش ئايينی ئيسلام بەتايبەتی، ئەوەندەی لەگەڵ موزيكدا بەريەككەوتنی هەبووە لەگەڵ هيچ كام لە هونەرەكانی تردا بەريەككەوتنی نەبووە.

هونەری شێوەکاری لە ئیسلامدا لە هونەری خۆشنووسیو نەخشەسازیو تەلارسازیدا دەردەکەوێتو ئەدەبیش لە خودی قورئانو لە فەرموودەی پێغەمبەرو فەرموودەی قودسیو شیعری سەرەتای ئیسلامدا دەردەکەوێت، هونەری دینامیکیش، یاخود هونەری جوولە، جۆرێکی لە هاوکاتکردنی نوێژخوێنان لە مزگەوتەکانداو جوولەی ئەوانەی کە بە ئاراستەی دژە کاتژمێر بە دەوری کەعبەدا دەسوڕێنەوە دەبینینەوە. ئیسلام هەمیشە، لانیکەم لە زۆربەی عەقیدەکانیدا، هونەری شێوەکاریو ئەدەبیاتو هونەری جولەی قەدەغە نەدەکرد. هەندێك لە زانایانی ئیسلام جۆرێکی دیاریکراوی ئەو هونەرانەیان قەدەغە دەکرد، بەڵام نەگەیشتنە ئەو ئاستەی کە هیچ کامیان بە



تەواوی قەدەغە بکەن، کەچی دەبینین حاڵەتی موزیك زۆر جیاوازترە؛ هەندێك لەو فەقیهانە فەتوایەکیان دەرکردووەو بە تەواوی قەدەغەکراویی موزیکیان ڕاگەیاندووەو تەنانەت خوێندنەوەی ئاوازدار بۆ قورئان لەلایەن هەندێك لە فەقیهانەکانەوە بە یەکجاری قەدەغە کراوە.

ئەم هەڵوێستە سەبارەت بە موزیك تەنها لە ئیسلامدا سنووردار نەبوو، چونکە قەشە (تۆماس ئەکویناس)ی کاسۆلیك فەتوایەکی دەرکرد کە موزیکی لە پیرۆزگای کلێسادا قەدەغە کرد. لە "سوما تیۆلۆژیا"دا، تۆماس ئەکویناس کە لەگەڵ (ئۆگستین) بەرزترین پێگەی لە هەموو فەلسەفەی مەسیحیەتدا هەیە، لە قەدەغەکردنی بەکارهێنانی ئامێری موزیکدا لە پیرۆزگای کلێسادا دەگاتە بەرزترین پلەی پۆلێنکردن، تەنانەت ئەگەر بە مەبەستی ستایشکردنی خوداشبێت.

ئەکویناس پێیوایە نابێت لە ڕێگەی موزیكو گۆرانییەوە ستایشی خودا بکرێت؛ لەو تا ئەو شوێنەی لەگەڵ پیرۆزییەکەیدا ناکۆکە. موزیك بە تۆخمێکی نامۆ بە سروشتی

پیرۆزی سروودە ئاینییەکان دەزانێت کە دەبێت نەهێڵرێت، بۆ ئەوەی پاکی جەوهەری پیرۆز بپارێزرێت.

بەپێی بۆچوونی ئەو، کاتێك سوپاسی خودا دەکەین، دەبێت بە دڵ ستایشی بکەین، نەك بە زمان، یان بە هیچ شێوەیەکی ماددیو جەستەیی. لەم ڕووەوە ئاماژە بە قەدەغەکردنی گۆرانی چڕین لە قوربانگا لەلایەن (گریگۆری) گەورەوە دەکاتو ئەکویناس دەشڵێت کە خودا لە پەیمانی کۆن لە ڕێگەی گۆرانی وتنەوە ستایشی دەکرا، بەڵام لە سەردەمی کڵێسادا نابێت لاسایی جولەکەکان بکەینەوە. ستایش لە دڵەوە -بە بڕوای ئەو- لە ستایشکردن بە لێوو زمان باشترە. لێوەکان بەربەستی دڵ لە دڵسۆزی دەکەنو سەرنجی گۆرانیبێژان لە مانا پیرۆزەکە بە قازانجی جوانیناسیی نمایشکردنو وردەکاریەکانی ئاوازەکە سەرقاڵ دەبێت.



لە کۆتاییدا دەقێك لە دانپێدانانی سانت ئۆگستین دەهێنێتەوە بۆ پشتگیریکردن لە دۆسیەکەی. سەبارەت بە ئۆگستین، لە دانپێدانانەکانو لە بڕگەیەکی سەرنجڕاکێشدا، ساتەکانی پەشیمانی خۆی دەگێڕێتەوە کاتێك موزیکی دنیایی سەرقاڵی کردووەو بووەتە هۆکاری لە بیرکردنی ستایشە ئاینییەکانی خۆییو لەئەنجامدا لە ڕێگەی تەقوادا بەسەر "چێژی گوێگرتن"دا زاڵ بووە.

-٣-

## موزيك لە ئایینی جوولەکەو بودابیدا

سەبارەت بە ئایینی جوولەکەش، لە "ڕێسپۆنسا"دا بۆمان دەردەکەوێت کە فەیلەسوفی جوولەکە موسا بن مایمۆنیدس (١٢٠٤ز کۆچیکردووە)، لە ڕووی گرنگییەوە بە فیلۆی ئەسکەندەریە بەراورد دەکرێت. بن مایمۆنیدس ئەو دەقە پیرۆزە لە تەلمودەوە دەخاتەڕوو کە بە تەواوی موزیكو گۆرانی بۆ جولەکەکان قەدەغە دەکات، جا ئامێرەکان چ لە گۆرانی چڕیندا بەکاربهێنرێن، یان تەنها لە سنووری دەنگی مرۆڤدا بن. ئەو پێی وایە ئامانج لەم یاسایە پاراستنی پاکی ڕۆحە لە شەهوەت. کەچی دووبارە جەخت دەکاتەوەو ئاماژە بەوە دەکات کە موزیك ڕەنگە بۆ هەندێك کەس سوودی هەبێت، بەڵام تەنها بەو مەرجەی کە موزیکێکی (ڕاستو ڕەوان) بێت.



لە ئایینی بودادا، بودا شاگردەکانی لە سروودی جادوویی ئاگادارکردەوەو ڕایگەیاند کە ئەو، وەك تاکەکەس خۆی لە بەشداریکردن لە نمایشە موزیکییەکان بەدوور دەگرێت. بەڵام هەڵوێستی دوژمنکارانەی موریدەکانی ئەو بەرامبەر بە موزیك لە ئایینی بودا دوای مردنی ئەوو دوای یەکەم دابەشبوونی گەورە لە ئایینی بودا بۆ سێ مەزهەب: مەهایانا (ڤێکتەری سەرەکی)، هینایانا (ڤێکتەری بچووك)و تیراڤادا (باوەڕی کۆنەکان) گەیشتە ترۆپکی بەربەرەکانییەوە. تیراڤادا موزیکی بە چێژێکی هەستیاریو جەستەیی (دەربڕینێکی نەرێنی لە... ئایینی بودا) دەزانیو دەڵێ بودابییەکان دەبێ بە وریاییەکی زۆرەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

**ترس لە موزیك**

**مرۆڤایەتیو ڕاستەوخۆیی لە هەڵسوکەوتدا**

زۆرینەی ئایینە گەورەکانی ئەمڕۆ بە تایبەتی بە گومانەوە مامەڵەیان لەگەڵ موزیك کردووە، تا ڕادەیەك -ئەگەر کوالیتییەك نەبێت- کە توندڕەوترە لەوەی لەگەڵ باقی هونەرەکاندا هەیەتی.

هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خودی موزیکەکە. بیرمەندان لەمێژە، هەر لە پێش سۆکراتو لە سەدەی شەشەمی پێش زایینەوە، دەزانن کە موزیك لە چاو هەموو هونەرەکانی دیکە لە دوو تایبەتمەندیدا جیا دەکرێتەوە: لە لایەکدا دروستکراوێکی تەنیای خودی مرۆڤەو لەلایەکیتریشدا بەبێ هەژموونی دەروونی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر هەستەکان هەیە.





موزیك پیشەسازییەکی تەواوی دەستکردی مرۆڤە؛ بەبێ ئەویش لە سروشتدا بوونی نییە. زۆرترین شت کە دەتوانین وەك موزیك لە سروشتدا بیناسین، تۆنی باڵندەکانە، کە ڕەنگە بۆ ئێمە دڵڕفێنو سەرسوڕهێنەر دەرکەون، بەڵام هەرچەندە سەرسوڕهێنەر بن، ئەو دەنگانە نین کە مەبەستمانن. لەبەر ئەوەی موزیك لەسەر چەند تۆنێکی هەڕەمەکی دانەمەزراوە، بەڵکو هونەرێکە بە سیستەمێکی زانستی ناسراوە، واتە بە پێچەوانەی هەموو هونەرەکانی دیکەوە لە دۆخێکی ڕێکوپێکیدا دەردەکەوێت.

یەکێك لە پێناسەکانی موزیك ئەو دەنگەیە کە نە قسەکردنەو نە ژاوەژاو، واتە دەنگێکی نا زمانەوانی ڕێکخراوە. ئەم سیستەمە تۆناڵییە، واتە مۆدو ڕێکخستنی کاتو ڕیتم، بەبێ ڕێکخەرێکی هۆشیاری کاریگەر ناتوانێت لە سروشتدا بوونی هەبێت

سەبارەت بە هونەرە سەرەتاییەکانی تر کە پشت بە ئاوێتەکردنی دوو هونەر یان زیاتر نابەستن، توانای نەوە خستنەوەی خۆبەخۆیان هەیە. تەلارسازی لە شێوەی شانە هەنگ، کریستاڵ، شێوەبەرددا، هەیە. فۆتۆگرافی لەسەر بنەمای دیمەنی سروشت دامەزراوەو هونەری دینامیکی لە جوڵەی ڕەوە باڵندەو ماسیو شەپۆلو هەورەکاندا دیارە.

ئەدەب، چ شیعر بێ یاخود پەخشانە شیعر، بە ڕێکەوت تەنانەت ئەگەر مەبەستیشمان نەبێت لە قسەی ڕۆژانەماندا بەکار بردراون. هەندێك ڕستەی خۆبەخۆ بە پێی دێڕەکانی شیعر بە شێوەیەکی سیستەماتیك ڕێکدەخرێن.

-٤-

## میوزیك هەڵقوڵاوی ناخی مرۆڤە

هەموو هونەرەکان جگە لە موزیك، دەتوانن لەخۆوەو بەبێ ویستی ئێمەش لە سروشتو لە کۆمەڵگادا بوونیان هەبێت. موزیك بە تەنیا دروستکراوێکی بێگەردی نێو ناخی مرۆڤە. موزیك "زیاد کردنێکە" بۆ ئەو سروشتەی کە خودا دروستی کردووە. زیادکردنێك کە خودا لانیکەم ڕاستەوخۆ دروستی نەکردووە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی ئایینەکان ترسی ڕاستەقینەیان لە بڵاوبوونەوەیدا هەبێت، هەر ئەمەشیان بە گشتی



سیماو مۆرکێکی شەیتانی بە مۆسیقا بەخشیو لە سەردەمی کۆنو سەدەی ناوەڕاستدا لەلایەن پیاوانی ئایینیو فەیلەسوفەکانەوە بە ترسێکی گەورەو ترسناك دەبینرا.

بەڵام گرنگترین هۆکاری تاوانبارکردنی خودی موزیك لەلایەن ئایینەوە، جا کۆی پڕۆسەکەی بێ، یان بەشێکی، ئەو شێوازەیە کە کاریگەری لەسەر هەستی مرۆڤ هەیە. بۆ نموونە شیعر ڕەنگە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر خوێنەر یان گوێگر هەبێت، بەڵام لە ڕێگەی بیرۆکەیەکی دیاریکراوەوە ئەنجام دەدرێت کە دەقەکە دەیگەیەنێت. هەروەها هەموو هونەرە سەرەتاییو دروستکراوەکانی تر. وەك سینەما، شانۆ، نیگارکێشانی هونەری، کاری پەیکەرسازی، ئۆپێراو باڵێ، بەڵام لێرەدا موزیكو تەلارسازییە ئاورتە کراون، هەروەها ئەو دیزاینو دیکۆراتو بەراوردو مینیاتۆرانەی کە شوێن تەلارسازی دەکەون. ئەم ئاورتەیە لەبەر ئەوەیە کە موزیكو تەلارسازی بە هیچ شێوەیەك بیرۆکەیەکی دیاریکراو ناگەیەنن، بەڵام موزیك لە ڕووی کاریگەری سۆزدارییەوە لە تەلارسازی جیاوازترە. تەلارسازی کاریگەرییەکی سۆزداری بەرهەم ناهێنێت، کاتێك ئێمە بیر لە ئەندازەییو سیمیتری توخمەکانیو ڕێژەکانیانو پەیوەندی بارستە بە بارو کێشکردن دەکەینەوە، کاریگەرییەکی دەروونی بەسەر مرۆڤەوە جێدەهێڵێت.

ئەگەر تەلارسازی کاریگەرییەکی سۆزداری لەسەر یەکێك لە ئێمە دروست بکات، ئەمە بەهۆی پەیوەندی تەلارسازی لەگەڵ مێژوو دایە نەك خودی تەلارسازی.

تەلارسازی لە گەوهەرەکەیدا هونەرێکی مێژووییە، مەبەست لێی ئەوەیە تا دوورترین مەودا بمێنێتەوەو قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراویش بۆ ئێمە کورت بکاتەوە. کاتێك تاراوگەنشینێکی عەرەب لە وڵاتێکی بێگانە، بیر لە مزگەوتێکی ستایلی مەلەکی دەکاتەوە لەوانەیە هەست بە نۆستالژیاو لەدەستدانی بابەتێك بکات، بەڵام هیچ هاندەرێکی سۆزداری لە خودی بیرۆکەی تەلارسازییەکە وەرناگرێت، لێرەدا ڕەوانەکردنی بیرۆکەی تەلارسازییەکەیە کە بە ئاراستەی مێژووە دیاریکراوەکەیەتی، واتە لەو ساتەدا سەیری تەلارسازییەکە ناکات، بەڵکو سەیری ئەو گوزارشتەی تەلارسازی دەکات کە بە سەر خودی مێژووەوە جێیهێشتووە.

سەبارەت بە موزیك، تایبەتمەندی کاریگەری سۆزداری ڕاستەوخۆ بەبێ نێوەندگیری دەروونی هەیە، ئەمەش لە هەموو هونەرەکانی تر بە تەلارسازیشەوە جیا دەکرێتەوە. چونکە وایکرد بە جۆرێك "مەترسیدار" بێت؛ توانای گۆڕینی دۆخی دەروونی گوێگری

هەبێت بەبێ ئەوەی هەڵگری بیرۆکەیەك بێت. ئەمە ئەو خاڵەیە کە فەلسەفەی موزیك لە هەموو سەردەمەکانیدا بە مکوڕییەوە لەسەری وەستاوە.

### ئایا موزیك دەتوانێت هەڵگری کرۆك و ناوەڕۆکی بابەتەکان بێت؟

زۆرینەی فەیلەسوفانی موزیك بەو جۆرە وەڵامی ئەو پرسیارەیان داوە کە موزیك لە بنەڕەتدا فۆرمێکی بێ ناوەڕۆکە، لەگەڵ ئەوەشدا لە بەربڵاوترینی هونەرەکانە (چونکە دەنگ بە شێوەی بڵقێك بە هەموو ئاراستەکاندا دەڕوات، لەکاتێکدا ڕووناکی بە هێڵی ڕاست دەڕوات)؛ بۆ ئەوەی ببینین، دەبێ سەیری تابلۆیەك، تەلارێکی، سینەما، شانۆ، ئۆپێرا بکەین، بەڵام سەبارەت بە موزیك وانیە، ڕەنگە بە دەرگاو پەنجەرە داخراوەکانیشدا بچێتە ناو ماڵەکانمانەوە. لەبەر ئەوەی هەڵگری بیرۆکە نییە، "چێژ بەبێ کولتوور"، وەك کانت دەڵێت، واتە چێژێکە بیرۆکەیەکی بەها ئامێز هەڵناگرێت. هەر لەبەر ئەمەشە کە (کانت و هێگل) لەسەر حیسابی موزیك ڕێزیان لە شیعر دەگرت و پێش ئەوانیش (پلۆتینۆس) فەیلەسوفی میسری ئەم کارەی کردووە. سەرەڕای هەموو ئەمانە، بڵاوبوونەوەی موزیك پتر لە هەموو هونەرەکانی دیکە گەورەتر دیارە. بێگومان ئەمەشیان بەهۆی سروشتی خودی دەنگەکەیەوەیە.

-٥-

### ڕەوتە شاراوەکانی نێو ئیسلام

لەبەر ئەم دوو هۆکارە: کە موزیك دروستکراوێکی تەنیا مرۆڤە لەلایەك و هۆکارەکەی تریش ئەوەیە بەبێ بوونی درکردنی هزرەوە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر هەستەکان هەیە، بۆیە (لاهوت ناسان و فەقیهەکان و فەیلەسوفەکان) باوەڕێکی نەگۆڕیان لەبارەی مەترسییەکانی موزیك بۆ سەر هەستەکان هەبووە، ئەمەشیان نەوەك لەبەر ئەوەی هەمیشە هەستی نەرێنی دەگەیەنێت، بەڵکو بەهۆی بەهێزی کاریگەریەکەی و خێرایی بوبوونەوەکەیەوە بووە. هەر ئەمەشە وایکردووە کە ڕەوتەکانی سۆفیگەری و ڕازیی بەگشتی موزیکیان وەك زمانێك بۆ دەربڕینی پەیوەندییەك لەگەڵ پیرۆزییەکاندا لە

باوەش گرتووە، چونکە لە تواناکانی زمانی ڕەمزی تێدەپەڕێت. بەڵام چۆن موزیك بە زمانێك ئەژمار بکەین کە بە هیچ شێوەیەك بیرۆکەکانمان ناگەیەنێت؟ وەڵامی پرسیارەکەش هەر هەمان وەڵامە: بۆچی بیروباوەڕە ڕۆحییەکان موزیکییان لە باوەش گرت؟

وەڵامەکەی ئەوەیە: موزیك سیستەمێکی ناوخۆیی هەیە، کە لە مێلۆدیو ڕیتمو ڕەنگە لە کارلێکی مێلۆدیەکاندا دەربکەوێت، بەڵام سیستەمێکی بێگەردی هەیە، کە هیچ شتێکی تایبەتی تێدا ڕێکخراو نییەو بیرۆکەیەکی دیاریکراویشمان پێ ناگەیەنێت کە پێشتر هەبووە وەك بوونێکی بابەتییانە دەتوانین بڵێین، خودی موزیك خۆی شێوە زارەکییە یاخود نووسینە. بۆیە موزیك زمانێکە نە دەتوانین قسەی پێ بکەینو نە دەتوانین بینووسینەوە. هەر لەبەر ئەمەشە بووەتە کەناڵێك بۆ دەربڕینی ئەو کە بێسنوورە، بەرجەستە بووە، یان لە نێو پیرۆزییەکاندا هەیە، وەك گەوهەری خودا ، ڕۆح، یان هەر بنەمایەکی پیرۆز کە سۆفیگەر دەیەوێت دەریببڕێت. ڕەنگە باشترینی ئەوەی لە موزیك لە بیروباوەڕی ناخەکی ئیسلامی لە ڕووی یەکگرتنو قووڵایی ماناکانیەوە وەرمانگرتووە، "نامەی پێنجەم:" لە نامەکانی (ئیخوان ئەلسەفا)یە کە لە مەڕ موزیکەوەیە. لەم نامەیەدا پێناسەی (ئیخوان ئەلسەفا) بۆ موزیك دەخوێنینەوە: "گەوهەری موزیك مێلۆدی هاوسەنگو تۆنی هاوسەنگن کە تەنها لە جووڵەی دووبارەبووەوەدا ڕوودەدەن کە وەستانی یەك لە دوای یەك لە نێوانیاندا هەیە.

موزیك بە گوێرەی بیرو بۆچوونی (ئیخوان ئەلسەفا) سروشتێکی تایبەتی هەیە: "هەموو شوێنەوارە سایتۆپلازمییەکان جەستەی سروشتیو جەستەیی لەخۆدەگرن، جگە لە موزیك؛ گەوهەرەکانی تیایدا هەموو گەوهەرە ڕۆحییەکانن، کە ڕۆحی گوێگرانو کاریگەرییەکانیان لەسەریان." لە زاراوەی فەلسەفەی ئیسلامیدا، "دەستکردەکان" واتە ئەوەی دروستکراوە، واتە بوونەوەرێك، نەك دروستکەرێك، هەر بۆیە دەقەکە لێرەدا باس لە هەموو بوونەوەرەکان دەکات. هەموویان لە مادەی بەرجەستە پێکهاتوون جگە لە موزیك کە تاکە بوونەوەرێکە لە ڕواڵەتو گەوهەرەکەیدا ڕۆحییە، هێزێکی ڕۆحی خودی گوێگرەکانەو هەروەها کاریگەریی بەردەوامیشی لەسەریان هەیە. (ئیخوان ئەلسەفا) بە

پشتبەستن بە وەسفی پێشوویان بۆ گەوهەری موزیك، باوەڕیان بە کاریگەرییەکانی لەسەر ڕۆح‌و ئاکارو مۆراڵ‌و کردارەکان هەیە. نووسەران لێکچوونێك لە نێوان جەستەو ڕۆحدا سەبارەت بە کاریگەرییەکانی دەبینن، وەك چۆن دروستکەر بە کردارێکی فیزیکی کاریگەری لەسەر بابەتەکە، واتە جەستە دروست دەکات، موزیسیانیش بە هەمان شێوە بە کردارێکی ڕۆحی کاریگەری خۆی لەسەر ڕۆحەکە دروست دەکات: "پیشەسازی موزیك کاریگەری جیاوازی لەسەر ڕۆحی گوێگران هەیە، هەروەك چۆن کاریگەری پیشەسازییەکانی دروستکەران جیاوازن لەسەر ئەو هایدرۆلیزەیتانەی کە لە پیشەسازییەکانیاندا دانراون". کەواتە ئا ئەمەیە کە بە بۆچوونی (ئیخوان ئەلسەفا) میوزیکی پتر شایستە کرد بۆ ئەوەی لە ئیسلام‌و مەسیحیەتدا لە زۆر لە حاڵەتەکاندا ببێتە ئامرازێك بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ خودا دا. ئاوازێکی خەمناك بۆ پاڕانەوە گونجاوە، ئاوازێکی خۆشیش بۆ سوپاسگوزاری شیاوە. بیرۆکەکە لێرەدا ئەوەیە کە پەیوەندیکردن لەگەڵ خودا بەپێی بیروباوەڕی ئەوان پەیوەندی ڕۆحییە؛ چونکە لە نێوان دوو ڕۆحدایەو موزیکیش زمانی ڕۆحەکانە لەم بیروباوەڕەدا. ڕۆحەکان وەڵامدانەوەی خێراتریان هەیە بۆ تۆنەکان لە چاو وشەکان، هەرچەندە تۆنەکان سادەترن‌و پیت‌و فەرهەنگیان نییەو ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە ڕۆحەکان -لە دەربڕینەکانیاندا- گەوهەری ڕۆحی سادەن.

ئەوەی لێرەدا لە زاراوەی فەلسەفەدا مەبەستداری سادەییە، ئەوەیە کە دابەشبوون بەسەر ئەوەی کە لە خۆی سادەترە قبوڵ ناکات، هەر بۆیەش پێکهاتە نییەو لەبەر ئەوەی پێکهاتەش نەبووە، لە ڕاستیدا لێرەدا دەبێتە بابەتێکی نەمرو ئەبەدی، چونکە ئەو بابەتەی کە دەتوێتەوە دەبێت لە بەشە سادەکان پێکهاتبێت، کە دەتوانرێت بتوێنەوە. بە هەر حاڵ هەموو مرۆڤەکان درك بە کوالێتی ڕۆحی موزیك‌و مانا ڕەمزیەکانی ناکەن، بەڵکو تەنها زاهیدەکان درکی پێدەکەن کە خاوەنی ڕۆحێکی پاك‌و بێگەردن.

ئەو لێدوانەی ئەوان کە موزیك بوونێکی تەنیا ڕۆحییە، خۆی لە خۆیدا ڕوون نییەو لە باوەڕدارییەکی هەڵێنجراو لە فەلسەفەیەکی بەرزتر نزیکترە. بە هەر حاڵ ئەم پێشنیازە

له ئیخوان ئەلسەفاوە دەچێتە نێو بازنەی موزیکی ئایینیشەوە، بۆ ئەوان موزیك بەتەنیا لایەنێکی ئایین نییە، بەڵکو جۆرە لە مەشقێکی ڕۆحی بەردەوامە.

-٦-

## ئایینی موزیك

ئایینی موزیك، باشترین شێوە ئایینی هیندۆسییە. بۆ نموونە تەراتیلەکانی ئایینی کریستیانی، یان خوێندنەوەی ئاوازداری قورئان لە ئیسلامدا، پایەی ئایینییان نییە. دەتوانین بڵێین ئاوازێکی هاوشانو یاوەرییە، یان "چالاکییەکی سروشتی ئایینیە"، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا باوەڕ، یان ڕێوڕەسمێکی بنەڕەتی نییە لەم دوو ئایینەدا. کەچی دۆخەکە بە ڕوونی لە نێو هیندۆسەکاندا جیاوازە، ئەمەش لە پشکنینی چەمکی O.U.M "ئۆم" بۆمان ڕوون دەبێتەوە.

دەکرێ بڵێین چەمکی (ئۆم) گرنگترین چەمکی ئایینی هیندۆسییەو چەند چەمکێکی گرنگی دیکەش لێیەوە لق و پۆپ دەردەکەن. لای هیندۆسەکان هێمای گەوهەری حەقیقەتو گەردوونە. لە ڕووی بێژەکردنەوە، لە سێ بزوێن پێکدێت -لە زمانی عەرەبیدا- ئەلیف، واوو میم، یان لە زمانی ئینگلیزیدا ئۆ، یو، ئێم. ئەوانیش لە بەرامبەردا هێمای چەند ئاستێکی سیانییەکانن: سیانی سێ جیهان: زەوی، هەواو بەهەشتو سیانی مرۆڤ: بیرکردنەوە، قسەکردن، کردار، سیانی حاڵەتەکانی ماددە: چاکە، هەستو تاریکی، سیانەی دەقە ڤێدیەکان: ڕیگ-ڤێدا، یاجورڤێداو ساماڤێدا.

ئەوەی لەم سیانییانەدا زۆر مەبەستمانە، دەقی، "ساماڤێدا"یە، کە کتومت بە واتای: زانستی گۆرانی، دێت "ساما" بە واتای گۆرانی یان سروودو "ڤێدا"، بە واتای زانست. زانست لێرەدا بە مانای زانستی تیۆری، یان تیۆری موزیك نایەت، بەڵکو زانست لێرەدا بە مانای بینین، کە هەمان ڕەگی هیندۆ-ئارییە، کە لە کرداری لاتینی vidēre هاتووەو بە واتای بینین دێت.

ساماڤێدا لە دەوروبەری ساڵی ١٠٠٠ پێش زایین ئاوازی بۆ دانراوەو لە نێو هیندۆسەکاندا باوەڕیان وایە کە تەراتیلەکان -بە تایبەت لە ئایینی هیندۆسی

سەرەتاییدا- هێزێکی سەروو سروشتیان هەیە، توانای پەیوەندیکردنیان لەگەڵ خوداوەندەکانو کۆنترۆڵکردنی هێزەکانی گەردوون هەیە. پێیان وابوو ئەم جۆرە تەراتیلانە هێزێکی موگناتیسیان هەیە کە خوداوەندەکان بۆ لای ئەو کەسانە ڕادەکێشێت کە دەیانخوێننەوە. لە ساماڤێدادا چەمکی ئۆم لە سەرەتای بەکارهێنانیەوە بە مێلۆدیەوە بەستراوەتەوە، بەو پێیەی ئۆم تەنیا بە تۆنەکان دەچردرێن، مەگەر چرپەیەکی نەبیستراو بێت. هەروەها ناتوانرێت بە شێوەی پۆلیفۆنی (چەند میلۆدییەك بەیەکەوە) پێرفۆرمەر بکرێن، دەبێت میلۆدییەکە مۆنۆفۆنی ( تاك دەنگ) بێت. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە، موزیکی هیندی لە بنەڕەتدا مۆنۆفۆنی بووەو لێرەوەش بەڕوونی گوتمان هیندۆسەکان پتر گرنگی بە مێلۆدی دەدەن نەوەك هارمۆنی لە نێو بابەتەکانییاندا.

بۆ پتر نزیك کردنەوەی ئەم بابەتە لەهزرو ڕوانینەکانماندا دەتوانین (ئۆم) بە (وشە) لە ئایینی مەسیحیو ئیسلامدا بەراورد بکەین، وشەی لۆگۆس لە دوو ئایینەکەدا لە شێوەی عیسای مەسیحدا بەرجەستە بووە، لە شێوەی مرۆڤێکی زیندوودا، لە کاتێکدا ئۆم، یان وشەی هیندۆسی، لە موزیکدا بەرجەستە بوو، جیاوازییەکی ڕوونە.

جیاوازی ئۆمو لۆگۆس ئەوەیە کە لۆگۆس لە بنەچەی یۆنانیدا "وشەیەکە کە بیرۆکەیەك هەڵدەگرێت"، بەڵام نازانین چییە، یان چی دەڵێتو ئینتۆناسیۆنی-ئاوازدانانی پێویست نییە. سەبارەت بە ئۆم، وشەیەکی ئینتۆناسیۆنی تایبەتە، بەبێ گوێدانە ڕادەی ناڕوونیو جیاوازی لە ماناکەیداو وەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، هەڵگری مانا سیانییە جۆراوجۆرەکانە. تا ڕادەیەکی دوورمەوداتریش هیندۆسەکان پێیان وایە کە (ئۆم) سەرچاوەی سروشت خۆیەتیو بە بابەتبوونی (objectification) بزوێنەی ئۆمە. ئا لێرەوە بە شێوەیەکی ڕیشەییتر لە پەیوەندی موزیك بە سروشتی بەرجەستەی هیندۆسەکانەوە تێدەگەین. هیندۆسەکان پێیان وایە (براهما)، خودای دروستکەر، یاساکانی موزیکی هیندستانی داڕشتووەو دواتر خوداوەند ساراسڤاتی (Sarasvatī) سپۆسنەرو سەرپەرشتی موزیکەکەی کردووە. لە ئایینی هیندۆسیدا پێیان وایە هەندێك خوداوەند دەنگێکی دیاریکراویان هەیە. خوداوەند (ڤیشنو) کە "پارێزەر"ە، واتە جیهان یەکگرتوویی خۆی لەوییەوە بەدەست دەهێنێت، دەنگێکی (سەدەف)ی هەیە، لە

کاتێکدا (کریشنا) کە گرنگترین دەرکەوتنی ئەو، لە دەنگی فلوت، یان بلوورەوەیە. ئەمەش لە کاتێکدایە کە (شیڤا)ی خوداوەندی هەڵوەشانەوەو لەناوچوون، لە کاتی سەمای هەڵوەشاندنەوەی جیهاندا تەپڵ دەژەنێت. هەر لەبەر ئەم هۆکارە دەتوانین ئایینی هیندۆسی بە ئایینێکی موزیکی بزانین، کە تێیدا (تۆنی دەنگ) ڕۆڵی وشەکەی گێڕاوەو تیایدا موزیك بۆ پێگەیەك لە سەرووی قەدەغەکردنی تەواو، یان بەشبەشەوە بەرزبووەتەوە، هەروەها بەرهەڵستی هەر هەوڵێکی بۆ کۆنترۆڵکردنو خستنەکاری سوودمەندانەی دەستەجەمعی یاخود تاکەکەسیی بەکارهێنەرانی کردووە.

**سەرچاوەکان:**

-Thomas Aquinas, Summa Theologica, Part II-II (Secunda Secundae), trans. by Fathers of the English Dominican Province, Benziger Brothers, New York, Second Article [II-II, Q. 91, Art. 2]: «Whether God Should Be Praised with Song ؟».

-St. Augustine, The Confessions, translated and annotated by J. G. Pilkington, Book X, Ch. XXXIII, Edinburgh : T. and T. Clark, p. 272 .

-Raymond L. Weiss, Maimonides Ethics: The Encounter of Philosophic and Religious Morality, University of Chicago Press; 1991, p. 79 .

-Guy L. Beck (Editor), Sacred Sound: Experiencing Music in World Religions, Wilfrid Laurier University Press; Ontario, Canada, 2006, p. 173 .

-Guy L. Beck, «Sacred Music and Hindu Religious Experience: From Ancient Roots to the Modern Classical Tradition», Religions, 2019, 10, 85; doi:10.3390/rel10020085.

- إخوان الصفاء وخلان الوفاء: الرسالة الخامسة (في الموسيقي)، من القسم الرياضي، رسائل إخوان الصفاء وخِلّان الوفاء، ج1، مؤسسة هنداوي سي آي سي، ص 168.

# هزری كۆمۆنیزمو سۆشیالیزم پێش ماركس



ئەردەڵان عەبدوڵڵا

خەڵكانێكی زۆر پێیان وایە كە كارل ماركس، داهێنەری فیكری چەپ، یان سۆشیالیزمە، بەڵام لە راستییدا فیكری چەپو سۆشیالیزم، مێژوویەكی ئێجگار دێرینی هەیە لە جیهاندا. بە واتایەكیتر، مێژووی فیكری چەپ لە ماركسەوە دەستپێناكات، بەڵكو بۆ قۆناغێكی ئێجگار دێرینی مێژووی مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە. راستە دەتوانین ماركس بە داهێنەری كۆمۆنیزمی مۆدێرن دابنێین، بەڵام هەموو فیكرەیەكیش مێژوویەكی دێرینی هەیە. لەم وتارەدا هەوڵ دەدەم تیشكێك بخەمەسەر ئەو مێژووە دێرینەی فیكری چەپو سۆشیالیزم بەتایبەتی لە ناو شارستانییەتە كۆنەكانی جیهاندا، هەروەها باسی بۆچوونی فەیلەسوفانی ئەوروپاش دەكەین كە لەپێش ماركس رەخنەیان

لە سیستمی سەرمایەدارمی گرتووەو داوای دامەزراندنی سیستمی سۆشیالیستیان کردووە، ئەوانەش لە مێژووی سۆشیالیزمدا بە فەیلەسوفانی سۆشیالیزمی خەیاڵیی "یوتۆبی" دەناسرێن.

## مێژوویەکی دێرین

با ئێمە سەرەتا بەو پرسیارە دەستپێبکەین‌و بڵێین، ئایا بۆچی بیری چەپ دروست بوو؟ ئەم پرسیارە گرنگە وەڵامەکەشی رێك وەکو نەخشەرێگەیەك دەبێت بۆمان‌و لە رێگەی وەڵامی ئەم پرسیارەشەوە، بابەتەکەمان جوانتر بۆ روون دەبێتەوە. دەتوانین بڵێین لەگەڵ سەرهەڵدانی یەکەمین شێوازی دەسەڵات‌و دەوڵەت، بیری چەپ‌و سۆشیالیزم دروست بووە. لەو کاتەی کە کۆمەڵگە دروستبووە، دواتر دەسەڵاتی سیاسییش دروستبووە، کۆمەڵە کەسانێك ویستوویانە لە رێگەی دەسەڵاتەوە، هەژموونی خۆیان بەسەر مرۆڤەکانی تردا بسەپێنن. لەگەڵ دروستبوونی دەسەڵاتیشدا، نایەکسانی‌و چەوساندنەوەو پاشان کۆیلایەتیش دروستبووە. لەگەڵ دروستبوونی نایەکسانی‌و چەوساندنەوەو نادادپەروەریش، خەبات لە دژی چەوسێنەران دروستبووە.



لێرەدا جێگەی خۆیەتی، ئاماژە بە وتەیەکی رووناکبیری مەزنی عێراقی "د. عەلی وەرد" بکەم، کاتێك دەڵێت:"کاتێك مرۆڤ لەلایەن خەڵکی ترەوە چەوسایەوەو ئازادییان لێ زەوتکردو مافیان خوارد، ئینجا دەنگی نارەزایی بەرزکردەوەو داوای یەکسانی‌و ئازادیی کرد. واتە هەتا مرۆڤ ئازاری نەچەشت، بیری لە ئازاری خەڵکی تر نەکردەوەو بیری لە خەباتکردن‌و بەرخودان دژی چەوساندنەوە نەکردۆتەوە". لەگەڵ دروستبوونی کۆمەڵگەکان، کۆبوونەوەی خەڵکانێکی زۆرو نیشتەجێبوونیان لە شوێنێکدا، شارستانی‌و دەسەڵات دروستبوو. لەم کۆبوونەوەیەشدا

مرۆڤی جۆراجۆر دەرکەوتن. مرۆڤی بەهێز چ لە رووی عەقڵەوە یان ماسوولکەوە، مرۆڤی لاوازیش چ لە رووی عەقڵیو جەستەییەوە. ئەم جیاوازییەش رێگەی بۆ شتێکیتر خۆشکرد، کە ئەویش دابەشبوونی کۆمەڵگەکان بوو بەسەر بەهێزو لاوازەکان. هەموو کاتێکیش بەهێزەکان ویستویانە لەرێگەی هێزی عەقڵیو جەستەیی خۆیانەوە، مرۆڤە لاوازەکان بچەوسێننەوەو هەژموونی خۆیان بەسەریاندا بسەپێنن. هەر لێرەشەوە مرۆڤایەتی بەسەر دوو چیندا دابەشدەبێت. چینی چەوسێنەرو چینی چەوساوەکان.

لەسەردەمی زۆر کۆندا مرۆڤی کۆیلەو مرۆڤی ئازاد هەبوون. کۆیلەبوونی مرۆڤ چەندین سەدەی خایاندووە، هەندێکیش پێیان وایە هەتاوەکو ئەمڕۆش بەردەوامە. پاشان لەگەڵ دروستبوونی قۆناغی دەرەبەگایەتی "فیوداڵ"ی، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەسەر چینی ئاغاو دەرەبەگ، رەنجدەرو جووتیاران دابەشبووە. هەتاوەکو قۆناغی سەرمایەداری دەرەبەگایەتی لەناو دەبرێتو لەجیاتی ئەو، چینی سەرمایەدار لەدایك دەبێت. لەبەرامبەر جوتیارانیش چینێکی نوێ پەیدا دەبێت، کە بە «پرۆلیتاریا، کرێکاران» ناودەبرێن. ئەم جۆرەی دواییان هەتا ئەمڕۆش بەردەوامە. بوونی ئەم جیاوازییە یان ئەم نایەکسانیە، وای لە مرۆڤە چەوساوەکان کردووە کە هەمیشە خەبات لەپێناو ئازادییو خۆشگوزەرانیو دادپەروەریدا بکەن. ئەمەش لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، بە چەندین فۆرمو سیمای تایبەت دەرکەوتووە. شارستانیەتە کۆنەکانی جیهان (هیند، میزۆپۆتامیا، میسر، چین، ئێران، یۆنان) مەڵبەندی سەرەکی دەسەڵات بوون، لەهەمان کاتیشدا مەڵبەندی سەرەکی شۆڕشو خەباتی مرۆڤایەتی بوون لە دژی چەوساندنەوە. هەر لێرەشەوە سەرەتاکانی بیری سۆشیالیزم سەریهەڵداوە. لێرەدا هەوڵ دەدەین بەخێرایی باس لە کۆمەڵێك رەوتی فکرییو سیاسی بکەین، کە لە شارستانیەتە کۆنەکاندا سەریانهەڵداوەو هەڵگری بیری یەکسانی، یان سۆشیالیستی بوون.

## بیری سۆشیالیزم لە هیندستانی کۆندا

هیندییەکان خاوەنی شارستانییەتێکی کۆنن، ئەوان بە چوار سەدە پێش زایین، کاریان لەسەر فکرەی یەکسانی کۆمەڵایەتیو سۆشیالیزم کردۆتەوە، بەتایبەتی لە کتێبی "کاوتیلی"دا کە لە سەدەی چواری پ.ز نووسراوە.

لەم كتێبەدا هێرشی توند دەكرێتە سەر دەسەڵاتی سیاسیو ئایینیش، هەروەها بەتوندی دژی فكری ئاینو پیاوانی ئایینی دەوەستنەوە، هەروەها هێرشی توند دەكاتە سەر هەموو جۆرە كارێكی سیحرو جادووگەری.

## كۆمۆنی سەربەخۆ یان گوندی سەربەخۆ "ئەشرام"

هەر لە دێر زەمانەوە لە هیندستان بەتایبەتی لە گوندەكاندا جۆرێك لە شێوازی حوكمڕانیان هەبوو كە پێی دەگوترێت "ئەشرام" كە وشەیەكی سانسكریتیی كۆنەو مانای «سەربەخۆ» دەگەیەنێت. لە گوندەكاندا جۆرێك لە شێوازی پێكەوەژیانی ئاشتییانە هەبوو، كە تەواوی خێزانو ئەندامانی گوندەكە، هەموویان پێكەوە كاریان دەكردو لە كارو چالاكیدا هاوبەش بوون، لەهەمانكاتیشدا لەرووی ئیداریشەوە بەشێوەیەكی ئازادانەو دیموكراسییانە، ئەنجومەنی گوند هەڵدەبژێراو لەهەمانكاتیشدا ئەو ئەنجومەنە دەسەڵاتی ئەوەشی هەبوو كە حاكمی گوندەكان لە دەسەڵات لابەرێتو یەكێكی تر بچێتە جێگەی.

هەموو كاروبارێكی كۆمەڵایەتی، كشتوكاڵی، ئیداریی و ئابووری، بەشێوەیەكی ئاشتییانەو ئازادانە بەڕێوەدەبرا. ئەمەش لە زۆرێك لە كتێبە پیرۆزەكانی هیندۆسەكانیشدا، ئاماژە بەم شێوازە حوكمڕانیە كراوە. هەتاوەكو ئەمڕۆش ئەم شێوازەی حكومڕانییە لە هیندستان ماوە، هەروەها ئێستا بۆتە بەشێك لە ڕێورەسمی گروپی یۆگییەكانی هیندستان، واتە شێوەیەكی ئایینی بەخۆوە گرتووە. لە هەمووشی گرنگتر "گاندی" لە كاتی خەباتی رزگاریخوازییدا، هەمیشە داكۆكی لەوە كردووە كە پێویستە گرنگی زیاتر بە گوندەكان بدرێت شێوازی حكومڕانی "ئەشرام" گرنگی پێبدرێت، چونكە پێی وابوو كە خەڵكی لە گوندەكاندا بژین باشترە تا لە شارەكان.

## ئێرانی كۆن

هیندستان بەجێدەهێڵینو دەچینە ئێران، ئەم وڵاتەش مێژوویەكی دێرینی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی هەیەو ئیمپراتۆری مەزنی تێدابووە. ئێرانی كۆن هێزێكی دەریاییو

وشکانی مەزنی هەبووە. لەرووی ئابووریشەوە زیاتر کشتوکاڵ بەسەر ژیانی ئابوورییدا زاڵبووە، لەبەرئەوەش ئێران بەسەر دوو چینی سەرەکی دابەشبووە: (جوتیارو دەرەبەگ) هەروەها بەحوکمی ئەوەی ئێران شوێنێکی ستراتیژی هەبووە، لەبەرئەوە بازرگانییش تێیدا گەشەی سەندووە، ئەمەش وایکردووە کە چینێکی بازرگانو پیشەداریش هەبێت، بەڵام زۆر کەم بووە.

## یەکەمین ئایینی سۆشیالیستی

دەتوانین بڵێین یەکەمین ئایینی کۆمۆنیستی، یان سۆشیالیستی لە ئێران پەیدابوو، کە ئەویش ئاینی «مەزدەکی» یە. ئەم ئایینە بە پێی زۆرێك لە سەرچاوە مێژوویيەکان، دەگەڕێتەوە بۆ پیاوێك کە ناوی «مەزدەك» بووە. ئەم ئایینە باوەڕی تەواوی بە یەکسانیو هاوبەشی لەنێو کۆمەڵگەدا هەبووە. پێیان وابووە کە پێویستە هەموو "سامانو موڵكو تەنانەت ژنیش» بەشێوەیەکی هاوبەش بەسەر خەڵکیدا دابەشبکرێت.

لەلایەکی تریشەوە دژی هەموو جۆرە موڵکدارییو جیاوازی چینایەتی بوون. مەزدەك کە خۆی جووتیارێکی هەژار بوو. باوەڕی بە دوو پرەنسیبی گشتی هەبووە:

**یەکەم: چاکەو خراپە**

**دووەمیان : تاریکیو رووناکی**

مەزدەك داکۆکی لە ژیانی ئاشتیو پێکەوەژیان دەکرد، دژی هەموو بیرێکی شەڕەنگێزییو جەنگ بووە. لەلایەکی تریشەوە دژی هەموو کارێکی خراپە بوون، هانی خەڵکیانداوە بۆ کاری چاکە.

لە ساڵی ٤٨٨ پ.ز، ئیمپراتۆری لاوی فارسی «قوبادی یەکەم» باوەڕی بەم ئایینە هێناو ئاینی مەزدەکی بوو بە ئاینی فەرمی هەموو ئیمپراتۆریەتی ئێران. بەمشێوەیە مایەوە، هەتا پاشان ئیمپراتۆر "کیسرا نەوشیروان" کۆتایی بەم ئیمپراتۆرییە دەهێنێتو ئەم ئایینەش لەناو دەبات. لە جیاتی ئایینی مەزدەکی، ئایینی زەردەشتی دەکاتە ئایینی رەسمیی وڵات. جێگەی ئاماژەیە ئەم ئایینە خاوەنی کتێبی تایبەت بە خۆیان بووە، کە پێی دەڵێن "مەزدەك نامە"، ئەم کتێبە هەموو پرەنسیپو بیروبۆچوونەکانی

ئەم ئايينە لەخۆدەگرێت. زۆرێك لە مێژوونووسانو لێکۆلەرەوانی بواری سۆشیالیزم، ئايينی مەزدەکی، بە یەکەمین ئايينی سۆشیالیستی دادەنێن، چونکە ئەو بیروبۆچوونانەی کە ئەم ئايينە داوای دەکرد، ئەمڕۆ دەچێتە قاڵبی بیری سۆشیالیزمەوە. ئەوان دژی موڵکداری بوون، داوای یەکسانیو دادپەروەریان دەکرد، دژی جەنگ بوونو داوای ئاشتیان دەکرد، دژی چەوساندنەوەی مرۆڤەکان لەلایەن مرۆڤانی ترەوە بوون، هەموو ئەمانەش، بە پایەی سەرەکی بیری سۆشیالیزمی مۆدێرن هەژمار دەکرێن.

## میسری کۆن

میسر بە یەکێك لە شارستانییە دێرینەکانی مێژووی مرۆڤایەتی دادەنرێت. لەبەرئەوە ناچارین کەمێکیش باسی ژیانی سیاسیو ئابووریو کۆمەلایەتی ئەم وڵاتە بکەین، چونکە کاریگەریی زۆری هەبووە بەسەر قۆناغەکانی دواترەوە.

دیارە لە میسر فیرعەونەکان حوکمی ئەو ولاتەیان دەکرد. فیرعەون تەنها پادشا نەبوو، بەڵکو خۆشی بە خودای سەر زەوی دادەنا. لەبەرئەوە فیرعەون خۆی بە خاوەنی هەموو خاك خەڵكو زەویو زارێکی کشتوکاڵی زانیووە. لە میسری کۆندا جووتیارەکان کۆیلە نەبوون، بەڵکو ئازاد بوون، بەڵام بەبێ مۆڵەتی حکومەت، جووتیارەکان نەیاندەتوانی لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر بچن، واتە لە سەفەرکردنو گواستنەوەدا ئازاد نەبوون. لەلایەکی تریشەوە جووتیارەکان ناچارکرابوون، کە زۆرترین بەرهەمی کشتووکاڵی خۆیان، بۆ دەوڵەت دابنێن، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا بە سەرەتای باجی میری دادەنرێت. بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە، کە لە میسری کۆندا، یەکەمین شێوەی سۆشیالیزمی دەوڵەتی هاتۆتە کایەوە. لە میسری کۆندا، دەوڵەت خاوەنی هەموو کانەکان بوون، ئەوانەی کانزایان دروست دەکرد. هەروەها دەوڵەت خاوەنی کارگەی دروستکردنی "رۆن" بوو، پاشان بەرهەمەکەی بە کۆمەڵێك لە وەکیلەکانی دەفرۆشتەوە. لەلایەکی تریشەوە دەوڵەت خۆی بازرگانی دەرەکیو ناوخۆیی دەکرد، رێگەشی لە کێبڕکێی دەرەکی دەگرت، ئەویش لە رێگەی گومرگی بەرزەوە. لەلایەکی

ترەوە سیستمی ئاودێری لەلایەن حکومەتەوە بەڕێوەدەبرا، ئەمەش وایدەکرد کە زۆرجار لەکاتی لافاودا، کاری زۆرەملێ بە خەڵکی بکات.

بە واتایەکی تر دەوڵەتی میسری کۆن، هەموو جومگە سیاسیو ئابوورییەکانی وڵاتی خستبووە ژێر رکێفی خۆیەوە. واتە میسرییە کۆنەکان زۆر پێشتر بیریان لە کۆنترۆڵکردنی ژیانی ئابووریو سیاسیی وڵات کردۆتەوە. ئەم جۆرە سیستەمەش پاشتر ناویان لێنا "سەرمایەداریی دەوڵەتی" ئەمەش زیاتر ئەو جۆرە حوکمدارییە بوو کە لە یەکێتی سۆڤیێتو وڵاتانی بلۆکی خۆرهەڵات بەڕێوە دەچوو.

## چین

چین بە یەکێك لە کۆنترین شارستانیەتەکانی جیهان دادەنرێت. هەر وەختێك بمانەوێت لە مێژووی هزری جیهانی بکۆڵینەوە، ناچاردەبین بگەڕێینەوە بۆ سەر ئەم وڵاتە.

یەکەمین فەرمانڕەوایی لە چین. مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ ٢٢٠٠ پ.ز هەتا ١٨٠٠ پ.ز. واتە نزیکەی ٤٠٠ ساڵ حوکمداریان کردووە. ١٧ پادشا یەك لەدوای یەك، حوکمیان کردووە.

ئەم فەرمانڕەوایەتیە، سنوورێکی دەریایی گەورەی هەبووە، واتە هێزێکی کەشتیگەلی بەهێزی هەبووە، لەهەمانکاتیشدا سنوورێکی وشکانی زۆری هەبووە. لە رووی ئابوورییەوە، کشتوکاڵ سیمای گشتی زۆربەی فەرمانڕەواکانی چین بووە. لەهەمان کاتیشدا، پیشەوەریی بەتایبەتی لە رووی پیشەشازیی دەرهێنانو بەکارهێنانی کانزاکان بەتایبەتی "ئاسنو ئاڵتونو زیو"بوونی هەبووە. هەروەها بازرگانیش بەتایبەتی ناوخۆیی، کەمێك لەژیانی ئابووریدا رۆڵی گێڕاوەو خەڵکانێکی بازرگان هەبوون. بەحوکمی بوونی کشتوکاڵ، چینی جوتیارانو دەرەبەگەکان هەبووە، هەمیشە دەرەبەگەکانی چینیش، زۆر دڵڕەقانە مامەڵەیان لەگەڵ جووتیارەکان کردووە. بە واتایەکی تر نادادپەروەری سیمای سەرەکی زۆربەی فەرمانڕەواکانی چین بووە. هەر لەبەر ئەوەشە، هەمیشە شۆڕشو جەنگی خوێناوی لەنێوان جووتیارانو دەرەبەگەکان

بەرپابووەو کۆمەڵێك ڕەوتی فکریی‌و ئایینی پەیدابووە کە داوای یەکسانی‌و ئاشتی‌و دادپەروەری‌و حوکمڕانی باش کردووە لە پێش هەمووشیانەوە کۆنفۆشیوز.

## کۆنفۆشیوز

کۆنفۆشیوز لە زمانی کۆنی چینیدا مانای «مامۆستا کۆنگ» دەگەیەنێت. کۆنگ لە ساڵی ٥٥١ پ.ز لەدایك بووە، لە ساڵی ٤٧٠ پ.ز کۆچی دواییکردووە. پەیامی سەرەکی کۆنفۆشی ئەوەبووە، هانی خەڵکی بدات کە خۆیان لە "خۆپەرستی، موڵکداری" دووربخەنەوە.



**کۆنفۆشیوز دەڵێت:** ئەگەر لە جیهاندا پڕەنسیپی مەزن کە خۆی لە ئەخلاقە مەزنەکان دەبینێتەوە، بەرقەرار بێت، ئەوا هەموو جیهان دەبێتە یەك دەوڵەت. ئەگەر خەڵك توانی کەسانی خاوەن ئەخلاقی بەرزو بەتوانا بکاتە فەرمانڕەوای خۆیی‌و کار بۆ دروستبوونی حکومەتێکی چاکەخواز بکەن، لەهەمانکاتیشدا کار بۆ بڵاوبوونەوەی بیری ئاشتی پارێزی بکەن، ئەو کاتە منداڵەکان تەنها چاویان لە باوکی خۆیان نابێت، هەروەها باوکەکانیش تەنها چاویان لە منداڵی خۆیان نابێت، بەڵکە منداڵەکان کار بۆ ئەوە دەکەن کە یارمەتی هەموو کەسێکی بەتەمەن بدەن‌و یارمەتی منداڵەکان دەدەن‌و بەخێویان دەکەن. هەروەها ژیان بۆ بێوەژن‌و منداڵە بێ باوك‌و نەخۆشەکان دابین دەکەن. بەم شێوەیەش کۆتایی بە خۆپەرستی دەهێنرێت‌و لەهەمان کاتیشدا کۆتایی بە دزین‌و خیانەت‌و ساختەچێتی دەهێنرێت.

واتە کۆنفۆشیۆز، یەکەمین کەس بووە کە داوای سیستمێکی سۆشیالی کردووە. خزمەتکردنی خەڵکانی "بەتەمەن، نەخۆش، منداڵ" بە کۆڵەگەی ئەو سیستمە

خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیە دادەنرێت، کە مارکسو ئەنگلس لە مانیفێستی کۆمۆنیزمدا باسی لێوە دەکەن.

### خوێندکارانی کۆنفۆشیوز

هەر لەپاش کۆنفۆشیوز، یەکێك لە خوێندکارەکانی پەرەی زیاتر بە بیری سۆشیالیزمی دەدات ، ئەویش "مودی" بووە. مودی دەڵێت:

"خۆشەویستی گشتی، تاکە چارەسەرە بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان. گەر خۆشەویستی بەسەر هەموو جیهاندا زاڵ بێت، ئەوا ئەو کاتە کۆمارێکی چاکەخوازی "فاضلة" دروست دەبێت، کە تێیدا بەهێزەکان پەلاماری لاوازەکان نادەن، زۆرینە پەلاماری کەمینەکان نادەن، دەوڵەمەندەکانیش ناچن هەژارەکان بچەوسێننەوە، گەورەکانیش بچووکەکان خراپ ناکەن، زیرەکەکانیش، کەسە سادەکان هەڵناخەڵەتێنن".

هەروەها زۆر دژی خۆپەرستی بووە، بۆیە لەوبارەیەوە دەڵێت: "سەرچاوەی هەموو خراپەکارییەك بۆ خۆپەرستی دەگەڕێتەوە، هەر ئەم خۆپەرستیەیە کە هەستی موڵکداری لەناو منداڵان دەچێنێت، هەر ئەمەشە وا لە ئیمپراتۆرەکان دەکات کە پەلاماری وڵاتانی تر بدەنو داگیریان بکەن. لەلایەکی ترەوە مودی زۆر دژی گەندەڵیو دەسەڵاتی ستەمکار وەستاوەتەوە، هەروەك خۆی دەڵێت :"ئەگەر کەسێك بەرازێك بدزێت ئەوا خەڵکی بە توندترین شێوە سزای دەدەن، بەڵام ئەگەر کەسێك خۆی بکاتە دەسەڵاتداری وڵاتەکەو خەڵکەکەی بچەوسێنێتەوە، ئەوا لەچاوی خەڵکەکەوە، وەکو پاڵەوانێکی مەزن سەیر دەکرێتو لەهەمان کاتیشدا وەکو نموونەیەکی باش بۆ نەوەکانی تری دادەنێن".

خوێندکارێکی تری کۆنفۆشیوز ناوی"مانگ کو" بوو، ئەو پێی وابوو، هۆکاری کێشە کۆمەڵایەتیەکان، سروشتی مرۆڤەکان نییە، بەڵکو هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی گەندەڵی سیاسی. بە بڕوای مانگ کو حکومەتێکی چاکەخواز، هێرش ناکاتە سەر دراوسێکانی، بەڵکو جەنگ لە دژی "هەژارییو نەزانی" دەکات، چونکە هەژارییو نەزانی، هۆکاری سەرەکی هەموو تاوانو ئاژاوەو شەڕەکانن. لەبەرئەوە پێویستە لەسەر دەوڵەت، خۆشگوزەرانی بۆ هاوڵاتیانی دابین بکات. هەر لەبەر ئەوە پێویستە حکومەت

نەخشەی ئابووری بەهێز دابنێت، بۆ ئەوەی ئەو ئامانجە بهێنێتەدی "واتە خۆشگوزارەنی بۆ هاولاَتیانی". هەروەها داوای ئەوەی دەکرد، کە دەوڵەت پێویستە باجی زۆر لە دەرەبەگەکان بستێنێت، هەروەها پێویستە دەوڵەت پشتگیریی پێشکەوتنو شارستانی بکات. لە هەمووی گرنگتر ئەم حەکیمەی چین، داوای دەکرد خوێندن بکرێتە شتێکی زۆرەملیێو هەموو دانیشتوانی ولاَت فێری خوێندنو نووسین بکرێن. لای "مانگ کو" باشترین کەس کە دەبێت خەڵکی بیکاتە حاکمی خۆی، ئەو کەسانەن کە رۆشنبیرو خوێندەوارن. هەروەها شۆڕشکردنی گەلانی لە دژی دەسەڵاتی ستەمکار بە مافێکی سروشتی دادەنا. لەهەمان کاتیشدا زۆر دژی شەڕەنگێزییو پەلاماری دەوڵەتانی تری لاواز بووە، چونکە ئەو پێی وابوو ئەم جەنگانە، تاوانی گەورەنو هیچ جۆرە جەنگێکی دەوڵەتیش دادگەرانە نییە.

## یۆنان

ئاسیا جێدەهێڵینو بەرەو ئەوروپا دەڕۆین بۆ یۆنانی کۆن، کە بە یەکێك لە شارستانیەتە گرنگو پڕ بایەخەکانی جیهان ئەژمار دەکرێت. لێرەوە بەشێکی زۆری فیکرو زانستو فەلسەفەی ئەوروپا لەدایك بوو. هەتا ئەمڕۆش، ئەوروپاو جیهانیش سوپاسگوزاری ئەم شارستانیەتە مەزنەیە. لێرەش کۆمەڵێك فەیلەسوفی مەزنی ئەم ولاَتە، قسەیان لەبارەی یەکسانی کۆمەلاَیەتیو دژایەتی کردنی زوڵمو هەژارییو چەوسانەوە کردووە. لەپێش هەمووشیانەوە فیساگۆرسو ئەفلاَتون.

## فیساگۆرس

فیساگۆرس بە یەکێك لە فەیلەسوفە ناسراوەکانی یۆنانو جیهان دادەنرێت. چ لە رووی زانستییەوە بەتایبەتی "ماتماتیك" چ لە رووی سیاسیو فکرییەوە، جێ پەنجەی خۆی دیارە. فیساگۆرس لە ساڵی (٥٧٠ی پێش زایین) لە دوورگەی ساموس لە یۆنان لەدایك بووە، لە ساڵی ٥١٠ پێش زایین لە باشووری ئیتالیا کۆچی دوایی کردووە. فیساگۆرس پاش ئەوەی لە تەمەنی لاویدا لەگەڵ دەسەلاَتی سیاسی یۆنان کێشەی

دەبێت، یۆنان بەجێدەهێڵێتو دەچێتە باشووری ئیتالیا لەوێندەر یەکەمین قوتابخانەی فیکری خۆی دادەمەزرێنێت. ئەو یەکەمین کەس بوو کە داوای هەلی گونجاوو یەکسانی لە نێوان ژنانو پیاوان کردووە. لە قوتابخانەکەیدا کە پاشتر بە کۆمەڵگەی فیساگۆرسی ناوزەدکرا، سیستمێکی تەواو سۆشیالیستییانەی دامەزراندبوو. دەبوایە کوڕانو کچان پێکەوە کاریان بکردایەوەو بەرهەمەکانیان بە یەکسانی بەسەر یەکدا دابەش بکردایە. دەبوایە پێکەوە تەنها کار بۆ شتی چاکە بکەنو فێری زانستەکانی «فەلسەفە، ماتماتیك»بن پاشان پێکەوە فێری موزیكو وەرزش بوونایە. هەروەها لەسەر قوتابیەکانی پێویست بوو، کە نابێت ئازاری هیچ ئاژەڵێك بدەن کە ئازاری مرۆڤ نادات، نابێت هیچ رووەکێك بسووتێنن، یان ئازاری بدەن. دەبوایە هەموویان جلوبەرگی ئاساییو سادەیان لەبەردابوایە. دیارە فیساگۆرس خۆی، نموونەی



کەسێکی خاکی بوو. زۆرجاریش کۆمەڵی فیساگۆرس بەیەکەمین کۆمەڵی "ژینگەپارێزی" ناودەبرێت. لەلایەکیترەوە فیساگۆرس کۆمەڵگەیەکی دروستکردبوو، کە دوور بوو لە جیاوازی چینایەتیو تەنانەت نەتەوەییش. فیساگۆرس دەڵێت:"ئەو ئازارەی کە مرۆڤ بەرامبەر بە ئاژەڵەکان دەیکات، پاشتر هەمان ئازار رووبەڕووی خۆی دەبێتەوە".

## ئەفلاتون

ئەفلاتون یان وەکو ئەوروپییەکان پێی دەڵێن پلاتۆ Platon بە یەکێك لە باوکەکانی فەلسەفەی ئەوروپیو جیهان دادەنرێت. ئەفلاتون لە ساڵی ٤٢٨ پ.ز. لە ئەسینا لەدایك بووە، ساڵی ٣٤٨ لە ئەسینا کۆچی دوایی کردووە. ئەفلاتون یەکەمین کەس بووە، کە خەیاڵی بۆ کۆمارێك، یان دەوڵەتێکی دادپەروەرو یەکسان چووە. ئەمەش لە کتێبە ناودارەکەی "کۆمار" بە جوانی دەردەکەوێت. ئەفلاتون لەم کتێبەدا باس لە

دادپەروەریی‌و یەکسانی دەکات. راستە بەشێکی زۆری کتێبەی لەگەڵ سۆشیالیزم نایەتەوە بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەندیی بە مافی کۆیلەکان‌و بێگانەکانەوە هەیە، بەڵام لە بەشێکی گرنگی ئەم کتێبە باس لە زۆر شت کراوە کە نزیکە لە بیری شۆشیالیزم. ئەفلاتون لەبەشی شەشەمی کتێبەکەیدا دەڵێت:"پێویستە هەموو شتێك لە نێوان هاورێکاندا هاوبەش بێت، ئەمە ژن‌و منداڵیش دەگرێتەوە".



لەلایەکی تریشەوە ئەفلاتون دژی دەوڵەمەندەکان بوو، چونکە ئەوان بەهای هەموو شتەکانیان بە چەمکی خۆیان دەپێوا. لە کۆمارەکەی ئەفلاتوندا، دەبوایە هاوولاتیان یان ئەندامانی ئەم کۆمارە، هیچ کامیان نابێت خاوەنی زەوی یان موڵکێك بن، کە لە پێداویستی خۆی زیاترە. لەلایەکی ترەوە هەموویان لە رووی جلوبەرگ‌و خواردن‌و خواردنەوە هاوبەشن‌و نابێت هیچ جیاوازییەکیان هەبێت، پێویستە هەموویان برای یەکتری بن، ئەمەش وایان لێدەکات کە هەموویان یەکتریان خۆشبوێت‌و نەهێڵێت دیکتاتۆرێك دروست بێت.

لەلایەکی تریشەوە ئەفلاتون پێش مارکس‌و لینین، یەکەمین کەس بووە کە داوای ئازادیی سێکسی بۆ ژنان کردووەو دژی خێزانی تایبەت بووە. ئەفلاتون پێی وابوو نابێت ژنێك تەنها لەگەڵ پیاوێکدا بێت‌و ببێتە کۆیلەی تایبەت بەو، بەڵکو پێی وابووە کە ژنانیش بۆ هەموو پیاوانی تر هاوبەش بن. دیارە لێرەدا زیاتر بەرەو ئەوەدەچێت، کە ژنان خۆیان خاوەنی جەستەی خۆیان بن.

لەلایەکی تریشەوە ئەفلاتون، دژی ئەوەبوو کە چینێك لەسەر حسابی چینەکانی تر خۆش بژیی‌و لەپێناو خۆشی خۆیدا، ژیانی چینەکانی تر ناخۆش بکات‌و بیانکاتە قوربانی خۆشی خۆی. لەلایەکی ترەوە ئەو پێناسەیەکی تری بۆ دەوڵەمەندی کرد، ئەو پێی وابوو دەوڵەمەند ئەو کەسە نییە کە خاوەنی ئاڵتوونی زۆرە، بەڵکو ئەو کەسەیە کە

خاوەنی حیکمەتو فەزیلەتە. بەگشتی دەتوانین بڵێین ئەفلاتون یەکەمین کەس بوو، کە بیری بۆ دروستکردنی کۆمارێك یان بەهەشتێك دەکردەوە لەسەر زەوی. بەهەشتێك کە مرۆڤەکان یەکتری نەچەوسێننەوە برای یەکتری بن.

بەڵام کێشەی ئەفلاتونو پێشتریش فیساگۆر ئەوەبووە، کە ئەمان هێشتا باوەڕیان بە مافی مرۆڤ بوونو یەکسانی لەگەڵ "بەربەر، کۆیلەکان"نەبووە. "بەربەر" بەو کەسانە دەوترا کە خەڵکی دەرەوەی ئەسینا بوون. کۆیلەکانیش ئەوانە بوون کە کرابوونە کۆیلە. دیارە لەو کاتەدا لە ئەسینای کۆن کۆمەڵگە بەسەر چەند چینێکدا دابەشکرابوون کە ئەوانیش: دەوڵەمەند، جەنگاوەرەکان، پیاوی ئازاد، کۆیلە، بەربەر، ژنو منداڵ بوو. ئەو فیکرانەی ئەفلاتون، بەربەرو کۆیلەکانی نەدەگرتەوە، ئەمەش خەوشێکی گەورە بوو لە تێڕوانینی ئەم کەڵە فەیلەسوفە. هەر لە یۆنانی کۆن دەمێنینەوە، دەچینە لای فەیلەسوفێکی ناسراوی تریان کە ئەویش ئەرستۆیە.

### ئەرستۆ

ئەرستۆ لە ساڵی ٣٨٤ پێش زایین لەدایك بووەو لە ساڵی ٣٢٢ پێش زایین کۆچی دوایی کردووە. ئەرستۆش بە یەکێك لە باوکە مەزنەکانی فەلسەفەی یۆنانیو ئەوروپیو جیهانیش دادەنرێت.

لە ساڵی ٣٩٣ پ.ز. ئەرستۆ شانۆیەکی بەناوی "ئەکلزیازویسی/ Eclesiazusae" نووسی، لەم شانۆگەریەدا ژنێك بەناوی "براکساگورا" دەڵێت:

"دەمەوێت خەڵکی لە هەموو شتێکدا بەشی خۆیان هەبێت، هەروەها مولکداریی هاوبەش بێت، لەمڕۆ بەدواوە چیتر شتێك نامێنێت ناوی دەوڵەمەند، یان هەژار بێت، چیتر کەسێك نابینین، کە هەموو بەرهەمە کشتوکاڵییەکانمان بۆ خۆی بەرێتو خاوەنی زەویوزارێکی زۆری کشتوکاڵی بێتو لە پەناشیدا خەڵکانی تر خاوەنی هیچ نەبن. من کار بۆ ئەوە دەکەم کە هەموو شتێك هاوبەش بێت، زەوی، ئاوو هەموو مولکێکی تایبەتی دەبێت بەشێوەیەکی هاوبەش بەسەر خەڵکدا دابەش بکرێت. ژنانیش تەنها مولکی یەك پیاو نابن، بەڵکو بۆ هەموویان هاوبەشو مولکی هەموویانن".



هەرچەندە ئەرستۆ لە رووی فکرییەوە ناچێتە قاڵبی فەیلەسوفانی سۆشیالیستیەوە، ئەو زیاتر کاری لەسەر ئازادییو گەشەسەندنی زانست دەکرد، بەڵام لە بەشێك لە کارەکانیدا، داوای یەکسانی کۆمەڵایەتیو دژایەتی خەڵکی دەوڵەمەندو چەوساندنەوەی مرۆڤەکانی کردووە. بەدڵنیاییەوە فەیلەسوفانی یۆنان، رۆڵی بەرچاویان هەبوو بۆ گەشەسەندنی فیکری سۆشیالیزم، بەتایبەتی ئەوانەی کە لە مێژووی چەپدا بە فەیلەسوفانی سۆشیالیزمی خەیاڵیی دەناسرێن.

## فەیلەسوفانی سۆشیالیزمی خەیاڵی" یوتۆبی"

لە پێش مارکس کۆمەڵێك بیرمەندو فەیلەسوفی گەورەی ئەوروپا بیریان لە نەهێشتنی سیستمی سەرمایەدارییو دروستکردنی سیستمێکی سۆشیالیستی کردتۆتەوە. ئەمانە لە مێژووی فکری سۆشیالیزمدا بە فەیلەسووفانی خەیاڵی، یان یوتۆبی دەناسرێن. هەروەها زۆر لەپێش مارکسیش دەستیان بە رەخنەگرتن لە سیستمی سەرمایەدارییو نایەکسانی کۆمەڵایەتی کردووە. لێرەدا هەوڵ دەدەین بە کورتەیەك باسی ئەو بیرمەندانە بکەین.

### تۆماس مۆر

تۆماس مۆر نووسەرو زاناو سیاسەتمەداری ئینگلیزی لە ساڵی ١٤٧٨ لەدایك بووەو ساڵی ١٥٣٥ کۆچی دوایی کردووە. ئەم زانا ئینگلیزییە بە باوکی سۆشیالیزمی خەیاڵی «یوتۆبی، تۆباوی» دادەنرێت. ساڵی ١٥١٠ کتێبێك بەناونیشانی "یوتۆبیا" دەنووسێت. ئەم کتێبە باسی دوورگەیەك دەکات کە دەتوانین بڵێین وەکو "کۆمارە خەیاڵاوییەکەی ئەفلاتون وایە". تۆماس مور سەرەتای کتێبەکەی بە رەخنەی توند لە سیستمی سیاسیو ئابووریی ئینگلتەرا دەستپێدەکات، کە چۆن نایەکسانیو نادادپەروەریو

هەژاریی بڵاوبۆتەوە، هەروەها دژی دەوڵەمەندو بازرگانەکان دەوەستێتەوە. دواتریش باسی دوورگەیەکی خەیاڵی دەکات، کە تێیدا هەموو ئەندامانی ئەو دوورگەیە بەشێوەیەکی ئاشتییانە ژیان بەسەر دەبەنو کەس زوڵم لە کەس ناکاتو یەکسانیو دادپەروەریی بەسەر دوورگەکەدا زاڵە، سیستمێکی ئاشتیو ئازادیی هەیەو خەڵکی بەشێوەیەکی خۆبەخشانە لە هەموو بڕیارێکی سیاسیو ئابووریيو ئیداری دوورگەکە بەشدارن، ئەمەش دەتوانین بەسەرەتای دروستبوونی سیستمی سۆشیالیستی دابنێین.

## هنری سان سیمۆن

فەیلەسوفی فەرەنسی سان سیمۆن لە ساڵی ١٧٦٠ لەدایك بووەو لە ساڵی ١٨٢٥ کۆچی دواییکردووە. ئەویش بە یەکێك لە دامەزرێنەرانی فکری سۆشیالیزمی خەیاڵی دادەنرێت. سان سیمۆن دژی نادادیيو هەژاریيو جەنگ بوو. لەهەمان کاتیشدا باوەڕی تەواوی بە فیکرو هۆشیاریی هەبوو، ئەو داوای کۆمەڵگەیەکی دەکرد، کە هەموو مرۆڤەکان دوور لە چەوساندنەوەو زوڵمو ستەم بژین، کۆمەڵگەیەك کە کۆتایی بە هەژاریيو برسێتیو بێکاریيو ئاژاوە بهێنێت. لە هەمانکاتیشدا ئەو باوەڕی وابووە دەبێ سیستمێکی سیاسی دروست بێت کە لە سێ ئەنجومەن پێکبێتو ئەو ئیدارەی کۆمەڵگەو دەوڵەت بکات، ئەو ئەنجومەنانەش بریتی بوون لە:

١-ئەنجومەنی داهێنەران.
٢-ئەنجومەنی لێکۆڵەران.
٣-ئەنجومەنی جێبەجێکاران.

پێی وابوو ئەمانە دەبنە دەسەڵاتی باڵاو دەبێت ئەمانە کۆمەڵگە بەڕێوەببەن، هەموو ئەمانیش بەشێوەیەکی ئازاد لەناو کۆمەڵگەدا هەڵدەبژێرێن.

## شارل فۆریە

بیرمەندو فەیلەسوفێکی تری فەرەنسی "شارل فۆریە"یە لە ساڵی ١٧٧٢ لەدایك بووەو لەساڵی ١٨٣٧ کۆچی دوایی کردووە. دەتوانین فۆریەش بە یەکێك لە باوکەکانی

سۆشیالیزم دابنێین، ئەو باوەڕی تەواوی بە کۆمەڵگەیەکی یەکسان هەبوو، داواشی دەکرد کە کۆمەڵگەی بچووك، یان کۆلۆنیای بچووك دروستبکرێت، کە هەموو مرۆڤەکان پێکەوە کار بکەنو کارو بەرهەم بەشێوەیەکی یەکسان بە سەر تاکەکانی کۆمەڵگەدا دابەش بکرێت، هەربۆیە زۆرجار مێژوونووسان فۆریە بە باوکی "کۆمەڵەی هەرەوەزی" دادەنێن کە زیاتر لە یەکێتی سۆڤێتدا باوی هەبوو ئەوان ناوی «کۆلخۆز»یان لێنابوو.

## رۆبێرت ئۆین

رۆبێرت ئۆین بیرمەندو نووسەرو بازرگانێکی دیاری هەرێمی ویلزی بەریتانیا بوو، لە ساڵی ١٧٧١ لەدایك بووەو لە ساڵی ١٨٥٨ کۆچی دواییکردووە. ئەمیش بە یەکێك لە دامەزرێنەرو باوکەکانی سۆشیالیزم دادەنرێت. ئۆین پێی وابوو مرۆڤ نە چاکەخوازە، نە شەڕەنگێزە، بەڵکو مرۆڤ بەرهەمی ئەو کەش‌و هەواو دەوروبەرەیە کە تێیدا دەژیی. باوەڕێکی تەواوی بە چاکسازیی‌و گۆڕانکاریی کۆمەڵگەکان هەبوو، لەهەمانکاتیشدا رەخنەی توندی لە سیستمی سەرمایەداریی هەبوو، بە سەرچاوەی نادادپەروەری کۆمەڵایەتی‌و هەژاریی‌و برسێتی دادەنا.

ئۆین باوەڕی بە کۆمەڵگەیەکی یەکسان هەبوو کە هەموو مرۆڤەکان پێکەوە بەئاشتییانە بژین. ئەمیش وەکو ئەفلاتون باوەڕی بە کۆمارێکی خەیاڵی هەبوو. بەڵام ئەم توانی بە پارەی خۆی لە ساڵی ١٨٢٥ لە ئەمریکاو لە ویلایەتی ئیندیانا، کۆلۆنیاییەکی بچووك دروستبکاتو ناوی لێنابوو "نیوهارمۆنی" کە نزیکەی ٣ هەزار کەس تێیدا دەژیان، لەم کۆلۆنیایەدا، مرۆڤەکان پێکەوە کاریان دەکردو دەژیان بەشداریی چالاکی کۆمەڵایەتی‌و ئابووریان دەکرد. ئۆین پێی وابوو، دەبێت هەموو هۆکارەکانی بەرهەمهێنان ببێتە موڵکی گشتی‌و ئەندامانی کۆمەڵگە بەشداربن لە پرۆسەی بەرهەمهێنان بەشداربن‌و سوودمەندیش بن لەو بەرهەمەو بەکاریبهێنن. ئەمەش بە بنەمای سەرەکی کۆمۆنیزم‌و سۆشیالیزم دادەنرێت. لەلایەکی ترەوە ئۆین باوەڕی تەواوی بە نەمان‌و فەوتاندنی سیستمی سەرمایەداری هەبوو، چونکە پێی وابوو کە ئەم سیستمە

لەگەڵ کرۆکی مرۆڤدا نایەتەوەو دژی مرۆڤایەتییە، هەربۆیە داوای گۆڕینی ئەم سیستەمەی بۆ سیستمی سۆشیالیستی دەکرد.

## پێش کۆتایی

دیارە لە هەموو شارستانییە کۆنەکاندا، بیری یەکسانی کۆمەڵایەتیو دژایەتییکردنی دەسەڵاتی ستەمکار هەبووە، لەهەمانکاتیشدا شۆڕشو خەبات لەپێناوی ئازادیدا کراوە. هەموو ئەمانەش بوونەتە پاشخانێکی زۆر پتەو، بۆ ئەوەی هزری کۆمۆنیستی لە سەدەی نۆزدەو بیستدا لەدایك بێت. هەروەها فەیلەسوفانی پێش مارکس بەتایبەتی ئەوانەی کە لە مێژووی سۆشیالیزمدا بە "فەیلەسوفانی سۆشیالیزمی خەیاڵیی، یوتۆبی" دەناسرێن، رۆڵێکی ئێجگار گەورەیان لە پێشخستنی بیری چەپو سۆشیالیستی هەبوو، چونکە ئەوان بوون سەرەتا دەستیان بە رەخنەگرتن لە سیستمی سەرمایەداری کردو داوای سیستمێکی نوێیان دەکرد، کە لەسەر بنەمای ئازادییو یەکسانیو پێکەوەژیانی مرۆڤەکان دامەزرابێت. لەهەمانکاتیشدا داوای نەهێشتنی جیاوازیی چینایەتی دەکرد. خەباتو تێکۆشانی ئەمانیش، بووە هەوێنێکی باش بۆ لەدایکبوونی بیری کۆمۆنیستی مۆدێرن لەسەر دەستی کارل مارکسو فریدریك ئەنگڵس.

### سەرچاوەکان:


١-.1Thilo Ramm. Der Fruehsozialismus.Verlag: Alfred Kroner. Stittgart.1956
٢-پۆل ستراترن ئەفلاتون. وەرگێرانی: کامەران حەسەن. چ. یەکەم. دەزگای موکریان. ساڵی ٢٠٠٨.
٣-ئەفلاتون. کۆمار. وەرگێرانی: سۆران عومەر. ڕێبوار قارەمانی. مەهدی حەسەن چۆمانی. دەزگای وەرگێران. چاپی یەکەم. ٢٠٠٦.
٤-نذير جزماني. الاشتراكية و الشيوعية من ٥٠٠ قبل ميلاد ألي ما قبل ماركس. دار الكنوز الادبية. بيروت . ٢٠٠٠.
٥-ئەردەڵان عەبدوڵڵا. چین زلهێزی نوێی جیهان. چ. دووەم. ناوەندی رەهەند بۆ چاپو بڵاوکردنەوە. سلێمانی. ٢٠١٩
٦-د.علي الوردي. دراسة في طبيعة المجتمع العراقي. انتشارات الكتبة الحيدرية . ١٩٩٦.
7٧-الدكتور محمد اسماعيل الندوي. الهند القديمة. حضارتها و دياناتها.الطبعة الاولي. دار الشعب. ١٩٧٠.

## دەربارەی کاریگەریەکانی شارستانیەتی گەردوونی

### گفتوگۆ لەگەڵ بیرمەندی ئێرانی:

# داریوشی شایگان



و: لە عەرەبیەوە: ئیسماعیل کوردە

بابەتەکانی مۆدێرنەو شوناسی کلتووریو ئایینیو پەیوەندییەکانی رۆژئاواو رۆژهەلاتو کاریگەرییەکانی شارستانیەتی گەردوونی دیارترین ئەو بوارانەن کە لەلایەن بیرمەندی ئێرانی "داریوشی شایگان""١٩٣٥-٢٠١٨" جێگەی گرنگیدانن.

هەندێك لە کتێبەکانیشی لەوانە وەك "دەروونی داپچڕاو"، باس لە پەیوەندی فیکری کلاسیکی هەژمونەگەری کۆمەڵگا ئیسلامیەکان، لەبەرامبەر دەستکەوتو بەهاکانی

شارستانیەتی جیهانی دەكات، ئەو بەهایانەی كە دەبنە هۆی كێشەنانەوە لە مەڕ شوناس‌و دیاردەكانی نامۆبوون‌و شێواوی تێڕوانین لەبارەی جیهانەوە.




دوو ساڵ بەر لە مردنی شایگان،لەو گفتوگۆیەی خوارەوەدا باسی لەو بابەتانە كردووە، زۆر بە راشكاویش بارودۆخی كۆمەڵگاكانمان لە سایەی ئەو بەها مۆدێرنانە شیدەكاتەوە كە لە هەموو لایەكی هەسارەكەمان بڵاوبوونەتەوەو بونەتە هۆی لێكەوتەكانی دواكەوتنی مێژوویی لای ئێمە، هەروەك باس لەو مەترسیانە دەكات كە ئەمڕۆ لەبارەی ئایندەی ئادەمیزادەوە بەگشتی بە خەیاڵی مرۆڤی رۆژئاوایی دادێن.

***ئایا دەتوانین ناونیشانی كتێبی "رووناكی لە رۆژئاواوە دێت" وەك خۆی وەربگرن؟**

**شایگان:** بەڵێ‌و نەخێر، چونكە ناونیشانەكە ئاماژە بە چاخی رۆشنگەری سەدەی هەژدە دەدات، ئەو چاخە ساتەوەختی دابڕانە لە مێژووی مرۆڤایەتیداو لەو كاتەوەڕا مرۆڤ هەستی بە ئازادی‌و مافەكانی كردووە، بەپێی ڕای "كانت"یش ئەو ماوە زەمەنییە كە مرۆڤ ویستوویەتی خۆی لە دەسەڵاتی هاوبەش‌و سانسۆرو چاودێری -مەزنێتی هێزو چاكەی پیرۆز- رزگار بكات. لە لایەكی دیكەوە، بۆ بوونی ئەو جیاوازییەو بۆ ئەوەی تاك‌و روحانیەتیش بگەشێنەوە، مرۆڤ پێویستی بەوە هەیە لە ژینگەیەكی عەلمانی-سیكویلارو لە ژێر سایەی دەوڵەتی یاساو پارێزراوییدا بژیت، ئەوەش ئەو ژینگەیەیە كە دمەزراوە دیموكراتیە عەقڵانیەكان بەرجەستەو فەراهەمی دەكەن. پێشموایە مۆدێرنێتەو بزاڤەكەی لەبارەی ئازادكردنی مرۆڤدا بێسنوورە. بەپێچەوانەشەوە لە جیهانی ئیسلامیدا زێدەڕۆیی لە دەست دەست خستنەنێو تایبەتمەندیەكانی مرۆڤ دەكرێت. لێرەشەوە پێویستە ئاماژە بەوە بدەم ئێمە بە لێك جیاكردنەوەی توندی نێوان مەعریفەو ئیمان نەبێت، ناتوانین كۆمەڵگایەكی بەدەر لە

گەڕانەوە بۆ بۆچوونی پێشینانمان بەدەست بهێنین. هەروەك بەبێ سیکویلارکردنی چوار سەدەی رابردوو نەبوایە، نەماندەتوانی بگەینە تێگەیشتنێکی دنیایانە لەبارەی دیموکراسیەتەوە. ئەگەر "گالیلۆ" نەبوایە زانستە سروشتیەکانو ململانێی شۆڕشی کۆپەرنیکی گەردونیمان نەدەدیتن. ئەگەر ململانێی بایۆلۆژییش نەبوایە هیچمان لەبارەی گەشەسندنی جۆریو هەراشبوون نەدەزانی، بەبێ ململانێی دەروونیش نەماندەتوانی لایەنە تاریکەکانی ناهەستەکی بدۆزینەوە. فرۆیدیش پێیوایە ئەو سێ بوارە زۆر کاریگەرنو هەستی مرۆڤی نوێو مۆدێرن بەخۆیانەوە سەرقاڵ دەکەن.

***بەپێچەوانەی ئەمەشەوە، ئایا هێشتا بابەتی "رۆژئاواو ئەوانی دیکە" بوونی هەیە؟**

شایگان: ئێستا تیۆرێکی وا لە ئارادا نییە، بەر لە چەند ساڵێك "ململانێی شارستانیەتەکان" بابەتی لەئاراو گەرم بوو، بەپێی بۆچوونی "هنتگتۆن"ی خاوەنی تیۆرەکە، جیهان دەبێتە گۆڕەپانی ململانێی زۆر شارستانیەتی گەورە. لە راستیشدا ئەو شارستانیەتانە سەر بەجیهانی کۆنو دێرین نین، لێرەشدا نموونەی "مارکۆ پۆلۆ"ی گەریدەو بازرگانی ئیتاڵی"و گەیشتنی بە "چین" لە سەددەی سێیانزەمان هەیە. لە رۆژگاری ئێمەدا شارستانیەتەکان نەك هەر بەشی خۆیان ناکەن، بەدەوری مێژووە رەسەنەکەشیاندا ناخولێنەوە، بەڵکو کەوتونەتە چوارچێوەی ئەو بەهاو هەستیارییە جیاوازانەی وابەستەی جیهانی سەرکەوتووی مۆدێرنن. بەپێی تێگەیشتنی من لە ئێستادا کاتێك باس لە شارستانیەتە نا رۆژئاواییەکان دەکرێت، پێویستە لەگەڵ ئەو رایەڵەیەی مۆدێرنە تێکەڵ بکرێتەوە کە لەهەموو شوێنێکدا بڵاوبۆتەوەو هیچ کونجو کەلەبەرێکی ئەو هەسارەیەی وەلا نەناوە.

پشت بەست بەو بۆچوونەش، ئێمە لە چوارچێوەی ئاوێتەبوونو تێکەڵ بووندا دەژینو شارستانیەتی پێشوو، یان پێشنە وەك مێژوویێکی ئایدیاڵی پەتی وایە. کاتێك بۆ یەکەمجار کتێبەکەم "رووناکی لە رۆژئاواوە دێت"م، بینی بە زمانی فەرەنسی چاپو بڵاوبووە، سەرسامی سەرکەوتنەکەی بووم. کتێبەکە دوالیزمی "رۆژئاوا-رۆژهەڵات"و "نەریت-نوێگەری" تێکەڵ بەیەکدەکاتو بە ڕوانینو ئاسۆیەکی فراوانتر لە چەندین کلتوورو شوناسی جیاواز دەڕوانێت. ئەمەش بەدەردەکەوێت کە کۆمەڵگای ئێرانی بە

کردار پێشکەوتووەو لێرەدا خەڵکەکە بەشێوەیەك خۆیان ناسیوە، وەك ئەوەی لەگەڵ "بۆدلێر" ڕێککەوتبن کە دەڵێت:

**پێکێك ژەهرمان پێبدە، تاوەکو نوێ ببینەوە**

**ئێمە دەمانەوێتو ئەو ئاگرەش مێشکمان دەسوتێنێ**

**چ جیاوازیکی هەیە لە قولایی هەڵدێر، یان دۆزەخ،**

**یان لە ئاسماندا مەلە بکەین؟**

**تا شتێکی نوێ بدۆزینەوە؟**



"شارل بۆدلێر، کۆبەرهەم، ت:رفعەت سەلام، ل.٢٤٢".

***لەکتێبەکەتدا بەناوی "هوشیاری تێکەڵ" دەڵێن "بۆ باشتر یان بۆ خراپتر، ئێمە هەموومان ڕۆژئاواین. مەبەستت لەوە چیە؟**

**شایگان:** لەراستیدا پێموایە، بە هەستو ویژدان "ڕۆژهەلاتیم"و لە ڕووی پەیوەستیشم بە بەها جیهانیەکانو تێڕوانینو ڕوانگەی ڕەخنەییانەوە "ڕۆژئاواییم". ئەم دۆخەش بەباشی دیارە کە "شیزۆفرینیا"یەو ئەگەر گونجاو بێت وەك زۆرێك لە هاولاتیەکانم ئەوەم تێدا دۆزیوەتەوە. هەموو "گەڕانەوەیەك" بۆ "ئەفسانەو عەقڵ" بەهەر شێوەیەك بێت، لەوانەیە ببێتە هۆکاری کەوتنە نێو تەڵەزگەو بنبەست بوونێکی دیاریکراو.

بە بڕوای خۆم، پرسی من لە سێ ئاستدایە "ئێرانیو موسڵمانو خاوەن شوناسی مۆدێرن"، هەر ئاستێکیش توانایەکی نوێم بۆ تێگەیشتن پێدەدات، بە مەرجێك ئەوە لە بیر نەکەم کە هەر ئاستێك لەو ئاستانە لێکدانەوەو ڕاڤەی خۆی هەیە. بۆ نموونە، ئەو کلیلەی بیری هێگلمان بۆ دەکاتەوە، هەمان ئەو کلیلە نییە، کە لایەنە جوانەکانی شاعیری سۆفیگەر "حافزی شیرازی"مان بۆ دەکاتەوە.

هوشیاریمان دەرفەتی ئەوەمان بۆ دەرخسێنێت کە مەعریفەی هەموو سەدەکان وەربگرینو لە سنووری تایبەتی خۆیدا بەکاری بهێنین، ئەمەش هەوڵێکە بۆ بەهێزکردنێکی هاوبەش لە چوارچێوەیەکی جیاوازدا. لێرەشەوە ئاراستەی سێیەم دروست

دەبێت کە بە "دەستەمۆکردن" دێت، بە ڕای من ئەو ڕێگایە وامان لێدەکات مەعریفە پەڕاوێز نەخەین‌و لە وەهمی یۆتۆپیای مەحاڵ "بۆ نموونە لە دروستکردنی ئایدیۆلۆژیایەك لە ئایین" دەربازمان ببێت.

***ئایا ئێمە بەشدارین لە روخاندنی شارستانیەتی رۆژئاوا، یان بەپێچەوانەوە، ئێمەش بەهایەك دەخەینەسەر شارستانیەتەکە لە جیهاندا؟**



**شایگان:** ئێستا شارستانیەتی رۆژئاوایی بۆتە بەشێکی دانەبڕاو لە شارستانیەتی سەرتاپای جیهان. هەر شوناسێك نکۆڵی لە شوناسێکی دیکە بکات، یان هەر بەرهەڵستکارییەك دژ بە دەستکەوتەکانی رۆشنگەری، هەوڵدانێکی زۆرخراپەو بەرەو کۆنخوازیمان دەبات‌و دەستکەوتەکانی مۆدێرنێتە وەك ئازادییەکانی کەسی‌و شکۆی تاك بەرتەسك دەکاتەوە: پێموایە لە هەمان کاتیشدا هەندێك جار بەبێ ئەوەی پێی بزانین، دەبێتە هۆی رەتکردنەوەی ئەو شوناسە نوێیەی تێکەڵ بەو شوناسە کۆنەمان دەبێت، کە لەناخماندا هەڵمانگرتووەو لە هەستماندا دەژیت.

ئەو دیاردەیەش بە نامۆبوون لە ناهەست ناو دەنێم، لەجیاتی ئەوەی لە نێو هەستدا بێت، چونکە لە بنەڕەتدا شوناسێکی نوێ‌و سەربەخۆو خاوەن مۆرکێکی تەواو رەخنەییانەیە. بیرمە رۆژێکیان لە بیرمەندێکی گەورەی کلاسیکی-نەریتی ئێرانیم پرسی، بۆچی کتێبێك لەمەڕ فەلسەفەی ئیسلامی نانوسن؟ بەو شێوەیە وەڵامی دامەوە: من ناتوانم ئەمە بکەم، چونکە خۆم دەبمە نموونەی بابەتەکە. ئەو وەڵامە جێی تێڕامانە. مەبەستی ئەوە بوو ناتوانێت هێڵێك، یان ماوەیەك لەنێوان خۆی‌و بابەتەکە دابنێت. دیارە بمانەوێت یان نا، بەبێ دانانی ئەو هێڵ‌و ماوەیەش، بە تەنها ناتوانرێت بیر لەکلتووری فەلسەفی بکرێتەوە، چونکە ئەو کلتوورە بەرهەمی بیرکردنەوەی رەخنەییە.

***ئەگەر رۆژئاوا "دیموکراسیەت‌و دەوڵەتی یاساو پێشکەوتنی" بەرهەمهێنابێت، "داگیرکاری‌و کۆیلایەتی‌و دەسەلاتی تۆتالیتاری‌و فاشیزم"یشی، بەرهەمهێناوە، چۆن ئەو دژیەکیە لێکدەدەنەوە؟**

**شایگان:** ئەو گوتەیە راستە رۆژئاوا دیموکراسیەت‌و دەوڵەتی یاسای بەرهەمهێناوە، بەڵام رووەکەی تری دراوەکە داگیرکاری‌و ئایدیۆلۆژیای تۆتالیتارییە. دیکارت، باسی بیرۆکەی هێزی کردووە، مرۆڤیش سەروەرو خاوەنی جیهانە، ئەمەش بە کردەیی لە پێشکەوتنی رۆژئاواو باڵادەستیەکەیدا بەرجەستە کراوە.

هەر ئەو بیرۆکەیەشە کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی‌و هەموو دەستکەوت‌و بەرهەمە زانراوەکانی. لەم بارەیەشەوە "کلۆد لیڤی شتراوس" لە کتێبەکەی بەناوی "ئەتنیك، مێژوو، کلتوور" دەنووسێت: مرۆڤایەتی دوو شۆڕشی مەزنی بەخۆیەوە دیون، کە شۆڕشی پشەسازی‌و شۆرشی چاخی بەردینی نوێن، ئەو دوو شۆڕشەی زنجیرەیەك کاردانەوەیان لە هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتی لێکەوتەوە. ئەوەش دەزانین کە شۆڕشی پیشەسازی ئەنجامی بێ سێو دووی سەرهەڵدانی روحی زانستە.

هەروەها ئەوەش ڕاستە کە گوتاری نوێگەری-مۆدێرنێتە چوارچێوەیەکی یاسایی‌و سیاسی بۆ مرۆڤ نەخشاند. هەندێك لایەنی دیکەی ژیانیش هەن-با لێرەدا بە لایەنی نێوخۆیی ناوی بنێم- دەکەونە دەرەوەی چوارچێوەی ئەو کاریگەرییەو وەك کاروباری تایبەتی سەیریان دەکرێت‌و لەسەر هەموانیش پێویستە رێکی بخەن. هۆکارەکەشی ئەوەیە ئەو لایەنە تایبەتە وەك بۆشاییەك دەمێنێتەوەو تاڕادەیەکی زۆر دەکەوێتەژێر کاریگەری بواری ئایینی. هەروەك "ماکس فیبەر -١٨٦٤-١٩٢٠" دەڵێت" ئەمڕۆ زوهد لە قەفەسەکەی هاتۆتە دەرەوە، تا ئێستاش کەس نازانێت لە ئایندەدا کێ لە قەفەسەکەدا دەژیت، لە کۆتایی ئەو رێگا باشەدا رێنیسانسێکی نموونەیی توانادارو بیرێکی کۆن بەدەردەکەون، یان پەیامبەرێکی نوێ هەڵدەتۆقێت.

رقئەستووری بەرامبەر رۆژئاوا-لانی کەم لە جیهانی ئیسلامیدا- لەو شکستە مێژووییەوە سەرچاوە دەگرێت کە بۆتە هۆی بوغزاندن‌و سوکایەتی پێکردن. ئیسلام

بەپێی باوەڕی شوێنکەوتووەکانی، دوایین سورشی پێغەمبەرییەو لە ڕووی میتافیزیکیەوە لەسەرووی هەر دوو ئایینە ئیبراهیمیەکە "کریستیانیو جولەکە"وەیە.

بە ڕای خۆشم، ئەو داخراوییەی جیهانی ئیسلامیش بەرامبەر رۆژئاوا هەیەتی، لە نەزانین، یان قبولنەکردنی ئەو دیاردە مێژووییە گەورەیەوە سەرچاوە دەگرێت کە: پێیوایە دەرکەوتنی مۆدێرنێتە، دەبێتە هۆی سەراوژێرکردنی ریشەیانەی نەریتو شێوازی ژیانمان. چونکە مۆدێرنێتە وەك خۆیو وەك ئەوەی لە واقیعدا هەیە وەرنەگیراوە، بەهۆی ئەمەشەوە وای لێهاتووە هەر بڕیارێك لە بەرامبەریدا بدرێت، رەهەندێکی ئەخلاقیانە وەردەگرێت، تا کار دەگاتە ئەوەی رەتبکرێتەوە. لەم بارەیەشەوە ئەمە بیردەخەمەوە کە خودی ئەوروپاش لە سەرەتادا رۆشنگەری رەتدەکردەوە.

لە سەدەی هەژدەدا ئەڵمانەکان دژ بە هەژموونی زمانو کلتووری فەرەنسی لە تەواوی ئەوروپا یاخی بوون. هەمان ئەو روحی یاخیبوونەش دوای سەدەیەك هات، ئەو روحەی کەسانی داکۆکیکار لە بەها کلتوورییە سلاڤیەکانی دژ بە بەها رۆژئاواییەکان جێگیریان کرد، لەوانەش نوسەرە مەزنەکانی رووسی وەك، تۆڵستۆیو دۆستۆفیسکی. ئەو رەتکردنەوەیە هەمان رەتکردنەوەی ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەمە کاتێك ئەو بەهایانە بۆ وڵاتانی جیهانی سێیەم دەگوازرێنەوەو دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەو رەتکردنەوەی کە من بە هەراسانیو کەماسی شوسناس ناوی دەبەم، لەگەڵیشیدا شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی لە ساڵی ١٩٧٩ سەرهەڵدەداتو بەهۆشیەوە شوناسگەری شێوازی جیاواز وەردەگرێت.

***کێن ئەوانەی ئەمڕۆ دژ بە رۆژئاوانو رەخنە لەچی دەگرن؟**

**شایگان:** دژبەرانی رۆژئاوا ئەو کەسانەن کە بەرامبەر تێگەیشتن لە ئامرازەکانی کردەی مێژوویی دەستەوەستانن. زۆربەیان لە نێو وەهمی دەستەجەمعیو کۆمەڵیانەدا دەژینو دەچنە ئاراستەی پێچەوانەی مێژووەوە، بیر لە گێڕانەوەی ئەفسانەی داڕێژراو دەکەنەوە، یان وەك فەیلەسوفی رۆمانی "سیۆران" دەڵێت، خەریکی گێڕانەوەی دۆخی "بتپەرستی سەرەتاکانن". ئەوانە ئەو سەلەفیانەن کە بەهیوای گەڕانەوەی سەردەمی زێڕینی سەلەفی سالح، یان موسڵمانەکانی سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامن. ئەوانە

بەردەوام رەخنە لەو دابڕانە مێژووییانە دەگرنو بەبێ ئەوەی هەوڵی لێتێگەیشتنی بدەن، پێیان وایە بوونەتە قوربانی ئەو وەرچەرخانو پێشکەوتنە مێژووییانە.

*** ئایا لە روانگەی ئەو کەسانەوە، رۆژئاواییەکان نەبونەتە ئەو منداڵە بەنازانەی هەموو شتێکی ژیانکردنیان هەیەو تەنها ئەوەش دەزانن کە چۆن ئەمە بکەن؟**

**شایگان:** لەوانەیە وەك دەڵێیت، بوونە منداڵی بەناز. لە رۆژئاوادا رەخنەگرتن لە دیموکراسیەت هەموو ئەو ڕووە نەرێنیانەی داپۆشیوە، ئەمەش بۆتە هۆی وەلانانو دواخستنی ترس لە بۆشایی. وەك "باسکال برۆکنەر" دەڵێت:" زۆربەمان ستایشی مۆمیاکردن دەکەین". بۆ نموونە، بەپێی ڕای "ئۆلیڤیە مۆنگین"، یەکێك لە سیما هەژمونگەرەکان لای مرۆڤ ترسیەتی لە بۆشایی. ئەو کەلەبەر-بۆشاییەش نائارامیو هەراسانی دەشارێتەوە: بوونی کەماسی لە دیموکراسیەتدا نابێتە رێگر لەبەردەم ئەفراندنی بەهای هاوبەشو دەتوانێت مێژوویێك بەرهەمبێنێت کە رێگا بە تاکگەراییو ئازادی بازاڕ نادات. وەك ئەوەی ژان بۆدریاری فەیلەسوف دەڵێت: کۆتایی هاتنی ئەو مێژووە دەمانگەیێنێتە پۆست سەردەمی بڵاوبوونەوەی بانگەشەی ئازادییەکان.

***کەواتە دوای سەردەمی بانگەشەی ئازادییەکان چی بکەین؟**

**شایگان:** کاتێك ئەو سیناریۆیانەی پێشتر لە یارییەکان بەکارهاتوون، دووبارە دەکرێنەوەو کار لەسەر پێشنیارەکان دەکەینو دەشبینین یۆتۆپیاو خەونەکە بەدەست هاتووە، پێویستە وەك ئەوەی کە هەیە لەگەڵیدا بژین. باشە، لەگەڵ ئەوەشدا، ئایا ئەو شتە بۆ ئەو کەسانە چ مانایەکی هەیە، کە ئەو خەونو بیرۆکە چاکانەیان لە ژیاندا بەدەستنەهێناوە؟ هەموو شتێك لەو جیهانەدا لە دۆخێکی رێکخراوو سەقامگیردایە، ناشتوانرێ لە کرۆکی "بوون" بەتاڵ بکرێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە پڕە لە بیرۆکەو هەستو دەرفەت کە داوای ئامادەگیمان لێدەکات. لە رۆژئاوادا ئەو خەونانە کەمتر لە دۆخی وەدەست نەهاتوودانو تاکەکان لەپێناو بەدەستهێنانی مافەکانیاندا بەکاری دەهێننو خۆشیو سوود لە دەستەکەوتەکان دەبیننو ناشزانن چەندەلای خەڵکی تر بوونی هەیە.

***ئایا هەر بەڕاست مرۆڤی رۆژئاوایی ناترسێت؟**




**شایگان:** لەو باوەڕەدام ئەو ترسەی بەمانای دارمانی رۆژئاوادێت، پەیوەندی بە گەڕانەوەیان بۆ دیاردە روحانیە جیاوازەکانەوە هەیە. زۆرێکیش ئەمە دەبینن، وەك ئەو شاعیرانەی کە بانگەشەی رووخانی رۆژئاوا دەکەنو ئەو پێغەمبەرانەشی بانگەشەی ئاوابوونی خواوەند دەکەن، "نیتشە"ش دەڵێت، عەدەمیەت خۆی لەنێو بیرۆکەی پێشکەوتندا شاردۆتەوە. هەروەك "شپینگلەر" ئەو دۆخە وەك داچەمانەوەی کلتووری فاوستیانە دەبینێت، "هایدگەر"یش بەڵگەو پاساوی زۆر لەبارەی کۆتایی فەلسەفە دێنێتەوە. دەرئەنجامی ئەمەش بێکۆتا باس لە کۆتاییەکان دەکرێت.

لەلایەکی دیکەشەوە، ئەگەر لایەنگرانی "سەردەمی نوێ" ئاورتە بکەین، ئەوا بلاوبوونەوەیەکی ترسناکی گروپی گەورە دەبینین، وەك کلێسای سیانتۆلۆژیا "کلێسای سیکویلار"و گروپی مانگو شاهیدانی یەهوەو ئەکرۆپۆلیسی نوێو قوتابیەکانی کریشنا. پێدەچێت مرۆڤی هاوچەرخ بەدەست ئەو ناعەقلانیەتەوە بناڵێنێت کە سەدەکانی بە عەلمانیکردن بەرەو بێ پەروایی پاڵیناوە. بلاوبوونەوەی تایفەگەری لە کۆمەڵگای رۆژئاواییدا بەو شێوەی ئێستا، بێگومان ئەو بۆشاییە بەدەردەخات کە مەسیحیەتی بە عەلمانیکراو نەیتوانیووە پڕیبکاتەوەو پێویستیو لایەنی روحی ئەو کەسانە بەرجەستە بکات، کە روحیان توشی چەپاندن بووەو بەدەست دڵتەنگیەوە دەناڵێنن. هەموو ئەو دژیەکیانەش شڵەژانو گومانێك دروست دەکەن، کە دەکرێت بە ترس پێناسە بکرێت. ترس لە ونکردنی شتێك. هەروەها ئەوەی بە پێشکەوتن ناودەبرێت، دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ کۆنترۆڵو ئاراستەکردنی ژیانی لەدەست بداتو لەجیاتی ئەوەی بەرەو ئایندەیەکی رۆشنمان بەرێت، بەرەو بەهای پێشنانمان بباتەوە. بەپێی بۆچوونی رۆژنامەنووسو نووسەر "ژان کلۆد گیلباود"، ئەگەر رۆژئاوا لەنێو بێمانایی، یان بۆشایی رەهادا گیرنخواردبێت، هۆکارەکە لەبیرچوونەوەی پرسیارکردنە، کە

بەرهەمی مۆدێرنێتەکەی خۆیەتی، وەك ئیمتیازێك نەك وەك گومان. منیش دەڵێم: رۆژئاوا وازی لە رەخنە لەخۆگرتنی خۆی هێناوە، لە کاتێکدا رەخنە دەستکردو دروستکراوی خۆیەتی.

***ئێمە کە لە تروپکی رۆژئاوادایین، ئایا ئەمرۆ کلتوورێك هەیە، بەشێوەیەك وەڵامدەرەوە بێت و بتوانێ کرانەوەیەکی بەرفراوان لە هوشیاری مرۆڤ دروست بکات؟**

**شایگان:** لەو باوەڕەدام کلتوورێك نیە بتوانێ ئەمە بکات، لە دەرەوەی ئەو مۆدێرنێتە سەراپاگیرەدا نەك تەنها کەلەپوورو رابردوو، بەڵکو تەواوی کەلەپووری مرۆییەکەشی دووبارە نابێتەوە، ئەمەش بەهۆی ئەو یادەوەرییەی کە پڕە لە وردەکاری و توانای خۆڕاگری. لێرەوەو بەپێی تێڕوانینی خۆم-پێویستە رۆژئاواو لەدایکبوونی مۆدێرنێتە- خاڵێکی وەرچەرخان بەدەربخەن، کە تەنها لایەنی روحانی بێت. چونکە وەك فاگنەر پارسیڤال دەڵێت:"ئەو رمەی جەستە بریندار دەکات، تەنها ئەویش دەتوانێت برینەکە تیمار بکات.

***وەرگێرانی بۆ عەرەبی: ضیاء الخالدی**

*سەرچاوە:العالم الجدید https://al-aalem.com/ -٢٩-٥-٢٠٢٣

لێکۆڵینەوە شیعر چیرۆک




## نمای ئەدەبی


* کۆمەڵناسی دەق..............................د.عەبدوڵڵا رەحمان......١٧٤
* شیعری خانمە شاعیری ئەستۆنی ترین سومێتس.......... ئا: جەمال پیرە.........١٨٠
* هەمیشە لە ناوەختا دێیت..! ..........................قادر مینە..........١٨٥
* ئاردی نێو دڕکن ئێستاکە، هاوڕێکانم ..................بەرزان هەستیار..........١٨٨
* شـــۆك..........................................فەڕوخ نێعمەتپوور........١٩٢


## نسێی نما
## دۆسیەی تایبەت بە شاعیر عەباس عەبدوڵڵا یوسف


* فەندی بە پەندی گەپیار............... عەباس عەبدوڵڵا یوسف.....١٩٦
* "ئاو" وەك ئایکۆن بۆ تازەگەری........................دڵشاد عەبدوڵڵا.........٢٠٣
* گوتاری مردن لە فشقیاتی (ع. ع. یووسف)..............د.غازی حەسەن.........٢٠٨
* گەڕان بە دوای تاکدێرییەکانی"ع. ع . یوسف"......عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا......٢١٩
* نانۆ تاتۆ دەکەم..........................................تەڵعەت تاهیر...........٢٣٧

# كۆمەڵناسی دەق



د. عەبدوڵڵا رەحمان*

چەمکی دەق یەکێکە لەو چەمکانەی بەهۆی ئەو رەهەندە هزریو ئایدۆلۆژییو پەروەردەییانەی کە هەیەتی، لەبواری ئەدەبیو زمانەوانیدا بایەخێکی زۆری پێدەدرێت، لەبەر ئەوەشە بۆتە شوێنی گرنگیدانی زانستەکانی وەکو کۆمەڵناسیو دەروونناسیو مێژوو...تاد، کۆمەڵناسی وەکو زانستێك "بایەخ بە لێکۆڵینەوەی دەقەکانو شیکردنەوەیان لە چوارچێوەی کارلێکی کۆمەڵایەتیو جیاوازی فۆرمەکانی دەق بەگوێرەی جیاوازییان لە پێگەو هەڵوێستە کۆمەڵایەتیەکان، دەدات" (الصبیحی،٢٠٠٨: ٩)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، دەق یەکێکە لەو بناغە سەرەکییانەی کە ژیانی کۆمەڵایەتی

لەسەر بنیاد دەنرێت، چونکە ناتوانین وێنای کۆمەڵگەیەك بکەین کە دەقێك نەبێت سەرجەم دەزگاکانو یاسای کارکردنیان ڕێکبخاتو پەیوەندی نێوان تاکەکانی بەشێوەیەك دابڕێژێت تا سەقامگیری بەخۆیەوە ببینێت. بۆیە چەندین جۆری جیاوازی دەق لە ژیانی کۆمەڵایەتیماندا بوونیان هەیە لەوانەش دەقی یاسایی، دەقی سیاسی، دەقی ئایینی، دەقی فەلسەفی....تاد. کەهەر یەکێك لەم دەقانە ڕۆڵێکی دیاریکراوی خۆیان لەناو کۆمەڵگەدا وازی دەکەنو بەشێك لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان ڕێکدەخەن. لێرەشدا دەق لەوە دەردەچێت کە تەنیا تێنووسێك بێتو شتەکانی تێدا تۆمار بکرێتو هەڵبگیرێت، بەڵکو دەق وەکو دەسەڵاتێکە توانای ئاراستەکردنو دەرکردنی یاساو ڕێساکانی هەیەو بەو شێوەیە هەڵسوکەوت دەکات، بۆ نمونە دەقی مێژوویی دەربڕی ڕۆحی نەتەوەیەو ڕێرەوی نەتەوە لە مێژوودا نمایش دەکات، دەقی یاسایی بناغەی دەوڵەتو دامودەزگاکانیەتی، دەقی ئایینی دەسەڵاتێکە بۆ ملکەچ بوون بۆ بڕیارەکانی خوداو جێبەجێکردنی فەرمانەکانی. بەمشێوەیە دەق قۆناغێکی پێشکەوتوو لە مێژووی دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکان دەنوێنێت، ئەمەش لە ئەنجامی پێشکەوتنی سیستەمی کۆمەڵایەتیو پێویستی بوونی بۆ دەق هاتە کایەوە، تاوەکو ڕێڕەو ئاراستەکانی ڕێکبخات. ئەم دەقانەش زانیاریو ئەزموون لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازنەوە. سەرەڕای ئەوەی کە دامودەزگا کۆمەڵایەتیەکان ڕۆڵیان لە سەرهەڵدانی دەقدا هەبووە، بەڵام گرنگترین فاکتەر لەم ڕووەوە نووسین بوو کە بەهۆیەوە تایبەتمەندی بڕینی چاخو سەردەمەکانی بەدەق بەخشیو لە لەناوچوونو فەوتانو لەبیرچوونەوە پاراستی (الصبیحی،٢٠٠٨: ١٣-١٤). لەم ڕوانگەیەدا کۆمەڵناسی بە لەبەرچاوگرتنی دەروبەرە کۆمەڵایەتیەکان بایەخێکی زۆری بە راڤەکردنی دەقە سیاسیو فەلسەفیو ئەدەبییەکاندا. لەبەر ڕۆڵی دەقو ئەو ئەرکە گرنگانەی لەناو کۆمەڵگەدا لەئەستۆ دەگرێتو لەچوارچێوەی کۆمەڵناسی ئەدەبدا، لقێك بەناونیشانی (کۆمەڵناسی دەق) هاتە ئاراوە کە بایەخ بە پەیوەندییەکانی نێوان ئەدەبو کۆمەڵگە دەداتو ئەو پەیوەندییانە بۆ چالاکی زمانەوانی دەگەڕێنێتەوەو پێیوایە کە ئەدەب لە ژیانی کۆلامەیەتیدا وەزیفەی ئاخاوتنی هەیە. هاتنە کایەی کۆمەڵناسی دەق بۆ دوو چەمکی سەرەکی دەگەڕێتەوە:

یەکەمیان، فراوانبوونی بوارەکانی کۆمەڵناسی بۆ ئەوەی هەموو دیاردەکانی دەق بگرێتەوە، بەلەبەرچاوگرتنی ئایدۆلۆژیاو دەقە پسپۆڕیو بازرگانییەکانیشەوە. دووەمیشان، ئەو زانستە شیکردنەوەی دیاردە زمانەوانییەکانی گوتار لەئەستۆ دەگرێت (زیا،٢٠١٣: ٢٠). بەمشێوەیە دەق دەبێتە بنیادێکی دەلالی کە تاك لە چوارچێوەی بنیادێکی فراوانی کۆمەڵایەتیو مێژوویيو رۆشنبیری بەرهەمی دەهێنێت، ئەو بنیادە لەلایەن زمانەوانەکانەوە لە کۆمەڵێك رستەی بەدوایەکداهاتوو، پەیوەست بەیەکەوە پێکدێت کە گونجانو بەردەوامییەك بەو پەیوەستبوونو بەدوایەکداهاتووە دەدەن، لەمبارەیەوە (فان دیك) لە کتێبەکانیدا (بەشێك لە دیاردەکانی رێزمانی دەق ١٩٧٢)و (دەقو دەوروبەر ١٩٧٧) ئاماژە بەوە دەکات کە دەق ئەنجامی کارو کردەی بەرهەمهێنانە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە بنچینەی کردەو پرۆسەکانی بەکارهێنانن لە ناوەوەی سیستەمی گەیاندنو کارلێکردندا. ئەو کردە گەیاندنانەی ئەدەبیش کە لە دەوروبەری مەعریفیو کۆمەڵناسی رۆشنبیریو مێژوویی روودەدەن، بەپێی هەڵسوکەوتی گروپە بەشداربووەکان هەڵوێستی لەبارەی دەقەکە دیاری دەکرێت ( عزام ،٢٠٠١: ١٤).

مێژووی کۆمەڵناسی دەق لە بەیەك بەستنەوەی ئەدەبو کۆمەڵگە لەبازنەی زمانەوانیدا، سەرەتاکانی بۆ چەند هەوڵێك دەگەرێتەوە، لەوانە ( زیا،٢٠١٣: ٢٢).:

١-فۆرمالیستەکانی رووس، بەتایبەتیش تیتنانۆڤ، کە لەگەڵ هاوڕێیەکانیدا رۆڵێکی گرنگیان لە روونکردنەوەی پەیوندییەکانی کۆمەڵگەو ئەدەب گێڕاو ئەوەی روون کردەوە کە ژیانی کۆمەڵایەتی پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕکراوی لەگەڵ ئەدەبدا هەیە، ئەو پەیوەندییە ئاڵوگۆڕکراوەش بەپلەی یەکەم لەرێگای رووکارو رواڵەتی ئاخاوتنەوە دادەمەزرێنێ.

٢-سیمۆلۆژییەکان، بەتایبەتیش ئەو زانایانەی کە لە بواری سیمۆلۆژیای کۆمەڵایەتیدا کاریان کرد لەوانەش "گریماس" کە لە کتێبەکەیدا (سیمۆلۆژیاو کۆمەڵناسی ١٩٧٦) چەمکی شێوازە کۆمەڵایەتیەکانی بەکارهێناو بە زمانی پسپۆڕیو تایبەت لەقەڵەمیدا. هەروەها لویس بریبۆ کە رای وابوو فەلسەفەو ئایدۆلۆژیای سیاسیو تیۆرە زانستییەکان، هەروەکو دەقە ئەدەبیەکان، زمانن، لەبەر ئەوەش کۆمەڵگە لەو

دەقانە کورت نابێتەوە، بەڵکو بەپێی رواڵەتە ئاخاوتنیەکانیەوە لێکۆڵینەوە لەبارەیەوە دەکرێت، بەم پێیەش بەرژوەندییەکانی گروپو چینەکان لەسەر ئاستی زمانەوانیو گوتاردا دیاریکراوە. هەورەها "هالیدای" پێیوایە دەق یەکەیەکی زمانەوانییەو پەیوەست نییە بە رستەکانیەوە، بەڵکو بەهۆی ئەو رستانەوە دروست دەبێتو سێ ئەرکی هەیە، ئەرکی ئەزموونگەری کە لە بەکارهێنانەکەیدا بەدیار دەکەوێتو ئەرکی بەیەکگەیاندن کە پەیوندارە بە رەهەندی کۆمەڵایەتی لەنێوان کەسەکانو ئەرکی دەقێتی کە پەیوەستە بە یاساکانی زمان بۆ داهێنانی دەق (عزام ،٢٠٠١: ١٤).

٣-باختینو هاوڕێیەکانی رەگەزی سەرەکی لە بیروڕاکانی باختین بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆرینەی گۆکراوەکانی گوتار تەنیا لە دەوروبەری دیالۆگەوە هەستی پێ دەکرێت، وەکو وەڵامدانەوە چەسپاوو رەخنەییەکان بۆ گوتاری ئەوانی دیکە. گوتاریش بە پلەی یەك لەبەرامبەر گوتاری ئەوانی دیکەو دەنگەکانیان، بنیاد دەنرێت. بەم پێیە کۆمەڵگە دەبێتە تۆڕێك لە پەیوەندییە دیالۆگەکانی نێوان گوتارەکان کە پێکهاتووە لە (گۆکراوەکانو دەنگەکان). لەمبارەیەوە باختین پێوایە کە ئەوەی گۆدەکرێتو یاخود ئەو دەنگانەی کە گوێمان لێی دەبێت، تەنیا وشە نین، بەڵکو راستەقینەن، یاخود خورافیاتن، یاخود کاری باشو خراپن، یان گرنگو بێ بایەخن، قبوڵکراون، یان لێ بێزراون....تاد، بۆیە وشە هەڵگری ناوەرۆکێکە، یان واتایەکی ئادیۆلۆژیە، یان واقعێکەو ئەرکی هەیە. (زیما،٢٠١٣: ٢٨).

٤-دەقئاوێزان، کە "جۆلیا کرستیڤا" لە تیۆری ئەدەبیو کۆمەڵایەتی باختین وەریگرتو بەکاریهێناو تێیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەق ناوەندێکی گۆشەگیری نییە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، بەڵکو بڕینو لەتکردنێکی دیالۆگییە لەنێوان دەقەکاندا. بەمشێوەیە کۆمەڵگە لەرێگای دەقئاوێزانەوە لە دەقی ئەدەبیدا بەدیار دەکەوێت، کە رێگایەکی دیالۆگییەو دەقی دیکە بەکاری دەهێنێت، بەم پێیەش دەق دەبێتە رووداوێکی کۆمەڵایەتی.

بەمشێوەیە کۆمەڵناسی دەق رێچکەی خۆی گرتو لەلایەن (بیار ف.زیما)ەوە بەشێوەیەکی هونەری بنەماو خەسڵەتەکانی دارێژران، زیما جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوەو

دەڵێ: پێویستە لە سروشتی کۆمەڵایەتی دقدا ئەوە بخرێتەڕوو، دەشێ لەسەر ئاستی ئەزموونگەری پەیوەندیی دەقی ئەدەبیو دەروبەری کۆمەڵایەتی وەسف بکرێت، کە بەڕای ئەو تەنیا لەکاتێکدا کارێکی ئەنجام دەدرێت کە ئەدەبو کۆمەڵگە لە گۆشەنیگای زمانەوانییەوە بەدیار بکەون، کۆمەڵناسی دەقیش لەسەر ئاستی زماندا بایەخ بە کارلێکردنی دەقی ئەدەبی لەگەڵ کێشە کۆمەڵایەتیو مێژووییەکان دەدات لە سەر ئاستی زماندا (عبدالجواد،٢٠٠٩: ٦٠)، ئەمەش خاڵی سەرەتای کۆمەڵناسی دەق بوو کە زیما لە کتێبەکانیدا (لە پێناو کۆمەڵناسی دەقی ئەدەبی ١٩٧٨)و (کورتەیەك لە رەخنەی کۆمەڵایەتی ١٩٨٥)دا دەستپێکی راگەیاندنی بۆ ئەو هۆکارانەی خوارەوە گەڕاندەوە:

١-بەستنەوەی ئەدەب بە کۆمەڵگە لەرێگای زمانەوە، نەك لەرێگای بابەتو ناوەرۆكو جیهانبینیو ئایدۆلۆژیای نووسەرەوە بێت.

٢-بۆ تێپەڕاندنی بوارە ئەدەبییەکە بەرەو تیۆرێك لەکۆمەڵناسی دقە ئایدۆلۆژیو تیۆرییەکان، بەم پێیەش کۆمەڵناسی دەق دەبێتە رەخنە لە گوتاری ئایدۆلۆژیو ئەپستمۆلۆژیای کۆمەڵایەتی.

بەمشێوەیە زیما لە لێکۆڵینەوەکانیدا چەند بنەماو خەسڵەتێکی بۆ کۆمەڵناسی دەق دەستنیشان کرد. (زیما،٢٠١٣: ٥١-٥٧):

أ- بارودۆخی کۆمەڵایەتی-زمانەوانی: لە کۆمەڵە زمانێکی مێژوویيو زیندوو پێکدێت کە هەر یەکێکیان لەرێگای کارلێکردنی نێوانیان گوزارشت لە بەرژوەندی توێژێکی دیاریکراو دەکات. ئەو کارلێك کردنەوەی نێوان زمانەکانیش دەبێتە هۆکارێك بۆ گۆڕانکاری لە زمان بەو پێیەی کە پێکهاتەیەکی چەسپاو نیە، بەڵکو بنیادێکی کراوەو جووڵاوە.

ب- دیالێکتی کۆمەڵایەتی: ئەو ئاخاوتنەی کە کۆمەڵێك بەکاری دەهێنن لە بارودخی کۆمەڵایەتی-زمانەوانیدا کارلێك دەکەنو دیالێکتی کۆمەڵایەتی لێ بەرهەم دێت. ئەم چەمکە بۆ یەکەمجار لەلایەن گریماسەوە بەکارهاتو چەند رەهەندێکی وەکو لایەنی فەرهەنگیو سیستەمی هێماو بنیادی گوتار دەگرێتەوە، بەم پێیەش یەکە

فەرهەنگییەکانو پێکهاتەگەراییەکان بەرژەوەندییەکانی گروپو ململانێیە ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتیو کلتورییەکانیان بەرجەستە دەکەن، بەم شێوەیەش وشەکان رەهەندێکی کۆمەڵایەتی وەردەگرن، هەر وەکو (میشیل بیشۆ) ئاماژەی بۆ دەکات هەموو ململانێیەکی چینایەتی دەکرێ لەوە کورت بکرێتەوە کە ململانێیە لەپێناو وشەیەك دژی وشەیەکی دیکە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە وشە فەرهەنگییەکان دەکرێ دەربڕی ململانێیە کۆمەڵایەتیەکان بن.

ج-دەقئاوێزان: کارلێکردنێکی دیالۆگیانەیە لەنێوان دەقە کۆنەکان، یاخود هاوچەرخەکان، جا چ نووسراو بن، یاخود زارەکی، بەشێوەیەك ئاگادار بێت، یاخود لە نائاگاییەوە بێت کە نووسەر خۆی بەڕێوەی دەبات. ئەم بۆچوونەش زیاتر لە تیۆرەکەی باختینەوە هاتە ئاراوە، لەم روانگەیەوە ئەدەبو ئایدۆلۆژیاو کۆمەڵناسی وەکو تاقیکردنەوەیەکی دەقئاوێزانی دەبن کە روکاری خودو کۆمەڵ دەنوێنن.

***کۆلێژی پەروەردە ـ مەخمور/ زانکۆی سەلاحەدین**

سەرچاوە:


١-محمد الأخضر الصبيحي، ٢٠٠٨ مدخل الي علم النص ومجالات تطبيقه، دار العربية للعلوم ناشرون، ط1، بيروت.

٢-بيار ف.زيما، ٢٠١٣ النص والمجتمع ـ افاق علم اجتماع النقد، ت: انطوان ابو زيد، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت.

٣-محمد عزام، ٢٠٠١ النص الغائب، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق.

٤-عبدالجواد، ا.د. محمد سعيد فرح،ا.د.مصطفي خلف. ٢٠٠٩ علم اجتماع الأدب، دار المسيرة للنشر و والتوزيع و الطباعة، عمان.

# دەقێکی شیعری خانمە شاعیری ئەستۆنی

# ترین سومێتس





ئا. جەمال پیرە

ترین سومێتس Triin Soomets خانمە شاعیرێکی دیاری وڵاتی ئەستۆنیایەو لە ساڵی ١٩٦٩ لەدایك بووە، لە زانکۆی تارتو (باشووری ڕۆژهەڵاتی ئیستۆنیا) زمانناسی خوێندووە، کە وەك پایتەختی ڕۆشنبیری ئیستۆنیایە.

دەقە شیعرەکانی بەوە جیادەکرێنەوە سەرنجیان لەسەر دیوە تاریکەکانی دەروونی مرۆڤە، هەروەها بەرکەوتەیەکی میتافیزیکیان تیادا تێبینی دەکرێت، لە نووسینی

شیعردا باوەڕی بە تابۆ نییەو وردەکاریی گەردوونی بەکاردەهێنێتو لەگەڵ وردەکاریی مرۆییدا دەیکات بە بارستەیەك. نزیکەی ٣٠ کتێبی چاپکردووەو شیعرەکانی بۆ نزیکەی بیست زمان وەرگێڕدراون، لەوانە ئەڵمانی، ئینگلیزی، هۆڵەندی، فەرەنسی، سلۆڤینی، فینلەندی، پۆڵەندی، سویدی، پورتوگالی، ڕووسی، هەنگاری، ئەلبانی، لاتیڤیی، لیتوانی، ڕۆمانی، ئیسپانی، بولگاری، مەکدۆنیو هیندی. کۆمەڵێك خەڵاتی ئەدەبی بەدەستهێناوە، لەوانە خەڵاتی شیعری یۆهان لیڤو خەڵاتی دامەزراوەی ڕۆشنبیری ئیستۆنیا لە ساڵی ٢٠١٤و خەڵاتی یادەوەری ئیڤاسکی لەساڵی ٢٠١٠ وەرگرتووە، هەروەها بۆ چەندین خەڵاتو ڕێزلێنانی دیکەی بەدەستهێناوە، یان پاڵێوراوە.

## کچانی خراپو کچانی باش

١

کچە خراپەکان بۆ بەهەشتی
کچە خراپەکان دەچن،
لەو شوێنەی کە هەر شتێکیان بوێت دەتوانن بیکەن
هەرچۆنێك بیانەوێت یاری دەکەن،
هەرچیەکیان بوێت دەیانبێت،
هەرکەسێکیان بوێت ماچی دەکەن،
هەموو شتێك تێکەڵ دەکەن
هیچ جیاوازییەك
لە نێوان بەهەشتی کچە خراپەکانو زەویدا نییە.

٢

کچە باشەکان بۆ بەهەشتی
کچە باشەکان دەچن

لەو شوێنەی کە هەر شتێکیان بوێت دەتوانن بیکەن
هەرچۆنێك بیانەوێت یاری دەکەن،
هەرچیەکیان بوێت دەیانبێت،
هەرکەسێکیان بوێت ماچی دەکەن،
هەموو شتێك تێکەڵ دەکەن
هیچ جیاوازییەك
لەنێوان بەهەشتی کچە باشەکانو
بەهەشتی کچە خراپەکاندا نییە.

٣

کچە باشەکان
هەر لەبنچینەوە وەك کەسانی چاك لەدایك نەبوون،
ئاسایی بوون،
تا شتێك ڕوویدا
ئێستا لە هەستەکانیان دەترسن
هەموو سۆزێکیان
لە قووڵایی زەردەخەنە لێبووردەکەیاندا
نێژراوە.

٤

کچە خراپەکان
هەر لەبنچینەوە وەك کەسانی خراپ لەدایك نەبوون،
ئاسایی بوون،
تا شتێك ڕوویدا
ئێستا لە هەستەکانیان دەترسن
هەموو سۆزێکیان

له قوولایی زەردەخەنە بێشەرمەکانیاندا
نێژراوە.

٥

کچە خراپەکانو کچە باشەکان
هەرگیز قسە لەگەڵ یەکتر ناکەن،
پێکەوە ناچنە هیچ شوێنێك،
بەرگەی یەکتر ناگرن،
ناتوانن سەیری چاوی یەکتر بکەن
ئەوان دەزانن بۆچی ئەمە روویداوە
دەزانن هیچ وەڵامێکی دڵخۆشکەریان نییە.

٦

بۆیە وازیان لە پرسیارکردن هێناوە
تەنها دەچنە سەر شەقام
باندێکی کچە خراپەکان،
باندێکی کچە باشەکان،
ئایا دەیانەوێت تۆڵە بکەنەوە؟
دەچنە سەر شەقام،
دڵیان لێدەدات،
دەستە ئارەقاوییەکانیان بەتاڵن
پیاوان هاوار دەکەنو فیکە لێدەدەن،
کچان ناگەڕێنەوە.

٧

دەچنە سەر شەقام،
بە دەوری گۆڕەپانەکەدا دەسوڕێنەوە،
بە ڕێڕەوەیکی تەسکدا دەڕۆن،
دەبێ وریا بن،
ئیتر بەرگە ناگرن
تووشی بەربەستێك بن
یان ئاوڕ لە دواوە بدەنەوە.

**سەرچاوە:** https://kritya.in/

## هەمیشە لە ناوەختا دێیت..!



قادر مینە

قاچێکم خستۆتە سەر بەلەمو

خەریکم ئەوەی تر لە کەنار

دوور دەخەمەوە،

کەنارێك نە گۆرانیەکی تیا باڵ دەگرێو

نە چرای جێژوانێك پڕشنگی تیا ئەدا..

کەنارێك ؛ تاریك وەك شەوە بێ چراکانی نیشتمان،
وەك شوونپێی لەشکرێکی دۆڕاو،
وەك پاشماوەی کێڵگەیەکی سووتماك!
دەنگێك دێ؛ رادەچڵەکم
دەزانم دەرگا نییە،
دەچمە لای پەنجەرەکە
دەبینم خۆتی لە پاڵتۆی باراندا
تك تك..
تك تك
لە پەنجەرە دەدەی،
وەك ئەوەی شتێك بنووسیت،
وەك ئەوەی پەیامێك جێبێڵیتو
وەك هەمیشە بڵێیت مەڕۆ..
کەچی کە باران لە گۆرانی گوتن دەکەوێ
ئەوەی لەسەر پەنجەرەکە نووسیوتە
دەیسڕیتەوەو خۆت دەڕۆیت..!
تۆ هەمیشە لە ناوەختا دێیت،
کاتێ بە بلیتێکی یەکسەرەوە
دەمەوێ سواری فڕۆکە بم،
دەست دەخەیتە سەر شانمو
دەڵێی وەرە
با بە یادی جاران قاوەیەك بنۆشین..
کە دەمەوێ سواری کەشتییەکە بم

لە دواخولەکدا دەستم دەگریو

دەمبەیتە پیاسەیەکی کەنار دەریا..

بەلەمەکە دوور دەکەوێتەوەو من لەو کەنارەدا تەنیا لم هاودەمە..

فرۆکەکە لە چاوان گوم دەبێ،

من لەو چۆڵەوانییەدا

سەرگەرمی خوێندنەوەی لاپەڕە بێ کۆتاکانی تەنیاییم..

ئێستاکە چیم هەیە

جگە لە جانتایەك پڕ لە بلیتی سووتاو!

ئێستا کێ هاودەمە،

جگە لە کتێبێك پڕ لە بیرەوەریو

کەنارێك خوێناویی بە خەونی لەخاچدراو..!

# ئاردی نێو درکن ئێستاکە، هاوڕێکانم



**بەرزان هەستیار**

تا ئەو ڕۆژەی قوتابخانەی تەرك كرد
خشتەی لێكدانی بۆ لەبەر نەكرا...
بۆیە هەتا مردیش نەیئەزانی چەند كەڕەت دڵی شكاوە
**
هەرزانمان كرد،....
بە دەنگی بەرز بەدەم بێ ئیشییەوە هاواری ئەكرد..

ژیان ئەوە ناهێنێت
فرمێسکی سپی بشارینەوە بۆ ڕۆژی ڕەش
**
پاڵی بە عەرەبانەکەیەوە دەناو
پڕ بە غەمگینیی خۆی هاواری ئەکرد
وەرنەوە بۆ ماتەمینیی سەرمۆرو
دڵتەنگیی تەڕوبڕ
**
کە سەماعەکە ئەنێت بە سنگی نەخۆشێکەوە
بەردەوام ئەو دەنگەی گوێ لێ ئەبێ
کە ئەیباتەوە سەر ترپەی دڵی خۆی....
کاتێ مامۆستا بانگی ئەکردە سەرتەختەڕەشەکە
**
نەخشەی خانوویەك ئەکێشیێو
ماڵی بیرەوەرییەکانی خۆی...
خوڕ ..خوڕ دڵۆپە ئەکات
**
هێندە وەری ..
تا بەخۆی کەوتە چنینەوەی وشەو
لە شیعردا ،.....
کۆکردنەوەی وردەشووشەی شکاوی برین
**
لەسەر شۆستەیەك ئەو ڕۆژنامانە ئەفرۆشێت
کە پڕ .. پڕن لە هیچ،

تەڕ .. تەڕن بە وشکیی..
وشکتر لە گەرووی خۆی !
**
بە دزی هەموو دنیاوە کچەکەی دراوسێیانی خۆشئەویست
کە ئێواران، بە گیرفانێکی گەچاویی باریکەلەو
کیسەیەك شەرمو
عەلاگەیەك ترسەوە ئەگەڕایەوە...
پێی ئەوت دادە گیان چۆنیت!
**
گرتیان و
لەژێر کەڵەپشکۆی بەفری ئازارێکدا بەچۆکا هات...
مەگەر شانی خودا خۆی بەرگەی بگرێت،
ئێستا گۆڕەکەی ڕووتەڵەترینو بێکەسترین مەزاری گۆڕستانەکەیە
ئەو شەهیدە خائینە!!
**
گێژەڵووکەی عیشقێك لوولی دا
وەك پێچانەوەی توێکڵە گوڵەبەڕۆژە ....
لە پەڕەی کتێبێکی کۆندا
**
لە چایخانەیەکی خەواڵوودا....
چایەکی گەرمو شیرین،
بەدەم ئاهێکی ساردو تاڵەوە....
لەسەر پیرەتەپڵەکێ دائەنێ
**

هەمیشە، ئینجانەی ڕۆژە پەژموردەکانی.....

بەگۆرانی تەڕ ئاو ئەداو

کەچی ئاکام ، خۆی بووە گۆڕهەڵکەنێکی وشکهەڵاتوو

**

دوا جار تەنها ئەو پەڕۆ ڕەشەم بینی

کە بە دیواری مزگەوتێکەوە لێی نووسرابوو

دڵگرانین بە کۆچی دوایی هاوڕێمان.....

کە بەو حەسرەتەوە سەری نایەوە

نەیدەزانی بۆ ئەبێ وا زوو بمرێت !

شوباتی ٢٠٢٤

# شۆک



فەڕۆخ نێعمەتپوور

تەمەنی لەم ڕۆژانەدا لە هەفتا لایدابوو. دەیزانی کە چواردەی ئۆگۆستی هەموو ساڵێ ڕۆژی لەدایك بوونیەتی. لەبیری بوو، بەڵام ئەمجارە زیاتر لە هەر کاتێکیتر خۆی لێ گێل کردبوو. چیتر حەزی نەدەکرد ساڵەکان بژمێرێ. مانای لەمێژ بوو ئەم حەزە تیایدا چەکەرەی کردبوو، بەڵام ئەمجارەیان بەهێزتر بوو. بەخۆی گوت بەڵکو هاوسەرەکەی بۆ یەك جاریش بووبێ، لەبیری کردبێ؛ بەڵام ڕۆژی دواتر بینی کە بەدوور لە چاوی ئەو بە چەندین هەفتە مشووری مەراسمێکی باشی خواردبوو، بە میوانداری کردنی دۆستو برادەرو کەسوکار لە هۆڵێکی باش ساڵگەڕی لەدایکبوونەکەیان بۆ جێژن گرتبوو. ئەمیش ئەگەرچی بەدڵی نەبوو، بەس وەك هەمیشە بە ڕواڵەتیش بووبێ بەرەوپیری

چووبوو، بەگەرمی سوپاسی هاوسەرە نازەنینەکەی‌و هەموو دۆستان‌و خزم ئاشنایانی کردبوو. بۆنەکە کە تەواو بوو هەمان هەست، بگرە چڕترو بەهێزتر گەڕابووەوە لای. لەبیری دێ سێ جاریتر ئەم هەستە لە دەروونیدا سەری هەڵدابوو: کاتێك تەمەنی ببووە چل ساڵ، کاتێك بووە پەنجاو سەرئەنجام لە شەست ساڵیشیدا، بەڵام قەت وەك ئەمجارەی لێ بەسەر نەهاتبوو. هەفتا! بیری لە هەفتا کردبووەوە. هەستی کردبوو ئیتر لە سنوور بەڕاستی لایدابوو، لەمە بەدوا هەر چرکەسات‌و هەر رۆژو شەوێك نیعمەتێکی زیادە بوو کە بە هۆی خواوە بێ، یان سروشت پێی بەخشرابوو، ئەگینا لەراستیدا بێ ماناتر لەوە نیە کە بەردەوام لەژیاندا مابوو، وەك هەمیشە دەتوانێ بخوا، بخەوێ، بچێتە ئاودەست، پیاسە بکا، لەگەڵ دۆست‌و کەسوکار بدوێ‌و جارجارەیش گەر ویستی قومێك لە خواردنەوە بداو جگەرەیەکیشی بۆ بە با بکا.

جارێکی دیکە لای خۆی دووپاتی کردەوە: هەفتا! کۆکی بوو. ژیان چەند کتوپڕ سەرتاسەر لای ببووە ژمارە. ساڵەکان لە هەر تایبەتمەندییەکی تر خۆیان جیا کردبووەوەو، دەربەست ببوونە ژمارە. رووت رووت. حسێبی کرد: یەك، دوو، سێ، چوار،... پەنجا، پەنجاو یەك،... شەست‌و هەشت شەست‌و نۆ، هەفتا! ئەوپەڕی لە خولەکێکدا ژماردبووی. ئاە، هەموو ژیانی لە خولەکێکدا! بەڵام نا، شتێك هەڵە بوو. دەیزانی ئەمە راست نیە، کەچی هەرچی دەکرد نەیدەتوانی ژمارەکان وەك ساڵەکان لە رووداوەکان پڕبکاتەوە. راستی ئەو هەموو رۆژو شەوانە چییان لێ بەسەر هاتبوو، بەرەو کوێ چووبوون؟ بۆ نەیدەتوانی وەك خۆیان هەستیان پێ بکاتەوە؟ مەگەر ئەو، ئەوان نەژیابوو؟

دیارییەکان هەروا لە گۆشەی ژوورەکەدا کەوتوون. هێشتا نەیکردوونەوە. هیچ مەیلێکیشی نیە. بیانکاتەوە کە چی! بێتەوە بیری کە لە هەفتا لایداوە!؟ چ گاڵتەجاڕییەکە! هاوسەرەکەی لە نوتقێکی گەرم‌و گوڕدا سوپاسی ژیانی کردبوو کە دیسان مەودای ساڵێکی دیکەی دابوو. سوپاسی ئەمی کردبوو کە بەردەوام ماوەو لەگەڵیانا لە کەژاوەی ژیاندا بەناو دەریای خۆشەویستی‌و رووداوەکاندا لێدەخوڕن. بۆ کوێ نازانێ، بەڵام گرینگ ئەوە بوو کە خەریکی ئاژووتن بوون! ئەوسا هەموو میوانەکان

بەگەرمی لە چەپڵەیان دابوو، پیرۆزباییان لێکردبوو. لە ئامێزیان گرتبوو. ئەویش نوقمی جەو، لەبەر خۆیەوە گوتبووی سوپاس بۆ ئێوە... سوپاس بۆ ژیان! ئەوسا سەری لەخۆی سوورمابوو. گوێی لە ژنەکەیەتی کە خەریکی ئاودانی گوڵەکانە. وەك هەمیشە بە ئافتاوەیەك بە دەستەوە لەم ئینجانەوە بۆ ئەو ئینجانەی تر. گوڵدانەکان خۆیان دەخەملێنن. لە دوێنێوە چەند گوڵی دیکەیشیان پێ زیاد بووە. دەزانێ ئەوانیش ئاودەدا. بە بزەیەکەوە ئاویان دەدا. گوڵەکانی هەفتا ساڵی، گوڵەکانی ژمارە هەفتا، گوڵەکانی فەرامۆشکردنی ناوەڕۆك.

لەسەر کورسییەکە رادەبێ. بەخۆی دەڵێ ئەوەندە سەختی مەگرە. با هەفتایش بێ. بە خۆی دەڵێ هەفتایش وەك هەموو ژمارەکانی تر، مەگەر چ جیاوازییەك هەیە!؟

ئەوسا دەچێتە باڵکۆنەکە. هاوسەرەکەی، ئافتاوە بەدەست هەروا خەریکی ئاودانی گوڵەکانە. لادەکاتەوەو لەم دەڕوانێ. بزەیەکی لەسەر لێوە. دەڵێ بیربکەوە هەفتا! ئاه هەفتا...چەند سەیرە...وانیە!؟ ئەم هەڵوێستێکی بۆ دەکا. بەڵام زۆر ناخایەنێ. لەدوواوە لە ئامێزی دەگرێ، بۆن بە گەردنو قژی ماشو برینجیەوەی دەکا. دەڵێ ئەرێ هەفتا... هەفتای سنوور. ژنەکەی دەڵێ سنوور!؟... سنوور زۆری ماوە، وانیە!؟ ئەم کە باش تێناگا، کەمێك رادەمێنێ. ئەوسا دەڵێ ئەها تێگەیشتم...درێژەی دەداتێ کە ئەرێ سنوور زۆری ماوە...زۆر!

ئینجا بیری سنوورەکان دەکاتەوە. سنوورەکانی جاران. ئەو سنوورانەی وا بۆ ئەمان بەربەست نەبوون، بەڵکو بۆ پەڕینەوە بوون. باڵکۆنەکە لە بۆنی گوڵەکان تەژییە. گوێی لە زاری گڵی ناو گوڵدانەکانە کە چۆن چۆنی ئاوەکە بەتاسەوە هەڵدەمژن. خۆشییەك بە دەروونیدا دەگەڕێ. بە گوێی ژنەکەیدا دەچرپێنێ:

ـ سوپاس کە هەی... سوپاس!

هاوسەرەکەی وەك کچۆڵەیەك خۆی لە باوەشیدا بچووك دەکاتەوە.

ئاسمانی بڵێند، بە پانتایی بێ سنووری خۆی، کەمێك خۆی بۆ دەکشێنێ. هەفتا ساڵی لەوێ، بە پشتی راگوزاری پەڵە هەورێکەوە ئاگای لە دیمەنی باڵکۆنەکەیە.

پێدەکەنێ.

## نسێی نما

## دۆسیەی تایبەت بە شاعیر

## عەباس عەبدوڵلا یوسف



عەباس عەبدوڵلا یوسف، نووسەرو شاعیر لە ١٩٥٠ لە هەولێر لە دایکبووە، دەرچووی پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی- هەولێرە. حەوت کۆمەڵە شیعرو یەك کۆ چیرۆکی چاپکراوی هەیە، بە ناوەکانی: (ئاو) لە ١٩٧٤، (لم نیازمە) لە ١٩٧٨، (کلکی کتکی پرسیارە) لە ٢٠٠٧، (ئۆدیسیۆس نێرە... یان مێیە؟) لە ٢٠٠٩، (گەشتی پێنج پەنجە) لە ٢٠١١، (کەری بۆریدان) لە ٢٠١١، کۆمەڵە چیرۆکی (سۆفیا لۆرین بە هەوێداری) لە ٢٠١١و (نانۆ تاتۆ دەکەم) لە ٢٠١٣.

# فەندی بە پەندی گەپیار



عەباس عەبدوللاّ یووسف

با پڕۆلۆگ  لە جل بناسرێ :
فشفشپۆش ....... پنیپنیپۆش
با نوکتە بەس نوکتە ڕاکێشێ و نەیباتەوە سەر پێلەهۆش
دەبیژرێ: لە بنجەی بنجان لە ناخەی ناخان:
پێکەنین (نە) دژەی گریانە
ئیدی: مەترێ خەندەو  صەت لەیەکی مەترەی گریە
پێی کەنیەڕۆ دەبین، بە دوای دەچینو ناچین
ئەمە پێوەیەکی درێژەو (خەندانە)ی دەوێ
پسیارو بڕیار دەخاتە دامەنەی مەبەس:
کەنینێکی لادێیانە بێ یا شارانە ؟

ـ گوندانی پێکەنینیان تخووپارێزەو ناقاقێنیێ
بیبەزێنن، (قوقیلە)یان بۆ نابێتە سعاتی بەرەبەیان
بشیانەوێش.
ـ شارانیی  لە سامترسەی بەدڤایرۆس، شەویلاکیان نابێتە سازگەی پێکەنین
قەشمەر، گاڵتە بە ( ئێمە-خۆی ) دەکات
لەوایە، ش(تاك)یان نەبن
جا بۆ نەیژین: پێکەنین لە ١٩٪ ی سێکسەمردە دەژیێنیێ
 کە هەڵدەکۆتا  ئەوها خەندەیی دەمانپەرتێنیێ:
غاردانێکی پێنئاڕاستەیە، لە ژێر ئاسمانێکی بۆقبارانە
دوو شەوو هەزارێك (کەم یەك) دەیئەژمارد
تێدا نوو شارەزادەی خەرامان نوکتەبێژە، دژ بە جیهانی پڕ جەنگ
ئافەرین نانفرێنە، لە ڕۆژگاری قاتوقڕی خەنینت لە بیر نەکرد
کەن کەن بە پێکەنین، کەنیخنکێن بوو
رانیاری خەندە، بە قەه قەه خێراتر ڕایدەنیێ
بە فرەی خۆشپیتەی ( ق )، کپی لە گۆکپو جمکپ دادەماڵی
ئایەمزا لە تەنێگەی خۆیدا، بە خۆدوێنەی خەن ، تەنگخانەی خۆی فرەوان  دەکا
دایکم وریای دەکردین: زۆر پێدەکەنن ... لێتان دەبتە گریان.
١ -گەپیار هەڵدەنسیێ:
خۆسێبەریمان تا ناخ، ختووکەو قدووکەی  بنهەسو بنهۆش دەکات
ئەوجە وەرە لە پێکەنینان شەق مەبە!
حەچچەی لە سەگ دەکات ، بە وەحە وەحە وەڵامی دەدرێتەوە
سەربار: صەگ پێیگوت: یخە زمانزان!
لە زیندانێك (واتە حەپسخانەی بن حەپسخانە)
حەو کەس بە شەوترك گەیشتنە پۆپچێژەی لەشی خۆیان
دەشبیێ ، کارامازۆف ، ناوەزای  (قەرە ماز) ۆفە

ژینگە قدیلانەی گەردوون دەکا
گەردوونیش ماتمۆنە
لە منداڵی، بە ترِی خۆی پێکەنیوە.
زانسار ... حریتەحریتی پێی ناجوغزێ !
٢- گەپیار هەڵداژەڵێ :
تێر بە کۆمیدیای باعەباعو ماعەماع پێکەنین
هەر لە ساتی ساتان عۆڕەعۆڕ بیستراو پێی قاقاینو
لەوێ گەلە گامووس لە ترسی زومرەی شێران
خۆی تۆراندو تاراندو خۆی لە فیردەوسی زۆنگاو
٣- گەپیار هەڵدەئامرێ:
نۆرەیتی بە کەنیگریە بڵێ:
سۆپەر تەکنیکی نەواو سەدا، دەنگەی بۆ بکەن
کۆسەی بە داس
تژدژ بە لێکاوێتەی خەونو جەژن
ئێمەی نەبیستەی نەدیتەی نەچێژتەی
هاورۆحین بە خەندەپرنجو خەندەپلاتینوخەندەقوڕ
گەلی هەمیشەکەنیەو گەلی هەمیشەگریە.
ڤیتامین (خ)و ڤیتامین (گ).
ئەر ڤیتامین پەککارە بێ، بە قدیلانکە مردەخەندەی دەزندێنێ
دەمبەخەندەی فەڕخاك
قەنداو بۆ ساواکەی، خەنداو بۆ خۆی بیخواتەوە.
خوایە قیژەی مۆنخ هەڵقاقێنە، بەشکەم دڵی خۆیو ئەم دەسوکنێ.
هیراکلیتەی هاوخولیام، ڕاستەڕی بردمیە سەر:
فەیلەسووفی خەندۆكو فەیلەسووفی گرینۆك
منیش خوێنەر حەواڵەی ئەم جووتە ( ف ...) دەکەم.

ئەمانەی خوارەوە بۆ لای خۆم تا رۆمانسدار بکەم:
خەندەچاو / خەندەگۆنا/ خەندەلووت /

## فەرهەنگچەو پەراوێزچەو لێدەرچە:

**ئایەمزا:** ئادەمزا، ئادەمزاد، ئادەمیزاد.
**ئەر:** گەر، ئەگەر
**ئەم:** کورتکراوەی ئێمە.
**ئەوجە وەرە لە پێکەنینان شەق مەبە:** ئیدیۆمێکی شارەوارییە، جووتەبەستی لێکدژ دەنوێنێ.
**باعەباع:** دەنگی مەڕ. **ماعەماع:** دەنگی بزن.
**بە بنجە** بە ژێدەر. بە سەرچاوە.
**بزندێنم:** زیندووی کەمەوە.
**بشیانەوێ. شەویلاکیان نابێتە سازگەی پێکەنین:** هاوسرووشەی شاعیری عێراقی (عبدالرحمن طهمازی)یە، تێدا دەڵێ: (أراد أن یضحك ... فكاه لایصنعان ضحكا) واتای: ویستی پێکەنێ ... جووت شەویلاکەی، پێکەنین ناسازێنن.
**بشیانەوێش:** بۆ پترەی ئاواز، پیتێکی (ش) زێدەیە.
**بنهەس:** کورتکراوەی بنهەست.
**بیبەزێنن :** تخووبەکە ببەزێنن، زیاتر تخووب بۆ ڕووبەری بچووكو سنوور بۆ فراوانتر بە کار دێ.
**پەککارە:** ئیکسپایەر.
**پرنج:** برۆنز.
**پرۆلۆگ:** پێشەکی. prologue پێشبێژەیەکی پەیوەندار، زاراوەکە بریتییە لە کورتەهۆنراوە یان کورتەوتارێك دەکەوێتە سەرەتای شانۆنامە، لە سەر گۆڕاییو تەختایی شانۆ لەلایەن ئەکتەرێك یا کۆکتەر دەخوندرێتەوە، لەوانەیەو دەکرێ بۆ پانتۆمیم ببێت. لە فراوانترەی زاراوەکە : سینەماو هەقایەتو قسەکردن پرۆلۆگیان هەیە، بۆ چامەو

ڕۆمانیش پێشنووسە بەکاردێ، مەزاجیانەو مەجازیانە  دەیڵێم بیناسازیش پرۆلۆگی هەیە.

**پنیپنیپۆش:** خۆپۆش بە جلی پینپینەکراو.

**پێوە:** پێوەر.

**پێلەهۆش:** پیلهۆش، پیلهش، پیلەهش، شەپۆڵی هۆش، شەپۆڵەی هۆش، داڕژانی هۆش. Stream of Consciousnees. تەکنیکێکی دەروونییە زیاتر لە ڕۆمان بەکار دێ، لەوانەیە بۆ ئێرەی دەق (دالغە) بشێ / تیار الوعی.

**پێنئاراستە:** کورتکراوەی پێنج ئاڕاستە، چوارەکە: ڕۆژهەڵات-ڕۆژاوا / باکوور-باکوور، پێنجەمەکەش: با ستوونی بێت لە زەوییەوە بۆ ئاسمان.

تەنێگە: تەنیاگە، شوێنی تەنیابوونو تەنیاکردن.

**جمکپ** کپجم، جوولەی کپکراو/ سکون.

**خەرامان:** ئافرەتێکە، جوانییەکەی ئەفسووناوییە.

**خەندانە** نەرمە باجێکە بسێنەکەی خەندەیە.

**دامەنەی مەبەس:** ڕۆخنووسەو پەراوێزێکە تێدا مەبەستەکە ڕوونکراوە.

**دایکم:** لە پیری بۆم دیار دەبێ، ئەو (فۆبیا)ی هەبوو لەگەڵ زۆر پێکەنینی ئێمەی منداڵ.

**دەستمز. دەسمز:** / أجرة أجرة العمل اليدوي.

**دەمبەخەندە** وشەیەکی ڕستاوییە. (دەم بە خەندە). لێرە بۆ سەربەخۆیی وشەکە، بە یەکپارچەیی نوسراوە.

**دەیئەژمارد:** درێژکراوەی دەیژمارد.

**دەبیژرێ:** دەگۆترێ.

**ڕانیار:** ڕانار، ئاژوەر، شوفێر.

**زانسار:** زانسیار، کورتکراوەی زانستیار.

**سامترسە:** فۆبیا. bphobia

**سعات:** کاتژمێر بە گۆبێژەیەکی گوندانی.

**شارەزاد:** شەهرەزاد، حیکایەتبێژی هەزارو یەکشەوە / شهرزاد-ألف ليله و ليله.

**ش(تاك)یان :** شتاقیان، هەردوکیان هاوواتان، یەکەمیان (تاك)ی تیای و بۆ مەبەستی ئێرە گونجاوترە.

**شەوترك:** شەڤترك، بەزمو سوعبەتی کۆترپینی شەوانە.
**صتێکی:** لە سەدا یەك.
عۆڕعۆڕ: گابۆڕین.
**فەڕخاك:** خاکی چاك و پیتاوی / الأرض الطيبة الخصبة.
**فەند:** فەندو فێڵ، فەنوفێڵ، فێڵێکە بەرجەستەی بزافی دەستو پێیو هەندە ئەندامی مرۆڤە، هەراشو هەرزەکار ئەنجامی دەدەن.
فشفشپۆش: خۆپۆشە بە جلی فش و فاش.
**ڤیتامین (خ)و ڤیتامین (گ):** ڤیتامینی خەندەو ڤیتامینی گریان.
**قەرەمازۆف:** پێموایە کارەمازۆڤ یا کەرەمازۆڤ، لە (قەرە-ما) (قەرەئەڵماس)ی گەلانی تورکزمانەوە ڕووسێندراوە، (برایانی کارامازۆڤ ) ڕۆمانێکی بەناوبانگی فیۆدۆر دستۆڤسکییە (١٨٢١- ١٨٨١)
**قەشمەر:** کەسێکە بەخۆی یا بەخەڵك یا بە دوولایە پێدەکەنێ، جوولەو هێمای لەگەڵ دەنوێنێ، بە هەمەجۆرەی دەنگ دەریدەبڕێ.
**قەنداو:** پیاڵەیەك ئاوی گەرم بە کەڵبە قەند بخورێتەوە، لێرە بە ئاوی ساردو شەکر، بۆ چارەی کۆخەو مۆخە دەدرێتە منداڵی بچووکو ساوا.
**قدووکە:** ختووکەیەو زاری منداڵانە.
**قووقیلە:** کەڵەشێر بەزمانی منداڵان.
**کەن کەن:** کەنین بە کەنین.
**کەنیەڕۆ:** ڕێڕۆیینێکی پێکەنیناوی، بۆ ئامێریش دەبێ.
**کەنیخنکێن:** خنکاوەبووی پێکەنین.
**کۆسەی بە داس:** کۆسەکۆسێن، جۆرە چالاکییەکی زۆرکۆنەی کوردەوارییە، زیاتر لە نەورۆز بەڕێوە دەچێ، کۆمەڵێك لاو کۆدەبنەوەو کەسێك هەڵدەبژێرنو سمێڵێکی دەسکردی لێدەنێن، پارچەیەکی ڕەنگی بەسەر دادەنو سەرو دەموچاوی ئارداوی دەکەن، داسێکی دەدەنە دەستو پێش خۆیانی دەدەن ، دەچنە بەر دەرگای خەڵك، بە سوعبەتو بۆ پێکەنین داوای شتێ لە گەنمو خۆراك دەکەن.
**کۆکتەر:** تێسواوەی کۆ ئەکتەر.

**گامووس:** عەرەبییەکەی (جاموس) لێرە بە پیتگۆرکێی (ج-گ ) کرا بە ( گا-مووس).

خوێنەر حەزی لێبێ، با لەم ناوە نوێیەی بدالغێ.

**گەپیار:** گەپار. گەپوەر. لێبۆك / هزلی. مەرج.

**گڕەقایین:** قاقایەکی گڕو ناڕێك.

**گۆکپ:** گوتنی کپکراو.

**لەوایە:** لەوانەیە.

**لێکاوێتە:** تێسواوەی لێك ئاوێتە.

**ماتمۆن:** کورتکراوەی ماتو مۆن.

**مۆنخ:** ئیدڤارد مۆنخ، نیگارکێشە (قیژە) ناونیشانی تابلۆیەکی بەناوبانگی ئەوە.

**ناقاقێنێ:** پێکەنینەکەی ناکاتە قاقا.

**ناوەزا:** ناوێکە لە ناوێکی تر زابێ.

**هەسمردە:** تێسواوەی هەستمردە.

**هەلاژلا:** تێسواوەی هەڵئاژلا، بوو بە ئاژەڵ / تخێوێن.

**هەڵداژەڵێ:** تێسواوەی هەڵدەئاژڵێ ، دەبێ بە ئاژەڵ.

**هەڵدامرێ، هەڵدەئامرێ:** تێسواوەی هەڵدەئامێرێ، کورتەی کورتەش: هەڵدامرێ، دەبێ بە ئامێر.

**هەڵدەسوکنێ:** هێمنو ئاسوودە دەبێ.

**هەڵدەنسێ:** دەبێ بە نسێ (سێبەر).

هەڵقاقێنە: بیکە بە قاقا.

# "ئاو" وەک ئایکۆن بۆ تازەگەری



دڵشاد عەبدوڵڵا

گچکەترین کتێبی شیعر کە بەرچاوم کەوتبێ لەڕووی قەبارەوە کتێبی " ئاو"ی عەباس عەبدوڵڵا یوسفە. ئەم سیپارە کتێبە ١٢ پەڕەیە ٨ پارچە شیعری تێدایە ساڵی ١٩٧٤ لە کەرکوك چاپ بووە. هەندێکجار یەکەم بەرهەم، یان یەکەم کتێب دەتوانێ سیمای گشتی ئەزموونی شاعیرێکمان نیشان بدا، بەتایبەتی ئەوانەی جیاواز دەنووسن. دوای نیوسەدە دەتوانین بەو پێوانەیە کتێبی "ئاو"ی عەباس بکرێ بەو ئایکۆنە کە ئەزموونی جیاوازی نووسەرەکەی لە شیعری کوردیدا تێدا بەرجەستەیە. ناکرێ باسی ئەزموونی شیعری ع.

ع. یوسف بکەمو ئاوڕ لە دۆخی گشتی ناوەندی ئەدەبی کوردی نەدەمەوە. ئەو ناوەندە تەقلیدیو عەشایریەی بەربەستێکی سەختە لەبەردەم کاری تازەو جیاوازدا. ڕاستە ئەفراندن بە ئاسانی شوێنی ناکرێتەوە، چونکە لەلایەن دەسەڵاتی کلتووری باوەوە دژایەتی دەکرێ. ئەوەی لە ئەدەبی کوردیدا ڕوویدا لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە تا کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، ئەوەبوو کە دەسەڵاتی سیاسی وڵاتیش خزێنرایە ناو ئەو دژایەتیەوە، لەپاڵ تومەتی لادان لە ڕەوتی شیعری باو تومەتی خیانەت لە "نیشتمان!"و خۆدزینەوە لە جەنگ (قادسیە)، یان خەباتی سیاسی ..تاد. کەچی ئەسڵی بابەت جیاوازی نووسینو جیهانبینیو تەکنیکی شیعر بوو. ئەوەی هەوڵی جودانووسی دا بە درێژایی ئەو نیو سەدەیە پەراوێز کرا. ع.ع. یوسف یەکێکە لەو دەنگە دەگمەنانەی باجی پەراوێزخستنو لەعنەتی-نەفرەتی جودا نووسینی دا. لە ١٩٧٧-ەوە عەباس دەناسم ئەگەرچی پێشتر کتێبی ئاوم خوێندبووەوە،




سەرسام نەبوم بە شێوەی نووسینی بەڵام سەرسام بوم بە نوێخوازیەکەی کە بەئاشکرا بانگەشەی بۆ دەکرد بە جۆرێك ناتوانی باسی تازەگەری لە شیعری نوێی کوردیدا بکەی ناوی "عەباس" لەڕیزی پێشەوە نەبێ. شێوازی نووسینی "عەباس" هەر لەسەرەتاوە سادەو قووڵە، ڕاستەوخۆو بێ گرێیە، دنیای نووسینی هێمنەو بیرۆکەی ناو شیعرەکانی وەرگیراوی دەرەوەی دەق نین هی ناوەخۆیانن. بەرهەمی شارن، کاریگەری سروشتیان پێوە نیە، زمامی وابەستەی لادێ نیە، وەسف نیە. جیاوازە لەگەڵ زمانی فشوفۆڵو درێژدادڕی ڕووکەش کە ئەوکات بەشی زۆری شیعری کوردی گرتبووەوە. گرنگ بوو بۆ ئەو سەردەمە تۆ وەك ڕوانگە نەنووسی، ئەوکات ڕوانگە ئاسمانی شیعری کوردی

تەنیبوو. زەحمەت بوو خۆت بی، بەڵام پێویست بوو خۆت بی. عەباس خۆی بوو. ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ عەباس‌و جەلال بەرزنجی لە دانیشتنەکانماندا باسی ئاسۆی بەردەم شیعری نوێ‌و ئەو کۆسپ‌و تەگەرانەی بەردەمیمان دەکرد لە ناوەندی ئەدەبی کوردیدا، ئایا ئەو دۆخە بەو هێمنیە دەڕوا، یان پێویست دەکا گۆمەکە بشڵەقێ. من خۆم لە عەباسم گوێ لێ بووە دەیوت، شەپۆلێکی داداییانە پێویستە بۆ شڵەقاندنی، ئەو لە نووسیندا ئەمەی



کرد، بەڵام فاشیەتی بەعس ئەو جۆرە ڕەفتارەی دەخستە قاڵبی تێکدەرانە، بۆیە بیرمان کردەوە پڕۆژەیەکی بەدیل هەبێ. ئەوە بوو لە یەکێك لە دانیشتنەکاندا لە ماڵی دەروێشانەی عەباس بڕیارماندا پڕۆژەکە سەرەتا گۆڤارێك بێت بە ناوی (سێ). یەکەم ژمارە بەرهەمی شیعری هەر سێکمان بێ (عەباس‌و جەلال‌و من)، ژمارەی دوای ئەویش سێ شاعیری تر هەڵبژێرین لەوانەی جیاواز دەنووسن، ئیتر بەم شێوەیە نە هەرا دروست دەبێ‌و نە دەزگای حکومەتی بەعسیش دەوروژێ لە دژمان. پڕۆژەکەمان ئامادەکرد. ئەوکات دەبوو دائیرەی سانسۆری بەغداد ڕێگەی بڵاوکردنەوەی بدا. پڕۆژەکەمان پێشکەش کرد دوای ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی مۆری قەدەغەکردن لە هەموو لاپەڕەکانی پڕۆژەکە دراو تەسلیم بە ئێمە کرایەوە. هۆی ڕەفزکردنیش بە ڕوونی دیار کرابوو: پڕۆژەیەکی تێکدەرانەیەو نابێ بڵاوبێتەوە! ئەوانەی کاری سانسۆریان بۆ بەعس دەکرد ئەو نووسەرانەی کورد بوون کە پیاوی ڕژێم بوون. ئەم ڕووداوە ئێمەی تووشی جۆرە سڵەمینەوەیەك کرد. عەباس پێشتر لەگەڵ حیزبی شیوعی کاری کردبوو، منیش لەگەڵ کۆمەڵەی ڕەنجەدەران، جەلال‌و عەباس مامۆستا بون‌و منیش قوتابی زانکۆی بەغداد. ئەو پڕۆژەیە بەربەستی بۆ

دروست بوو، بەڵام لای ئێمە لەبیر نەکرا. سەرەتای هەشتاکان بە دیاریکراوی لە ١٩٨٤دا جارێکی تر پڕۆژەکە هاتە گفتوگۆکردن ئەمجارەیان لە ماڵی ئێمە (خانوی ژمارە سێ لە خانوەکانی کولێژی ئەندازیاری هەولێر). پڕۆژەکە فراوانتر بوو هەندێك برادەری تریشی لەگەڵدا بوو لەوانە ئەوەی لە یادم مابێ ئازاد مەولوود (نووسەرو شانۆکار)و مەحموود زامدار (نووسەرو ڕۆژنامەنووس)و تاسەر ئێسقان لەگەڵ تازەگەری). بڕیارەکە وابوو بەیانێکی شیعری بنووسینەوە. جگە لە (ڕوانگە) هیچ بەیانێکی ئەدەبی بڵاونەبوبوەوە. بەهەرحاڵ بەیانەکە نەنووسراو هۆکار هەبوو من لە نووسینێکی پێشوودا بە درێژی باسمکردوە. ئەزموونی هەر یەکێك لە ئێمە بەرزیو نزمی تێدایە، خاڵی ئەرێنیو نەرێنی لەگەڵ خۆی هەڵگرتوە لە دنیاش وەهایە، بەڵام ئەوەی گرنگە بەردەوامبونو گەشەکردنە. خاڵی نەرێنی لە ئەزموونی هەباس دوو شتە، یەکیان دەیویست لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی هەندێك دەقی فۆلکلۆرەوە موجامەلەی ناوەندە کۆنەخوازەکە بکا، هی دووەم ئەوەیە، ئەو بەردەوام باسی هەموو شتێکی تازەی دەکرد کەچی یەك دێڕی وەکو دنیابیبنی خۆی نەنووسیووە. نامەوێ ئەم جۆرە نووسینە بکەم بە مەرج بۆ شاعیر، هەندێك جار ئەو ئەرکە بۆ ئەوانی تر جێ دەهێڵن، ڕەنگە ئەمە ڕەوابێ بەڵام بۆ عەباس پێویست بوو، چونکە زەمینە ڕۆشنبیریەکە لای ئەو هەبوو، من بە جۆرە کەمتەرخەمیەکی دەبینم. ئێمە عەقڵی ڕەخنەگرمان نیە بۆ پڕ کردنەوەی ئەو کەلێنەو خوێندنەوەی ڕووداوە ئەدەبیەکان وەك ئەوەی هەن، یان دۆزینەوەو هەڵاوێردی دەنگە تازەکان، نەك هەر ئەمە، بەڵکو ئەو ڕەخنەیەی هەشە "کوێرە ڕەخنەیە". ئەگەر باسی کەموکوڕی بکەین بەرانبەر تازەگەری لە ئاستی شیعری تازەدا ئەوا لیستێکی درێژی دژایەتیکردنی لە ئارادایە تا ئەمڕۆ، هەر لە گوێپێنەدانەوە بگرە هەتا هەوڵی لەباربردنو تومەت بۆ دروستکردن. ناوەندی ئەدەبی کوردی لەم ڕووەوە پێویستە ئیدانە بکرێ لەلایەن شاعیرانی تازەگەرەوە. کورتەی قسە ئەمەیە کە عەباس تا دواهەمین دیوانی پیادەی ئەو ڕێچکەی بەرنەدا کە لە "ئاو"ەوە دەستپێدەکا، "بە سواری کەرەدێزەیەکی کوێر دەچێتە ناو فیردەوسی

شیعرەوە" وەك خۆی دەڵێ. کەرەدێزەی کوێر ئەگەر ئاماژە بێ بۆ ناوەندی ئەدەبی ئەوا فیردەوس بەرزیو شکۆی شیعرە لای شاعیر.

## گەرمایی

سەعات دووی پاش نیوەڕۆیە
نە گوڵی ژاڵە
نە باڵندە
نەپیاو
دیلی ئەم هەتاوە سوتێنەرە نین
هەر بەگێلی دەڕۆن دەڕۆن
کپ نابن
ببیتە پەلکێ لە چلیکدا
باشترە لەوەی ببێ بە مرۆڤ
ببیتە بیابان
باشترە لەوەی ببێ بە مرۆڤ
لەم هاوینە هەتاویەدا
گەر ببێ بە هەتاو
دەها باشتر
خەمت لەبەر دەڕوا
ژیانیش هەر وا دەبێ.

# گوتاری مردن لە فشقیاتی (ع. ع. یووسف)



د.غازی حەسەن

## پێشەبار

لەم ناونیشانە سێ بابەتو چەندین شتی دیکە هەیە: (گوتار، مردن، شاعیر). لەڕاستی دەیان شتی دیکەشی تێدایە، لەوانە ئایا مردن لای شاعیر چییەو چۆن باسی مردن دەکات. مردن تۆقێنەرو ترسناکو دێوێکە حەفت چیای لەپشتەخۆی کردووە، یان مردن فیزیکەو هیچ نییە. مێژووی مردن، تێڕوانینی نەتەوەو گروپە نەژادییەکانو ئایینو کەلتوور چۆن لەمردن دەڕوانن. شاعیر لە دەقێکدا کاریکاتێرانە پێشوازی لە مردن

دەكات. ڕەهەندەكانی مردنو تێڕوانینی فەلسەفە جیاكانو ئایینو مرۆڤی لادینو پشتئەستوور بە بیرو فكرەكانی پشت بیرو فكر چۆن لەم دیاردە نامۆیە دەگەن. دەتوانین سەدان ئەگەرو مەگەریشی تێدا بدۆزینەوە.

## ڕێبازی قسەكردن

گوتار قسەكردنە، یان بەكردەوە ڕاپەراندنی مەبەستەكانەو (قسەكەرو گوێگرو كەناڵەكانی پەیوەندی تێدایە)، ئێمە پشت بە تیۆری (كردە قسە) لەنێو شیكردنەوەی پراگماتیكی دەبەستین. ڕەوسەی ئێمە دەچێتەوە سەر ڕێبازی شیكاری زمانەوانی.

## سەرچاوە

دیوانە شیعرێكی شاعیری جیاوازو تێپەڕی نوێخوازیی (ع. ع. یووسف)ە بەناوی (كلكی كتكی پرسیارە). پشت بە فكرەڕوانینو وێنەچنی لە ئاسمانۆكەو ژینگەی ئەم دیوانە دەبەستینو بەشێكی شیعری (فشقیات)مان وەرگرتووە، كە باسی مردن دەكات.

دەقەكە: (**فشقیات**)

ئەگەر مەرگ هات
توند دەیگرم، لێ ناگەڕێم خۆ دەرباز بكات
بە بزمارێكی درشتی كۆنكریت
لەسەر دیواری بەرد قایمی دەكەم
وا دەكەم ڕەوە مەیموونێكی قوونسۆر
بێنو پێی پێبكەنن
عزرایلیش لە سوێیان
لەجێوە بمری!.......... (دیوانی كلكی كتكی پرسیارە،.... ل٩٢).

## کۆڵینی دەق

ئامان لە دەقی زیندوو، چەندە بە ئاسانی وەکو خاکێکی بەپیت، بەرێکی زۆر دەبەخشێتەوە، کە نەك هەر بخۆرو بینەرو سەرنجدەران، سەرنجکێش دەکات، بەڵکو هەندێك جار خودی دەقنووسیش بەخۆیەوە گێژ دەکات، دەیخاتە خەیاڵاتێکەوە، کە خەیاڵاندنو ختووکەدانی خۆی نەقیزە بدات. پێمەڕەکاریو پشکنینی نێو دەق، نەك دەرەوەی دەق گرنگە، چونکە پێم وایە دەبێت خاكو خۆڵی ئەو ژینگەیە بکۆڵرێت، هەڵکۆڵین بە مانا فەلسەفییەکەی (فۆکۆ) بۆ دەق بکرێت. ئێمە بەسادەیی، بۆ ئەوەی نمایشو بەرچاوخستنێکی خێرا بکرێت، تەنیا قسە لەسەر فۆرمو قەپێلكو دیوی بینراوی دەرەوەی دەقەکەو گیرفانو پانتۆڵو خێزانو پەنجەو دەموچاوی نووسەرەکە دەکەین، قسە لەسەر بیرۆکەو ڕیشەی مێژوویی کەرەستەو کەلوپەلەکانو چۆنیەتی دەستەچنی بەرووبوومی دەقەکە ناکەین، تەنیا لەبەر هەژاری خۆ لە چیلکەو سواندەی هۆکارو ئەنجامو ژینگەو مەعریفەی پێکهاتەی دەقەکەو ئەو زانیارییو شتە ڕیشەییە مێژووییو کەلتووریو ئەخلاقی دەروونیو سیاسی فکریو فەلسەفیانەی لەنێو دەقو دەوروبەری دەقەکە گرمۆلە بوون، نادەین خۆ تەریك دەگرین. ئەمە وەکو ئەوە وایە لەجیاتی باسکردنی چۆنیەتی چاندنو پێکهاتەی هەمەلایەنەی دار مێوێكو هۆکارو شێوازو ڕێگاکانو زانیاریی چاندنو چۆنیەتی بەردانەکەی بکەین، یەکسەر باسی پەسیرەو تریێو مێووژەکەی واتە (بەری مێوەکە) دەکەین. مەبەستم ئەوەیە باسی شتە بینراوە ئاسانە خۆشە، بەلەزەتەکە دەکەین. ئەم چەشنە گوتارە لەکردەوەدا بێدەسەڵاتی لە کۆڵینو لێکدانەوەی دەق نمایش دەکات.

دەق لەزەتی تێدایە، بەڵام دۆزینەوەی لەزەتەکە لای هەر یەکێك لە خوێنەرەکانی دەقەکە جیاوازە. (مردن هیچ لەزەتێکی نییە لە ترسو تۆقاندن پتر)، کەچی دەقنووس لەزەتێکی وای بە مردن داوە، مەگەر هەر لەنێو جەستەیەکی بێ ترس لە مردن هەستی پێ بکرێت. لەبەر ئەوە تێگەیشتنو پەرەپێدانو زیادکردنی بەرەکە، دەبێت پێمەڕەکاری بکەیتو خۆت ماندوو بکەیتو لەوە بگەیت چۆن دەق خوێندنەوە فرەجەمسەرو هەناوپڕو پڕ ئەركو فرە ماناو فرە وێنەو مەبەستە.

## مردنی فیزیکی

(ع. ع. یووسف) لەبارەی مردنی فیزیکی دەبێژێت:

**مردن کە دێ....**

**بە مێگزی خۆیو بە یاسایەکی فیزیك دێ**.... (دیوانی کلکی کتکی پرسیارە، ١٣٣)

پرسیار لەبارەی مردن زۆرە، بیروباوەڕو نەریتی کۆمەڵایەتیو یاساو ڕێسا ئایینیەکانو ئەفسانەو کەلتووری نەتەوەو نەژادو گروپە مرۆییە جیاوازەکانیش لەبارەی مردنو تێگەیشتنو لێکدانەوەی مردن، تێڕوانینو وەستانو لەقوڕی فەلسەفە چەقینیان هەیە.

هەیە لەمردن تۆقیوەو بە سزاو ئازاری دەزانێتو نەتە بەردەدات، هەشە بەبنەی دەستپێکردنی ژیانێکی دیکەی دەزانێتو هەشە پێی وایە مردن کردەیەکە بێ هەستو هەستپێکردن ڕوودەداتو هەموو شتێك کۆتایی دێت، بێ ئەوەی هەست بەهیچ بکرێت. هەندێك پێیان وایە "شاعیرەکان دوای مردن، لەدایك دەبن". "فاضل السلطاني، https://aawsat.com/home/article/1517196/%D8%B4%D8%B9%D8).

بۆچی تەنیا مردنی شاعیرەکان، بیر لە سەرلەنوێ لەدایکبوونەوەیان دەکرێتەوە، کە لەژیاندا نەك دەخرێنە شوێنە لەبیرچووەکانی نێو بیرەوەری ڕۆشنبیریی، بەڵکو ئازاریش دەدرێن، کەچی دوای مردنیان جارێکی دیکە زیندوویان دەکەنەوە؟. بێگومان زیندووبوونەوەکەی پەیوەندی بە دەقەکانییەوە هەیە، نەك جەستەی. واتە فکرو بیرەوەرییو هێزی وشەکانی نامرنو دەژین، نەك ئەو جەستەی هەڵگری خودی شاعیرو فکرەو بیرۆکەو خوێنو مردنیەتی. شاعیر لەنێو جەستەی خۆی دەمرێتو لەنێو وشەکانیدا دەژیت.

ئەم شاعیرە نوێخوازە لەدەریای مەعریفە مەلەی شیعر دەکات، نەك هەر باسکەمەلە، بەڵکو پشتە مەلەش دەکاتو دەزانێت لەکوێ جووڵە بەوشە بکاتو لەکوێ هێز دەخرێتە سەر وشە، بۆ دروستکردنی ئاسمانزانیو تێفکرین لە گۆڕناسیو لێکدانەوەی هەناوەفکری مرۆڤ.

شاعیر پێمان دەڵێت مردن بە (مێگزی)و بەشێوەیەکی (فیزیکی) دێت. ئایا بیرتان لێ کردۆتەوە (مردن) چ کردەیەکەی خۆسەپێنی دیکتاتۆری‌و بێ دەم‌و شوێن‌و ئیجازەیە، کەی ئارەزوو بکات‌و مەزاجی کار بکات دێت‌و قیڕە لە مرۆڤ هەڵدەستێنێت. لەهەمان کاتدا ئەو لەبەکارهێنانی یەك وشەی وەکو (فیزیکی) دنیایەك لێکدانەوەو شیکردنەوەو ناکۆکی‌و تێڕوانینی دژ بەیەکمان بۆ یەکلایی دەکاتەوە، کە مردن هیچ یەکێك لەو هەزار شت‌و بۆچوون‌و ترس‌و تۆقانە نییە، کە بیری لێ دەکرێتەوە، بەڵکو (فیزیکە).

ئەو لەچی گەیشتۆتە ئەم تێگەیشتنە، بێگومان تێگەیشتن بەپێی لێکدانەوەی پراگماتیکی کردە قسە، پەیوەندیی بە بیرکردنەوەو درککردن‌و هەڵێنجان‌و گریمانەو پیشگریمانەوە هەیەو پەیوەستە بەچۆنیەتی (خوێندنەوەو لێکدانەوەو شیکارو بەراوردو مەعریفەیەکی قایم‌و خۆئازادکردن لە کۆتە باوەکانی کۆمەڵگەو ئایین‌و شتی دیکەش)، تا بگاتە ئەو کۆتا وەڵامەی، کە (مردن بەکردە دیاردەیەکی فیزیکیی) بزانێت.

قسەکەر لەنێو گوتاری دەقەکە خودی شاعیرە، گوێگرەکانیشی ئەوو ئێمەین، کە نادیارین.

کێشەی نێو دەقەکە (مردن)ە

هۆکارو شێوازی مردن (مێگزانە دێت‌و یاسایەکی فیزیکییە)

ئەنجام (مردنەکە فیزیکییە).

ئەمە هەموو لێکدانەوەکانی دیکە لە فەلسەفەو ئایین‌و کەلتوورو نەریتی کۆمەڵگە جیاوازەکان‌و پێکهاتەی کۆمەڵگەو گروپە مرۆییەکان ڕەت دەکاتەوەو پێمان دەڵێت، گوتاری مردن لای من گوتارێکە پشت بە پێکهاتەی فیزیکی دەبەستێت‌و دیاردەیەکی جیاوازە لەوەی ڕۆژانە دەیبیستین‌و لێی دەترسین‌و وەڵام‌و هۆکارەکەی نازانین.

(ئەبیقور) لە بارەی مردن لەڕوانگەیەکی فەلسەفییەوە لە شتەکان دەڕوانێت‌و پێی وایە مردن کۆتایی هوشیارییە بۆیە مردن نابێتە هۆکار بۆ ئازاردانی هەستەکان. مردن کۆتایی نەستەکانە، بۆیە نابێتە هۆی ئازاردانی جەستە. ترس سەرچاوەی نەهامەتییەکانمانە، گەورەترین ترس هەمانبێت مردنە، بۆیە ئەگەر توانیمان بەسەر ترس

لە مردن زاڵ بین، ئەوە ئاسوودە دەبین". "جلال ابراهيم، https://altaqadomibulletin.com/2022/08/10/%D9%81%D9%84D% )

لەم دەقەدا (عەباس) بەهێزو توانایەکی سەرسوڕهێنەر مردن لە جووڵە دەخاتو لەدیواری دەبەستێتەوە، بەشێوەیەك هێندە بەدڵنیاییو متمانە بەخۆبوونەوە دەئاخڤێت، نیشانەی بەختەوەریی بە دەقەکەوە دەبینرێت. نەك هەر بەختەوەریی، جۆرێك لەئازادبوون لە گوتنی گوتارەکەو نوێبینینو هەڵوەشانەوەی شتە وەهمییە باس لێ نەکراوەکان بەرجەستە دەکات. بێگومان گوتار بریتییە لە ڕاپەڕاندنی ژمارەیەك ئەركو کار لەڕێگەی بەکارهێنانی زمانەوە.

## وێنەیەکی کاریکارتێری

(ع. ع. یووسف) پێچەوانەی زۆر لە شاعیرەکانی دیکەو بەتایبەتی ئەوانەی مردن بە ترسێکی مۆتەکەدار دەزانن، یان ئەوانەی کلاسیکانەو نیمچە کلاسیکانە بیر لەبەکارهێنانو تێڕوانین لەدەق وەکو کێشەیەکی عەشیرەتو نەریتی باو دەکەنەوە، یان ئەوانەی لەپێناو خۆشەویستەکەیان دەمردنو خۆیان دەمرێنن. تەنیا ئەو ڕیالیزمیش تێ دەپەڕێنێتو سنووری مۆدێرنەش تێ دەپەڕێنێتو پێمان دەڵێت (مردن لەنێو فکرو خەیاڵو وشەیە، نەك لەنێو جەستە). ئەو وەکو پاڵەوانێکی نەترس، (مردن دەگرێت،



نایەڵێت مردن ڕا بکاتو خۆی ڕزگار بکات. دواتر بە بزمارێکی گەورەی کۆنکریت لە دیوارێکی بەردینی قایم دایدەکوتێتو ئیدی ڕەوە مەیموونی قونسۆر پێی پێ دەکەننو عزرایلیش لەسوێیا دەمرێت).

گوتاری ئەم وێنە کاریکاتێرییە فکرییە، ئەوەمان نیشان دەدات، کە (بێهێزە، مردن لە مرۆڤەکە ترساوەو دەیەوێت خۆی دەرباز بکاتو مەیموون گاڵتەی پێ دەکەنو

عیزرائیلیش که ڕۆح دەکێشێتو هەموو کەسێك بە مردن مۆر دەکات، لە داخو خەفەتباری بەستنەوەی مردن بەم شێوەیە، دەمرێت. ئەمە وەکو وێنەیەکی سینەمایی فیلمە ترسێنەرەکانە. وێنەیەکی هونەریی پڕ لێکدانەوەو ماناو مەبەستە، کە هەمیشە پاڵەوانەکە گەشبینانە بەسەر هێزی شەڕ سەردەکەون. گوتاری ئەم وێنە شیعرییە ئەوە، کە شاعیر فشەی بەمردن دێت، لە مردن بەهێزترە، نەك هەر بەهێزترە، بەڵکو ژینگەیەکی فکریو دەروونی دروست دەکات، کە مەیموون بە مردن پێ بکەنن. پێچەوانەی ئەوانی دیکە مردن بەلاوازو بێدەسەڵاتو هیچ وەسف دەکات.

لە شیکردنەوەی گوتارەکە بە پشت بەستن بە تیۆری کردە قسە لەوە دەکەین:

شاعیر/ قسەکەرو هەقایەتخوانی نێو دەقەکەیە، گوزارشت لە هەستو بیرکردنەوەو تێگەیشتنو هەڵێنجانی شتە بیرلێکراوەکانو بڕیار دەکاتو (کەسێکی بەهێزە، باکی بەمردن نییە، بەوانی دیکە دەڵێت مەترسن مردن زۆر زۆر لاوازە، ئاگادارمان دەکاتەوە چی دیکە لە مردن نەتۆقین).

مردن/ کردەیەك نییە لێی بتۆقین، ئەو هەموو ترسە لە هێزو تواناو بێسنووری مردن هەمانە ڕاست نییە.

عیزرایل/ کە ئەو مردن ئەنجام دەدات، لە بەرانبەر هێزو وزەو توانای شاعیر هیچ کاردانەوەیەکی نابێت، تەنیا ئەوە نەبێت گیانی دەردەچێت.

پەیامی گوتارەکە/ مەعریفیە، مردنەکە فیزیکیە، ڕەتکردنەوەی خەیاڵاتو تێڕوانینی ئەفسانەییو نەزانراوی نابەرجەستەیە.

وەکو (لاندسبیرگ) باسی کردووە "هوشیاری هەستکردن بە مردن، پێ بەپێ مرۆیی بوون بەرەو تاکبوون دەبات، لەگەڵ دروستبوونی پێکهاتەی تاکخودی تایبەتمەند، ئەوەی تاك لەم بوارە دەیکات بەدەستهێنانی نێوەڕۆکی شتێکە، کە تایبەتە بەخۆی، لەپێناو تێپەڕاندنی سنووری عەشیرەتو بواژنەوەی سەرلەنوێی عەشیرەت، بۆ لەدایکبوونێکی نوێ لەناخی خۆیدا"........(جاك شورون، المعرفه، العدد ٧٦، ١٩٨٤، ١٨).

مەبەستم لەم ئاماژە بە قسەکانی (لاندسبیرگ) ئەوەیە کە (ع. ع. یووسف) بەهۆی گەیشتنە ئاستێکی باڵای تاکەکەسی لە هوشیاریو تێگەیشتن لە مردن، گوتارێکی

جیاواز لەبارەی مردن ڕادەپەڕێنێت، کە لەکردەوەدا تێپەڕاندنو لەناو تۆزێ وەردانی بیرۆکەو فکری (عەشیرەتو خێڵو نەریتە باوە کۆنە سۆسیۆ-ئاینییەکەشە لەبارەی مردن)، ئەو لێکدانەوەو تێڕوانینو نەریتو ڕەفتاری گشت تێ دەپەڕێنێتو جیهانێکی نوێی جیاواز لەناخی خۆی لەبارەی مردن دروست دەکات، پێی وایە مردن شتێك نییە بەسەریدا زاڵ نەبینو هەتا هەتایێ لێی بترسین، گریمانەی ئەوە دەکات لەئاییندەدا مردن ڕابگیرێت. بۆیەشە لە وێنەیەکی کاریکاتێری، کە تازیەباری قوڕبەسەر دێنێتە پێکەنین، وێنەیەکی شیعریی جیاوازی لەبارەی مردن دروستکردووە. ئەم وێنە شیعرییە بۆ ئەوەیە سنووری دواکەتووی تێڕوانینی عەشیرەتو هۆزو کۆمەڵگەو دۆخی دەروونی بەکۆمەڵی مرۆڤ تێکبشکێنێت، بیسەلمێنێت ئەو خۆی خودی خۆی هێندە هوشیارە دەزانێت مردن هیچ نییە، تا لێی بترسین.

## چڕە تێگەیشتن بۆ دەقەکە

دەگەینە ئەو ئەنجامەی شاعیر، ڕوونکردنەوەیەکی فکریو فەلسەفی لەبارەی هێزە نادیارەکانو بۆچوونەکانیان لەبارەی مردن لە وێنەیەکی هونەریی کاریکاتێری بە وشە پێشکەش دەکات، خەیاڵو پێشبینی ئەوە دەکات، دەکرێت ڕۆژگارێك بێت (مرۆڤ بەسەر مردندا زاڵ بێتو بیگرێتو ئەوەی مردنەکەش ئەنجام دەدات، خۆی بمرێت). وەڵامێکی جدییە بۆ هەموو ئەو پرسیارە بێ وەڵامانەی لەبارەی مردنەوە هەیەو گوتارەکەی پشت بەوە دەبەستێت، کە شاعیر:

**یەکەم:** لەبیرکردنەوەو تێڕوانینی بۆ مردن، جیاوازە لەگەڵ کۆمەڵگە، بیرێکی زانستی، فەلسەفییە.

**دووەم:** پێی وایە مرۆڤ دەتوانێت ڕۆژێك لەو ڕۆژانەی دێت سەرکەوێت بەسەر مردنو لەخرتۆڵەی وەربدات.

**سێیەم:** مردن دەکرێت (بگیرێت، ڕابگیرێت، کۆنترۆڵ بکرێت).

**چوارەم:** ئەو لەترسی تۆقین لە مردن، وێنەیەکی کاریکاتێری دروست دەکات. بێگومان دوور نییە لەترسی سزای کۆمەڵگەو دامەزراوەکانو پێکهاتەی کۆمەڵگە لەڕێگەی ئەم جۆرە وێناکردنە مەبەستی گوتارەکەی گەیاندبێت.

**پێنجەم:** لەباری دەروونیو عەقڵییەوە لە مردن ناترسێتو مردن بەلاوازو فشەو گاڵتەپێکراو وەسف دەکات.

**شەشەم:** گوتاری ئەم دەقە گوتارێکی ڕەخنەگرانەیە، ناڕاستەوخۆ ڕەخنەیە لەوانەی مردنیان وەکو کەرەستەیەکی تۆقاندن، بۆ ترساندنی مرۆڤ وەکو (سزاو ژیانەوەی دوای مردن) بەکاردەهێنن.

**حەوتەم:** شیعر دەتوانێت هەزار واتاو مەبەست لەتەنیا وشەیەكو گوزارشتێك دروست بکات، شاعیر لەم کورتە دەقە، بەنێو هەزار پرسیارو ئەگەرو گریمانەو لێکدانەوەی جیاوازماندا دەبات.

**هەشتەم:** ئەو باسی خۆی لەنێو دەقەکە ناکات، بەڵام خوێنەر دەزانێتو لەڕێگەی بەکارهێنانی ڕاناوی لکاوی (م) کەسی یەکەمی تاك، قسەکەر خودی شاعیرە، بەناڕاستەوخۆ دەبێژێت، کورینە ئێوە چۆنی بیر لێ دەکەنەوە، ئەوە بۆچوونو وێناکردنو هێزو تێگەیشتنی فکرییو فەلسەفیی منە بۆ مردن. ئەو ناڵێت من بەدوای نەمریدا دەگەڕێم، بەڵام دەڵێت (مردن دیل دەکەمو لەدیوار بزمار ڕێژی دەکەمو ناهێلم دەربازی بێت). لەکردەوەدا شاعیر پێی وایە (شاعیرەکان نامرن)، چونکە لە دەقی شیعری لە مەرگ بەهێزترە.

**نۆیەم:** (هێگل) لە بۆچوونە فکرییەکانی لەبارەی نیشانە کۆمەڵایەتیەکان لەبارەی مردن دەبێژێت "نەشونماکردنی نەوەکان، واتە مردنی کەسوکار". "فار ساسین، https://fares-sassine.blogspot.com/2012/10/blog-post.html).

ئەگەر ئەمە لەڕووی کۆمەڵایەتی لەنێو ژینگەی ڕۆشنبیرییو شاعیرەکان لێکچوونسازی بکرێت، ئاساییە (عەباس) ترسی لەمردن نەبێت، کە دەیان شاعیری نوێی گەنج وەکو (نەوەکان) نەشونما بکەن، ئەو پێچەوانەی بۆچوونەکەی (هێگل) بڕوای وایە نامرێت وەکو (کەسوکارەکانی شیعر دەمرنو نەوەکانیان پێ دەگەن). بەواتایەکی دیکە

(عەباس) ترسی لە پێگەیینو پێکوڕەو جووقە جووقی شاعیری نوێ نییە، چونکە ئەو لەنێو ئەدەبو شیعردا خۆی لەمردنی دەقو شیعر بەهێزتر دەبینێت.

**دەیەم:** هەیە لەبەر لەدەستدانی هەستو هوشیاری بیر لەمردنو پرۆسەی مردنو ئاکامی دوای مردن ناکاتەوە، بەڵام (عەباس) وا بیر ناکاتەوە، ئەو بە هوشیارییەکی قووڵەوە، پشت ئەستوور بە فەلسەفەو مەعریفە ئاماژە بە (مردن) دەکات، ئەو (خۆی لەپێگەیەکی بەهێزی متمانەبەخۆی شای مردن شکێن) دەزانێتو لەهەمان کاتیشدا (مردن بەلاوازو فشە) ناو دەبات.

**یانزدەم:** بەزاندنو تێکشکاندنی سنوورەکانی تێگەیشتنو پێکهاتەی عەشیرەتو هۆزو گروپە کۆمەڵایەتییەکانە لەچۆنیەتی لێکدانەوەی مردن، ئەو لەنێو خودی تاکەکەسی خۆی هێزو وزەیەکی مردنشکێنی دروستکردووە، کە ئەم خودتاکییە پەیوەندی بە هوشیاریو مەعریفەی شاعیر وەکو تاك هەیە.

## پوختەكراوی باسەكە

(ع. ع. یووسف) جیاواز لە تاكو شاعیرو كۆمەڵگە سەیری مردن دەكات، مردن لای ئەو (ئەو شاعیری قسەكەرو خاوەن گوتاری دەقەكە) نابەزێنێت، بەڵكو ئەو هەموو ئەو وەهمو ترسو تۆقینو تێنەگەیشتنە ناوككەوتنەی ترس لە مردن هەڵدەوەشێنێتەوەو بەخوێنەر دەڵێت، مردن هیچ نییەو فشقیاتە. ئەوە من مردنم گرتو بە بزماری گەورە لە دیوارم چەقاندو كردمە قەشمەری منداڵانو عیزرایلیش با لەداخاو سوێیا بمرێت.

ئەمە هەڵكۆڵینێكی مەعریفیو فەلسەفییە بۆ مردنو كۆمەڵگەو دەسەڵاتی دواكەوتووی نەزانینو تێنەگەیشتوو لەخودی كردەی مردن، قسەكردنە لەو دۆخەی مووی سەریان ڕەپ دەكات.

شاعیر خودانی گوتارێكە، سنوورە باوە سەپێنراوەكان تێكدەشكێنێتو سنوورێكی نوێی خۆی بۆ تێگەیشتنو لێكدانەوە لەبارەی مردن دروست دەكات، ئەمەش پەیوەندی بە هوشیاریو مەعریفەی تاكەوە هەیە، كە لەنێو ناخی خۆیدا هەموو هێزە خەیاڵیو دەستكردو باوەڕ پێنەكراوەكانی ڕابردوو، بە پخەیەك فڕێ دەداتە دەرەوەی مێژووی

تێگەیشتن لە شتەکانو دیاردە خەسێنراوەکانی بەردەم نەزانین. سەرباری تەکنیکو فۆرمی نوێی گێڕانەوەو وێناکردنو بەکارهێنانی زمان بەم شێوە سادەیە، پێچەوانەی سادەییەکەی وشەکانو ڕستەو وێناو گوتاری دەقەکە پڕن لە پەیامو ماناو مەبەستی یەکجار قووڵ.

لە دیماهیدا شتێکی شاراوە ناڵێم، چونکە شاعیر خۆی دەڵێت "ڕاستە (سێوران) وەکو نووسەرێکی خۆراوایی ناسراو، کاریگەریی لەسەرم هەبووە، لە یەکەم وتارییەوە، کە چەند جارێکم خوێندەوە سەرنجی ڕاکێشام، بە ئاسانی ڕستەکانی هاتنە نێو دێڕەکانمەوە، ئەو کەڵکی لە فەلسەفە، سروشت، مۆزیکو ڕەشبینی بەرانبەر بە ژیان وەرگرتووە، منیش لەم تێڕوانینەوە، کەڵکم لێ وەرگرتووە ئەو کات هەرچیم لەبارەیەوە دەخوێندەوە دەمکردە دۆسییەکی تایبەت بەو، ئەمە بووە سەرچاوە". (گۆڤاری دیوان، ژمارە ٢٨ی ئەیلوولی ٢٠٢٣). واتە کارلێکردنو کارتێکردنو بەرهەمهێنانەوەی گوتاری ئەوانی دیکە بە پەرەپێدانی تایبەتمەندی خۆی، گونجاوێکە دەسەڵاتی شیاندن دەسەلمێنێت.

**سەرچاوەکان:**


-فاضل السلطاني، شعراء يولودن بعد الموت، جريدة الشرق الاوسط ٢٣، ديسمبر ٢٠١٨، https://aawsat.com/home/article/1517196/%D8%B4%D8%B9%D8.

-عەباس عەبدوڵڵا یوسف، کلکی کتکی پرسیارە، دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠٠٧.

-فار ساسين، هيغل والموت، https://fares-sassine.blogspot.com/2012/10/blog-post.html.

-جلال ابراهيم، فلسفة الموت عند ابيقور، موقع التقدمي، اطست ١٠، ٢٠٢٢، https://altaqadomibulletin.com/2022/08/10/%D9%81%D9%84D%

-جاك شورون، الموت في الفكر الغربي، ترجمة كامل يوسف حسين، مراجعة د. امام عبدالفتاح امام، سلسلة دار المعرفة، العدد ٧٦، ١٩٨٤، ١٨.

-گفتوگۆی سمکۆ محەمەد لەگەڵ عەباس عەبدوڵڵا یووسف، گفتوگۆیەکی ئەدەبیی، گۆڤاری دیوان، ژمارە ٢٨ی ئەیلوولی.

## گەڕان بە دوای تاکدێرییەکانی

## عەباس عەبدوڵڵا یوسف

## "بەیەکگەیاندنی وێنەی کارکاتێری و کۆمیدیای رەش"



عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

### پێشەکی

شیعر لە کۆمەڵێك رەگەز پێکهاتووە، نەك بەو مانایەی کە سیستمێکی تەواو چنراوو پتەوەو هەر رەگەزێ ماناو وەزیفەی دیاریکراوو تەواو بە شیعر دەبەخشێ (واتە قسە لە تەواوبوونی رەگەزەکان ناکەم، جەخت لە پەیوەندی رەگەزی گێڕانەوەو شیعرییەت

دەکەمەوە) لە دەقی داهێنەرانەدا ڕەگەزەکان تۆڕێکی بەرفرەوان، لە پەیوەندی ئیستیتیکیو ڕووداو پێکەوەیان دەبەستێتەوە، بەڵام کۆتا پەیوەندی نییە، بەڵکو هەر یەکەیان بە شێوەیەکی جیاوازو سەربەخۆ بە کردەی کورتبڕیو پڕشنگدانەوەو ڕازانەوەو جوانکردنی ڕووداوەکانی هەڵدەسنو لە ناوکۆییەکی شیعرییدا کۆی ڕەگەزەکان بە شێوەی بەردەوام گۆڕاو، جوانیەکانی یەکتر تەواو دەکەنو شیعرییەت بە جێدەهێنن. نهێنی دەق ئەوەیە، شیعرییەت هەڵدەنرێت، نانووسرێتەوە، شیعرییەت کردەیە، کار نییە.

واتە شیعرییەت ئاکام نییە، بەڵکو وەك ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکانی پرۆسەی ساتەوەختی نووسینی دەقو ساتەوەختی خوێندنەوە دەق دێتە بەرهەم. بە دیوەکەی دیکە بەردەوام وەك نهێنی خەیاڵی زمانو ناخی نووسەرو خوێنەریش دەمێنێتەوە!

بە کورتی دەمەوێ بڵێم دەقی ئیبداعی لەسەر توانای چەسپاندنی کردەی جوانیو ئاوێتەبوونو بەرجەستەبوونی بوێریو خەیاڵی زمان وەستاوەو وەك سەیرورە پەیڕەوی لە گۆڕانو بەردەوامی دەکات. دەقی ئیبداعی جوانیو جیاوازیو چێژە.. نە ڕەسەنایەتی بەرێوەی دەبات، نە لاسایکردنەوە، نە دەگاتە دواپلەی تەواوبوون، بەڵکو بەردەوام پرسی سەردەمو هێزی خەیاڵو هەستی جیاوازی دەبزوێنێ. داهێنان نە نەتەوەگەریی دەناسێ، نە دنیاگەریی.. بەڵکو هەمیشە ئازادیو سەیرورەو کرانەوەی گۆڕانکارییەکانی سەردەم دەنووسێتەوە.

داهێنان فرە ڕەگو فرە ڕەهەندو فرە ئازادییە. دەقی شیعری نوێی کوردی گەڕانەوە نییە، بۆ بنەچەی ئایینیو کۆمەڵایەتیو سیاسی. داهێنانی شیعری کوردی سێکوچەکەی بابانو گۆرانو ڕوانگەو کفریو هەشتاکانو نەوەدەکانو... ناناسێ.

داهێنان گۆڕانکاریو سەیرورەی بەردەوامە. داهێنان بەردەوام کەشفکردنو دنیابینییە، ژەهرو تریاکە، ئازادیو بوێرییە، جوانیو چێژە! بە دیوەکەی دیکەشدا داهێنان هەمیشە فەزای هەر یەك لە خوێنەرو نووسەرە جیاوازەکان دەنوێنێتەوە! شیعریی هونەری کوردی لەسەر ئیشکالیەتی بێکۆتایی جوانیو خەیاڵی زمانو گۆڕانکاریو سەیرورە، نوێ دەبێتەوە.

## پیرفۆڕمانس

## ( له خوارەوە شوێنی زۆر هەیە )

له هەشتاکاندا زمانی شیعریی کوردی (باشوری کوردستان) بەشێك له شاعیرانی نوێخوازی سلێمانیو کەرکوك، (بە تایبەتی) هەولێر، نەدەکەوتنە سەر ڕێچکەی تازەگەری سروشتگەرایی گۆرانو ڕەمزییەتی شۆڕشگێری گروپی ڕوانگەو هێماخوازی دەروونئامێزی گروپی کفرییەوە، بڕوایان بە زمانی سادەی گۆرانو توندوتیژی ڕوانگەو هێماخوازی کفری نەبوو، بەڵکو شێوەیەکی دیکەی جیاواز بوون، له دەرەوەی گۆرانو کفریو ڕوانگەوە، خۆیان له جولەی خەونبینیو خەیاڵو جیاوازی گوزارشتکردنو زمانی ئاماژە، دەبینییەوە! دەتوانم بڵێم هەشتاییەکان وەك تێکشێنەری دەقی ئامادەکراوی نێوان سروشتو مرۆڤ، ئایدیۆلۆژیاو مرۆڤ، کۆمەڵگاو مرۆڤ، بوون. هەرگیز لەگەڵ ئەزبەرکردنی گوزارشتو دەستەواژە باوەکانو ئاستی نزمی زمانی تەعبیرکردنو بیروبۆچوونی کۆنەخوازانەو ڕەمزی سیاسی، نەریتی کۆمەلایەتی، نەدەهاتنەوە. بە دوای زمانێکی دیکەی نائامادەو خەیاڵێکی دیکەی شیعریو لادانێکی هۆشیارانەی زماندا دەگەڕانو هەوڵی گۆڕینی نەریتو شێوازی دەقە زاڵەکانو ئەو دەقانەیان دەدا، کە ژیانی مرۆڤی کوردی ئاراستە دەکەن. بەو مانایە هەشتاییەکان خەیاڵی فەنتازییان بۆ شیعری نوێی کوردی زیاد کرد.

ئەگەر ڕوانگە زمانی سادەی (گۆرانو هاوڕێکان)ی له پێناو زمانی شۆڕشگێڕانەوە دەستکاری کردبێت. ئەگەر گروپی کفری نەرمتر له ڕوانگە، مامەڵەیان لەگەڵ فرەیی زمان کردبێت، ئەوە هەشتاکانی شیعری نوێی کوردی هەر تەنها سیمای سروشتخوازانەو دەروونخوازانەو جیدانۆفخوازانەیان ڕەتنەکردەوە، بەڵکو بەرەو ڕووی لادان له کەلەپورو لادان له نەریتو زمانی سیاسیو حەماسیو کۆمەلایەتی بوونەوەو وازیان له وەزیفەی پەروەردەییو ئەخلاقی شیعر هێنا، لەسەر ئەو بنەمایەی کە: ئەگەر شیعر دووچاری نەخۆشی بچوککردنەوەی زمانو دەردی ئایدیۆلۆژیاو وەزیفی دیاریکراوی کۆمەلایەتی بێ، ئەوە دەبێتە بڵندگۆی سیاسەتو نەریتە کۆمەلایەتییە بۆگەنەکانو بەوەش وزەی مەعریفیو خەیاڵی هونەریو جوانگوتن له دەست دەدات؟!

لەنێوان روانگەخوازانو هەشتاکاندا، دوو بانگەشەکار لە بازاڕی شیعری کوردی رۆڵیان دەگێڕا: (سەلاح شوان)و (مەحمود زامدار) یەکەمیان لایەنگری روانگەو دووەمیان سەر بە پێشرەوایەتی شیعری نوێ بوو! یەکەمیان بەرگری لە هاوسەنگیو واقیعگەراییو بابەتگەرایی دەکرد، دووەمیان تەقینەوەی زمانو تەمومژییو جیهانگەرایی. یەکەمیان بانگەشەی دیدێکی ئاسۆییو رەمزیو شۆڕشگێرانەی دەکرد، دووەمیان بانگەشەی دیدێکی شاقولیو زمانێکی مەعریفیو شێوازگەریی دەکرد، یەکەمیان سەر بە کلتوری نەتەوایەتی بوو، دووەمیان بانگەشەی بۆ بەجیهانیبوون دەکرد.


دڵشاد عەبدوڵڵا


جەلال بەرزنجی


ئەحمەدی مەلا

ئەو دوو دیدە مەدلولگەراو دەلالەتگەرایە، ئەو دوو دیدە راستڕەوو چەپڕەوە، ئەگەرچی هەندێ جیاوازییان لەنێواندا هەبوو! بەلاَم وەك پێویست ئامادەی کرانەوەی فیکرو بەدواداچوونی مەعریفەی شیعری نەبوون، دنیابینیان زۆر بڕی نەدەکرد! وەك پێویست تیۆرەکانی مەعریفەی ئەدەبیو رەخنەی تازەیان هەزم نەکردبوو. ئەو دوو دیدە مەدلولگەراو دەلالەتگەرایە، وەك پێویست نەیانتوانی پانتاییەکی شیاو، بۆ تیۆریزەکردنی مەعریفەی شیعریو سیستەمی فیکریو کرانەوەی کلتوری بسازێنن... زۆریان گوت، بەلاَم دواجار فەشەلیان هێنا ؟!

لە سەرنەکەوتنی ئەو بازاڕە جەنجاڵەی شیعردا لە سلێمانی بە تایبەتی **(لە غوربەتا)ی "محەمەد عومەر عوسمان" جیاوازی خۆی نواند، لە کەرکوك (زەردك)ی "ئەحمەدی مەلا"و لە هەولێر (ڵم نیازمە)ی "عەباس عەبدوڵڵا یوسف"و (گەرم نەبوونەوە)ی**

**"جەلال بەرزنجی"و (دووکەڵ)ی "هاشم سەراج"و (سووتانی ڕەنگەکان)ی "دلشاد عەبدوڵڵا"**، هەر یەك بە شێوازی جیاوازی هونەرییانە، نەك هەر لەگەڵ ڕوانگە، لەگەڵ خودی زرەوێنەی پێشرەوایەتی مەحمود زامداریش نەبوونو شێوازی جیاوازی خۆیان پەرەپێداو خۆیان پێرفۆڕمانس کرد، بەلاّم پرسیار ئەوەیە: ئایا بەردەوامی گۆڕانو سەیرورەی شیعری، وەستانی هەیە؟!

## خێوەتەکەی ع. ع. یوسف
## ( لەوەی کە دێ، شیعر تاتۆ دەکەم )



عەباس عەبدوڵڵا یوسف، نووسەرو شاعیر لە ١٩٥٠ لە هەولێر لە دایکبووە، دەرچووی پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی- هەولێرە. حەوت کۆمەڵە شیعرو یەك کۆ چیرۆکی چاپکراوی هەیە، بە ناوەکانی: (ئاو) لە ١٩٧٤، (لم نیازمە) لە ١٩٧٨، (کلکی کتکی پرسیارە) لە ٢٠٠٧، (ئۆدیسیۆس نێرە... یان مێیە؟) لە ٢٠٠٩، (گەشتی پێنج پەنجە) لە ٢٠١١، (کەری بۆریدان) لە ٢٠١١، کۆمەڵە چیرۆکی (سۆفیا لۆرین بە هەوێداری) لە ٢٠١١و (نانۆ تاتۆ دەکەم) لە ٢٠١٣.

ع.ع. یوسف هەر لە یەکەم کۆمەڵە شیعرییەوە (ئاو) بنەمایەکی بۆ هەڵدانی خێوەتێکی تایبەت بە خۆی دروست کرد، یەکێك لە ئاماژەکانی ئەو بنەمایەش، ئەوە بوو، کە لاساییکردنەوەی زۆر کەم بوو، ئینجا (دوای سێ ساڵان) لە خوێندنەوەی بێوچانو هۆشیاریی ڕۆشنبیریو مەعریفەی شیعرییەوە، بە چامە درێژەکەی (لم نیازمە)



شاد دەبێت. لەوێشەوە (سیو سێ ساڵان) کار لە ئەزموونی جیاوازو گوتاری شیعریو ئاماژەی شیعریو مانای شیعرییدا دەکات. پەیوەندییەکی فرەلایەن لەنێوان بونیادی قووڵو رووکەش دەسازێنێ. بەو مانایەش بایەخدانی شاعیر بە بونیادی قووڵو رووکەش، گرنگیدانە بە رەگەزی گێڕانەوەو گوتاری شیعری! ئیتر دوای ئەو هەموو ئەزموونو ئەزموونگەرییە چیدیکە لای شاعیر لەوەی کە دێ، دوو کۆ دوو بە ناچاری ناکاتە چوار.

پریتۆن سوریالی بوو، دەڵێت: لەسەر شەقام بەر مرۆڤ دەکەوم. بەڵام ع. ع. یوسف، نەك هەر سوریالیانە، بەڵکو دادابیانە پشت بە دووانەی رەخنەو پێکەنین دەبەستێو شیعر تاتۆ دەکات، هەندێجاریش لەبری ئەوەی بەر مرۆڤ بکەوێ، لەسەر شەقام بەر ولاخێکی بنێس دەکەوێ، کە ئومێدێکی زلی لەسەر هەڵچنراوە!



دەتوانم بڵێم گوتاری شیعری، شیعر تاتۆ دەکەم، هەوڵێکە بۆ بەیەکگەیاندنی هونەری کارکاتێرو کۆمیدیای رەش، تێکەڵکردنی سوریالییەتو دادییەتە. واتە رەخنەگرتنە لە واقیع، بەدەم گاڵتەو پێکەنینەوە. گوتاری شیعر تاتۆ دەکەم، راڤەکردنی دنیایی کوردییە لە رێگای بیرکردنەوەی عەقلانییەوە، لە شێوەی مافورێکی چنراو، بەو مانایەی، کە لە کۆمەڵێك نەخشی جیاوازو هێلی پێچاوپێچ پێکهاتووە. لە کۆی ئەو بەیەکگەیشتنو تێکەڵکردنەدا جەوهەری شیعری عەباس عەبدوڵلا یوسف لە بنەمادا بریتییە لە دۆزینەوەی هێلی پەیوەندی نێوان گێڕانەوەو شیعرییەت، لەو پرۆسەیەشدا شاعیر کەمتر بەر دۆزینەوە دەکەوێو زێتر وزەی شیعری لە راڤەکردنی گێڕانەوەوە هەڵدەگرێتەوەو لەوێشەوە بە جۆرێك لە جۆرەکان تێکەڵی شیعرییەتی دەکات. بەڵام

شیعرییەت گێڕانەوە نییە! وەك چۆن جۆرێك نییە، لە هەڵقوڵاویی پەرشبووی پڕشنگی ماناکانی بیرکردنەوەی لۆژیکی.

لەو لێکۆڵینەوەیەدا، دەمەوێ بیسەلمێنم، شیعر تاتۆ دەکەم، شیعرییەت لە راڤەکردنی گێڕانەوەدا تۆخ دەکاتەوە. ئەو روونکردنەوەیە، راڤەکردنی وسبەلێکراوو مانا شاراوەکانی وشە لە گێڕانەوەدا وەك قووڵایی دەرەوە دەبینیێو لەلایەکی دیکە، پێیوایە دەشێ لە دۆزینەوەی ئاستەکانی پەیوەندی دەقو خوێنەر، شیعرییەتی خوێندنەوە بخاتەروو.

لە یەکەمدا، کاتێ شاعیر لە روانگەی راڤەکردنی گێڕانەوەو بیرکردنەوە مامەڵە لەگەڵ مانا وسبەلێکراوەو شاراوەکانی وشە دەکات، ئەو کارەی لەبری ئەوەی بەرەو شیعرییەت بێتەوە، بۆ پرسێکی عەقلانی دەگۆڕێت! پرسی بیرکردنەوەی عەقلانی پرسێکی لۆژیکی حیسابییە، نەك خەیاڵی شیعری.

لە دووەمدا، کاتێ بە دەستهێنانی شیعرییەت لە روانگەی ئەویدیکەی جیاوازو خوێندنەوەی جیاوازەوە تەماشا دەکەین، لەبەر ئەوەی چەمکی راڤەکردن بە خوێنەرو ئاستی خوێنەرەوە دەلکێ، دەشێ لەو تەماشاکردنەدا شیعرییەت پڕشنگ بداتەوە.

بۆ بنەمای یەکەم، سوودم لە شیعرییەتی (ژان کۆهین) وەرگرتووە، کە پێیوایە شیعرییەت زانستی شێوازگەری شیعریو زانستی لادانی زمانەوانییە. بۆ بنەمای دووەم، وەك ئەرکێك لە ئەرکەکانی پەیوەندی نێوان دەقو خوێنەرە جیاوازەکان، سوودم لە (تۆدۆرۆف) وەرگرتووە، کە قسە لە شیعرییەتی خوێندنەوە، یان وەرگر دەکات، ئەو جۆرە قسەکردنەش شیعرییەت بە ئاستەکانی خوێندنەوەو خوێنەرەوە دەلکێنێ.

بەڵام جەختکردنی شاعیر لە راڤەکردنی گێڕانەوەو زێتر بایەخدان بە مانا شاراوەو وسبەلێکرەوەکانو دامەزراندنی بنەمای گوتاری شیعری لەسەر گێڕانەوە، فەرامۆش کردنی بنەمای تەماشاکردنی دووەم دەگەیەنێت. چونکە وەك دیارە لە تاکدێرییەکانیدا هەمیشە دەیەوێ بە پێکەنین بە گژ کوێرەوەرییەکاندا بچێتەوە! هەمیشە دەیەوێ زەردەخەنە لە کارەسات قەرز بکاتو بە قۆشمە تۆڵە لە خەونە بەدی نەهاتووەکان بکاتەوە. هەمیشە دەیەوێ لە دەرەوە بەرەو قووڵاییەکان بێتەوە.

شاعیر دەڵێ: **ژنەکەم بە تیلمە سواڵەتی سۆمەڕی، پانتۆڵمی پینەکرد...** (بڕوانە: ع. ع. یوسف، نانۆ تاتۆ دەکەم، ٢٠١٣، هەولێر، ل٧٤). وەك دەبینین لە ڕێگای دووبارە گێڕانەوەیەو قووڵاییەکانی دەرەوە، تابۆکان تێکدەشکێنێتو هەموو ئەوەی لە گێڕانەوەدایە، پەردەی لەسەر هەڵدەداتەوە.. لەژێر خێوەتەکەی خۆی دەیەوێت لە ڕێگای تاکدێرییەکانی خەونێکی گەورەی شیعری بچنێ! هەر لەوێشەوە هەوڵی کەشفکردنی توانا بێکۆتاییەکانو چێژی مانا وسبەلێکراوو شاراوەکان دەدات. پێیوایە ئەو تواناو چێژە لە نهێنی کەلەپوری کوردیو گێڕانەوەی قسەی سادەو فۆلکلۆرەوە خۆیان حەشار داوە.

(غازی حەسەن) لە کتێبی (فەیلەسوفە، کەرە، سێ پێیە، سپییەکە، ئەمریکا، ٢٠٢٤، چاپی ئەلکترۆنی) کە لێکۆڵینەوەیە لەسەر شیعرە تاکدێرەکانی عەباس عەبدوڵلا یوسف، دەڵێ: شاعیر لە ڕێگای قسەی ئاسایی، قسەی پڕ واتای سەر زاری خەڵك، دەقێکی کورتو چڕو پوختی تەژی لەواتای بە ماناو فۆرمو گوزارشتو گێڕانەوەو دەربڕینی نوێ بەرهەمهێناوەتەوە، ئەو شارەزایە، لە کەلتوورو نەریتی ئەوانی دیکە لەنێو کۆمەڵگا.

بە جۆرێکی دیکە دەتوانم ئەو قسەی پشتڕاست بکەمەوەو بڵێم شاعیر لە ڕێگای مانا شاراوەکانو وسبەلێکراوو ئارەزووە بەدینەهاتووەکانەوە، گەمەی ئازادی لەسەر قووڵایی دەرەوە دادەمەزرێنێ! ئەگەرچی ئەو خۆی بە خزمەتکاری شیعرییەتو قوڵایی ناوەوە دەزانێ، بەڵام بە خاتری گرینگیدا بە وێنەی لێکچووی نێو حیکایەتەکانو قسەی سەر زاری خەڵك، بە شیعرییەتێکی هەژارەوە دەگەڕێتەوە! لەگەڵ ئەوەشدا دەشێ لە ڕێگای ئاستی بەرزی خوێندنەوەو خوێنەرو وەرگرەوە بە جۆرێکی دیکە شیعرییەت لە تاکدێرەکانەوە بەرهەم بهێنینەوە.

دواجار لەوەی کە دێ، ئەگەرچی شاعیر وەك (پاڵەوانێکی سوریالی) حیکایەتی ئازادیو کەرامەتی مرۆیی، لەسەر شەقام کۆدەکاتەوە. بەڵام لە پێناو وێنەی کاریکاتێریو کۆمیدیای ڕەشو دادابییەتەوە پەیوەندییەکی توند بە گێڕانەوەوە دەکات. واتە ئەگەرچی سوریالییانە خۆی بە خزمەتکاری (شۆڕش) دەزانێ، بەڵام لە ئاوێتەکردنی سوریالییەتو دادابییەتدا، ئازادی خۆی لە هەڵێنجاندنی مانا وسبەلێکراوو شاراوەو

جیاوازەکانی راڤەکردنی گێڕانەوەدا دەبینێتەوە. سوریالییەکان ئازادی خۆیان لە خەیاڵی شیعرییدا بەرجەستە دەکرد. بەڵام شاعیر ع.ع. یوسف ئازادی خۆی لە رێگای گاڵتەو گەپەوە بە دەست دەهێنێ.

## مینیماڵیزم
## (بزوێنەری نانۆ یان تاکدێری)

ئایا مینیماڵیزم بۆ رزگاربوون لە زێدەکانی ژیانو ئازادی، لە نانۆ، شیعری زیپ، پۆستەرە شیعر، هایکۆ، هانکا، ئەفۆریزم، نزیکە، یان لە بەیتو تاکدێری؟! بە کورتی مینیماڵیزم بزوێنەری نانۆیە، یان تاکدێری؟

وەك دەزانین وشەی نانۆ لە وشەی گریکی "نانۆس" وەرگیراوە، کە بە مانای کورتەباڵا دێت. نانۆ کۆی شتە بچوکەکان دەگرێتەوە، بە پێوانەی بەشێك لە ملیار دێت (یەك لەسەر ملیاری مەتر، یەك لەسەر ملیاری چرکە..) نانۆ بچووکترین بەشی ماددەیە، کە پارێزی لە خەسڵەتە فیزیکیو سرووشتیەکانی دەکات. ئەوەش وا دەکات، ببێتە رەگەزێکی روون و بێ خڵتو بەرز.

نانۆ شیعر، شیعری زیپ، پۆستەرە شیعر، ئەفۆریزم.. هەموو ئەو ناولێنانانە بەدیوێك لە دیوەکان پەیوەندییان بە خێراییەکانی سەردەمو ماکدۆناڵدو کۆکاکۆلاو شەفافییەتو گەرمیو ئاوڕنەدانەوەو جیاوازیو هەڵکردنو چێژیردنی لەپڕو خەونە رەنگاوڕەنگەکانەوە هەیە... لە نانۆشیعردا زمان ئامرازێك نییە، ئێمە بەکاری بهێنین، بەڵکو ماددەیەکە ئێمەی لێدروستکراوین. بەڵام مەرجی سەرەکی هایکۆ، هانکا، باوەڕهێنانە بە زمانی پاکو بێگەردی ساتی یەکەم، باوەڕهێنانە بە هەژاریو بێدەسەلاتیی زمان، کە ناتوانێ شایەتحاڵی ئەسڵو حەقیقەت بێ، واتە لە بنەمای شیعری هایکۆدا رۆشنبیرییەکی گەورەی سۆفیگەرایی دەبینرێت، کە هەوڵدەدات زمان بۆ ساتەوەختی خەلیقەت بباتەوە. لێرەوە دەپرسین ئایا هایکۆ، یان تاکدێریەکانی ع. ع. یوسف دەچنە نێو مەبەستەکانی سەردەمەوە، کە نانۆشیعر پەیڕەویان دەکات؟!. رەنگە ع. ع. یوسف بە جۆرێك لە جۆرەکان لە خاڵی بە گژداچوونەوەی کوێرەوەرییەکاندا، لە

هایکۆی ژاپۆنی زۆر دوور نەبێت! بەڵام هایکۆی ژاپۆنیو بەیتی عەرەبیو تاکدێرییەکاتی ع. ع. یوسف، ناچنە نێو مەبەستی پەیوەندییە خێراکانی نانۆو شیعری زیپەوە.

لە شیعری کۆنی عەرەبیدا چەمکی (بەیت) تاکدرێری بە مانا شیعرییەکەی بەرفرەوانەو ئەدۆنیس بە ناونیشانی (دیوانی تاکدێری، ٢٠١٠) بەشێکی زۆری لەو تاکدێرانە کۆکردۆتەوەو پێشەکی بۆ نووسیووە. بەڵام (ئۆنفرتی) شاعیری ئیتالی، کۆمەڵە شیعرێکی بە ناوی (ژیانی مرۆڤ) هەیە، کە نەك هەر شیعرەکانی تاکدێرین، بۆ نموونە: **بە بێکۆتایی رووناك دەبییەوە**. بەڵکو هەندێجاریش شیعرەکانی لە دوو وشە زیاتر نیین. ئایا لەو بارەوە دەتوانین ئۆنفرتی بە ئاڤانگارد ببینین، یان بەیتی عەرەبیو هایکۆی ژاپۆنی؟! سەرەڕای هەموو ئەوانەش دەکرێ بڵێین لە شیعری نوێی کوردیدا **ع. ع. یوسف لە تاکدێرییەکانیدا ئاڤانگاردە.**

بێگومان بەیتە شیعری عەرەبی پێش ئەو هەوڵەی ئەدۆنیس لای شاعیرێکی وەك (خەلیفە محەمەد ئەلتلیسی) بە فۆڕمێکی گەشی شیعری عەرەبی دەناسێنرێت. ئەلتلێسی لە هەوڵی کۆکردنەوەی (قەسیدەی تاکدێری- دار الشرق، ١٩٩١)دا، پێیوایە قەسیدەی تاکدێری (بەیتی عەرەبی) پشت بەو تێگەیشتنە دەبەستێت، کە پڕشنگێکی لەناکاوە، بروسکەیەکی تێپەڕە، پاڵنەرێکی ویژدانیو ریتمێکی هەڵبڕاوە، گۆرانییەکی کورتە، گوزارشتکردنێکی چڕ و پڕە...هتد،....... ه.س.پ. ل٣١.

دەشێ بڵێین ئەو وەسفو پێناسەیە لەگەڵ کورتە شیعرو شیعری هایکۆ زۆر جیاوازییان نییە! بەڵام لە سەدەی سێنزەمەوە هایکۆ لە تەك (هانکا) وەك فۆڕمێکی سەربەخۆی شیعری کلاسیکی ژاپۆنی دەرکەوتووە، کە بە کورترین شیعری جیهانی دەژمێردرێتو لە کەمترین وشەداو لە سێ کورتە رستەی (٥/٧/٥) بڕگەیی پێکهاتووەو مانای چڕو قووڵ بە دەستەوە دەدات. لە هایکۆی ژاپۆنیدا سروشت رەنگدانەوەی رۆحەو بابەتەکان بە شێوەیەکی جوانو رەمزی بەکار دەهێنرێن. واتە هایکۆ زیاتر روو لە کەسیو سۆزداری دەکات. بەڵام تاکدێرییەکانی ع. ع. یوسف، روو لە گێڕانەوەو هەڵکۆڵینی مانای وسبەلێکراوو شاراوەی گێڕانەوەکانەو لەو خاڵەوە هەوڵدەدات لە شیعرییەت نزیکبێتەوە! یان بە مانایەکی دیکە بۆ درێژەدان بە نزیکبوونەوە لە

شیعرییەت، پەردە لەسەر مانایەکی قووڵایی دەرەوەی هێزە داخراوەکان هەڵدەماڵێ، تاکو دڵخۆشی، قەناعەت، پانتاییەك بۆ ئازادی راڤەکردنی جیاواز دروست بکات، بۆ ئەوەش روو لە شێوازی کۆمیدیای رەش دەکات. بەو مانایەش تاکدێرییەکانی بە جۆرێك لە جۆرەکان لە دۆخی راستەقینەی گێڕانەوەی مرۆڤی کوردیمان نزیك دەکاتەوەو بارودۆخی کوردیمان بۆ روونەدەکاتەوە. تاکدێرییەکانی شاعیر نیشاندانی تراژیدییەکانی مرۆڤی کوردییە، کە بە قووڵی تووشی دەردی توندوتیژیو ستەمی دەسەلآت بووە. تاکدێرییەکانی بۆ ئەوە نووسراون، کە ماناو شیعرییەت لە رێگای پێکەنینەوە بۆ یەك بچەمێنێتەوە، چالاکی نێوانیان تا سنوری لێکخشان درێژ بکاتەوەو گاڵتە بە بریقوباقی ئەو شیعرە بکات، کە پڕاوپڕ بە واقیعە؟!




غازی حەسەن دەڵێ، تاکدێری لای عەباس رەنگە پەیوەندییەکی پتەوی بە (ترسەوە) هەبێت. ترس لە سیاسەت، حزبایەتی، کۆمەڵگا، دەوروبەر... هـ.س.پ. ل ٤٥. لە گۆڤاری (دیوان، تەمموزی ٢٠٢٣) عەباس عەبدوڵڵا یوسف دەڵێت: من لە دەسەلآت زۆر ترساوم، چونکە زۆر دڵڕەقانەو دڕندانە مامەڵەی دەکرد، بۆیە پێمواببوو چوونە دەرەوە و شاخ و بەرەی هێزی چەکداری هی پیاوی ئازاو نەترسو پیاوی خۆڕاگرە. بە هەمان شێوە لە تاکدێرییەکیدا دەڵێ: **هێشتا دەرەوەی سەر، لە مێشك بە مێشکترە**.... ل٢٩. **لە ناو ئێستای هەتاهەتایە، ئایندەم ونکرا**........ ل٧٣.

ئەگەر لە هایکۆی ژاپۆنیو تاکدێری کلاسیکی عەرەبی چەقین لەنێو کاتو ونکردنی ئایندە، سروشتیو خۆرسك بکەوێتەوە! ئەوە وەك گوتمان نانۆشیعر پەیوەندی بە

خێراییەکانی سەردەمو چێژیردنی لەپڕو خەونە ڕەنگاوڕەنگەکانەوە دەکات. نانۆشیعر پڕشنگەکانی ئێستا لە کردەی پیشەسازیدا دەنووسێتەوە. بەلاّم تاکدێرییەکانی ع. ع. یوسف وێنەیەکی کاریکاتێری لە مانا شاراوەو وسبەلێکراوەکانی گێڕانەوەی تەنزئامێز دەگریّو بە کۆمیدیای ڕەش ڕەنگی دەکات، کە نغرۆی ڕاڤەکردنو ئاماژەو مێژووەو کاریگەری کلتوورییو پاشماوەکانی کەلەپوری کوردین. بە دیوەکەی دیکەش ڕەنگی ڕەشو سپیو ڕاڤەکردنو لێکدانەوەی ژیانی کۆنکرێتی خەڵك، وەك زمانی نووسینی تاکدێرەکانی تەماشا دەکات.

عەباس عەبدوڵلاّ یوسف دەڵێت: تاکدێری ستایلێکی تایبەتە بە خۆم، یان لانی کەم هیچ کەس بەو ستایلەی من ناتوانیّ بنووسێت، کە لە کورترین هەناسەی شیعریدا زۆرترین مانا ببەخشێت، ئەمەش بواری گفتوگۆی تێدایەو ئامادەم سەرپێیی کۆمەڵێك دێر بۆ یەك زیاد بکەمو پاشان هەموو زیادەکان فڕیّ بدەم (گۆڤاری دیوان، ژ ٢٨- ٢٠٢٣). **چاوەڕوانی خۆمم**....ل٢٤. کەواتە خۆی خۆی دەنووسێتەوەو دەیەویّ لە نێو هەر وشەیەکی ڕەشو سپیدا شتێکی نویّ بدۆزێتەوە.

## سپیکردنەوەی هونەری کاریکاتێری
## ( شێوازی کۆمیدیای ڕەش )

هونەری کاریکاتێر، هونەرێکی دێرینەو ئاوێتەکردنی بە کۆمیدیای تاریك، بنەمای ئەو لێکۆڵینەوەیەی لەسەر دامەزراوە. وەك دەزانین کۆمیدیای ڕەش ساڵی ١٩٣٥ (ئاندریّ پریتۆن) بەکاری هێناوە. بێگومان کۆمیدیای ڕەش، لە تێکەڵکردنی سوریالییەتو دادییەتو لەوێشەوە بۆ دەسنیشانکردنی ڕەهەندە نەبینراوەکانو لۆچو ئەگەری کراوەی تاکدێرییەکانی ع.ع. یوسف ڕۆڵی تایبەتی دەگێڕیّ. بەلاّم نەك وەك بیّ نرخکردنی پرسی شیعرگەراییو گێڕانەوەگەرایی، بەڵکو وەك دۆزینەوەی مانا وسبەلێکراوەکانو بەدواداچوونی سپیکردنەوەی هونەری کاریکاتێری بە شێوازی پێکەنینی ڕەش!

هەڵبەتە شیعر حەقیقەت بە مانا سادەییە واقیعیەکەی ناگێڕێتەوە! وەك دەزانین تاکدێرییەکانی ع.ع. یوسف سپیکردنەوەی هونەری کاریکاتێرییە بە کۆمیدیای رەش، گاڵتەکردنێکی جەرگبڕە بە ستەمی دەسەڵاتو واقیع. کەواتە شاعیر لە نواندنی شیعرو گێڕانەوەدا نایەوێ وێنەی حەقیقەت بکێشێ، بەڵکو لە پێناو وروژانی بیرکردنەوەی رەخنەگرانەی (خوێنەر/ وەرگر)دا هەوڵی گرتنی وێنەیەکی لێکچووی حەقیقەت، بە کامیرای کۆمیدیای رەش، دەدات.

وەك لەسەرەوە ئاماژەم بۆ کرد، هونەری کاریکاتێری لە شێوازی کۆمیدیای رەش، مەیلی بۆ گێڕانەوەی مانا شاراوەکانی ناو حەقیقەتی زۆرترە، لە مەیلی بۆ خەیاڵو شیعرییەت!! لێرەوەیە شاعیر لە تاکدێرییەکانیدا زێتر جەخت لە مانا شاراوەو وسبەلێکراوەکانی کلتورو قسە زاڵو باوەکان دەکاتەوەو وەك شێوازی گێڕانەوە تەرجەمەی ژانوژوارەکانی سەردەمیان دەکات، نەك وەك خەیاڵی شیعریو شیعرییەت.

**چەقۆ هەر بە رووتی بینراوە**............ ل٥١.

ئەو تاکدێرییە لە گێڕانەوەی چەقۆ هەر بە رووتی بینراوە، وەك ئەوە وایە، شاعیر لە رۆژێکی سەختدا بیو (ئەپۆکرایف)انە لە کاتی مردندا تیغی چەقۆی لەسەر تاقی بکەنەوەو لە شێوازی کۆمیدیای رەشدا بڵێ (ئەگەر بزانیایە کە ئەوە روودەدات، بەردی گەورەم قووتدەدا بۆ ئەوەی زیان بە تیغەکە بگەیەنم). ئەوەش یەکێکە لە رۆچوونەکانی بەرەو قووڵایی دەرەوە.

ئاشکرایە چەقۆی رووت، وەك میوەی رووتی شیعری، کە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەدا تامی بکات، ئەگەرێکی لاوازە. بەڵام وەك راڤەکردنی نهێنی حیکایەتی دەسەڵاتو ستەمو داپڵۆسین ئەگەرێکی بەرزەو هێزی تایبەتی هەڵگرتووە. جگە لەوەش بینینی چەقۆی رووت، توونودتیژییە، توونودتیژی فەرامۆشکردنی خەیاڵو فەنتازیاکانی شیعرییەو زێتر روو لە حەقیقەتە! بەڵام بە دیوەکەی دیکە پەردە هەڵدانەوە لەسەر توونودتیژیش، وەك کەشفکردنی نهێنی حیکایەتەکان، ئاگادارکردنەوەیە، بۆ دوورخستنەوەی جەستەی مرۆڤ لە ئازارو پێکان.

ئەگەرچی رووتبوونەوەی چەقۆ، وەك میوەی رووت، هەستی شیعری کەمتر نیشان دەدات، بەڵام وەك دەرخستنی رووەکانی ستەمی دەسەڵات، راستییەکی زۆری لەخۆدا حەشار داوە. رووتکردنەوەی چەقۆ وەك ئەگەری میوە، کردەیە! وەك ئەگەری حیکایەتێکی رووت، کارە! یەکەمیان هەر چەندە کول بێ، رووی لە تامی شیعرە، دووەمیان هەرچەندە تیژ بێ رووی ئاشکراکردنی حەقیقەتی زێترە. لە یەکەمیاندا دەشێ خوێنەر چێژ لە شێوازی جیاوازی کردەی رووتکردنەوە ببینێو لە دووەمیاندا خوێنەر بە دڵنیاییەوە ئاوێتەی کاری گێڕانەوەی رەخنەگرانەیە.

بە کورتی یەکەمیان وەك کردە، دەشێ لە نهێنی رووتکردنەوەدا جوانییەکی لەپڕو بریسکەئامێزمان پێببەخشێ. دووەمیان وەك کار، راستییەکی رامانئامێز دەگەیەنێت. کەواتە ئاوێتەکردنی سپیکردنەوەی هونەری کاریکاتێری بە شێوازی بەکارهێنانی کۆمیدیای رەش، تێکەڵکردنی شیعرگەراییو گێڕانەوەگەراییە، ئاوێتەکردنی جوانیو حەقیقەت، پێکەنینو گریانە!....

**چاوەڕوانی خۆمم**................ ل٢٤.

هەرگیز تاکی جیاواز لەنێو زاراوەیەکی گشتیدا ناتوێتەوە. چاوەڕوانی خۆمم. چونکە تاکی ناوازە جارێك دەبێتو دووبارە نابێتەوە. لە تاکدێرییەکانی عەباس عەبدوڵلا یوسف مرۆڤ وەك تاك زۆرتر جێگای بایەخی حەقیقەتی گێڕانەوەیەو کەمتر جێگای بایەخی خەیاڵی شیعرییە! چونکە شیعر بۆ حەقیقەت ناگەڕێت، بۆ ئەوە ناگەڕێت، کە دەسەڵات چۆن خۆی وەك تێزی گشتی پیادە دەکات. لە شیعردا خەیاڵو هەستی جیاوازی خودگەرایی دەبێتە جیگای سەرنج، نەك حەقیقەت! شیعر خەیاڵو هەستی جیاوازیو فرەڕەهەندی ماناو بۆچوونی گۆڕاو بە جۆرێکی کتوپڕ دەبەخشێ! گێڕانەوە بەرجەستەکردنو چەسپاندنی نهێنی ئایدیۆلۆژی تاکڕەهەندیو لۆژیکی نەگۆڕو گشتیە. هەڵبەتە تێگەیشتنی نێوان حەقیقەتو خەیاڵ، تێگەیشتنە لە دەرەوەی ئەفلاتوونەوە، چونکە شیعر درۆ نییە، بەڵکو تەنها حەقیقەت وەك ئەوەی هەیە ناگێڕێتەوە، ئەدەب وەك حەقیقەت خۆی دەرناخات، بەڵکو وەك (ئیکۆ) دەڵێت: مۆدێلێك لە حەقیقەتمان پێدەبەخشێ، کە زۆر خەیاڵییە. بێگومان کاتێك کافکا لە دێری یەکەمی رۆمانەکەی

(مەسخ)دا گریگۆر سامسای پاڵەوان وەك قالۆنچەیەكی گەورە نیشان دەداتو لە حەقیقەتەوە دەكەوێتە دەرەوەی حەقیقەتەوە، دەكەوێتە واقیعێكی دیكەوە، كە فانتازیو خەیاڵییە، دەكەوێتە شێوەیەكی دیكە لە واقیعیەت، كە لە دنیای خەیاڵی شیعریمان نزیك دەكاتەوە، نەك حەقیقەتی واقیعی.

بەختیار عەلی لە كتێبی (زنجیرەكانی دۆنكیشۆت) دەڵێ: واقیعی ئەدەبی لەسەر لێكچوون لەگەڵ دنیای دەرەوەدا دانەمەزراوە، بەڵكو لەسەر بنەمای ئاماژەدان بە دۆخی مرۆڤ لە جیهاندا كار دەكات............ ل١٤٧.

بە كورتی لە كۆماری ئەفلاتووندا توڕەیی ئەفلاتوون لەوەدایە، كە شاعیران خەیاڵ بە قووڵی لە یادەوەریمان دەچێنن، كە دوایی زەحمەتە تەنها وەك خەیاڵێك بمێنێتەوە! بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شاعیران هیچ كاتێك كەس لەخشتە نابەن، كە گوایە چیرۆكێكی راستو واقیعی دەگێڕێنەوە. چونكە لە شیعردا ئەدەب ئاوێنەی واقیع نییە. لەو لێكۆڵینەوەیەدا دەمەوێ ئەو خاڵە بكەمە شوێنی ئاوڕدانەوە، واتە دەمەوێ بە هەمان شێوە بڵێم، شیعر زرەوێنەی كەلەپورو كلتورو فۆلكلۆرو قسەی سادەی خەڵكی نییە، بەڵكو دنیایەكی جیاوازە بە فۆرمو ئاماژەو خەیاڵی جیاواز، مۆدێلێكی دیكەی دنیاو واقیعی ئەدەبی دەدۆزێتەوە. بەو مانایەش عەباس عەبدوڵلا یوسف ئەفلاتوونییە! چونكە گرنگی بە وێنەی لێكچووی حەقیقەت دەداتو بە ژانوژوارەكانی مرۆڤی سەردەمی دەلكێنێ، بەو مانایەش تاكدێرییەكانی دەچنە خانەی بیرهێنانەوەو یادەوەرییەوە، كە لە پرۆسەی راڤەكردنی مانا شاراوەو وسبەلێكراوەكانی گێڕانەوە بە دەستیان دەهێنێ.

كەواتە ئەو قسەیەی غازی حەسەن، كە دەڵێ: شاعیر لە رێگای قسەی ئاسایی، قسەی پڕ واتای سەر زاری خەڵك، دەقێكی كورتو چڕو پوختی تەژی لەواتای بە ماناو فۆرمو گوزارشتو گێڕانەوەو دەربڕینی نوێی بەرهەمهێناوەتەوە. ناشێ وەك خەیاڵی شیعری مامەڵەی لەگەڵدا بكرێ، بەڵكو زێتر هەڵگری وێنەی لێكچووی حەقیقەتی ئەفلاتوونیو حیكاییە! لێرەوە بە بڕوای من، عەباس عەبدوڵلا یوسف نموونەی ئەو كەسانەیە، كە دەیەوێت لاسایی نهێنی دەقەكانی گێڕانەوە بكاتەوە. دەیەوێ وەك تاكێكی رەخنەگر بچێتە لۆچی مانای شاراوەو نهێنیەكانییەوە، دەیەوێت ژیانی خۆی

وەك گێڕانەوەکان بونیاد بنێتەوە، بێ ئەوەی جیاوازییەکانی دەقی حەقیقەتو نهێنییەکانی دەقی شیعری، بە خەیاڵەوە گرێ بداتەوە، بێ ئەوەی زمانی شیعریو زمانی گێڕانەوە بە هەند وەرگرێ. ئەو بە دوای نهێنی وسبەلێکراوەکاندا دەگەڕێ، ترسی گەورەی ئەو، لە دەست بۆ بردنی ئەو نهێنیانەو لە دیتنی ئەو نهێنیانەدایە، چونکە لە پرۆژەی دایەو دەیەوێ لە هەڵماڵینیان دەرگا لە هونەری سپیکردنەوەو رەشبردنەوە بکاتەوە. لە پرۆژەی دایە، رەشبردنەوەی شیعری بە سپیکردنەوەی راڤەکردنی مانا شاراوەکان چارە بکات. هەڵبەتە ئەو قسەیەم لەوێوە دێ، کە من پێموایە عەباس عەبدوڵلا یوسف وازی لە (لم نیازمە) هێنا، لە پێناو سپیکردنەوەی هونەری کاریکاتێری بە تامی رەشبردنەوەی کۆمیدی، تاکو لەلایەك دڵخۆشی بە (خوێنەر/ وەرگر) ببەخشێو لەلایەکی دیکە رووبەری ژیانی وسبەلێکراوەکان فرەوانتر بکا، بۆ ئەوەی خۆی لە ترسی دڕندەیی دەسەڵات بە دوور بگرێ. روونتر بڵێم، بۆ ئەوەی تا سنورێکی فرەوان، لە رێگای گاڵتەو پێکەنینەوە، هەم ئاماژەیەك بە توندوتیژیو ستەمی دەسەڵات بداتو هەم خۆی لە گرفتی ئازادیو گرفتی نەریتو بە کۆمەڵایەتیبوون، بپارێزێ.

**کەریش ئابووریناسەو دەڵێ: زەڕین کانگای زێڕە**............. ل۲۰.

لەو تاکدێڕییەدا، ئەگەرچی کەر بوونێکی واقیعی هەیە، بەڵام تەماشاکردنی زەڕین وەك کانگای زێڕ، لە جەوهەردا زڕەوێنەیە، یان سپیکردنەوەیەکی کاریکاتێرییە بە تامی کۆمیدیای رەش، کە لەسەر بوونی خەیاڵی فاشیانەی دەسەڵات دروست بووە، نەك خەیاڵی شیعری! خەیاڵی فاشیانەی دەسەڵات فانتازی دروستکردنی دەسەڵاتێکە، بەبێ بەشداریکردنی عەقڵی ئەویدیکەی جیاواز! دەسەڵاتی فاشی تەنها دەیەوێ بیرنەکەرەوەو ملکەچو پاسیفو کەمئاگاکان بەشداری بکەن. بە دیوەکەی دیکە لای شاعیر خەیاڵی فاشیانەی دەسەڵات، بە گشتی لە خەیاڵی فاشیانەی نەریتی کۆمەڵگای دواکەوتوو جیانابێتەوە.

مرۆڤی بیرنەکەرەوە، کەمئاگا، ملکەچ، پاسیف...هێز بە خەیاڵی فاشیانەی دەسەڵات دەبەخشێ، بەو هێزەش خەیاڵی فاشیانەی دەسەڵات دوو جولە دەکات، یەکێکیان بە ئاراستەی گەوجاندنی گشت کۆمەڵگایە، یەکێکیان بە ئاراستەی

گەورەکردنی خەون‌و فانتازیاکانی خۆی. لەسەر هەمان بنەماش دەسەڵاتی فاشیانە هێزی گەوجاندن، وەك وزەیەکی درۆزنانەی ئەرێنی دەخاتە بەر مرۆڤی ملکەچ، بیرنەکەرەوە، کەمئاگاو پاسیف، بەخشینی وزەی درۆزنانە، بۆ مرۆڤی پاسیف دوو جولەی هەیە: یەکێکیان، پڕە لە وێنەو ئاواتی نادروست‌و ناواقیعی دەربارەی واقیع. یەکێکیان، لە رێگای وێنە ناوبراوەکانەوە مرۆڤی ملکەچ، بیرنەکەرەوە، کەمئاگا، پاسیف، خەون‌و فانتازیاو ئومێدە گەورەکانی داهاتووی خۆی بونیاد دەنێت.

رەنگە ئەو خەون‌و تێڕوانییەی دەسەڵات‌و مرۆڤی پاسیف بەو مانایە بێ، کە خودی ژیان هەر ئەوەیە، کە هەیە! بەو مانایەی کە ژیان لە فانتازیاو خەون‌و تێڕوانینی دەسەڵات جیا نابێتەوە. ئەگەر سیستمی پووچگەرایی بشێ بێتە جێگای بیرکردنەوە، ئەگەر بنەمای ژیان تێکەڵکردنی خەونی دەسەڵات‌و خەونی تاك بێ، ئەوە تەواوی ژیان‌و کەرامەتی مرۆڤایەتی‌و جیاوازی‌و هەمەڕەنگی‌و کرانەوە بە بنبەستبوون دەگات.

### دەرئەنجام:

١-لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە عەباس عەبدوڵلا یوسف شاعیرێکی جیاوازو یاخییە، بەردەوام لە دەسەڵاتی زمانی باوو لە سنورە سیاسی‌و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، رادەکات.

٢-لەلایەك بەقسەهێنانی کەلەپورو فۆلکلۆرو قسەی سادەی خەڵك‌و راڤەکردنی مانا شاراوەکانیان، راکردنە لە ئازادی، لەلایەکی دیکە راکردنە لە بەکۆمەڵایەتیبوون. هەر بەو مانایەش لە (لم نیازمە)ەوە بەرەو کۆمیدیای رەش هەنگاو دەنێ. واتە لە سپیکردنەوەی ئازادی بۆ رەشبردنەوەی بیرکردنەوەی زمان هەنگاو بەرەو سنورەکانی زمانی گێڕانەوە دەنێت، لە بەکۆمەڵایەتیبوونی زمانی گێڕانەوە دەبێتەوەو هەنگاو بەرەو نهێنی ماناو وێنە رەشەکان دەنێت. لەوێ لەنێو وێنە رەشەکاندا ماڵێك بۆ راڤەکردن بە بەردی گاڵتە دەسازێنێ‌و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ رەشبردنەوەی گێڕانەوەو سپیکردنەوەی ئازادییەکانی لەو ماڵەدا دەمێنێتەوە، بەڵام لە هەردوو بارەکەدا تاکدێرەکانی لەگەڵ نانۆشیعر جیاواز دەکەوێتەوە.

٣-کارکردن بۆ ماڵی گاڵتەئامێزو کەشفکردنی نهێنی تاریکی ژیان، کارکردنە بۆ کۆمیدیای رەشی گێڕانەوەو خەونی دەرچوون، لەوێشەوە ئاوێتەکردنی شیعرییەتی سوریالیو بیرکردنەوەی دادایی، دەبنە هۆی سەرەکی شێوانی ئازادیو شێوانی شیعرییەت! چونکە ئازادیو شیعرییەت کردەیە، گێڕانەوەی ژیان وەك بیرکردنەوە، کارە. دواجار ژیانی شاعیر لە نەبوونگەرایی، یان لە بوونگەرایی وەهمییەوە دادەخرێت. بەو مانایەش کارکردنی شاعیر بۆ بەدەستهێنانی وێنەی لێکچووی حەقیقەت، کارکردنە بۆ نەبوونگەرایی ئازادی... لە کۆتاییدا دەمەوێ بڵێم لەو دوو شێوە بیرکردنەوەیەی لەو لێکۆڵینەوە بەرجەستەیە: کردە وەك رووداوی شیعری، لە کار وەك حەقیقەتی گێڕانەوە، بەردەوامترو پڕ بەخششترە.

هەولێر ٢٠٢٤/٨/٨

# نانۆ تاتۆ دەکەم



تەڵعەت تاهیر

گرنگی ئەزموونی شیعری مامۆستا عەباس عەبدوڵڵا یوسف لە کەس شاراوە نییە، خوێنەرەکانی ئاستی ناوەندییان نییە، یان بە توندی بەرگری لێدەکەن، یان بە توندی ڕەتیدەکەنەوە، بەڵام ئەو جیاوازییەی من شایەدی بۆ دەدەم، ئەوەیە کە لە کاتێکدا زۆربەی شاعیران لە ڕێی زمانەوە دەچنەوە ناو یاری ڕازیکردنی خوێنەرو کۆمەڵگە، ئەوا ع. ع. یوسف لە ڕێی زمانەوە لە خوێنەری تەقلیدیو کۆمەڵگە ڕادەکات.

لە ڕووی شیعرییەوە دەگمەنن ئەوانەی وەکو عەباس عەبدوڵڵا یوسف دوور لە سیاسەتو پێداویستیە هەنووکەییەکان، دوور لە میدیاکانو گەورەکردنو بچووک کردنەوەی ڕووداوەکان ڕۆشنبیرییە فراوانەکەی بخاتەگەڕو هەردوو پێی لەناو ئەدەب بێت.

هەموومان -بە شاعیرەکانیشەوە- سۆزو بەزەییمان بۆ ئینسانە هەژارو نەدارو پەراوێزخراوەکان هەیە. بەڕای من گرنگی فەرهەنگی ئەم کتێبە شیعرییەی لە خاڵێکدایە، ئەویش نەهێشتنی عاتیفەو سۆزە وەك کۆڵەگەیەك لە کۆڵەگەکانی شیعر.




دەمێکە لەناو شیعری ئەوروپی باس لەوە دەکرێت کە دەشێت سۆز ڕوکنێك بێت لە ڕوکنەکانی شیعر، نەك بەو مانایەی شیعر خاڵی بێت لە هەست، بەڵکو خاڵی بکرێتەوە لەو هەستەی هەندێك وشە کە نرخی ئیستاتیکییانەی پێشوەختەیان هەیە، وەك گوڵو پەپوولەو ئاوو ئاسمانو ئەوینو... تاد، بکرێنە وشەگەلێك کە هیچیان زیاتر نەبێت لەو وشانەی بەپێی بەکاربردنیان نرخی قێزەونی پێشوەختیان هەیە. لە ڕاستیدا زۆربەی شاعیرانی ئێمەش موغامەرە بە خوێنەرەکانیان ناکەن، ئەو داڕشتنو وێنانە بەکاردەهێنن کە میزاجی گشتی داوای دەکات، هەر لێرەیشەوە دەبینین هەندێك لە شاعیرانی ئێمە وەك سۆفی خۆیان دەردەخەن، بەڵام سۆفییەك کە دوایین مۆدێل ئۆتۆمبێلی پێیە.

ئەوەی ئەم کتێبەی عەباس بخوێنێتەوە دەزانێت شاعیر تا چ ئاستێك نەیاری ئەو پەیوەندییە باوو سونەتییانەیە کە ئیمڕۆ لە داڕشتنی شیعری بەکاردەبرێن، تاڕادەیەك لە هەندێك شوێندا هەست دەکەیت خوولیای بۆ تێکشکاندنی زمان گەیشتۆتە ئەوەی شیعرییەت بەرهەم نەهێنێت. لەڕاستیشدا مامۆستا عەباس لە من باشتر ئەوە دەزانێت کە لە شیعردا تەنیا دۆزینەوەی پەیوەندی نوێو بەکارهێنانی وشەی پەراوێزخراو بەس نییە بۆ ئەوەی شیعر بنووسرێت، بەڵکو مەرجی هەرە گرنگ لەو بەکاربردنەدا بەرهەمهێنانی شیعرییەتە. هەرچەندە دەشزانم بەکارهێنانی نوێی وشەی وەکو "سکراب،

سەرووپیێ، غۆرێللا، قالۆنچە، میکرۆب، گوو و سەدانی تر" ئەستەمە -هەرچەندە مەحاڵ نییە- بتوانرێت بخرێتە سیاقی جەمالییەوە.

یەکێك لە شتە هەرە جوانەکانی ئەم کتێبە، ئەوەیە هەست دەکەیت کە شیعری سالۆنەکان نییە کە میوانەکان لە کۆڕێکدا مۆزو پرتەقالیان لەبەردەمدایەو گوێی بۆ دەگرن، شیعری ئەوانە نییە کە خۆیان بە پاڵەوان دەزانن، بەڵکو شیعری ژیانە، شیعری ئەوانەیە کە بە تەنیشت نادییەکانەوە ڕەتدەبنو بۆنی کەباب دەکەن.

دەکرێت لێرەدا بڵێین ئەم کتێبە دەیەوێت هەمان ڕۆڵی دۆن کیشۆتە سێرڤانتیس ببینێت لەوەی ئێمە هەموومان بەرانبەر مردنو هەژاریو نەخۆشی شەڕ لەگەڵ هەوادا دەکەین، بەرانبەر بە تەنیایی بێجگە لە ڕمێکی کول هیچی تر شك نابەین. بەدرێژایی مێژووی ئەدەبیاتی ئێمە شاعیر دەبووایە مەبدەئی بێت، لە کاتێکدا دەبێت ئەوە بزانین کە گەورەیی ئەدەب لەوەدایە هی بێ مەبدەئەکانیشە، شاعیر دەبووایە پاڵەوانو ئازاو شەڕانگێز بووایە، لە کاتێکدا گەورەییو گرنگی ئەدەب لەوەدایە کە هی شکستەو ترسنۆكو تەنیاکانیشە. ئەدەب هی تاوانبارەکانیشە، دەکرێت پیاوکوژێك لە ڕێگەی شیعرێکی جوانەوە پاك بێتەوە.

لەم کتێبەیدا عەباس عەبدوڵڵا دەیەوێت ئەوەمان بیربخاتەوە کە شیعر تەنیا هی وشە جوانو ناسکەکان نییە، دەنا سکرابچی کەمترە لە پوولە؟ ئەوە ئێمەین بڕیاری پێشوەختەمان داوە بەرانبەر پاکی کەناریو پیسی قالۆنچە، دەنا ئاو هەر ئاوە لەناو بوتڵ کرابێت، یان لە تاڤگەوە بڕژێت. لێسەندنەوەی زمان لە بەکاربردنی گشتیدا هەوڵێکە جێگای دەستخۆشییە، دەنا عەباسیش ئەوەندە ڕۆشنبری شیعری هەیە وەکو ئەوانی تر سەرقاڵی داڕشتنی باوو ناسراوو زانراو بێتو وەکو یەکێك لە یەکەکان حیسابی بۆ بکرێتو بە عەتری کۆکۆشانێلەوە کۆڕی شیعری سێ سەعاتی بگێڕێت... سڵاو بۆ ئەو هەوڵەی مامۆستا عەباس عەبدوڵڵا یوسف.

***(نانۆ تاتۆ دەکەم) کتێبێکی شیعری عەباس عەبدوڵڵا یوسفە ساڵی (٢٠١٣) لەلایەن سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما چاپکراوەو بریتییە لە (٨٦٠) هۆنراوەی تاکدێڕی.**

*** ئەو بابەتەی شاعیر "تەڵعەت تاهیر" لە ٩-١٢-٢٠١٣ لە "چاودێر" بڵاوکراوەتەوە.**

**An Intellectual & Literatuey Quarterly Magazine,**
**published in Arbil**
**NO−58**

**Concessioner**
**Ismail Kurda**

**Editor-in-chief**
**Rebin Rasul Esmail**

**Editor staff**
**Jamal Pira Masoud Babay**
**Awat Ahmed Sultan**

**Director of Administration and Distribution**
**Umed Shakir Majrum**

**2024**

Address: Kurdstan-Erbil
Tel: 0750 4481577. 07504786489